# لەژێر ئاسمانی بەستەڵەکدا

**سەرچاوە:**

رَوائع القِصَص العَالمي

جاك لندن

تحت سَماءِ الجليد قصص مختارة

نقَلها الى العَربية

جوفر حداد

**ناوی کتێب: لەژێر ئاسمانی بەستەڵەکدا**

**نووسینی: جاك لەندەن**

**وەرگێڕانی: شێخ عەلی شێخ محەمەدی بەنا**

**بابەت: کورتە چیرۆك**

**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج**

**هەڵەچن: سارا عەبدوڵڵا**

**تیراژ: 1000 دانە**

**نرخ: 3500دینار**

**ژمارەی سپاردن: 93 ی 2007**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپی یەکەم: ساڵی- 2008**

**کوردستان- سلێمانی**

**www.serdam.org**

# لەژێر ئاسمانی بەستەڵەکدا

سەرجەم چیرۆکە هەڵبژێردراوەکانی چیرۆکنووسی بەناوبانگ

(جاك لەندەن)ە

وەرگێڕانی

شێخ عەلی شێخ محەمەدی بەنا

سلێمانی 2008

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** (426)

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| 1ـ پێشەکی جۆڤەر حەداد | 7 |
| 2ـ پێشەکی شێخ عەلی شێخ محەمەد | 12 |
| 3ـ ئاگرکردنەوە | 17 |
| 4ـ زیرەکی بۆربۆرتوك | 34 |
| 5ـ بێدین | 60 |
| 6ـ پارچەیەك گۆشتی گا | 85 |
| 7ـ مەکسیکییەکە | 106 |
| 8ـ یاسای ژیان | 129 |
| 9ـ خانووەکەی مایوهی | 138 |
| 10ـ چیرۆکی کیش | 162 |
| 11ـ بەسەر فەرشی هەواییەوە | 174 |
| 12ـ چیرۆکی جیس ئوك | 204 |
| 13ـ کۆمەڵی پیران | 226 |
| 14ـ خۆشەویستی ژیان | 245 |
| 15ـ ئەفسانەیەکی باکور | 265 |
| 16ـ ئابڕووبڕاو | 301 |
| 17ـ سامۆیل | 316 |
| 18ـ بێدەنگییەکی کشومات | 331 |

# پێشەکی

## بە پێنووسی/ جۆڤەر حەداد

**خوێنەری بەڕێز...**

ئەمە کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنووسی گەورەی ئەمریکی (جاك لەندەن)ە. (1876-1916) ڕووداوو بەسەرهاتی ئەم چیرۆکانە لە باکورو ئەوپەڕی ڕۆژئاوو ڕووبارەکانی باشوردا بووە.

ئەم چیرۆکانە بە شێوازێکی جوان و ڕێکوپێك و سەرنجڕاکێش نووسراون. لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەست دەکەیت چیرۆکەکان زیندوون و ژیانیان تێدایەو دەتهەژێنێت و هەستت دەبزوێنێت، هەروەك چۆن هەستی ملیۆنەها کەسی لە سەرانسەری جیهاندا بزواندووە.

جاك لەندەن لە (سان فرانسیسکۆ)دا لەدایك بووە. ژیانی منالّی بە دەربەدەری و هەژاری بەسەربردووە، ناچار بووە هەر بەو منالّی و تەمەنە کەمەوە کار بکات و کاتی بێکاریش بۆ چوونە قوتابخانە قۆستۆتەوە، بۆئەوەی لەوێدا هەندێ زانیاری سوودبەخش فێربێت.

هەر لە منالّییەوە شەیدای ناو دەریاکان بووە، زۆرجار بە سواری بەلەمە بچووکەکەیەوە بەناو نۆکەندی سان فرانسیسکۆدا دەگەڕا. کاتێکیش تەمەنی گەیشتۆتە حەڤدە ساڵان چووە پاڵ کەشتی چەتەی دەریاکان و لەسەر ئەو کەشتییەدا بەناو ڕووبارو دەریاکاندا گەڕاوەو گەشتی بە هەموو لایەکی وڵاتەیە کگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدادا کردووە.

لە ساڵی (1926)دا چۆتە زانکۆی کالیفۆرنیاو نیوە ساڵێك لەوێدابووەو لەو ساتانەدا گرنگی تەواوی داوە بە زانستی کۆمەڵایەتی و لەوێدا بیرۆکەی ئیشتیراکی خوێندووەو کاریگەری ئەو گرنگیپێدانەی لە زۆربەی پەرتووکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو دەردەکەوێت.

لە ساڵی (1897)دا چووە پاڵ ئەو کاروانەی کە بەدوای ئاڵتوندا دەگەڕان. لەو پێناوەدا لەنێوان شەڕو ناکۆکی و ململانێدا بووە. لە (کلوندیك)دا هەوڵەکانی پووچەڵ بوون و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵام سوودێکی زۆری لەو ناوچانە بینی و توانی لە نزیکەوە لە ژیانی ئەو قارەمانە سەرکەشانە بگات و بێتە سەرچاوەو زەخیرەو لە زۆربەی نووسینەکانیدا سوودی لێبینی و شێوازی ڕاست و نموونەی جوانی پێدان. ئەمە شێوەیەکی ڕاست و هاندەرێك بوو بۆی تا بتوانێت لە چیرۆکەکانیدا بەردەوام لەسەر ئەو کەسە سەرکەشانە بنووسێت، بەردەوام و بێ ڕاوەستان ، زۆرێکی زۆری لەسەر (داروین)و (سبنسر)و (ستریکن) خوێندەوە.

پاشان گەڕایەوە بۆ (ئوکلاند)و لەوێدا تاقیکردنەوەکانی خۆی نووسی.

چیرۆکە کورتەکانی لەسەر ئەلیۆکۆن لە هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەمریکادا بلاوکردەوە.

لە ساڵی (1900)دا بۆ یەکەمجار کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی (کوڕی گورگ)ەوە بلاوکردەوە. بەمە ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد. لەو کۆمەڵە چیرۆکەدا وەسفێکی وردو جوان و ڕاستی ژیانی قورس و گرانی درندەیی ناوچە دوورەکانی باکور دەکات.

ئەم ناوبانگ و سەرکەوتنەی کە لە نووسینەکانیدا بەدەستی هێنا، بووە هاندەرێك بۆی و پاڵی پێوەنا، وە وایلێکرد چیرۆك و ڕۆمانی زیاتر بنووسێت.

لە ساڵی (1903)دا چوو بۆ لەندەن، بەتایبەت بۆئەوەی لە نزیکەوە ناوەڕۆکی پەرتووکەکەی (خەڵکی دۆزەخ). کە سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنابوو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکات.

گشت کورتە چیرۆکەکانی تری کە هەر هەموویان نیشانەی ژیان و زیندووییان تێدابوو بە وەسفی جوان و قەشەنگ ڕازێنرابوونەوە، سەرکەوتنی گەورەو بێ پایانیان بەخۆوە بینی

شان بە شانی چیرۆکەکانی، نوێنەری ڕۆژنامەی (هێرست)ی بەناوبانگ بوو، لەو ڕۆژنامەیەدا لەسەر جەنگی ڕووس و یابانیەکانی نووسی.

هەروەها گەشت و گەڕانی بۆ زۆر شوێن و جێگای تر کردووە، و لەو گەڕان و سەردانانەیدا باس و وتارو لێکۆڵینەوەی زۆری کردووە. گەشتی بەناو ڕووباری (کاریبی)و ڕووبارەکانی باشوردا کردووە، پاشان لە (مەکسیکۆ) وەك نوێنەرێکی ڕۆژنامەنووسی جێگیر بووە. لە سوودو قازانجی ئەو مولك و مالە زۆرەی لە کالیفۆرنیا هەیبوو لە ژیانێکی خۆش و شادی و دەولەمەندیدا دەژیا.

ئەو ناوبانگ و شارەزاییەی لە بواری ڕۆژنامەگەریداو هەڵپەی زۆری بۆ پەیداکردنی مال و سامان وایلێکرد زیاتر بنووسێت و ئەو هەوڵ و خۆڕەنجاندنە زۆرەی وەك چیرۆکنووسێکی کارامەو شارەزا لە نرخی بەرهەمەکانی کەم نەکردەوە، بەڵکو بەرگێکی جوانترو پاراوو ڕازەوەتری کرد بە خراپترین نووسینەکانیدا.

هاوکات لەگەڵ ئەو چیرۆکە کورتانەیدا (خۆشەویستی ژیان)و چیرۆکەکانی (دەریای باشور)و ئەوانی تری چیرۆکی زۆرتری نووسی، هەر هەموو چیرۆکەکانی سیمای هێزو تووندوتیژی و ڕەقیان پێوە بوو.

لە چیرۆکەکانیدا ململانێی لەگەڵ هەموو هەست و بیروباوەڕێکدا دەکا، نموونە بۆ ئەمە چیرۆکی (بانگەوازی با) کە چیرۆکی سەگێکە لە باکوری دووردا، ئەم سەگە لە شارەوە ڕادەکاتە ئەو ناوچە ساردو چۆڵەوانیەو پێشەوایی گەلەگورگێکی هارو دڕندە دەکات.

چیرۆکی (گورگی دەریا) هێزو دڵڕەقی و تواناو خۆڕاگری دەریاوانێکی کەشتییەك پیشان دەدات.

چیرۆکی (گەمە) چیرۆکی پاڵەوانێك دەگێڕێتەوە، کە بە هەموو هێزو توانایەوە هەوڵدەدات بۆئەوەی سەرکەوێت و مەدالیای سەرکەوتن بە دەست بێنێت.

چیرۆکی (پێش ئادەم) ئەم چیرۆکە چیرۆکی ژیانی ئەو کەسە دڕندانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە پێش میژووەدا ژیاون.

چیرۆکی (کازیوەی بەیان) باسی ژیانی پیاوێکی بەهێزو بەتوانا دەکات، و لە کانەکانی کلوندیکدا مالّ و سامانێکی زۆری دەست دەکەوێت و بە شێوازێکی ناوازەو نموونەیی واز لەو مالّ و سامانە گەورەیە دێنێت کە بە عارەقی نێوچەوانی دەستی کەوتبوو.

جاك لەندەن بێجگە لەمانە لەسەر زۆر باسی تری نووسیوە لە پەرتووکی (جەنگی چینایەتی)دا باسی ئەو پرۆتۆکۆڵ و ڕێکەوتنانەی ئیشتراکییەکان دەکات. هەروەها لەسەر باسی کۆمەڵایەتیشی نووسیوەو چارەسەری ململانێی چینایەتیشی کردووە. لە پەرتووکی (ئاوزەنگی ئاسنین)دا نوقلّانەی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی فاشیستی دەدات و بەدوای ئەودا سەدەیەکی زێڕینی یەکسانی دێت.

لە چیرۆکی (دۆلّی هەیڤ)دا هەوڵّی چارەسەری کێشەی ئابووری دەدات بە ڕێگای گەڕانەوە بۆ سەر ئاوو خاك. جاك لەندەن لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە بە ئیشتراکییەت بوون هەیبووە کە هەنگاونانە بۆ پێشکەوتن و چوونە پێشەوەی مرۆڤایەتی، بڕوای تەواویشی بە ململانێی تاکە کەسی و توندوتیژی سەرەتاییش هەبووە. لە کتێبی (توانای بەهێز)دا باشترین و جوانترین نموونەی ئەوەیە جاك لەندەن چوون یەك بڕوای بە مارکس و نیتشە هەبووە، گەرچی جیاوازیش لەنێوان بیروباوەڕو پڕۆگرامی ئەو دووانەشدا هەبووە. لە نووسینەکان و ژیانی خۆیدا چوون یەك هەر جارەی چاوی لە یەکێکیان کردووەو سوودی لە هەردووکیشیان بینیوە.

جاك لەندەن لە نووسینەکانیدا شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبووە، لە زۆربەی دەربڕینەکانیدا شێوازی قسەکردنی خەڵکی ڕەش و ڕووتی بەکارهێناوە. لە چیرۆکەکانیدا قارەمانەکانی ئەو قسەو دەربڕینانەیان بەکارهێناوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا دەیانوت. هیندییە سوورەکان و خەڵکانی ناوچە بەستەڵەکەکان، یان شوانی گاو مانگاکان

لە چیرۆکەکانیدا، هەر هەمان شێوازی قسەکردنیان بەکارهێناوە، کە لەناو خۆیاندا پێی دواون و قسەیان پێکردووە. لە کاتێکدا دەنگوباس و قسەکانیان دەخوێنیتەوە وا دەزانیت لەگەلّیاندا دەژیت و لەناو ژیانی ئەواندایت. نووسەر هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد بیرۆکەی چیرۆکەکانی لە سەرچاوەی ژیانەوە وەردەگرێت، لە کاتێکدا وێنەی قارەمانی چیرۆکەکانی دەکێشێت و باسیان دەکات ئەو چۆن لە ژیانی رۆژانەدا ناسیونی، هەر بەو شێوەیەش باسیان دەکات و وێنەیان دەکێشێت. ئەو ژیانی وەك ژیانی زۆربەی قارەمانەکانی ژیاوەو هەمان هەست و هۆشی ئەوانی بووە.

بێگومان خوێنەر لەم کۆمەلّە چیرۆکە هەلّبژاردەی جاك لەندەندا شێوازی خۆش و دلّگیر دەبیستێت و پێی شادو دلّخۆش دەبێت و سوودی لێ دەبینێت، چونکە ئەو تابلۆیانەی لەم چیرۆکانەدا لەنێوان کەسایەتییەکانیدا وێنەیان بۆ دەکێشێت تێکەلّە لەنێوان تووندوتێژی و نەرمونیانی و خۆشەویستی و قینلێبوونەوە، بەئەمەکی و ناپاکی، بەفرو مردن. ئەمانە هەمووی لە چوارچێوەیەکی سەرکەش و باسی نادیاردایەو زەمینەیەکی دلّڕفێن و سادە دروست دەکات و دنیای هەست دەبزوێنێت و دەولّەمەندو سەرنجڕاکێشی دەکات. ڕەنگە هەر ئەمە ئەوە دەرخات کە بۆچی جاك لەندەن سالانی (1900 – 1920)دا لەنێوان زۆربەی زۆری نووسەرەکانی ئەمریکادا لە دەرەوەی ولّاتدا زیاتر ناوو ناوبانگی هەبووە؟! وە بۆ خوێنەران زیاتر پەرۆشن بۆ خوێندنەوەی نووسینەکانی ئەم؟! وەك بۆ خوێندنەوەی نووسینەکانی نووسەرە ئەمریکاییەکانی تر؟

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم و بلّێم ئەم چیرۆکانەم زۆر بە ئەمانەتەوە وەك خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. (کوردی...ع)و بۆ دەربڕین و مانای ڕستەکانی دەربڕینی گونجاوی عەرەبی تەواوی وەك خۆیم داناوە، چونکە ئەگەر وەك دەق و دەربڕینە ئینگلیزییەکە بووایەو وشە بە وشەیی وەرمگێڕایە، ئەوا ئەو کاتە تام و چێژو مانای وەك خۆی نەدەبەخشی.

**جۆڤمر حەداد**

**بەيروت**

# پێشەکی

## بە پێنووسی/ شێخ عەلی شێخ محەمەد

بەڕێزان جەمسەری باشورو باکوری گۆی زەوی پانتایی و شوێنێکی بەرفراوانەو باسکردنی هەروا بە قسەو بە خەیاڵ ناکرێت و مرۆڤ بە چاوی خۆی ئەو شوێنانە نەبینێت و وەك سەیرانگاو هەرێمێك ئەگەر خۆی پیایدا نەگەڕێت و گوزەر نەکات، ناتوانێت باسیان بکات. خۆ ئەگەر خۆی لەو شوێنانەدا نەژی و هەڵسوکەت لەگەڵ دانیشتووان و شێوەی ژیانی کەسانی ئەو کارو پیشەیەی ئەوان دەیکەن و لە خواردن و جلوبەرگەی ئەوان نەخوات و لەبەرنەکات و نەزانێت چۆن پەیدای دەکەن، ئەستەمە بزانێت و بتوانێت باسی ئەو شتانە بکات. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە دەبێت ئەو کەسە زانا و ڕۆشنبیر بێت، لە دەروونناسیشدا لەوپەڕی شارەزایی و تێگەیشتندا بێت، بتوانێت بەرگەی بەستەڵەك و سەهۆڵبەندانی ئەو جەمسەرانە بگرێت و مەرەکەبی پێنووسەکەشی مەرەکەبێك بێت لەو ساردو سەرماو زریان و شەختەو بەستەڵەکەدا نەیبەستێ و نەبێت بە شەختەو پەکی نووسینت بخات.

جاك لەندەن من نازانم چۆن بۆت باس بکەم و دەربارەی ئەو چی بنووسم؟! بەڵام سوپاس بۆ خوا نووسینەکانی وا لە بەردستماداو نووسینیش وێنەو تابلۆی ئەو نووسەرەیە کە باسی شتێکت بۆ دەکات و بە نووسین دەیخاتە بەردەست و دیدەکانت.

جاك لەندەن ئەگەر خۆی بەو ناوچانەدا نەگەڕابێت و خۆی وەك کەسانی ئەو کارو پیشانەی ئەوان دەیکەن وەك ئەوان نەیکردبێت، مەحاڵە بتوانێت بە خەیاڵ بەو شێوە وردو جوانە باسی ئەو ناوچانەت بۆ بکات. خۆ ئەگەر خۆی لەگەڵ سەگ و گالیسکەکانیاندا نەژیابێت، هەڵسوکەوتی نەکردبێت، بڕواناکەم بتوانێت بەو شێوە وردو جوانە باست بۆ

بکات. ئەگەر دەروونناس نەبووبێت، چۆن دەتوانێت وەك پزیشکێکی دەروونناس باسی کەسانی ئەو ناوچە دوورانەت بۆ بکات و باسی دابونەریتی هۆزو خێڵەکانی ئەو ناوچانەت بۆ بکات؟ بڕوابکە ئەوەندە لەگەڵ سەگ و گورگەکانی ئەوێدا ژیاوەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوون لە دەروون و قسەی سەگ و گورگەکانیش گەیشتوو شارەزابووە. باشە ئەگەر ئەم بەڕێزە خۆی چەندەها دەریا نەگەڕابێت و لەگەڵ هەزارەها دەریاواندا هەڵسوکەوت و کۆچی نەکردبێت لە کوێ شارەزای دەریاو قسەو دەروونی دەریاوانان بووە؟ ئەو کە دێت باسی گەردەلوولی دەریات بۆ دەکات، تۆ بە خۆت نازانیت بەو پەنجە ئەفسوناویانەی خۆی سووك هەڵت دەگرێت و دەتخاتە ناو گێژاوی گەردەلوولەکەوە. پاشان بە زەلاقەو سەگەکان هەڵتدەگرێت و دەتبات، دەتخاتە ناو بەستەڵەکی بیابانی ئەو دەڤەرە دوورو بەستەڵەکانەوە. هەست دەکەیت لە ڕێگادا سەرماتەو لەناو کوخەکاندا لەبەردەم ئاگرو ژێر فەرووەکاندا گەرم دەبیتەوە.

زۆرجار نووسەر لە چ بواریکدا کاربکات لە زۆر شت لە نووسینەکانیدا ئەو کارو پیشەیەو بگرە ئەو حەزەش ڕەنگ دەداتەوە. خۆ ئەگەر لەو بوارەشدا قاڵ بووبێت، ئەوا نووسینەکەش بەو باسانە کە لە کارەکەیدا کردوویەتی جوانترو ڕازاوەتر دەبێت.

زۆر ئاشکرایە جاك لەندەن لە بواری دەریاوانیدا کاری کردووە، چونکە کە دێت باسی کەشتی و دەریات بۆ دەکات و باسی ژیانی دەریاو ئەو ئاژەڵانەت بۆ دەکات کە لە دەریاکاندان، کە باسی گەردەلوول و زریانی دەریاو هەڵچوون و شەپۆلەکانی دەریات بۆ دەکات، ئەگەر خۆی لەو ناوەندەدا نەژیابێت و کاری نەکردبێت، چۆن دەتوانێت ئەو هەموو شەپۆل و هەڵچوون و دابەزینەی دەریات بە خەیاڵ بۆ باس بکات؟ و چۆن دەتوانێت باسی ئەو هەموو گەرلوول و تین و دەنگ و گرمەگرم و هێنان و بردنی لی ڕۆخی دەریایانەت بۆ بکات و وات لێبکات بتخاتە ناو ئەو گێژاوەو تۆش وەك ئەو لە خوا بپاڕێیتەوە لە گێژاوی ناو بیمی دەریا ڕزگارت کات؟

ئەی ئەگەر خۆی لەگەڵ سەرۆکی هۆزەکاندا نەبووبێت، یان خۆی سەرقافڵەچییەکی ناو ئەو بەستەڵەکانە نەبووبێت، چۆن دەتوانێت بە خەیاڵ ئەو هەموو دابونەریتەی ئەو شوێن و جێگایانەت بۆ باس بکات؟ یان باسی ئەو هەموو ڕێگاوبان و هەڵەت و بەرزی و نزمایی و ساردو سەرمای ئەو هەموو ناوچانەت بۆ بکات و بێت ناوی شوێنەکان بە ڕاستی و دروستی لەسەر نەخشەی جوگرافیای ئەو دەڤەرانەدا بەتەواوی ناوونووس بکات؟

بە ڕاستی پێنووسەکەی لە پێنووسی نووسەرەکانی تر ناچێت و پێنووسێکی ئەفسووناوی و جیاوازەو کەسیش ناتوانێت وەك ئەو پێنووس بگرێت بە دەستەوەو نووسین وەك ئەو بنووسێت. پێنووس و نووسین شایانی خۆیەتی، هەر ئەویش شایانی ڕێزو نەوازشەو هەر ئەویش دەتوانێت بەو شوێنانەو بەو هۆزانەی ئەو دەڤەرانەدا شارەزاو ئاشنات بکات و بتخاتە ناو دنیای بەستەڵەك و ساردو سەرماو زریان و گەردەلوولی جەمسەرەکانی باشورو باکوری گۆی زەوییەوەو بەناو دەریاکاندا بتبات و بتگەڕێنێت و تێبگەیت ژیان لەو شوێنانەدا چۆن بەسەر دەبرێت و چۆن دەگوزەرێنرێت.

بەڕێزان بە ڕاستی هەر جاك لەندەن دەتوانێت دەستت بگرێت و لەگەڵ خۆیدا بە دەریاکاندا گەشتت پێبکات، خۆشی و ناخۆشی ناو دەریاو دوورگەی بەستەڵەکەکانت پیشان بدات.

تۆزێك بەوردی (بێدین) بخوێنەرەوە، بزانە بە چاوی هەست هەست بەوە ناکەیت لەگەڵ جاك لەندەن و بێدینی برادەریدایت و لەناو کەشتیدا وەك ئەوان گەردەلوول و زریان و باڤێڵ و هەڵچوون و داچوونی دەریا نابینیت.

نرخ و گەورەیی دۆست و برادەری ڕاستەقینەت لە خۆشی و ناخۆشیدا بۆ دەرناکەوێت. بزانە تۆش وەك جاك لەندەن دڵگران و خەمبار نابیت بۆ ئەو بێدینەی کە ئەو بەو شێوازە جوانەی خۆی بۆت باس دەکات؟

لە چیرۆکی (مەکسیکی یەکە)دا وێنەی شۆڕشگێڕێ دەگێڕێتەوە (ڕیڤیرا)ی شۆڕشگێڕ بۆ نیشتمان و شۆڕشی گەلەکەی تێدەکۆشێت. دەقاودەق لە شۆڕشگێڕە مەزنەکەی گەلی کورد (مامە ڕیشە) دەچێت. خۆت بیخوێنەرەوەو بڕیاری کۆتایی بۆ بدە.

بڕواناکەم کەس هەبێت بتوانێت وەك جاك لەندەن هەروا بەئاسانی و لە ماوەیەکی دوو هەفتەییدا دڵداری و خۆشەویستییەکی وات بۆ دارێژێت وەك لە چیرۆکی (بەسەر فەرشی هەوایی)دا بەو شێوەیە کارت تێبکات و ئەوەنە چێژو کاریگەری بۆ سەر دەروونی مرۆڤ هەبێت.

چیت بۆ باس بکەم؟ بڕۆ خۆت قسەو بەسەرهات و دڵداریییەکەی خاتوو (بێللا)ی تەمەن شەست و حەوت ساڵ لەگەڵ شازادە (لیلۆ- لیلۆ)دا بخوێنەرەوە، ئەوساکە بڕیاری خۆت بدە..

لەمە زیاتر باسی چی دیت بۆ ناکەم، چونکە جاك لەندەن بە باسکردن باس ناکرێت و بە قسەش دۆستایەتی لەگەڵدا پەیدا ناکرێت. دەوەرە خۆت لەگەڵیدا دانیشەو تەنها گوێ بگرەو با ئەو بەڕێزو گەورەیە بۆ خۆی هەنگوین ئاسا قسەت بۆ هەڵڕێژێت و قسە خۆشەکانیت بۆ بکات.

**شێخ عەلی شێخ محەمەد بەنا**

**سلێمانی**

# ئاگرکردنەوە

کاتێك کابراکە لە ڕێگا سەرەکییەکەوە لایداو بەسەر گردەکەدا سەرکەوت، دوای ئەوە ڕێگا خواروخێچەکەی گرتەبەر بۆئەوەی هەندێ داری دەستکەوێت. ڕۆژەکەی هێجگار تەم و مژاوی و تاریك و لێڵ و ساردو سەرما بوو. پشوویەکیداو دانیشت. تەماشای کاتژمێرکەی کرد بینی نۆی پێشنیوەڕۆیە.

گەرچی ئاسمان ساف و بێگەردیش بوو، شوێنەواری خۆری نەبینی، بەهۆی ئەو تەم و مژە تاریکەی دەوری گەردوونی دابوو ڕۆژەکەی تاریك و لێڵکردبوو، بەڵام ئەم لەوە نەترساو تووشی دڵەڕاوکێ و دوودڵی نەکرد، چونکە ئەو لەگەڵ ئەوەدا ڕاهاتبوو چەند ڕۆژێك تیشکی خۆر لە ئاسماندا نەبینێ. ئەوەی دەزانی چەندەها ڕۆژی تر دێت و بەردەوام چاوی بە تیشکی خۆر ناکەوێت تا ئەو ئاسکە لە شوێنەکەی خۆی هەڵنەستێت و چاوە گەشەکانی هەڵبێنێت و جیهان پڕکات لە گەرموگوڕییەکەی خۆی.

ئاوڕێکی بۆ دوای خۆی دایەوەو سەیرێکی ڕووباری (ئەلیۆکۆن)ی کرد، بینی بە بارستایی سێ پێ ببووە، بەستەڵەك و سەهۆڵبەندان لەسەر ئەو بەستەڵەکەشەوە سێ پێی تر بەفری لەسەر کەڵەکە ببوو. هەرچی لە دەوروبەریدا بوو سپی دەکردەوە. تەنها هێڵێکی

ڕەش نەبێت دەوری ناوچەکەی دابوو، درێژ دەبۆوە تادەگەیشتە دوورگـە دووڕەکـەی باشـورو لەوێدا دیار نەدەما. ئەویش ڕێگا سەرەکییەکە بوو کە دەچوو بۆ (دەربەندی سیلکۆت) کـە پێـنج سـەد میلێـك دوور بـوو، بـەڵام هـەر هـەموو ئەمانـە ڕێگـا دووڕودرێـژە سـەیرەکەو دیارنەمانی خۆرو ئـەو سـاردو سـەرماو زریانـە زۆرەو ئـەو بێدەنگییـە ترسـناکە ناخۆشـە، ئەمانە هیچیان کاری تێنەکرد نەك لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەم جۆرە گەشت و گەڕانـە قـورس و گرانانەدا ڕاهاتبوو، چونکە ئەو ئەوەندە زەمانێکی دوور نـەبوو کـە بـەو شـوێنەدا گـوزەری کردبوو. ئەم گەشتەی ئێستاش یەکەم جارێتی کە لە وەرزی زستاندا بیکات، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو ئەم پیـاوە دووربـین نـەبوو. ڕاسـتە ئـەم کابرایـە لـە زۆر کاروبـاردا گورجوگـۆڵ و وریـابوو، بـەڵام کـار لێـرەدا جیـاوازە پـەنجا پلـە لـەژێر سـفرەوە مانـای سـەهۆڵبەندان و بەستەڵەکەو کەس ناتوانێت بەرگەی ئـەو زوقـم و سـەهۆڵبەندان و سـەرمایە بگرێـت. هـەر تەنها بیرکردنەوە لەوە لـەرزت لێـدێنێت و موچـڕکی سـاردو سـەرما بـە دەمارەکانتـا ڕەت دەبێت و هەموو گیانـت دەتـەزێنێت، بـەڵام ئـەو بـیری لـەوە نـەکردبۆوە کـە ئـەم مرۆڤـەو بەشەریش سنورێکی دیاریکراوو تایبەتی خۆی هەیە بۆ خـۆڕاگرتن لـەژێر فـشاری سـەرماو گەرمادا، لەوە زیاتر تێپەڕ کات پیاو بەرگەی ناگرێت و تیادەچێت.

کاتێك پلەی گەرمی پانزە لەژێر سفرەوە بێت، پێویستە مرۆڤ جلکی تایبەت بپۆشێت و خۆئامادەکردنی تایبەتی بۆ بکات. برادەرەکەمان ئەمەی کرد، بەڵام ئـەوەی برادەرەکـەمان کردی پلەی گەرما پانزە لەژێر سفرەوە بوو. ئەی دەبێت بۆ ئـەوە چـی بکـات ئەگـەر پلـەی گەرما پەنجا لەژێر سفرەوە بێت؟

پاش ئەوەی تۆزێك حەسایەوە، هەستا ویستی بڕوات ڕێکەوت تفێکی کردەوە، گوێی لە قرچەقرچێك بوو لای سەیربوو! هەمدیسان تفی کردەوە، پێش ئەوەی تفەکـە بکەوێتـە سـەر زەوییەکە گوێی لە قرچەقرچەکە بۆوە. ئەو ئەوەی دەزانی ئەگـەر تـف لـە پلـەی پـەنجا ژێـر سفرەوە بکرێتە سەر بەفر ئەو قرچەقرچە دروست دەبێـت، بـەڵام ئەمـەی کـە لـە هەواکـەدا

پێش ئەوەی بکەوێتە سەر بەفرەکە ڕوویدا، بێ شك مانای ئەوەیە پلەی گەرما پەنجا لەژێر سفرییشەوە تێپەڕی کردووە، بەڵام ئەمە نیگەرانی نەکرد. ئەم دەیەوێت بچێت بۆ (هیندرسۆن کریك) تا لەوێدا بە هاوڕێکانی بگاتەوە. ئەوان بۆ ئەوێ ڕۆیشتبوون، بەڵام ئەم ئەم ڕێگایەی بۆیە گرتبوەبەر تا تێبگات ئایا دەتوانێت لە بەهاردا بێرەدا بێتەوەو هەندێ دار بێنێت.

ئەم پێش ئەوەی تاریکایی دابێت، واتە لە کاتژمێری شەشی ئێوارەدا دەگاتەوە چادرگاکەو لەوێدا برادەرکانی چاوەڕوانین، هەروەها بڵێسەی ئاگرو خواردنی گەرموگوڕی ئێوارەش چاوەڕوانین، بەڵام خواردنی ئێستای خۆی وا پێیەو لە چارۆکەیەکدا لەژێر کراسەکەیدا پێچاوێتیەوە، خواردنەکەش هەندێ بسکیتی چەوری پڕلە کەرەو گۆشتێکی زۆرە.

بەناو درەختە (تەنوب)ە بەرزەکاندا ڕەتبوو. هیچ شوێنەوارو شوێنپێیەك، یان شوێنەواری زەلاقەیەکی ناو سەهۆڵی نەبینی. ئەمانە هیچ بێزاری نەکرد، چونکە لە ڕاستیدا هیچ شتێکی قورس و گرانی پێنەبوو، جگە لەو خواردنەی لەژێر کراسەکەیدا خستبوویە سەرسنگی بۆئەوەی سنگی لە سەرما بپارێزێت و نەیبەستێت، بەڵام ساردو سەرماکە لەکێشدا نەبوو، لە توانا بەدەر بوو. کاتێکیش دەستیدا لە لووت و ڕوومەتە تەزیوەکانیەوە حەپەساو سەرسام بوو!

بەدوای کابرادا سەگێکی گەورەش دەڕۆیشت، زۆر لە گورگ دەچوو. سەگەکە لەو زریانە زۆر بێزار ببوو، ئەو بە هەست و نەستی خۆی دەیزانی ئەم کاتە کاتی گەشت و کوچکردن نیە، چونکە هەر هەستی ئاژەڵی خۆی ئەمەی تێگەیاندبوو، ئەقڵی کابراش ئەمەی نەدەزانی.

سەرماو زریانەکە یەکجار بەهێز بوو، خۆ سەگەکە لە گەرماپێوی نەدەزانی، بەڵام هەست و نەستی ئاژەڵی ئەوەی تێگەیاندبوو کە پێویستە خاوەنەکەی لە ڕۆیشتنەکەیدا هەر

لەژێر ئاسمانی بەسنەڵەکدا /

نزیکبۆوەو پەلاماری داو ڕایکێشایە بنی ئاوەکەوە و هەمدیسان بەرزیکردەوەو هێنایەوە سەر ئاوەکەو دووبارە نوقمی کردەوە. ئیتر خۆی و پیاوەکە دیارنەمان.

خێرا دەستم کرد بە مەلەکردن بۆئەوەی خۆم قوتارکەم، بەلّام تەماشام کرد سەگێك وا لە نزیکمەوە کە درێژی شەش پێ دەبوو بەتەواوی نەمزانی ئایا ئەو سەگە بوو کە یەکێك لە برادەرکانمی خوارد یان نا؟! بەلّام لە هێرشکردنە سەرمدا هێواش و لەسەرخۆبوو. نەمتوانی بەخێرایی مەلە بکەم. کەوتمە خۆ دوورخستنەوەو خۆلێپاراستنی، ئەویش بە دەورمدا دەسووڕایەوە. کتوپڕ هێرشی کردە سەرم. خۆشبەختانە خۆمم لێپاراست و هەردوو دەستم کرد بە ناو کونە لووتیدا بەهەموو هێزییەوە هەلّیدام، زۆر سەیی لە دەستی ڕزگارم بوو! تۆزێك لێم دوورکەوتەوە، هەمدیسان هێرشی کردەوە سەرم. دووبارە وەك جاری یەکەم خۆرمم لە دەست قوتار کرد، بەلّام لە هێرش سێیەمدا نەمتوانی وەك جاری یەکەم و دووەم خۆم قوتار بکەم، هەر ئەوەندەی توانی پێستی بالّمی دامالّی. هێزو توانام لێبڕا. دوو سەد پێیەکیش مابوو بگەمە کەشتییەکە. خۆم دایە دەستی قەدەر.

لە کاتێکدا دەموچاوم لەناو ئاوەکەدا نوقم کردبوو، سەرنجی سەگەکەم دەدا بزانم چی دەکات، ئەوەندەم زانی لەو کاتەدا لەشێکی ڕەشتالّەم بینی بەژێرمدا ڕەت بوو، ئەویش ئۆتۆی خۆشەویست و دلّسۆز بوو، بە ئاسایی وەك ئەوەی لە گەڕان و سەیراندا بین پێی وتم:

ـ گەورەم بە مەلە بڕۆ هەتا خۆت دەگەیەنێتە لای کەشتییەکە. واز لە سەگەکە بینە بۆ من. من زیاتر لە تۆ شارەزاترم لەگەلّ سەگی دەریاییدا ئەوانە برای منن.

بە قسەیم کرد. بەهێواشی کەوتمە مەلەکردن. ئەویش وەك سێبەری خۆم بە دوامەوە بوو. هەرکە سەگەکە لێم نزیك دەبۆوە ئۆتۆ دەکەوتە نێوانمانەوە و هەلّمەتەکەی لێ دوور دەخستمەوە.

سێ پێمان مابوو بگەینە کەشتییەکەو هیوای تەواومان بە ڕزگاربوون بوو، لە کەشتییەکەوە گوریسیان بۆ هاویشتین، بەلّام گوریسەکە نەگەیشتە دەستمان. سەگەکەش

كە زانى من ناتوانم هێرش بكەمە سەرى و خۆمى لە دەست ڕزگار بكەم زیاتر شێتگیر بوو، چەند جارێك هەڵمەتى بۆ هێنام، ئەگەر ئۆتۆ نەبوواید دەمێكبوو پارچەپارچەى كردبووم و دەیخواردم. بێگومان ئەگەر ئۆتۆ بیویستایە خۆى ڕزگار بكات دەیتوانى.

كە ئەوەم بینى تێگەیشتم ئەمە دوا كاتى ژیانمە و مردن زۆر لێم نزیكبۆتەوە. وتم:

ـ شارلى خواحافیز.

بەڵام ئۆتۆ لە ڕوومدا پێكەنى و وتى:

ـ ئێستا پیشانت دەدەم چى لەو سەگە درندەیە دەكەم، وایلێدەكەم لە ئازایى خۆى پەشیمان بێتەوە.

ئۆتۆ لێم نزیكبۆوە وتى:

ـ گەورەم بۆ لاى ڕاست.. بۆ لاى ڕاست، بڕوانە گوریسەكە دەبینى؟ بیگرە بۆ لاى ڕاست.

بە قسەیم كرد ئەو كاتە نیوە بێ هۆش بووم. هەركە دەستم لە گوریسەكە گیركرد لەناو كەشتییەكەوە گوێم لە هاوار بوو. ئاوڕم بۆ دواى خۆم دایەوە ئۆتۆم بینى.

دواى ئەوەى هاتەوە سەرئاوەكەو بەسەر ئاوەكەوە دەركەوت، هەردوو دەستى قرتابوون و خوێنى بەلێشاو لێ دەڕۆیشت بە دەنگێكى ناسك بانگى كردم..

ـ ئۆتۆ.

لە تەماشاكردنەكەیدا هەموو مانایەكى خۆشەویستى و دڵسۆزى و گوێڕایەڵى پێوە دیاربوو. بەس تەنها لەو چركەیەداو لە كۆتایى هاوبەشییە دوورودرێژەكەماندا پێى نەوتبووم گەورەم.

بەس بەم وشانە بانگى كردم...

ـ خواحافیز ئۆتۆ.

ئەمــەی وت و گێژاوەکــە هــەڵی لووشــی و دیارنــەما. منیــشیان ڕاکێــشایە نــاو کەشتییەکەوەو بە دەست کەشتییەوانەکانەوە لە هۆش خۆم چووم.

ئا بەم شێوەیە ئۆتۆ لەناوچوو. ئەو ئۆتۆیەی لەسەرەتاوە منی ڕزگارکردو منی کرد بەم پیاوە و دواتریش هەر ئەو بوو منی ڕزگار کرد.

گەردەلوول و باو بۆرانێکی تووند بەهێز پێکیەوە بەستین گیانەوەرێکی درندەو ترسناك و پیاوخۆر لێکی کردین و لە یەکتری دابڕاندین پاش ئەوەی حەڤدە ساڵی ڕەبەق بێ دابڕان پێکەوە بەخۆشی و برایەتی ژیانمان بردەسەر. ئەو دۆست و برایەتییە، ڕەش و سپی، هەرگیز نەیتوانی نێوانی برایەتیمان تێك بدات.

ئەو خوایەی ئاگاداری هەموو شتێکە و هەموو شتێك بە چاوی گەورەیی خۆی دەبینێت. بێ شك ئینشائەڵڵا لە بەهەشتی بەرینی خۆیدا جێگایەك بە ئۆتۆی بێدین دەبەخشێت. ئەو ئۆتۆیەی کە لە دوورگەی بۆرا – بۆرادا چاوی هەڵهێنا.

---

# پارچەیەك گۆشتی گا

(تـۆم كینـغ) دوا پارچـه نانەكـەی لـه شـۆربای گەنمـه كوتاوەكـه هەڵگیـشاو لەگـەڵ خستنەدەمییەوە لە بیركردنەوەو خەیاڵێكی قوواڵدا بوو، كاتێكیش لەسـەر سـفرەكە هەسـتا هێشتا برسیبوو.

هەر ئەم لەناو خێزانەكەیدا نانی خـوارد، دوو منـاڵەكـەیان نـاردبووە ژووری نووسـتن بـۆ ئەوەی بخەون و نانخواردنی ئێوارەیان لەبیر بەرنەوە. ژنەكەشی پارووپەكی نەخوارد، بە خەم و پەژارەوە دانیشتبوو تەماشای مێردەكەی دەكرد، گەرچی تۆزێك جوانی لە سیمایدا مـابوو، بەاڵم ڕەنگ زەردو هەڵبزركاو لاواز بوو، ئەو گەنمەكوتاوەش ئەو ڕۆژە لێینابوو بـە قـەرز لـە دراوسێكەیانی وەرگرتبوو. نانەكەشی بەو چەند سەنتە كەمەی پێی مابوو كڕیبووی لە نزیك پەنجەرەكەوە لەسەر كورسییەكە دانیشت، كورسییەكە لەبەر كۆنی لەژێریدا كەوتە جیڕەجیڕ.

سەبیلەكەی هێناو نای بە دەمییەوە، بەاڵم بیری كەوتـەوە نـەیزانی تـووتنی تێـدا نیـەو تووتنیشی نەماوە، ناچار سەبیلەكەی وەاڵوەنا، تۆم كینغ كابرایـەكی تۆكمـەو بـەهێز بـوو، ماسوولكەكانی سنگ و قۆڵی بەرز ببوونەوە، بەاڵم جلەكانی كۆن و شڕ بوون، لە جلەكۆنەو

هەرزانەکان بوو. تـۆم کینـغ ئـەو پالّەوانـە بـەهێزو بەناوبانگـە بـوو کـە چـەندەها جـار لـە بۆکسێندا بەسەر دوژمن و بەرامبەرەکەیدا زالّ ببوو، تێکی شکاندبوو.

دەم زل و چەناگە پان و ترسناك، برۆکانی پڕو ئەستوور چاوەکانی گەش و تیـژ هـەر لـە چاوی هەلّۆ دەچوو، سەرێکی زل و ترسناکی پێوە بوو، لووت پان و دافساو بوو، دووجار لـە بۆکسێندا ئێسکی لووتی شکابوو. ئەگەر کەسێك لـە شـوێنێکی تاریکـدا ببینیایـە لێـی دەترسـا، لەگـەلّ ئەوەشـدا پیـاوێکی خـراپ و تاوانبـار نـەبوو، هـەرگیز لـە دەری بازنـەی کارەکەیدا کەسی ئەزیەت نەدابوو، لە ژیانیشیدا لەگەلّ کەسدا شەڕی نەکردبوو.

بۆکسێنزانێکی شارەزا بوو، هەموو هێزو توانایەکی بۆ ئەو بۆکسێنە زۆرانـەی کـە لـە کۆڕی نمایشی بۆکسێندا دەیکرد تەرخان کردبوو، بەلاّم لە دەری ئـەم بازنەیـداو لـە ڕۆژە پـڕ پیت و بەرەکەتەکانیدا، لە کاتێکدا کە پارەی بەلێشاو دەست دەکەوت بـە ئـارەزووی خـۆی پارەی خەرج دەکردو دریغی نەدەکرد، هیچ دوژمنێکیشی نەبوو.

لەناو کۆڕو نمایشی بۆکسێندا تەنها بۆکسی بـۆ ئـەوە بـە بەرامبەرەکەیـدا دەکێـشا کـە ئازاری پێبگەیەنێت و لەشی بێنێتەوە یەك و کوڕی بکات و بەسەریدا زالّ بێت. لەگەلّ ئـەم هـەموو حالّەتەشـدا لـە ڕێـڕەوو یاسـای کارەکـەی لای نـەدەدا، خـەلّکی بۆیـە دەهـاتن بـۆ تەماشاکردنی ئەم پالّەوانێتییەو پارەیان دەدا بۆ ئەوە بوو کە ببینن دوو دژەکـە یـەکتر بـەر مستەکۆلّە بدەن و ئـەوەی سـەربکەوێت نرخـی ماندوبوونەکـەی خـۆی وەربگرێـت، کەواتـە پێویست بوو کەفوکولّ و ئارەزووی جەماوەر دابمرکێنێتەوە.

بیست سالّ لەمەوپێش لە کاتێکدا تۆم ڕووبەڕووی پالّەوان (غوجر) بۆوە، دەیزانی چـەند مانگێك لەمەوپێش چەناگەی شکابوو، ئەمیش وێستی لـە گێمـی نۆیەمـدا جـارێکی تـر چەناگەی بشکێنێتەوە. ئەو ئەمەی بۆ ئەوە نەکرد گوایە قینی لە غـوجرە، بـەلّکو دەیزانـی ئەمە باشترین ڕێگایە بۆئەوەی بەسەریدا زالّ بێت و پاداشتی پارەکە وەربگرێـت، هـەروەها غوجریش قین و بوغزی لە تۆم نەبۆوە، چونکە هەردوو پالّەوان ڕێوڕەسمی گەمەکەیان دەزانی

تۆم کینغ لە نزیك پەنجەرەکەوە بێدەنگ دانیشتبوو، تەماشای دەستەکانی خۆی دەکرد، دەمارەکانی لەسەر دەستەکانیدا بەئاشکرا بەرزبۆوەو پەنجەکانی شێواندبوو، زۆر جیاوازبوون لە پەنجەی خەڵکانی تر نەدەچوو، هۆیەکەشی ئەو شێوازی بۆکسێنە زۆرە بوو کە پێیکردبوو، ئەو هەرگیز ئەوەی نەدەزانی ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە ژیانی دەمارەکانیەوە، دڵی خوێنی زۆری ناردبوو بۆ دەمارەکانی و فشاری زۆری لەسەر بووە، ئێستا دەمارەکانی وەك پێشتر کارناکەن و ئەو نەرم و نیانیەی جارانی نەماوەو تین و تواناو بەرگری و هێزی جارانی نەماوە، زۆر زووش هیلاك دەبوو، نەیدەتوانی بیست گێم بکات، وەك لەمەوپێش دەیکردو دەستی خۆی دەوەشاندو دەستیان لێدەوەشاندەوە، بە هەموو هێزو توانایەوە لە بەرامبەرەکەی خۆی دەداو درندانە دەیدا بەسەر پەتی گۆڕەپانەکەدا، بەڵام ئێستا وەك جاران ناتوانێت مستەکۆڵە بوەشێنێت و بەرگەی ئەو مستەکۆڵانە ناگرێت کە پیایدا دەکێشن. تەماشای دەمارەکانی سەر دەستی کرد، زۆر ئەستوورو ناشرین ببوو، هەروەها تەماشای مستەکۆڵەکانی خۆی کرد، ئەو مستانەی کە چەند جار لە کاتی لاوێتیدا دەیکێشا بە دژە بەرامبەرەکەیداو تێکوپێکی دەشکاند.

هەرگیز ئەو لێدانە گورچکبڕەی بیرناچێتەوە کە دای بە سەری (بینی جونز)ی ناسراو بە (بینی ترسناك)داو تێکی شکاندو کەوت و هەڵنەسایەوە. هەمدیسان هەستی بە برسێتی کردەوەو بە تووڕەیی و دڵگرانیەوە مستی بەرزکردەوەو وتی:

- بەڵام ئێستا پارچە گۆشتێکم پێ پەیدا ناکرێت؟

چووم بۆ لای هەموو برادەرەکانم داوام لە (بیرك)و (ساولی)و ئەوانی تریش کرد بە قەرز هەندێ پارەم بدەنێ، داوای لێبوردنیان کردو نەیاندامێ.

تۆم کینغ ڕۆژانی ڕابردووی بیرکەوتەوە، لە کاتێکدا خۆی گای هەبوو سەری دەبڕی و گۆشتەکەی دەخوارد، ئەگەر ئەو ڕۆژانە داوای لە بیرکی گۆشتفرۆش بکردایەو پارەشی

پێنەبووایە بە قەرز هـەزار پارچـە گۆشـتی دەدایـە، بـەلاّم ئێـستا کـار گـۆڕاوە وەك جـاران نەماوە.

تۆم کینغ پیربووەو ئەو بۆکسێنوەشێنانەی کە پیربوون و لە یانـە بـچووکەکاندا بۆکـسێن دەکەن بازرگان و دووکاندارەکان وەك جاران دووکانەکانیان بـۆ ناخەنـە سەرپـشت و پـشتیان پێنابەستن و شتیان بە قەرز نادەنێ.

بەیانی ئەو ڕۆژە کە لە خەو هەستا. زۆر تامەزرۆی پارچە گۆشتێك بـوو بیخـوات، ئـەو حەزەی هێشتا لە دەروونیـدا مـابوو مەشـقی تـەواوو پێویستیـشی بـۆ یاریـیەکـەی ئـەمڕۆ نەکردبوو، ئەو سالّە ژیان لە ئوسترالّیادا زۆر سەخت و گران بوو، هـەتا نـەیتوانی کـەمترین کـاریش بدۆزێتـەوە بیکـات، ڕۆژەکـانی بـە بێکـاری دەبردەسـەرو خـواردنێکی بـاش و پـڕ ڤیتامینی نەخوارد کە سوود بە گیـانی بگەیـەنێت، لەبەرئـەوە نەیـدەتوانی و لای گرانبـوو مەشق بکات. لە سەروو ئەمانەشەوە بەرپرسیار بوو لە بەخێوکردنی دوو کوڕو ژنەکەیدا.

کاتێك هەوالّی یاریکردنەکـەی لەگـەلّ (سـاندل)دا بلاّوبـۆوە خـاوەن کۆگاکـان شـتێکی کـەمیان لـە پێداویـستییەکانی پێفرۆشـت بەمـەرجێ دوای یاریـیەکـە پارەکـەیان بداتـەوە، سکرتێری یانەی (غایتی) ویستی پێشەکی سێ جونـەیهی بـداتێ، بـەلاّم کـە مەرجـەکانی بینی قبوولّی نەکردو پارەکەی وەرنەگرت، ناوبەناو لـە هەنـدێ بـرادەرە کـۆن و دێرینـەکانی هەندێ شلینی لێ قەرز دەکردن، خۆ ئەگەر ئـەو برادەرانـەی بـژێوی ژیانیـان باشـتر بووایـە پارەی زۆرتریان بە قەرز پێدەدا.

بەهەرحالّ ئەمڕۆ مەشقی تەواوو پێویستی بۆ یاریـیەکـەی نـەکردووەو خـواردنی بـاش و پێویستیشی نەخواردبوو، لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا لە دلّەڕاوکێیـەکی زۆردا بـوو. تەمـەنی گەیشتبووە چل سالاّن، چل سالاّنیش بەگوێرەی حالّ وەك پێویست ناتوانێـت وەك گـەنجێکی بیست سالاّنە هەلّسوکەوت بکات و بجوولّێت.

لە ژنەکەی پرسی..

ـ (لیزی) ئێستا سەعات چەندە؟

ژنەکەی چووە ژوورەکەی ترەوەو هاتەوە وتی:

ـ چارەکی دەوێت بۆ هەشت.

وتی:

- باش چەند خولەکێکی تر یارییەکە دەست پێدەکات، بەڵام نۆبەی من هێشتا نەهاتووەو دوای سەعاتێکی تر دەستپێدەکات.

ماوەی دە، دەقیقە بێدەنگ بوو پاشان وتی:

ـ لیزی لە ڕاستیدا ئەمڕۆ مەشقی تەواوو پێویستم نەکردووە، شەبقەکەی هەڵگرت و لەسەر کورسییەکە هەستاو بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، ژنەکەی ماچ نەکرد، ئەم وەك ئەو مێردانەی تر فێرنەبوو کە بچێتە دەرەوە ژنەکەی ماچ بکات، بەڵام ئەو شەوە ژنەکەی لێی چووە پێشەوەو خۆی بە شان و ملیدا هەڵواسی و بەهێواشی لە خۆی نزیك کردەوەو خۆی پێوەنووساندو ماچی کرد. ئەم لە چاو ئەو بەژن و بالاّ بەرزو کەتەیەی مێردەکەیدا بچووك بوو پێی وت:

ـ تۆم هیوای بەختێکی باشت بۆ دەخوازم، تۆم دەبێت بەسەریدا سەرکەویت.

ئەمەی وت و دەستی بە پێکەنین کردو بە تۆندی نووساندی بە سنگییەوە، لەسەر شانی ژنەکەیەوە تەماشای ژوورەکەو ئەو شتەکۆنانەی کرد کە لە دارەی دنیادا تەنها ئەو شڕکەوپڕکانەیان هەبوو، لەوەزیاتر هیچی تریان نەبوو، لە سەروو ئەمانەشەوە ئەو کرێ زۆرەی کە ماوەی چەند مانگێك بوو نەیدابوو، لەسەری کەڵەکە ببوو.

تۆم بیری کردەوە، ئەو ئێستا لەم شەوە تاریکەدا دەچێتە دەرەوە بۆئەوەی نان و بژێوی بۆ خێزانەکەی پەیدا بکات، وەك کرێکارێك ناچێت بۆ کارگەو کارو کاسپییەکەی، وەك دووکاندارێکیش ناچێت بۆ دووکانەکەی، وەك مووچەخۆرێکیش ناچێت بۆ فەرمانگەکەی،

بەڵکو ئەم وەك شێوازی کۆن و سەرەتایی و درندانەو ئاژەڵی دەچێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی، بۆ شەڕکردن دەڕوات لەپێناوی پەیداکردنی خواردن و بژێویدا.

وەڵامی ژنەکەی دایەوە.

ـ هەر دەبێت سەرکەوم و بەسەریدا زاڵبم، چونکە ئەگەر زاڵبم بەسەریدا سی جونەیهم دەستدەکەوێت و بەو پارەیە هەموو قەرزەکانمی پێ دەدەمەوەو بڕە پارەیەکی باشیشم بۆ دەمێنێتەوە، خۆ ئەگەر سەرنەکەوتم و یارییەکەم دۆڕاند، ئەوا ئەو کاتە کڕێی گەڕانەوەشم بۆ ماڵەوە نادەنێ. خواحافیز ژنە خۆشەویستەکەم. کە سەرکەوتم و براوە بووم یەکسەر بێ دواکەوتن دێمەوە بۆ ماڵەوە.

ـ منیش لە ماڵەوە چاوەڕوانیت دەکەم.

نیوان ماڵ و نادییەکە دوو میل زیاتر بوو.

لە کاتێکدا بەپێ ئەو ماوەیەی دەبڕی، بیری ڕۆژانی سەروەری و سەرکەوتنی خۆی کەوتەوە، ئەو کاتەی لە کێشی قورس و بۆکسێندا پاڵەوانی (ویلزی نوێ) بوو، چۆن سواری ئۆتۆمبیل دەبوو، کە دەچوو بۆ نمایشەکە خەڵکی چۆن پێشبڕکێیان بوو بۆ دانی کڕێی ئۆتۆمبیلەکەو شانازیان بەوەوە دەکرد کە لە تەنیشتییەوە دانیشتوون، هەروەها هەندێ ماتۆڕسواریش لەگەڵ ئاپۆرەکەی ئەمدا دەڕۆیشتن، بەڵام ئێستا وا بە پێ دەڕوات و دوو میل ڕێڕۆیشتن بە پێ پێش یارییەکە کارێکی گرانەو ئاسان نیە.

ئێستا پیرەو خەڵکیش هاوڕێیەتی پیرناکەن و لەگەڵ پیریشدا بە ڕێگادا ناڕۆن، ئێستا بۆ کرێکاری نەبێت بۆ هیچ شتێکی تر بە کەڵك نایەت، چاکترایە بچێتە لای بەنایەك و کرێکاری بکات، بەڵام ئەو بەنایەش ڕەنگە لەبەر لووتە شکاوو گوێیە ئاوساوەکەی پێی ڕازی نەبێت و کاری نەداتێ.

ئەگەر کاتی خۆی کارو کاسبی بکردایە ئەوە بۆ ئەم زۆر باشتر بوو، بەڵام ئەو کاتە کەس ئەو ئامۆژگارییەی نەکرد، ئەگەر ئەوەی بکردایە ئێستا بۆکسێنی نەدەکرد. ئەم

کارەی کە کردوویەتی بە پیشەی خۆی کارێکی ئاسانەو پارەیەکی زۆری تێدا دەستدەکەوێت و ناوو ناوبانگی باشیشی دەبێت، هەروەها کارێکیش نیە بەردەوام پێوەی سەرقاڵ بێت، پاڵەوانیش کەسانێکی زۆری لێکۆدەبێتەوەو بە دەوروخولیدا دێن و دەچن و دەست دەدەن بە پشتیداو دەستی دەگوشن و هەرکە ببینن پێکە خواردنەوەی پێشکەش دەکەن. هەروەها لە هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا ناوی بە گەورەیی دەنووسن و باسی دەکەن. ئەو ڕۆژانە ڕۆژێکی خۆش بوو، بەڵام ئێستا پیر بووە، ئەو ڕۆژانەی هاتەوە یاد، ڕۆژانی گەنجی و لاوێتی و هێزو توانای کوڕێتی.

ئەو کاتەی بیرکەوتەوە کە بە لێدانێکی گورچکبڕ لە گێمی هەژدەدا سەرکەوت بەسەر (بستو شربێڵ)و (ڕاش بای)دا، ئەو کاتە ئەو دوو پاڵەوانە پیر بوون -وەك ئێستای ئەم- بیری ئەوەی کەوتەوە کە بێڵی هەژار دۆڕاندی چۆن وەك منااڵ دەستی بە گریان کرد. ڕەنگە ئەو کاتە بێڵ وەك ئێستای ئەم بووبێت و کڕێ خانووشی نەدابێت، ڕەنگە ژن و منااڵەکانیشی برسی بووبێتن و حەزیان لە پارچە گۆشتێك بووبێت.

لەبەرئەوە -ئەو پیرە- ئەو ڕۆژەی لەو گەمەیەدا بەرامبەر تۆم کینگی لاو دۆڕاندی، دەستی بە گریان کرد. لە ڕاستیدا هەموو مستوەشێنێك گەنجیەیەکی هەیەو هێزو توانای هەیەو پێویستە لەو هێزو توانایەیدا زیادەڕەوی نەکات و بەخۆڕایی بەفیڕۆی نەدات، خۆ ئەگەر وایکرد تووشی ژێرکەوتن و تیاچوونێکی گەورە دەبێت پیاو هەیە دەتوانێت سەد جار بۆکسێن بکات و پیاوی واش هەیە ناتوانێت لە بیست جار زیاتر بۆکسێن بکات. تۆم کینگ زیاد لە پێویست خودی خۆی و ماسوولکەو تین و توانای ڕەپاندبوو. ئەوەش کاریکردە سەر سی و دەمارەکانی و بەمجۆرە هیلاك و ماندووی کرد. بەڵێ لە هەموو مستوەشێنێك زیاتر بۆکسێنی کردبوو، هەرچی هاوڕێ و برادەرە کۆنەکانێتی لە پانتایی گەمەدا نەمان و لەبەرچاو ونبوون و کۆتایی هەر هەموویانی بینی و ئەمیش دەستی بااڵی هەبوو لە تێکشاندنی زۆرێکی زۆریاندا. لەگەڵ پیرەکاندا تاقیان کردەوەو هەر هەموویانی تێکشاند

هەروەك لەگەڵ بستوشربێڵدا کردی و دوای ئەوەی لە کۆڕی بۆکسێندا لێی بردەوە، دەستی بە گریان کرد.

ئێستاش -ئەمی پیر- لەگەڵ لاوەکاندا تاقی دەکەنەوە، ئێستا لەگەڵ ساندلی لاوو بەهێزو بەتوانادا بۆکسێن دەکات کە لە نیوزلەندەوە هاتووەو هەڵگری نازناوی (پاڵەوان)ە.

ساندل لە ئوسترالّیادا کەس ناینasێت و هیچ ناوبانگێکی نیە، لەبەرئەوە تۆم کینغی پیرەمێردیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵبژاردووە. بە ساندلیان وتووە ئەگەر بێتوو بەسەر بەرامبەرەکەتدا بە ئاسانی زاڵ بیت و هونەر بنوێنیت، ئەوا ئەو کاتە ئێمە ڕێت پێدەدەین لەگەڵ گەورەترین و بەناوبانگترین بۆکسوەشێندا گەمە بکەیت و پارەی زۆرت دەستکەوێت. ئا لەبەر ئەو هۆیە ساندل لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تۆمی پیرەمێددا دەبوو شارەزاییەکی زۆرو تۆندوتیژییەکی بێ وێنەی بەکاربهێنایە، هەتا بە باشی تۆم کینغ بشکێنێت و سی جونەیهەکەی دەستکەوێت و ڕێگا لەبەردەم خۆیدا خۆشکات بۆ ناوو گەورەیی و دەوڵەمەندبوونی خۆی، تۆم لە مێشکی خۆیدا بیری لەمانە دەکردەوە، پاشان لاوێتی هاتە پێش چاو گەنجی بەهێزو دڵی گورجوگۆڵ و بەتواناو ماندونەبوون و خۆڕەنجاندن هیلاکی نەکات. بەڵێ گەنج دەتوانێت پیرێك بشکێنێت، ئەو گەنجە کە ئەوە دەکات خۆی لەناو دەبات دڵ و سی و دەمارەکانی دەشێوێنێ و لەناوی دەبات.

گەیشتە یانەکە، بینی پیاو کوڕی گەنج لەبەردەرگاکەدان، کاتێك ئەمیان بینی بەڕێزەوە ڕێگایان بۆ کردەوەو لەناو خۆیاندا کەوتنە چپەچپ.

ئا ئەوە.. ئەوە .. ئەوە تۆم کینغە!

لەناو یانەکەدا چاوی بە سکرتێرەکە کەوت، سکرتێر تەوقەی لەگەڵدا کردو لێی پرسی..

ـ ها تۆم هەست و توانات چۆنە؟

ـ زۆر باشم.

بەڵام لە دەروونی خۆیدا دەیزانی درۆ دەکات، ئەگەر بێتو لە گیرفانیدا جونەیەێکی پێبووایە دەڕۆیشت و بەو پارەیە پارچە گۆشتێکی خۆش و بەتامی پێدەکڕی.

کاتێک لەگەڵ دوو یاریدەدەرەکەیدا چوونە هۆڵی یاریکردنەکەوە جەماوەر بە گەردەلوولێکی گەرمی چەپڵەو هوتافکێشان پێشوازییان لێکرد. بە ڕاست و چەپدا سڵاوی لە جەماوەر کرد، سەرنجی جەماوەرەکەی دا، لە چەند کەسانێکی کەم زیاتر کەسی تری لێ نەناسین، سەرو سیمای زۆربەی ئامادەبووان ئەوەی نیشان دەدا لە کاتێکدا ئەم بۆ جاری یەکەم تاجی سەرکەوتنی لەسەر نا، زۆربەی ئەمانە ئەوکاتە مناڵ بوون.

بازیدایە ناو سەکۆی بۆکسێنەکەوەو لەسەر کورسییەك لە سووچێکدا دانیشت، (جاك بوڵ)ی دادوەر هات و تەوقەی لەگەڵدا کرد، جاکیش وەك ئەم پیر بوو، یەکێك بوو لە بۆکسێنزانە کۆنە خانەنشینکراوەکان. تۆم پێی خۆش بوو کە ئەم دادوەریانە، چونکە ئەگەر هەندێ هەڵەی بچووکیش بکات، بێگومان چاوی لێدەپۆشێت، هەر هەموو بۆکسێنزانەکان ئەو شەوە بەشێوەی خۆنواندن لەبەردەم جەماوەردا ڕاوەستان و دادوەریش یەك یەك پێشکەشی جەماوەری کردن و پاشان هەر هەموویان کشانەوە، تەنها ساندل لەناو بازنەکەدا مایەوەو تەماشاکەرانیش چەپڵەڕێزانێکی زۆریان کرد، پاشان ئەویش کشایەوە بۆ سووچەکەی خۆی و لەسەر کورسییەکە دانیشت.

تۆم کینغ تەماشایەکی دژەکەی کرد، پاش چەند خولەکێکی تر لە بەیەکدادانێکی ترسناکدا بەیەکدا هەڵدەپرژێن، هەریەکەیان دەست بە لێدانی ئەوی تریان دەکات هەتا مردن و تیاچوون، پاشان ساندل هەستاو بە دەوری سەکۆی بۆکسێنەکەدا سووڕایەوەو سڵاوی لە جەماوەر کردو ماسولکەکانی لەشی خۆی پیشانی جەماوەردا.

تۆم کینغیش لە بیرکردنەوەدا بوو، بیری دەکردەوە، چۆن کاتی خۆی ئەمیش وەك ئەو گەنج بوو، پاڵەوانەکانی تێکدەشکاند، ئەمڕۆش ئێستا پیربووەو هاودژەکەشی گەنجەو

هەموو کات دەتوانێت پیر تێکبشکێنێت و بەسەریدا زاڵ بێت و بەسەر لاشەیدا بڕوات. ئەمەش ڕێبازو سونەتی ژیانە.

تۆم کینغ تەماشایەکی لای ڕۆژنامەنووسەکانی کردو بەسەر سلاّوی لە (مورغن)ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (حەکەم) کرد، پاشان دەستەکانی دایە دەست دوو یاریدەرەکەی (سید سوللیڤان)و (شارلی بیتس)، ئەوانیش دەستکێشەکانیان لەدەست کردو بە باشی بۆیان بەست، پاش ئەوەی یەکێك لە یاریدەرەکانی ساندل تەماشای کردو تێڕوانی، هەروەها یەکێك لە یاریدەرەکانی تۆم کینغ لە دەستکێشەکانی ساندلی ڕووانی و تەماشای کرد، تۆم کینغیش هەر تەماشای ساندلی دەکرد، کە وەك کێو ڕاوەستابوو، بەڕوویەکی گەش و سنگ و شانێکی پان و پۆڕەوە بەو لاوێتییەوە ڕاوەستابوو، خوێنی لاوێتی بە هەموو دەمارەکانی لەشیدا گوزەری دەکرد.

هەردوو پالّەوان تەوقەیان لەگەلّ یەکتردا کرد، زەنگی دەستپێکردنی یارییەکە لێیداو یاریدەدەرەکانیش کۆڕەکەیان جێهێشت، ساندل لە چاوتروکاندنێکدا دەستی بە هەلّبەزو دابەزو سووڕانەوە کرد، خێرا خێرا مستەکۆلّەی دەکێشا بە چاوو سەروسیماو سنگی بەرامبەرەکەیدا.

ساندل زۆر خێراو شارەزابوو، توانی سەرنج و کەفوکوڵی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێت، بەلاّم ئەمە کاری نەکردە سەر ورەی کینغ، ئەو زۆرێکی زۆری لەم جۆرە گەمانە کردووەو لەگەلّ گەنجانێکی زۆردا بۆکسێنی کردووەو دەزانێت ئەم جۆرە مستە خێرایانە هیچ مەترسییەکی بۆسەر ئەم نیە.

ساندل دەیویست زۆر بە زوویی بەسەریدا زاڵ بێت، ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە گەنجی خوێنگەرم دەیەوێت هێزو تواناو شارەزایی خۆی لە سەرەتاو چاوتروکاندنێکدا دەبخات. ساندل بەردەوام جارێك لێرەو جارێکی تر بۆ لایەکی تر هێرشی دەکردو دەگەڕایەوە، بەڕاست و چەپدا هەلّبەزو دابەزی دەکردو سەمای دەکردو مستەکۆلّەی تووندوتیژی

دەگەیاندە تۆم کینغ، ئەو تۆم کینغەی بەربەستبوو لەنێوان سامان و ناوو شوورەتیدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تۆم خۆڕاگرو بەپشوو بوو، نهێنـی کارەکـەی چاك دەزانـی، ئـەو هێـزو توانای گەنجانی دەزانی خۆشی گەنج نیە، پێویستە خۆڕاگرو لە بۆسەدا بێت، هەتا دژەکـەی هەندێ هێزو توانای لە دەست بدات و هیلاك دەبێت، خۆی دەهێنایـەوە یـەك، وەك ئـەوەی بیەوێت سەرو چاوی خۆی لە مستەکۆڵەکانی ئەو بپارێزێت.

ئەمـەش جۆرێـك بـوو لـە فێڵکـردن، بـەڵام فێڵێکـی یاسـایی، بەمـەش دەیویـست بەرامبەرەکەی ناچار بکـات هەنـدێ لێـدانی نایاسـایی لێبـدات، وەك ئـەوەی کـاتی خـۆی بۆکسێنی لەگەڵ (وێڵشی ترسناك)دا دەکردو (وێڵشی) کێشای بەسـەریدا. بـە هیـوای ئـەوە بوو ساندل لەو گوڕی خوێنگەرمی و تین و توانایەیـدا مـشتێکی نایاسـایی لێبـدات ببێتـە تێکشاندن و دۆڕاندنی.

گێمی یەکەم کۆتـایی هـات، لـەو گێمـەدا ئەسـتێرەی سـاندلی بـەتوانا دەرەوشـاوەبوو. ئەوەندەی مستەکۆڵە کێشا بە دژەکەیدا لـە ژمـارە نـەدەهات، تـۆمیش لـە هەڵوێـستێکی بەرگری و خۆپاراستندا بوو، هیچی نەدەکرد، زۆرجار درۆی دەکـرد کـە مـشتێکی بـەهێزی لەلایەن ساندلەوە لێدەدرا، خۆی واپیشان دەدا ئازاری پێگەیشتووە بەهێواشی و بێ ئـەوەی ڕابکات خۆی دەگەیاندە پەتەکەو یەکتۆز لە تین و توانای خۆی بـەفیڕۆ نـەدەدا، ئـەوەش بـۆ ئەوە بوو وا لە ساندل بکات هیلاکی کات و تین و تواناو گورجوگۆڵی گەنجێتی لە جەسـتەدا نەهێڵێت، بەڵام هەردەم خۆڕاگرو لەسەرخۆو هێمن بوو، دەتووت پڵنگی چاو بـە خـەوالّووەو بە چاویش ئاگای لە هەموو جوولّەیەکیشی بوو.

دوای گێمی یەکەم و لە ماوەی حەسانەوەیدا لە سووچەکەی خۆیـدا دانیـشت و دەسـتی گرت بـە گوریـسەکانەوەو قاچـەکانی ڕاکێـشا، یـەکێك لـە یاریدەدەرەکانیـشی بـە خـاولی باوەشێنی دەموچاوی دەکرد. لە هۆڵەکەوە گوێی لە دەنگی جەماوەر بـوو هـەڵیان دەنـا بـۆ هێرش و شەڕکردن.

ـ تۆم بۆچی مستەکۆلّە ناوەشێنیت؟ یا تۆ لێی دەترسیت؟

گوێی لێبوو پیاوێك دەیوت:

ـ ماسوولکەکانی تۆم هێزیان تێدانەماوە، بـە دوو جونەیـە بەرامبـەر جونـەیەێك گـرەو دەکەم کە ساندل دەیباتەوە.

زەنگ لێدرایەوە هەریەکەیان لە سووچی خۆیـەوە هەسـتان و چـوونە پێـشەوە، سـاندل سێیەکی کۆڕەکە هاتە پێشەوە، بەلّام تۆم چەند پێیەك هاتە پێشەوە، ئەمەی بـە ئەنقەسـت کـرد، چـونکە مەشـقی تـەواوو پێویـستی نـەکردبوو، خـواردنی تەواویـشی نـەخواردبوو، لەبەرئەوە پێویستبوو لە هەموو جوولّەو هەنگاوێکی کەم بکاتەوە، هەر هەنگاوێك بۆ ئـەو نرخی تایبەتی خۆی هەیە، لە سەروو ئەمانەشەوە ئـەم بـە پـێ بـۆ یانەکـە هـاتووەو نێـوان مالّەکەی و یانەکە لە دوو میل زیاترە.

گێمی دووەم بەتەواوی وەك یەکەم بوو. ساندل هێرشی دەبردو مـستەکۆلّەی دەوەشـاندو دەگەڕایەوەو تـۆمیش لـە بـەرگری و خۆپاراسـتن زیـاتر هیـچی تـری نـەدەکرد، لـەژێر ئـەو مستەکۆلّەو لێدانانەی ساندلدا خۆڕاگربوو، جەماوەریش پرسیاریان دەکرد..

ـ تۆم بۆچی لەم هەلّوێستەدایە؟!

وەك ئـەوەی سـاندل بیـەوێت یـەکجارەکی دژەکـەی بـشکێنێت و لـەناوی بـەرێت، مستەکۆلّەی تۆندو خێرای پیادا دەکێشا. تۆمیش چۆنی بۆ ڕێککەوتایە خـۆی لێدەپاراسـت و ئەملاوئـەولای دەکـرد، تەماشـاکەرانیش ئارامیـان نـەمابوو، هـەموو بێتاقـەت ببـوون، هاواریان لێ بەرز ببۆوەو نارەزا بوون.

جـەماوەرێکی زۆر وایانـدەزانی تـۆم وەك بۆکـسوەشێنێك هیـچی پێنـەماوەو کۆتـایی هاتووە، گرەویان لە دژ دەستپێکرد لە سێیەو بەرامبـەر بـە یـەك، بـەلّام ئەوانـەی شـارەزای کارەکە بوون چاوەڕوان بوون تا تۆزێکی تر هەلّوێستەکە ڕوونـتر دەبێتـەوەو هەلّوێـستی تـۆم

دەگۆڕێت و زاڵ دەبێت بەسەر دوژمنە گەنج و نەفامەکەیدا، ئەو دوژمنەی خوێنی گەنجێتی لە دەمارەکانیدا قوڵپ دەدات.

گێمی سێیەم دەستیپێکرد. ئەمیش وەک ئەوانەی پێشوو بوو، هێرش لە لایەکەوە دەکراو ساندل بەتەواوی زاڵبوو بەسەر نمایشەکەداو چۆنی بوێستایە هەڵی دەسووڕاند. دوای دەقیقەیەک ئیتر ساندل بڕوای تەواوی بە خۆی بوو کە زاڵە، کەلێنێکی کردە لەشییەوە، گورج چاوەتیژەکانی تۆم ئەو بۆشاییەی بینی، مستەکۆڵەیەکی تۆندی ئاسنینی کێشا بە دەم و قەپۆزی ساندلدا، ئەم لێدانە تونده یەکەم لێدانی بەهێز بوو کە تۆم بیوەشێنێت، لێدانێکی یەکجار تۆندو گورچکبڕ بوو. دەتوت شێرێکەو خۆی بۆ نێچیرەکەی ناوەتەوەو هەڵمەت دەباتە سەری و دەبینێ خەریکە لە دەستی ڕزگار دەبێت، بە هەموو هێزو توانایەوە هەڵمەتی بۆ دەبات و تێکی دەشکێنێت، ساندل بەو لێدانە تونده زۆر ئازاری پێگەیشت و خولی خواردو کەوتە سەر زەوییەکە.

دەنگ و هاواری جەماوەرو هوتافکێشانیان بەرزبۆوە، ساندل وێستی هەستێتەوە نەیتوانی، دادوەر پاش چەند چرکەیەک لە نزیک گوێیەوە کەوتە ژماردن، کاتێک گەیشتە نۆ، ساندل بە قورس و گرانیەوە هەستایەوە. تۆم زانی لێدانەکەی تۆزێک لە دەم و قەپۆزییەوە سەری کردووە، خۆ ئەگەر ئەوە نەبوواید لێدانەکەی لێدانێکی گورچکبڕ دەبوو، وە سی جونەیهەکەشی دەبردەوەو بە دڵخۆشییەوە دەچۆوە بۆ لای ژن و منداڵەکانی.

گێمەکە تەواوبوو، ساندل یەکەمجاری بوو لە دژەکەی بگات و ڕێزی بگرێت و حسابی بۆ بکات. تۆمیش لەسەر خۆو هێمن بوو.

کاتێک گێمەکە نزیک کۆتایی دەبۆوە، تۆم بەهێواشی و لەسەرخۆ بەرەو سووچەکەی خۆی نزیک دەبۆوە، هەتا زەنگەکە لێدراو کۆتایی گێمەکەی ئاشکرا کرد. تۆم لە نزیک سووچەکەوە بوو، پاشان لەسەر کورسییەکە دانیشت، بەڵام ساندل دەبوو ماوەیەکی زۆر

ببڕێت تا دەگەیشتە شوێنەکەی خۆی، بەمەش توانایەکی زۆری لە دەست دەداو ماوەیەکی زۆریشی بۆ ماندوو و حەسانەوە لەدەست دەچوو.

لە هەمو گێمێکدا تۆم کینغ بەهێواشی دەچووە پێشەوەو ساندلی والێدەکرد بەرەو ڕووی بێت.

دوو گێمی تریش تێپەڕی و ساندل بەردەوام هێرشی دەکردو دەکشایەوە، تۆم کینغیش بەپێی توانا هێزو توانای خۆی دەپاراست و بەفیڕۆی نەدەدا، خۆی لەژێر ئەو مستە بەهێزانەیدا ڕادەگرت، لەگەڵ ئەو هەموو ناڕەزایی دەربڕینە زۆرانەی گەنجەکاندا کە هەڵیان دەنا بۆ هێرشکردن.

لە گێمی شەشەمدا لەلایەن ساندلەوە هەندێ گوێپێنەدان دەرکەوت. جارێکی تر مستە ئاسنینەکانی تۆم کینغ کێشرا بە دەم و قەپۆزیداو دای بەزەویدا، بەڵام کە دادوەر لە ژماردنەکەیدا گەیشتە نۆ هەستایەوە سەرپێ و ڕاست بۆوە.

لە گێمی حەوتەمدا خۆڕاگری و تینی ساندل تۆزێک کەم بۆوە، ئەو هێزەی نەما، تێگەیشت ئەم پێکدادانە سەختترین ڕووبەڕووبوونەوەیە کە لە ژیانیدا تووشی بێت، ڕاستە تۆم پیرە، بەڵام لە هەموو ئەو پیرانەی ئەم ڕووبەڕوویان بۆتەوە، لە گشتیان بەهێزترو بەتواناترە. تۆم خۆڕاگرو لە بەرهەڵستیدا بەتوانایە، مستەکانیشی بەهێزو گرانن. لە سەروو ئەمانەشەوە مستەکۆڵە کەم دەوەشێنێت و مستەکانی بەفیڕۆ نادات.

تۆمیش لەلایەن خۆیەوە هێزو توانای هاودژەکەی لا پەسند بوو لە سووچەکەی خۆیەوە دانیشتبوو بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر بێتو شارەزایی و زیرەکی خۆی لە هێزی ساندلدا کۆببوایەتەوە لە پاشەڕۆژدا لە کێشی قورسدا دەبوو بە پاڵەوانی جیهانی، بەڵام ساندل هەرگیز نابێت بە پاڵەوانی جیهانی، چونکە ژیریی و بیرکردنەوەی نیە.

تاکە ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی مەبەستیەتی، ئەوەیە بە گەنجێتی خۆی بیکڕێت، ئەو کاتەش بۆ هەتاهەتایە کوڕێنی و لاوێتی خۆی لەدەست دەدات و هەرگیز دەستی ناکەوێتەوە.

تۆم هەلی بەفیڕۆ نەدەداو گورج دەیقۆزتەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرامبەرەکەیدا سوودی لێدەبینی. کاتێك مستەکۆلّەیەکی دەوەشاند بە هەموو هێزی شان و مستەکانیەوە دەیکێشا بە دوژمنەکەیدا بۆئەوەی کاریگەرییەکی گەورەو گرانی هەبێت، هەروەها بە هەموو قورسایی لەشی خۆیەوە خۆی دەدا بەسەر دوژمنەکەیدا هەتا دادوەرەکە دەهات و لێکی دەکردنەوەو ساندلیش خۆی یارمەتی دادوەرەکەی دەدا. بەمە هێزو توانای کەم دەبۆوە.

زۆرجار تۆم بە دەستی ئەنقەست خۆی دەدا بە دەم مستەکۆلّە هیچ و بێ هێزەکانی ساندلەوە، جەماوەریش چەپلّەیان بۆ لێدەداو ئەم کارەیان پێ خۆش بوو، بەلّام لە ڕاستیدا بەو کارە هێزو خۆڕاگری زۆری لەدەست دەدا، بەلّام تۆم هێشتا توانای خۆی پارستبوو، بەفیڕۆی نەدەدا. ساندل وێستی تۆزێك لە پلانی خۆی بگۆڕێت، بە خۆڕایی مستەکۆلّەی نەدەکێشا بە بەامبەرەکەیدا، هەتا نەیزانیایە مستەکەی جێی خۆی دەگرێت، تۆمیش خۆی لەو مستانە دەپاراست، یان لە تۆندو هێزەکەی کەم دەکردەوەو بە هێواشی بەری دەکەوت و ئازاری پێ نەدەگەیاند.

لە ناوەڕاستی گێمی نۆیەمدا تۆم سێ مستەکۆلّەی تۆندی بەسەریەکەوە پیادا کێشاو دای بە زەویدا، بەلّام هەموو کاتێك سوودی لە نۆ چرکەکە وەردەگرت کە دادوەر دەیدایەو بۆی دەژمارد، لە دوا چرکەدا بەملاوبەولادا دەکەوت و ڕاست دەبۆوە، لەگەلّ ئەوەشدا تین و توانای لاوێتی هێشتا مابوو، بەلّام تۆم هێزو تواناو گورجوگۆلّی خۆی زۆر لەدەست دابوو، لەبەرئەوە زۆری لە جوولّەو گورجی خۆی کەم کردەوە، چونکە دەیزانی دژەکەی لاوەو درەنگ هیلاك دەبێت.

تەنها مالّ و سامانی ئەم ئەزموون و زانایی و فێلّە بوو کە لـەو بۆکـسێنە زۆرانـەی کاتی خۆی کردبووی و شارەزایی تیادا پەیـداکردبوو، ئـەوە فێربـوو چـۆن مـستەکۆلّە کـەم بوەشێنێت و چۆن دژەکەی ڕاکێـشێت و هیلاکـی بکـات و کـاتی بـەفیڕۆ بـدات، هـەر بـەو شێوەیە وای لە ساندل کردبوو بەردەوام هەلّمەت بێنێ و بێتە پێشەوەو بۆ دواوە بگەڕێتەوەو بەردەوام لە جوولّەدا بێت و ماوەی حەسانەوەو پشووی نەدەدا، ئەمە باشترین سـتراتیژییەک بوو کە ئەو کەسەی دەوری لاوێتی بەسەربردبوو، بەکاری بێنێت.

لە بەرایی گێمی دەیەمدا ساندل هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر تۆم کینـغ، تـۆمیش بـە خۆڕاگرییـەوە بەرهەلّستی هێرشـەکەی کـردو خـۆی لێپاراسـت، بـەلّام لەلایـەن سـاندلەوە لێدانێکی توندی لێدرا. ماوەی چرکەیەک لە هـۆش خـۆی بـردو سـووڕاندییەوەو ئـەژنۆکانی خستە لەرزین، بەلّام نەکەوتە سەر زەوی و هاتەوە سەر خۆی و کەوتە هەلّوێستی خۆپاراستن و بەرگرییەوە.

ساندل خێرا خێرا مستی تونـدی دەکێـشا بـە دژەکەیـداو گێـژی کردبـوو، دواجـار تـۆم هەلێکی گونجاوی بۆ ڕێکەوت و کتوپڕ مستێکی توندی کێشا بە دەموچـاوی سـاندلداو بـە دەوری خۆیدا سووڕاندییەوەو بێهۆشی کرد. کاتێک هاتەوە هۆش خـۆی و هەلّـسایەوە سـەر پێ تۆم مشتێکی توندی تری لێداو هەلّیدایە سەر پەتی دەوری کۆڕەکە. تۆم وەک شـێرێکی هەلّمەتبەرو نەترس هێرشی دەبردو نەیهێشت دژەکەی یەک تۆز بحەسێتەوە.

ئەمە وای لە جەماوەر کرد هەستنە سەرپێ و بە گەرمییەوە چەپڵەیان بـۆ تـۆم لێـدەداو بە هەموو هێزو توانایانەوە هوتافیان بۆ دەکێشا، بەلّام هێزو توانا سەیرەکەی ساندل لەگـەلّ ئەو هەموو لێدانە تونـدو بەهێزانـەدا وایکـرد خـۆی ڕاگرێـت، بەڕێوەبـەری پـۆلیس کـە لـە تەماشاکردنی ئەو بۆکسێنەدا ئامادەبوو، کە ئەوەی بینی، چـووە سـەر سـەکۆکەو ویـستی خۆی تێ هەلّقورتێنێت و نەیەلّێت لەمە زیاتر گەمەکە بکرێت، بەلّام زەنگ لێدراو کۆتـایی بە گێمەکە هێنرا. تۆم کینغ گەڕایەوە سووچەکەی خۆی، لەسـەر کورسـییەکەدا دانیـشت و

سەری خست بە پشتداو هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، بەگران هەناسەی دەدا. بیری دەکردەوە، ئەگەر یارییەکە بووەستێنرایە بە چاکەی ئەم دەگەڕا، ئەم سەرکەوتوو دەبوو، پاداشتەکەش ئەم وەری دەگرت.

تۆم وەك ئەوەی هاودژەکەی ناوو ناوبانگی دەویست، ئەم ئەوەی نەدەویست، بەڵکو ئەم تەنها پاداشتی سی جونەیهەکەی دەویست و هیچی تر . ئا لەو کاتەدا تۆم ئەو پەندەی بیرکەوتەوە کە ئەو ڕۆژەی بەسەر ستوشری پیرەمێردا سەرکەوت.

(لاوێتی لەگەڵ خاوەنەکەیدا ناپاکی ناکات) ئەم وتەیە ئەو پیاوە وتی کە بانگی کرد بۆ خواردنەوەی پێکێ مەی، پاش ئەوەی بەسەر دوژمنە پیرەکەیدا سەرکەوت. لە ڕاستیدا ئەو پیاوە قسەکەی ڕاست بوو. لەو شەوەدا چەند سالێك لەمەوپێش، تۆم هێشتا گەنج بوو، بەڵام ئەمشەو گەنجێتی لەوبەری پانتایی بۆکسێنەکەدا ڕاوەستاوە، لەگەڵ ئەو تەمەنی پیرییەشیدا نیو سەعات زیاتر خۆی ڕاگرت و بۆکسێنی کرد، ئەگەر بێتو ئەوەندەی ساندل خۆی ڕەنجاند ئەم ئەوەندە خۆی بڕەنجاندایەو خۆی ماندوو بکردایە چارەکە سەعاتێك زیاتر خۆی پێ ڕانەدەگیرا. کێشەش لەوەدابوو ئەوەی لە دەستی دەدا نەیدەتوانی جێگای پڕ بکاتەوە، دەمارەکانی لەشی و دڵی نەیاندەتوانی ئەو توانایەی بەخەرجی دەدا جێگای پڕبکاتەوە. لاقەکانیشی بەتەواوی ماندوو ببوون، نەدەبوو ئەو دوو میل ڕێگایەی نێوان ماڵ و یانەکە بە پێ بڕۆیشتایە، هەروەها هەر نەبووایە دەبوو پارچە گۆشتێکی کەمی بخواردایە.

تۆم کینغ لە دڵی خۆیدا زۆر قینی لە قەسابەکان دەبۆوە، ئەو گۆشتفرۆشانەی داوای گۆشتی لێکردن نەیاندایە، ئەمە کارێکی قورس و گرانە پیرێکی وەك ئەم بتوانێت بۆکسێنێکی وابکات و برسیش بێت. پارچە گۆشتێکی گاش شتێکی ئەوەندە گران نیەو نرخەکەی چەند سەنتێکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەم بۆکسێنەدا سەرکەوێت سی جونەیهی دەستدەکەوێت.

زەنگی گێمی یانزەهەم لێدرا

ساندل هاتە ناوەڕاستی کۆڕی یارییەکەوە هێزو توانـای خـۆی پیـشاندا. خـۆی نوانـد، لـە ڕاستیشدا وانەبوو. ئەم خۆنواندن و فێڵکاری نەکردە سەر تۆم، چونکە ئەم خۆنوانـدن و فێڵانـە دەربارەی ئەو لە جیهانی بۆکسێندا شتێکی نامۆ نەبوو.

تۆم کینغ وردەوردە لەگەڵیدا هات و چوو هەتا بۆی ڕێکەوت و تـوانی مـستێکی تونـدی لێبداو دای بە زەویدا، خێـرا خێـرا هـەر کـە دەیویـست هەڵـسێتەوە سـەرپێ بـە تونـدی بـەر مستەکۆڵەی دەدا. لەم هێرشەیدا تۆم چـەند بۆکـسێکی بەرکـەوت، بـەڵام گـوێی نەدایـە ئـەو لێدانانە. هەموو خەمێکی ئەم ئەوە بوو، دەیویست دوژمنەکەی هیلاك بکات و پـەکی بخـات گەرچی لەسەر حسابی خۆشی بووایە. ناو بەناو وەك بووکەڵەیەك پاڵی پێوەدەناو فڕێی دەدایـە سەر پەتەکـە، جـەماوەری تەماشـاکەران بەوپـەڕی کـەف و کـوڵی و خۆشـییەوە بـە گـەرمی هاواریان لێدەکرد..

ـ تۆم لێیدە.. بیکوژە.. لەناوی بەرە. ئەوەندەی نەماوە زاڵ بیت بەسەریدا.. دەی.. دەی.

ئا بەو شێوەیە ئەو جەماوەرەی پارەیان دابوو دەیانویست یـەکێك لـەو دوو هـاودژە ئـەوی تریان بشکێنێت و لەناوی بەرێت، دەیانویست خۆشی لەو بینینە ببینن.

تۆم کینغ ماوەی نیو سەعات توانای خۆی پاراست، ئێستا ئەو توانایەی خـۆی خـستەکار بۆئەوەی بەسەر دژەکەیدا زاڵ بێت و سەرکەوتن وەدەست بێنێت. ئەمە دوابەخت و شانسێتی، پێویـستە ئـەم هەلـە لەدەسـت نـەدات، بـەڵام سـەرنجی سـاندلیدا، تێگەیـشت دوژمنێکـی سەرسەخت و پاڵەوانێکی خۆڕاگرو بەهێزەو توانای لاوێتی بە جەستەو ناخیدا دەگەڕێ.

کار بەم شێوەیە بـەردەوام بـوو. تـۆم بەتونـدی لێیـدەداو سـاندلیش وەك کێـو لـەژێر ئـەو لێدانانـەدا خـۆی ڕاگرتبـوو، هـەتا وایلێهـات مـستە ئاسـنینەکانی تـۆم ئـەو هێـزەی نـەما، قاچەکانی کەوتنە لەرزین، ئەوەندە بێ هێز بوو جـەماوەر هەسـتیان بـەبێ هێزییەکـەی کـرد. لایەنگرانی ساندل لە سەرکەوتنی کەوتنە گرەوکردن و هاندانی تۆم هەموو هێزو توانـای خـۆی بەکارهێناو دوو مستەکۆڵەی کێشا بە قـەپۆزی سـاندلدا، گەرچـی مستەکانیـشی زۆر بـەهێز

نەبوون، ساندل کەوت بە زەویدا، وەک چۆلەکەیەک باران تەڕی کردبێت کەوتـە لـەرزین. دادوەر لە نزیک گوێیەوە کەوتە ژماردنی دە چرکەکە، جـەماوەریش یـەک پارچـە هەڵسانە سـەرپێ و هەناسەیان لـە خـۆ بڕیبـوو. تـۆم لـەناو کۆڕەکـەدا بـە حەپەسـاوییەوە ڕاوەسـتابوو تەماشـای جەماوەری دەکرد، گوێی بۆ ژمارەکانی دادوەر شلکردبوو.

تۆم هەستی بە نزیکبوونەوەی سەرکەوتن کرد، ناچێتە عـەقڵەوە پاش ئـەو هـەموو لێدانـە توندو گورچکبڕە ساندل ڕاست بێتەوە، بەڵام گەنج هیلاکی نازانێت سـاندل ڕاسـتبۆوە، خێـرا خۆیدا بەسەر پەتەکەداو لەسەر ئەژنۆ ڕاوەستا سەری بەسـەر شـانیدا لاربـۆوە.کاتێـک دادوەر گەیـشتە نـۆ بەتـەواوی ڕاسـتبۆوەو بـە دەسـتی چـەپی دەموچـاوی دەپاراسـت و بـە دەسـتی ڕاستیشی گەدەی دەپاراست، ئا بەو شێوەیە جێگا گرنگەکانی لەشی دەپاراست کە دوژمن لە لێدانیدا مەبەستی سەرەکی بوو، ساندل لە تۆم هاتە پێشەوەو خۆی پێوە نووساندو بـە دەسـت باوەشی پیادا کرد بـەهیوای ئـەوەی تۆزێـک بەسـێتەوەو کـاتێ دەسـتکەوێت. دادوەر لێکـی کردنەوەو تۆم کینغیش خۆی لە باوەشپیاکردنەکەی قوتار کرد. دەیزانی گەنج زوو هێزو توانای پیا دێتەوەو دەکەوێتەوە سەرخۆ، تۆم بەتەواوی لە یارییەکەدا سەرکەوتو بوو، چۆنی بویـستایە وای دەسووڕاند، ئەم جارە یەک مستی تونـدی لێبـدا، بێگومـان ئـەو لێدانـە لێـدانی جـەرگبڕ دەبێت و سەردەکەوێت، تۆم لەو کاتەدا بە خەم و پەژارەوە پارچە گۆشتە گاکـەی بیرکەوتـەوە، خواردن و تامکردنی لەسەر ئەم مستەکۆڵەیەی بەنـدە. مـستەکۆڵەیەکی کێـشا بـە سـاندلداو دای بەسەر پەتەکەدا، مستێکی تری تێسرەواند، بەڵام ئەم مستەیان ئەوەندە توند نەبوو. تـۆم هێـزو توانـای لێبڕابـوو، بەتـەواوی پـەکی کـەوتبوو. تـەنها ژیـری و شـارەزایی مـابوو، مستەکۆڵەیەکی تری تێسرەواند، بەڵام ساندل خۆی بە دوادا خست. تۆم خـەریکبوو بکـەوێت، سووڕی خواردو لە ترسی ئەوەی نەکەوێت باوەشی بە ساندلدا کردو خۆی پێگرتەوە، ئەمجارەیان تۆم دەستی لە ساندل بەرنەداوو نەیویست خـۆی لـە دەسـتی ڕزگـار بکـات، زانـی ئـەمجارەیان

دەدۆڕێت، چونکە گەنج هەرگیز نادۆڕێت، لە کاتێکدا باوەشی بە ساندلدا کردبوو هەستیکرد ئەو لاوە هێشتا بەهێزو بەتوانایە.

دادوەر لێکی کردنەوە، لاوێتی ساندلی بینی، وردەوردە هێزو توانای پیادا دەهاتەوە، هەستیکرد سەرلەنوێ ساندل بووژایەوەو بەهێزتر بوو، ئەو مستە بێ هێزانەی دەیوەشاند بەهێزتر دەبوون و مەبەستی دەپێکا، یەك لەسەر یەك مستەکۆلّە بەسەر تۆمدا وەك باران دادەباری، تۆم هەستی بە ترسناکی کرد، مستەکۆلّەیەکی توندی بەرکەوت، خەریکبوو مێشکی تێك بدات، بەرچاوی ڕەش بوو.

کاتێك هۆشی هاتەوە بەرخۆی، بینی لە سوچێکدا لەسەر کورسییەك دانیشتووە، جەماوەریش وەك بروسکە بە هەموو هێزو توانایانەوە هاوارو هوتافکێشانیانە. دوو یاریدەدەرەکەش خێرا خێرا ئاوی سارد دەکەن بە سەرو چاوو سنگیدا، دەستکێشەکانیشی لە دەستیا داکەندراوە، بینی ساندل شۆڕبۆتەوە بەسەریداو دەستی ڕادەوەشێنێت و تەوقەی لەگەڵدا دەکات. قینی لەو پیاوە نەبۆوە کە تێکی شکاندووەو بەسەریدا سەرکەوتووە، بەڵکو هەستی بە خەموپەژارەیەکی زۆر کرد.

ساندل هاتە ناوەڕاستی کۆڕی یارییەکەوەو بە دەنگێکی بڵند ڕووبەڕووی پاڵەوان (برۆنتۆی بچکۆل) ڕاوەستاو بە تەحەداوە داوای لێکرد لە گەمەی داهاتوودا بێت و بەرامبەری بکات پاداشتی ئەو یارییەش سەد جونەیە بوو. تۆم کینغیش پاش ئەوەی یاردەدەرەکانی سەرو چاوو سنگیان وشك کردەوە هەستاو کۆڕی یارییەکەی جێهێشت. هەستی بە برسێتی کرد، ئەمجارەیان برسێتی زۆری بۆ هێنا، لە برساندا گەدەی دەیقۆڕاند، داوای خواردنی لێدەکرد، بیری لەو چەند خولەکە کەمە دەکردەوە کە زۆر لە سەرکەوتنەوە نزیك بوو، ساندلیش لەسەر لێواری دۆڕاندن بوو، تالّە مووێکی باریك زیاتری بۆ ئەو چالّە نەمابوو، ئەگەر بێتو ئەو پارچە گۆشتەی بخواردایەو تێر بووایە.

یاریدەدەرەکانی لە ڕۆیشتنەکەیدا دەستیان گرت و یارمەتیان دا، خۆی لە دەستیان ڕاپسکاند، لەسەر سەکۆی یاریپەکەوە خۆی هەڵدایە سەر زەوییەکە، یاریدەدەرکانیش دڕیان بە جەماوەرەکە داو ڕێگایان بۆ کردەوە. پاش ئەوەی جلەکانی لەبەرکردەوە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، لە دەرەوە زۆرێکی زۆر لە گەنجان لێیان پرسی...

ـ بۆچی نەتکوشت؟ بۆچی بەسەریدا سەرنەکەوتیت؟

ئەمیش هەندێ بۆڵەبۆڵی کردو بە تووڕەییەوە بە ڕێگادا دەڕۆیشت. بەلای قاوەخانەکەدا ڕەتبوو، گوێی لێبوو خەڵکەکە باسی پاڵەوانێتییەکەیان دەکردو باسی گرەوەکانیان دەکرد، یەکێك لە دانیشتووانی ناو قاوەخانەکە فەرمووی خواردنەوەی لێکرد، تۆزێك ڕامان دوودڵ بوو، بەڵام ڕازی نەبوو، بە ڕێگاکەدا ڕۆیشت، یەك فلسی شك نەدەبرد، دەشیزانی ڕێگای نێوان یانەکەو ماڵەکەیان زۆر دوورودرێژە، ئەمیش پیربووەو توانای ڕۆیشتنی نەماوە.

بەلای باخچەی گشتیدا ڕەتبوو، لە باخچەکەدا لەسەر کورسییەك دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە، خەریکبوو لە خەفەتدا دلّی شەق بەرێت، بیری ژنەکەی کەوتەوە کە ئێستا لە ماڵەوە دانیشتووەو چاوەڕوانی مێردەکەی دەکات بە سەرکەوتوویی بگەڕێتەوە، ئەمە لە هەموو ئەو مستەکۆڵانە بەئازارتر بوو کە لێیدەدرا، ئەمە هەڵوێستێکە و ڕووی نایەت بەرەوڕووی ژنەکەی بێتەوە، هەستی بە شەرمەزاری و ئێش و ئازارو بێ توانایی و خەمێکی زۆر کرد. خۆ ئەگەر بێتوو ئێستا لای وەستایەك لە بینایەکدا بیەوێت کرێکاریی بکات، هەتا هەفتەیەك تێنەپەڕێت ناتوانێت دەستبەکار بێت، لەو ماوەیەدا بەتەواوی ماندوێتی دەرنەچێت و تین و توانای پیادا بێتەوەو بتوانێت پاچ و خاکەناز هەڵگرێت و کار بکات.

هەستی بە برسێتییەکی زۆر کرد، گەدەی لە برساندا قۆڕەی دەهات و ئازاری دەدا، فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە، دەستی بە دەموچاوییەوە گرت، لە کاتێکدا کە دەگریا بیری ستوشرێڵی پیرەمێردی کەوتەوە، ئەو ڕۆژەی بەسەریدا سەرکەوت. ئێستا دەزانێت ئەو ڕۆژە دوای کۆتایی یاریپەکە بێڵ بۆچی دەگریاو بۆچی دەستی بەگریان کرد؟

# مەکسیکییەکە

**پێشکەشە بە قارمانی شۆڕشگێڕی کورد شەهید (مامە ڕیشە)ی تێکۆشەر. (ع)**

دەربارەی ئەو کەس هیچی نەدەزانی. هەتا ئەندامانی ڕێکخراوی (جنتا)ش هیچیان دەربارەی ئەو نەدەزانی. ببووە (نهێنی بچووکیان)و (نیشتمانپەروەری گەورەیان)، وەك ئەوان چۆن بە گەرمی و دڵسۆزییەوە بۆ شۆڕشی نوێ کاریان دەکرد، ئەمیش بەو دڵسۆزییەوە کاری دەکرد، بەڵام زۆر لە دواییدا لە نیشتمانپەروەرێتی و دڵسۆزی ئەو گەیشتن.

کاتێك سەرەتا هات بۆ لایان و داوای چوونە ناو ڕێکخراوەکەی لێکردن، شکیان لێکرد، وایان دەزانی سیخوڕو بەکرێگیراوی سەرۆك (دیاز)ە، بەتایبەتیش ئەو کاتە کار زۆر ناخۆش و ناهەموار بوو. بە دەیەها کوژراو هەبوو، بەندکراوانیش بە سەدەها هەزارەها.

سەرەتا ئەو کوڕە گەنجەیان بەدڵ نەبوو، تەمەنی هەژدە ساڵان بوو. وتی:

- ناوم (فلیپ ڕیڤیرا)یەو دەمەوێت بێمە ناوتانەوەو پەیوەندیتان پێوە بکەم و بۆ شۆڕش خەبات بکەم.

بـێ زیادوکـەم هـەر ئەوەنـدەی وت و ڕاوەسـتا چـاوەڕوانی وەڵام و ڕێنمـاییکردن بـوو. چاوەکانی ئاگری لێدەبژوە، بریسکەیەکی سەیری لێـدەبژوەو ناسـۆری لێـدەتکا، دەموچـاوو سیمایەکی گرژو مۆنی هەبوو، پێکەنین لە سیمایدا نەبوو. بەو گرژو مۆنیـەوە چـاوی بـەناو ئەندامی ئەو ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەدا گێـڕا، تەماشـای ئەنـدامانی ڕێکخراوەکـەی دەکـرد، تێڕوانینەکەی لەسەر خاتوو (سیسبی) وەستاند، ئەویش بۆ ماوەیەك دەستی لەسەر ئامێری چاپکردنەکە ڕاوەستاندو تەماشای کرد.

(بۆلینوفیرا) تەماشای (ئەریل لانۆ)ی کردو بە چاو پرسـی ئـەم لاوەی لێکـرد، کەسـیان نەیاندەناسی و نەیاندەزانی کێیە، ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو چاوو کەسانەی کـە سـەرۆك دیاز لێرەو لەوێ و لە هەموو شوێن و جێگایەکدا بلاوێکردۆتەوەو ببێتـە خەتـەرو زیـان بـۆ سـەر هـەموان. دەشـبێت یـەکێك بێـت لەوانـەی زۆر ناخۆشـی و ئەشـکەنجەی بەدەسـت فەرمانڕەوایی و دیکتاتۆرەوە چەشتبێت و بیـەوێت لـەناوی بـەرێت. فـیرا بـە سـاردییەکەوە وتی:

ـ باشە تۆ دەڵێیت من لەپێناوی شۆڕشـدا کاردەکـەم .کەواتـە پاڵتۆکـەت داکەنـەو دوام بکەوە. زەوییەکە پیسە پاکی بکەرەوە، هەروەها هەر هەموو ژوورو دەرگاو پەنجەرەکان پاك بکەرەوەو جوان بیان سڕە.

لاوەکە پرسی..

ـ ئایا ئەم کارەی من سوود بە شۆڕش دەگەیەنێت؟

فیرا بە بەڵێ وەڵامی دایەوە..

ڕیقـیرا بـەو فەرمانـە ڕازیبـوو، پاڵتۆکـەی داکەنـدو قـۆڵی لێهـەڵماڵی، دەسـتیکرد بـە گسکدان و شتن و پاککردنەوە، زۆپاکەی پاککردەوەو خۆڵەمێـشەکەی تیـادا دەرهێنـاو دارو خەڵوزی بۆ هێناو ئاگری تێدا کردەوە.

جارێکیان پرسی..

ئایا دەتوانم لەو بینایەی نووسینگەی شۆڕشگێڕان بەکرێیان گرتووە شەو بمێنمەوەو تیایدا بم؟ داواکارییەکەیان قبوولّ نەکرد، چونکە دەترسان لەوەی ڕەنگە ئەو کوڕە لاوە سیخوڕ بێت و لە نووسینگەکەدا لیستی ناوی ئەندامان و لایەنگرانی تێدایەو زۆرێکی زۆریش بەڵگەنامەو نووسراوی گرنگی تێدایە.

جارێکیان ئەریللانۆ دوو دۆلاری دایە، ئەمیش لێی وەرنەگرت و وتی:

ـ من لەپێناوی شۆڕشدا کاردەکەم.

ئاشکرایە هەموو شۆڕشێك پێویستی بە پارەیەو جنتاش پێویستییەکی زۆری بە پارە بوو.

جارێك ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە کرێی خانووەکە دواکەوتن و نەیانتوانی کرێکە بدەن، خاوەن ماڵەکەش هەڕەشەی دەرکردنی لێکردن. فلیپ ڕیڤیرای جلدڕاوو کۆن لەو کێشەیە ڕزگاری کردن. هات شەست دۆلاری خستە سەر مێزەکەی سیسبی و لەو کێشەیە قوتاری کردن.

(مای) مستیلە ئالّتوونەکەی فرۆشت. فیرا سەعاتەکەی خۆی فرۆشت کە یادگارییەکی گەورەو خۆشەویستی باوکی بوو، هەر هەموویان لە حاڵەتێکی خراپ و ناخۆشدا بوون، پێویستی زۆریان بە پارە بوو، چونکە دەبوو ڕۆژێك لە ڕۆژان وەڵامی ئەو نامە زۆرانە بدەنەوە کە بەسەریاندا کەڵەکە ببوو، پارەی پولی بەریدیان شك نەدەبرد تا بیدەن لەو نامانەو پۆستی بکەن و بە بەریددا ڕەوانەی بکەن. ڕیڤیرا لە ماڵەکە هاتەدەرەوە بۆ ڕۆژی دوایی هەزار پولی بەریدی لەبەردەم مای سیسبیدا دانا.

فیرا پرسی..

ــ ئایا ئەم مالّ و سامانەی ڕیڤیرا پەیدای دەکات لە خەزێنەی دیازەوە دەستی دەکەوێت؟

هیچ کەسێك لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە نەیانتوانی وەڵام بدەنەوە.

بەردەوام هەر كە ڕێكخراوەكە پێویستی بە پارە بووایە ڕێڤیرا پارەی بۆ پەیدا دەكـردن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هیچ ئەندامێكی ڕێكخراوەكە ئەم گەنجە كردەوە سەیرەیان خـۆش نەدەویست، چونكە دەربارەی ڕابردووی ئەو كوڕە هیچیان نەدەزانی و جێگای بڕواو متمانـە نەبوو، بەڵام هیچ كەسێكیان نەیاندەوێرا ئەو پرسیارەی لێبكەن ئەیللانۆ دەیوت:

ـ ڕەنگە ئەم كوڕە زۆر نەفس بەرزو گەورە بێت، بەڵام بەهەرحاڵ لاتەریك و گۆشـەگیرەو مەتەڵێكە ناتوانرێت بزانرێت چیەو شی بكرێتەوە!

ڕاموس دەیوت:

ـ ئەم كوڕە كەسێكی مرۆڤ دۆستە.

مای سیسبی دەیوت:

ـ ئەم كوڕە مرۆڤێكی تووڕەو شەڕانییە، كەسێكە وەك مردوو وایە، نیـشانەی خۆشـی و شادی لە ڕوویدا دیار نیە لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە گورجوگـۆڵی و دڵـسۆزییەكی سـەیرەوە كـار دەكات.

ڕێڤیرا لەسەر ڕێبازو كردەوەی خۆی بەردەوام بوو، بێدەنگ گوێی دەگرت و فەرمانەكانی جێبەجێ دەكرد. هیچی نەدەپرسی و قسەی نەدەكرد، هیچ پێشنیارێكیشی نەبوو، خۆی لە كاروبارێكدا هەڵنەدەقورتاند كە پەیوەندی بەوەوە نەبووایە. لە كاتێكدا ئەنـدامانی شـۆڕش قسەیان بكردایە، ئەم تەنها تەماشای دەكردن و چاوەكانی بە فرمێسكێكی گەشاوەی سەیر دەبریسكایەوە!

ڕۆژێكیان فیرا بە مای سیسبی وت:

ـ من لە كانگای دڵمەوە بێگومانم لە نیـشتمانپەروەری و دڵـسۆزی ڕێڤـیراو لەگـشتمان زیاتر نیشتمانپەروەرترەو هەرگیز سیخوڕ نیە، مـن كـە ئەمـە دەڵـێم چـاك تێگەیـشتووم و هەستم پێكردووە، بەڵام كەسێكی تەمومژاوییەو ناتوانین تێیبگەین و بچینە ناخ و قـوڵایی دەروونیەوە.

مای سیسبی وتی:

ـ بەڵام کەسێکی خراپ و تووڕەیە.

ـ من ئەوە دەزانم، لە کاتێکدا تەماشای چاوە درندانەکەی دەکەیت، لە چاوی پڵنگ دەچێت، هەست دەکەیت کە کابرایەکی درندەو ترسناکە. بۆ نموونە ئەگەر بزانێت من بۆ کێشەکە دڵسۆز نیم بێ دواکەوتن دەمکوژێت و لەناوم دەبات. ئەو کوڕە لاوێکی بێ دڵ و بێ بەزییە، وەك پۆڵا ڕەقەو لە شەختە ساردوسڕترە، من هەرگیز لە دیازی دیکتاتۆرو پیاوەکانی ناترسم ئەوەندەی لەم کوڕە گەنجە دەترسم، ئەمە مردنێکی نهێنی جەرگبڕە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر فیرا خۆی بوو کە توانی هاوڕێکانی ڕازی بکات و پێیان بسەلمێنێت کە ڕیڤیرا کەسێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرە.

جارێکیان هێڵی تەلەفۆنی نێوان لۆس ئەنجلۆس و کایفۆرنیای خواروو بڕا، پاش ئەوەی سیانیان لێ کوشتن و دووانی تریشیان بەند کرد، چونکە (خوان فارادۆ) پیاوێکی ترسناك و خراپ بوو، لە هەموو پلانەکانیانی دەزانی و تێگەیشتبوو، لە ترسی ئەو نەیاندەتوانی هیچ کارو جموجوڵێك بکەن، زۆر بە هۆشیاری و ئاگاهییەوە نەبووایە. ڕێنمایی ڕیڤیرا کراو پێیان وت بچێت بۆ باشورو تەلەفۆنەکە چاك بکات، دوای ئەوەی هێڵی تەلەفۆنە بڕاوەکەی چاك کردو فەرمانەکەی جێبەجێ کرد، گەڕایەوە، لە دواییدا بیستیان خوان فارادۆ چەقۆیەك لەسەر دڵی دراوەو کوژراوە.کەس بە ڕیڤیرای نەوتبوو خوان فارادۆ بکوژێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەس نەیوێرا لۆمەو سەرزەنشتی بکات، خۆشی باسی هیچی نەکردو هیچی نەوت.

فیرا بە برادەرەکانی وت:

ـ من پێم نەوتن دیاز پێویستە لە هەموو کەسێك زیاتر لەم کوڕە بترسێت. ئەمە یەکێکە لە بەڵاکانی خوا.

ڕیڤیرا پاش ئەوەی شەوانە لە دەرەوە شەوی بەسەر دەبرد، زۆرجار کە دەگەڕایەوە دەموچاوی بریندار بوو، زۆرجاریش بەهۆی بریندارى و ئەو ڕووشانە زۆرانەی بە دەست و

پەنجەکانیەوە بوو نەیدەتوانی هاوکاری ئەو بلاوکراوەیە بکات کە ڕێکخراوی جنتا دەریان دەکرد، برادەرەکانیشی دەیان پرسی ئایا ئەمە بۆ شوێنە خراپەکان دەچێت، فیرا وتی:

ـ ئەوەی منی سەرسام کردووە، ئەم پارانە لە کوێوە دێنێت؟! دوێنێ بۆ نرخی کاغەزکڕین سەدوچل دۆلاری خەرج کردووە!

مای سیسبی وتی:

ـ ئەی ئەو مەسەلەیەی کە ناوبەناو ون دەبێت و دیارنامێنێت و هیچ باسێکی ئەو دیارنەبوونەش ناکات.

ڕاموس وتی:

ـ پێویستە یەکێکمان چاودێری بکەین.

فیرا وتی:

ـ بەمەرجێك ئەو کەسە من نەبم. لەوە دەترسم بمبینێت و بمکوژێت، ئەو حەزناکات کەس لە کاروباری تایبەتی خۆیدا چاودێری بکات و خۆی تێهەڵقورتێنێت، لە ڕاستیدا من لە ئاستیدا خۆم بە منالێك دەزانم.

ئەریللانۆ وتی:

ـ ئەو خۆی لە خۆیدا شۆڕشە. ئەو ڕۆحی شۆڕشە. بڵێسەی داگیرساوی شۆڕشە. ئەو تۆڵەیە. ئەو لێشاوی لافاوەو هەموو شتێك لە پێش خۆیدا ڕادەماڵێت.

مای وتی:

ـ ڕیڤیرا کەسی خۆش ناوێت، قینی لە هەموو کەسێکیشە، لەبەرئەوەشە کە لەگەڵ ئێمەدایە، چونکە ئێمە ئەو ڕێگایەین کە ئەو دەیەوێت پیایدا ڕەت بێت. ئەو کەسێکی سەیرە! سەیرەتە نیڤیرا مەتەلێك بوو ئێ

مایوهی هاوری کرد..

ـ ئەوە کێیە لە دەرگا دەدات؟

ـ منم .. ناوری. پێم بڵێ مایوهی کوڕم وا لە کوێ، دەمەوێت ببینم؟

تیفارا خۆی نووساند بە باڵی میێردەکەیەوە، بە ترسەوە وتی:

ـ جنۆکەیە.. جنۆکەیە.

مایوهی لە ترساندا زەردەهەڵگەڕا. بە ترسەوە وتی:

ـ خانمە بەڕێزەکەم کوڕەکەت باش دەناسم، ئێستا ئەو وا لە سەڵای دەریاچەکەوەیە.

پیرێژنە سەرگەردانەکە لە دەرەوە هەناسەیەکی تاڵ و هەناسەساردی هەڵکێشا.

مایوهی لێی پرسی..

ـ پیرێژن تۆ لە کوێوە هاتوویت؟

ـ لەناو دەریاوە.

تیفارا وتی:

ـ بەڵێ.. بەڵێ باشە ئەوە دەزانم.. دەزانم.

پیرێژن دەنگی کوڕەکەی و ژنەکەی ناسییەوە و وتی:

ـ مایوهی حاشا لە دایکت دەکەیت و دایکت ناوێت؟

ـ نەخێر.. نەخێر.. مایوهی حاشا لە دایکی ناکات، بەڵام من مایوهی نیم وەك پێم وتی کوڕەکەت وا لە سەڵای دەریاچەکەدا.

پیرێژن لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا وتی:

ـ باشە وا من دێمە ژوورەوە.

خۆیکرد بە ژووردا، کوڕەکەی و ژنەکەشی لە ترساندا چۆقەچۆقی دانیان دەهات و لە ترساندا خۆیان کرد بە ژێر لێفەکەداو خۆیان شاردەوە. پیرێژن لێیان چووە پێشەوەو وتی:

ـ تینوومە تۆزێك ئاوم بدەنێ.

مایوهی بە ژنەکەی وت:

ـ هەستە چی دەوێت بیدەرێ.

مایوهی سەرنجیدا جنۆکەکە وەك هەموو کەسێکی تر ئاو دەخواتەوەو پاشان لێی چووە پێشەوەو دەستی تێوە دا. بۆی ئاشکرابوو وەك چۆن ژنەکەی تێگەیشت ئەمیش تێگەیشت جنوکە نیە! بەڵکو مرۆڤەو وەك ئەم هەموو خەڵکانە لە گۆشت و خوێن پێکهاتووە.

ناوری دانیشت. بەسەرهاتەکەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ گێڕانەوەو کاتێك باسی لیفی بۆ کردن، هەر لەو کاتەدا مرواریيەکەی خستە ناو دەستی تیفاراوەو ئەمیش بە مێردەکەی وت:

ـ سبەینێ مرواریيەکە بە پێنج هەزار دۆلاری فەڕەنسی بە ڕاول دەفرۆشین.

ناوری وتی:

ـ ئەی خانووەکە؟

ـ بەڵێ خانووەکە چوار هەزار دۆلاری فەڕەنسی تێدەچێت، لەو پارەیە هەزار دۆلاریشمان بۆ دەمێنێتەوە.

ناوری وتی:

ـ دەبێت درێژی خانووەکە شەش قامەت بێت.

ـ بەڵێ شەش قامەت بێت.

ـ ئەی سەعاتە گەورەکەی دیوارەکە؟

ـ بەڵێ مێزێکی گەورەی هێلکەییش لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا.

ئینجا ناوری وتی:

ـ کەواتە شتێکم بدەنێ با بیخۆم زۆرم برسییەو هیلاکیشم دوای ئەوە دەنوین و سبەینێ بەیانی پێش فرۆشتنی مرواریيەکە زیاتر باسی خانووەکە دەکەین، پێویستە پێشەکی هەزار دۆلارەکەی لێ وەرگرین، چونکە چۆلەکەیەك لە دەستتدا چاکترە لە دە چۆلەکەی سەر درەخت.

---

# چیرۆکی کیش

لە زەمانی کۆندا کیش لەسەر کەناری ڕووبارێکی جەمسەرە بەستەلّەکەکاندا دەژیا. چەند سالێکی زۆر سەرۆکایەتی هۆزەکەی خۆی کرد، لەو کات و ساڵانەدا هۆزەکەی بە شاردی و ئارامییەوە ژیا. کە مردیش ناوی بەڕێزو گەورەییەوە بەسەر زارو زمانی هەموو کەسێکەوە بوو.

زەمانێکی دوورودرێژ بەسەر مردنەکەیدا تێپەڕی و لە پیاوە پیرو بەساڵاچووەکان زیاتر کەس ناوو باسی نەدەکرد. ئەوانیش باس و خواستی ئەویان لە باوو باپیرانیانەوە بیستبوو، باوو باپیرانیش لە دەمی پێشینانانی خۆیانەوە بۆ نەوەکانیان باس کردبوو. ئا بەم شێوەیە نەوە لە دوای نەوە، و یەك لە دوای یەکتر دەماودەم بەردەوام بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە.

لە تاریك و نووتەکی زستاندا کە با و زریان و گەردەلوول هەڵیبکردایە تینی ساردی ئەو با و زریانە بەهێز بووایە. بەهێزترین کەس و بەتواناترین کەس لە شوێن و ئارامگای خۆیدا دادەنیشت و نەیدەتوانی بێتەدەرەوە، ئا لەو کاتە نائارامی و ناخۆشیانەدا خەڵکی ئەفسانەی کیشیان بۆ نەوەکانیان دەگێڕایەوە.کە ئەو کەڵە پیاوە چۆن لە کوخە بچووکەکەی

خۆیدا بە هەژاری پێگەیشت و لە کۆتایدا بوو بە گەورەو سەرداری گوندو هۆزەکەی و کەس نەیتوانی بەرهەڵستی و ململانێی لەگەڵدا بکات.

چیرۆك و باسەکە وا دەگێڕێتەوە کە ئەو کەڵەپیاوە گەنجێکی زاناو زیرەك بوو. لەش و لارێکی ساخ و بەهێزو تۆکمەو بەتوانای هەبوو. سی (خۆر)ی بەتەواوی لە ژیاندا بینیبوو (لەو شوێنە دوورانەدا کات بەو شێوەیە دیاری دەکەن) لەو شوێنانەدا بەدرێژایی کەژی زستان خۆر ئاوا دەبێت و تاریکی وەك سەرپۆشێکی ڕەش ئەو ناوچەیە دادەپۆشێت. دوای بەسەرچوونی زستان، ئینجا تیشکی خۆر دەردەکەوێتەوەو تیشك و گەرمی سەرلەنوێ بەسەر ناوچەکەدا بلاودەکاتەوە.

باوکی کیش پیاوێکی ئازاو بەجەرگ بوو. کاتێك تیاچوو مرد لەو ڕۆژانەدا برسێتی و قات وقڕی تینی بۆ هۆزەکەی و هاونیشتمانیانی هێناو هیچیان نەما بیخۆن، ئا لەو کاتەدا بڕیاریدا هاونیشتمانیەکانی خۆی لە چنگی برسێتی ڕزگار بکات. دوای ورچێکی گەورە کەوت بۆئەوەی ڕاوی بکات و بیکوژێت، ورچە درندەکەو ئەو مرۆڤە کەوتنە شەڕو زۆرانبازییەکی کوشندەو خوێناوییەوە، باوەشیان بەیەکدا کرد، هەر دوو شەڕکەر لەو شەڕو زۆرانەدا کوژران. گۆشتە زۆرەکەی ورچەکە بووە هۆی ئەوەی هۆزەکەی لە مردن و برسێتی ڕزگاریان بێت. پیاوەکەش لە دوای خۆی ژنێکی بێوەژن و منالێکی جێهێشت، ئەو کوڕەش کیشی قارەمانی ئەم چیرۆکەیە، بەڵام خەڵکی وەك نەریتی خۆیان زۆر بەزوویی ئەو پیاوەیان بیرچۆوە کە ژیانی خۆی لەپێناوی ئەواندا کرد بە قوربانی، هەروەها ژنە بێوەژن و خەمبارەکەی و کوڕە هەتیوەکەشیان بیرچۆوە، کە بە داماوی و کەساسی لە پیسترین کوخێکی ناو دێیەکەدا دەژیان.

شەوێك لە شەوان لە کاتێکدا کە پیاوانی عەشیرەت هەموو گەورەو ڕیشسپی لە کوخەکەی (کلوش کوان)ی سەرداری هۆزدا دانیشتبوون و کۆببوونەوە.کیش لەناو ئەو

کۆمەلّە پیاوانەدا بەپێوە ڕاوەستابوو چاوەڕوانی کرد تا خەلّکەکە بێدەنگ بوون، پاشان وتی:

ـ ڕاستە من و دایکم بەشە گۆشتی خۆمان وەردەگرین، بەلّام ئەو بەشەی ئێمە زۆرجار گۆشتێکی کۆن و وشکەوەبووە، لەسەروو ئەمانەشەوە هەمووی ئێسقانەو گۆشتی کەم پێوەیە.

هەر هەموو خەلّکەکە لەم بوێریی و نەترسییەی ئەو کوڕەلاوە کە لەبەردەم گەورە پیاوانی هۆزو گوندەکەدا ڕاوەستابوو ڕاچلّەکین و سەریان سوڕما، چونکە ئەمە کارێک بوو هەرگیز لەمەوپێش شتی وا ڕووی نەدابوو! پاشان کیش بە نەترسی و ئازایانەوە وتی:

ـ (بوك)ی باوکی من ڕاوچییەکی شارەزاو گەورە بوو. دەگێڕنەوە کە باوکم چووە بۆ ڕاو، ئەوەندە گۆشتی لەگەلّ خۆیدا هێناوەتەوە کە تائێستا کەس هێندەی ئەوی نەهێناوەتەوەو بەشی هەمووانی کردووەو بە دەستی خۆشی دادەرانە بەسەر خەلّکەکەدا دابەشی کردووە، جودایی لەنێوان کەسدا نەکردووە.

پیاوانی ڕیشسپی هاواریان کرد.

ـ بێدەنگ بە کوڕەلاو. دەی لێرە بڕۆرە دەرەوە، تۆ هێشتا منالّیت و مافی ئەوەت نیە لەبەردەم گەورە پیاواندا قسە بکەیت.

بەلّام کیش لە کۆڕەکە نەچووە دەرەوەو لە شوێنی خۆیدا بێدەنگ مایەوەو چاوەڕوانی کرد تا دەنگەدەنگ و هەراو هوریاکە هێواش بۆوە، پاشان وتی:

ـ (ئۆغ کلوك) تۆ ژنت هەیە. تۆش (ماسسوك) دایکت هەیە، هەدووکتان بەرپرسن لە بژێوی و ژیاندنی ئەو ژنانە. منیش دایکم هەیەو لە من زیاتر کەس گوێی پێ نادا‌و من بەرپرسی ژیانی ئەوم. باوکم لەپێناوی عەشیرەتەکەدا لەناوچوو، لەبەرئەوە پێویستە من کە کوڕی ئەوم و دایکم ژنی ئەو بووە لەو گۆشتە زۆرەی کە لە دێیەکەدا هەیە ئەوەندە گۆشتمان بدەنێ کە بەشمان بکات.

لەناو دەنگەدەنگ و بێزاری دەربڕینی خەڵکەکەدا کیش لە شوێنی خۆیدا دانیشت.

ئۆغ کلوك بە بۆڵەبۆڵەوە وتی:

ـ دەبێ منااڵێکی بچکۆلە لە کۆڕی ڕیشسپی و گەورەپیاواندا ئاوا قسە بکات؟

ماسسوك بە دەنگی بەرز لە ئامادەبووانی پرسی..

ـ ئایا دەشێ منێکی گەورە پیاو بۆ پارچە گۆشتێك لەبەردەم منااڵێکی ساوای شیرەخۆرەدا ببم بە گاڵتەچی؟

قین و تووڕەیی ئامادەبووان لە ئاست کیشدا لە هەموو لایەکەوە تاوی سەند. بە تووڕەییەوە فەرمانیاندا هەر ئێستا هەستێ و لە کۆڕەکە بچێتە دەرەوە، لە پاداشتی ئەو بێ شەرمی و بێ ئابڕوییەیدا هەڕەشەی بڕینی بەشە گۆشتەکەی خۆشیان لێکرد. چاوەکانی کیش بەشێوەیەکی سەیر بریسکەیداو بە تووڕەییەوە هەستایە سەرپێ و وتی:

ـ ئەی پیاوینە وا من دەڕۆم و ئیتر لەمەودوا نایەمە ناو کۆڕو کۆمەڵی ئێوەوە هەتا ئەو ڕۆژەی خۆتان مەجبووری من نەبنەوەو داوای ئاشتبوونەوەو قسە لەگەڵداکردنم لێنەکەن. باوکی من بوك ڕاوچییەکی زاناو شارەزا بووە، منیش لەسەر پێ و دانی باوکم دەڕۆم و خۆم دەچم خواردن بۆ خۆم و دایکم پەیدا دەکەم. ئەوەش بزانن هەموو کاتێك بە نێچیری گەورەو قەڵەوەوە دەگەڕێمەوەو بەیەکسانی و بێ جیاوازی بەسەر هەموو کەسێکدا دابەشی دەکەم، ئیتر نایەڵم بێوەژنی داماوو کەساس و بێ توانا بێت و بێزاری دەربڕێت و گۆشتی نەدرێتێ و لەو لاشەوە پیاوە بەهێزو دەستەاڵتدارەکان لە تێریی و زۆر خواردنـدا سـکیان ژان بکـات. بڕوام پێبکەن کە دەڵێم (گۆشتی زۆر دەهێنمەوە دەیهێنمەوە)

کیش بە تووڕەییەوە لە کوخەکە هاتەدەرەوەو بەدواشیدا خەڵکەکە پێکەنین و گاڵتـەیان پێکرد، ئەمیش هیچ گوێی پێنەدان.

لە ڕۆژی دواییدا ڕمەکەی باوکی هەڵگرت و تیروکەوانەکەی باوکی کردە شان و لە ماڵ هاتەدەرو بەرەو الی ڕۆخی دەریاکە کەوتەڕێ بۆ ئەو شوێنەی بەفرە چڕوپڕەکە لەگـەڵ دەریـا

ترسناکەکەدا یەك دەگرن. خەلّکەکە بۆ ئەم لووتبەرزی و سەرکەشییە شێتانەیە گالّتەیان پێدەهات، چونکە تاکو ئێستا هیچ کورێکی لاو لە تەمەنی کیشدا نەچووبوو بۆ ڕاو بە تاك و تەنهاو بێ هاوڕێ و برادەر کە لە کاتی ناخۆشی و تەنگانەدا دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات و یارمەتی بدات. نوقلّانەی ئەوەیان بۆ لێدەدا کە بە دەستی خۆی خۆی دەکوژێت و بەرەو مردن دەڕوات. ژنانی هۆزەکەش بە چاوی سۆزو بەزەییەوە تەماشای (ئیکیفیا)ی دایکی کیشیان دەکرد، بەلّام دایکی کیش بە دلّنیایی و خۆڕاگرییەوە پێی وتن:

ـ کوڕەکەی من بە سەرکەوتوویی لە گەشتەکەی دەگەڕێتەوە.

ڕاوچییەکانیش دەیانوت:

ـ بابڕوات، دەرسێکی وای دادەدرێت هەرگیز بیری نەچێتەوەو بە سەرشۆڕی و تەریقی و لاوازییەکی وا دەگەڕێتەوە جارێکی تر ڕووی نەیەت بوێرێ لە کۆبوونەوەی داهاتوودا سەر بەرزکاتەوەو قسە بکات.

ڕۆژێك تێپەڕی کرد، ڕۆژی دووەم بەدوایداو سێیەمیش بێ ئەوەی کیش بگەڕێتەوە. ئیکیفیای دایکی دەستی بە گریان و قژڕنینەوە کرد، بە زەیتی ڕەش (قەتران) کە نیشانەی خەم و ماتەمی بوو بۆ تاقانەکەی ڕووی خۆی ڕەش کرد. ژنانیش هەر کەسە لە ئاستی خۆیەوە کەوتنە سەرزەنشت و قسە پێوتنی خراپ و ناشرین بە پیاوەکانیان، چونکە خراپەیان لەگەلّ ئەو کوڕە لاوەدا کردو هەلّیاننا ڕووەو مردن، بەلّام پیاوەکان هیچ وەلّامێکی ژنەکانیان نەدایەوە، بەلّکو هەموو خۆیان ئامادە کرد هەر کە زریان و گەردەلوولەکە دامرکێتەوە بچن بەدوای منالّەکەدا بگەڕێن.

لە بەیانی ڕۆژی چوارەمدا کتوپڕییەکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا بە گەڕانەوەی کیش بەسەر بەرزی و لووتبلّندییەوە، پارچە گۆشتێکی گەورەی تازەی دابوو بە شانیداو هەنگاو بە هەنگاو کە مانای گەورەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی دەگەیاند دەهات، ڕوویکردە پیاوەکان و پێی وتن:

ـ پیاوینە خۆتان و زەللاقەو سەگەکانتان بڕۆن ئـەو گۆشـتە زۆرەی لـەوێ جێمهێـشتووە بیهێنن، لەوێ ورچێکی گەورەو دوو بەچکەکەیم کوشتووە بیهێننەوە.

دایکی لە خۆشیاندا قسەی بۆ نەدەکرا. تەماشای دایکی کردو وتی:

ـ دایە وەرە با بڕۆین گۆشت بخۆین. دوای ئەوە دەچم دەنووم، چونکە زۆر هیلاکم.

پێکەوە چوونە کوخە ناخۆشەکەیانەوەو تێـر گۆشـتیان خـواردو پاشـان کـیش نووسـت. ماوەی بیست سەعاتی تەواو لە خەو هەڵنەسـتا. ئـەم بەسـەرهات و کـارە گـەورەو مەزنـە پیاوانی هۆزەکەی سەرسام کردو خستنیە ناو پرسیارو گومانەوە، چونکە کوشتنی ورچـێکی قوتبی لەوپەڕی ترسناکیدایە، بەڵام کوشتنی ورچێکی مێینەو بەچکەکانی ناچێتە عەقڵەوە و لـە توانـای تاکـە کەسـێکدا نیـە! بەتایبـەت بکوژەکـەش لاوێکـی مێردمنـاڵ بێـت و شارەزاییەکی ئەوتۆشی نەبێت! ژنانیش لەلایەن خۆیانەوە باسی ئـەو گۆشـتە تـازە جـوان و بەلەزەتەیان زۆر کرد. پیاوەکـانیش بـە گومـانێکی زۆرەوە چـوون بـۆ ئـەو شـوێنەی کـیش نێچیرەکەی لێ جێهێشتبوو.کاتێك گەیشتنە شوێنەکە بینییان ڕاست دەکات، لە هـەمووی گرنگترو سەیرتر بینییـان ورچـەکە ورگـی شـەقکراوەو ناوسـکەکەی دەرهێنـراوە، بۆئـەوەی گۆشتەکەی نەیبەستێ، کە ئەمەش کارێکە تەنها ڕاوچییە شارەزاو قاڵبووەکـان دەیـانکرد. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەفسانەی کیش دەستی پێکرد. بەجارێك هەموو هۆزەکەی سەرسـام کـردو مێشکی هەژاندن.

ڕاوەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەردەوام بوو. لە جاری دووەمدا ورچێکی قەڵەوتری ڕاوکـردو لە جاری سێیەمدا دوو ورچی پێکەوە ڕاوکرد. هەموو گەشت و چوونێکی بۆ ڕاوکردن چـوار ڕۆژ یان هەفتەیەکی دەخایاند، نەشی دەهێشت هیچ کەسێکی لەگەڵدا بێـت، هـەروەها بـۆ ئەو گەشتانەشی سەگی لەگەڵ خۆیدا نەدەبرد کە سەگ بۆ ئەو کارانـە زۆر پێویـست بـوون. ئـەم کارانـەی مێـشکی خەڵکەکـەی تێکـدابوو، بـەجارێك هـەمووانی سەرسـام کردبـوو. دەیانویست نهێنی ئەم کارە بزانن و ئەم مەتەڵە شی بکەنەوە.

کلوش— کوان جارێکیان لێی پرسی..

ـ باشە بۆچی تۆ لە ڕاوەکانتا هەر تەنها ورچ ڕاودەکەیت؟

وەلاّمی دایەوە..

ـ تۆ خۆت باش دەزانیت کە ورچ قەلّەوەو لەشی گۆشتی باشی پێوەیە.

قسەوباس زۆر زیادی کرد. هەندێك دەیانوت ڕۆحیانەتی پیس و ناپاك لە ڕاوەکەیدا یارمەتی دەدا، هەندێکی تر دەیانوت نەخێر دەبێت ڕۆحیانەتەکە ڕۆحیانەتێکی باش و چاك بێت، لە ڕاوکردنەکەیدا یارمەتی دەدات. هەندێکی تریش دەیانوت ڕوون و ئاشکرایە باوکی کیش ڕاوچییەکی شارەزاو بەتوانا بووە، ڕەنگە ڕۆحیانەتی باوکی بێت لە ڕاوکردندا یارمەتی بدات، لە کاتێکدا کە خەلّکانی هۆزەکەی سەرقالّی ئەم پرسیارو بۆچوونانە بوون کیش هەر بەردەوام بوو لەسەر ڕاوکردن و دەستکەوتەکانیدا هەروەك پیشەی باوکی ئەمیش خۆی بە دەستی خۆی بێ جیاوازی گۆشتی بەسەر هەمووواندا دابەش دەکرد، هەر هێندەی ئەوانیش بۆ خۆی و دایکی دادەناو تێڕیان پێ دەخوارد، لە پاداشی ئەوەداو چونکە ڕاوچییەکی شارەزاو بەتوانا بووە، ئەندامانی هۆزەکەی بە ڕێزو گەورەیی و هەیبەتەوە تەماشایان دەکرد، ئەو خەلّکانە بە ڕوون و ئاشکراو پەرۆشەوە بیریان لەوە دەکردەوە کە دوای کلوش— کوان بیکەن بە سەردارو سەرۆك هۆزی خۆیان. لەگەلّ ئەوەشی کە گەیشتبووە ئەو پلەوپایەو ڕێزە گەورەیە هەر نەدەهاتە ناو کۆبوونەوەی پیاوماقوولاّن و ڕیشسپییەکانەوە، کەسیش نەیدەوێرا کە بانگهێشتی بکات بۆ هاوکاریکردنی ئەو کۆبوونەوانە.

ڕۆژێکیان کیش بە کلوش — کوان و هەندێ لە ڕاوچییەکانی وت:

ـ من بیرم لەوە کردۆتەوە کوخێکی گەورەو باش بۆ خۆم و دایکم دروست بکەم، کە خۆم و دایکمی تێدا بحەسێتەوە، لەبەرئەوەی من سەرقالّی ڕاوم، پێویستە ئەو پیاوو ژنانەی

گۆشتی ڕاوکردنی نێچیرەکانی من دەخۆن ئامادەیی خۆیان پیشان بدەن بۆ دروستکردنی کوخەکەمان.

گورج خەڵکەکە هاتن و کوخێکی گەورەو جوانیان بۆ دروست کردو هەموو هۆیەکی حەسانەوەشیان بۆ ئامادەکردو لە کوخەکەدا بۆیان دانا. کوخەکە لە جوانی و گەورەییدا شانی دەدا لە کوخەکەی کلوش — کوانی سەردارو سەرەك عەشیرەتیان.

خۆی و دایکی پێکەوە چوونە ناو کوخەکەیانەوەو ژیان لە ڕوویاندا گەشایەوەو بوو بە خۆشی و پێکەنین و شادی، خۆشییەکی وا کە لەو ڕۆژەوەی مێردەکەی مردبوو خۆشی وەهایان بەخۆوە نەدیبوو، هەروەها بوو بە جێگای ڕێزو گەورەیی هەموو ژنانی هۆزەکەو دەهاتن بۆ سەردانیان دەکردو گوێیان لە ئامۆژگاری و ڕاوێژە ڕاست و دروستەکانی دەگرت. لە کاتێکدا لەگەڵ مێردەکانیاندا ناکۆك دەبوون، ئەم پێکی دەهێنانەوەو ئاشتی دەکردنەوە، بەڵام ئەوەی کە مێشکی ڕۆڵەکانی عەشیرەتەکەی سەرسام کردبوو شەوو ڕۆژ ببوو بە وێردو قسەی سەرزارو زمانیان ئەو نهێنی ڕاوکردنەی کیش بوو!

ڕۆژێ لە ڕۆژان ئۆغ- کلوك بە کیشی وت:

ـ تۆ بە هاوکاری جنۆکەو ڕۆحیانەتە پیسەکان ڕاودەکەیت؟

کیش هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، بەڵام ئەو ژنانەی کە لەوێ ئامادەبوون وەڵامی ئۆغ — کلوکیان دایەوە..

ـ ئایا ئەو گۆشتەی- کیش دەیهێنێتەوە گۆشتێکی خراپە؟ ئایا لەو ڕۆژەوەی ئێمە لە گۆشتی نێچیرەکانی کیش دەخۆین تاکو ئێستا هیچ کەسێك لە ئێمە نەخۆش کەوتووە؟ ئەمە لە کوێوە دەزانێت کە شەیتان و ڕۆحە پیسەکان ڕاوی ئەو ورچانە دەکات کە کیش ڕاویان دەکات؟ یان ئەمە حەسوودییەکە سەراپا دڵتی پڕکردووە. ئەنجومەنی پیران لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانیاندا بە کۆمەڵ بڕیاریاندا بەدزییەوە دوای کیش بکەون و لە گەشتی ڕاوکردنەکەیدا لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی چاودێری بکەن، تاکو بزانن چۆن ئەو ڕاوە دەکات. بە

دزییەوە دوو پیاویان بەدوادا نارد. دوای پێنج ڕۆژ پیاوەکان هاتنەوە، لەبەرئەو کارە گەورەو گرانە دەم و زمانیان بەستراببوو. وتیان:

ـ براییەنە دوای کیش کەوتین و لە شوێنێکدا کە کەس نەیدەبینین خۆمان شاردەوە.کتوپڕ ورچێکی گەورەمان بینی کیش ڕووبەڕووی بۆوەو بەرهەڵستی کرد، دیاربوو ورچەکە حەزی بەشەڕ نەدەکرد. کیشی قارەمان وەك شێر هێرشی کردەسەرو بە سەریدا قیژاندی و ڕایچڵەکاندو لە ئاستیدا دەستی کرد بە دەستڕاوەشاندن و تووڕەکردنی، ورچەکە تووڕە بوو، هێرشی کردە سەر کیش، ئەویش بەرگریی لە خۆی کردو لە ڕوویدا کەوتە ڕاکردن. ورچەکە دوای کەوت، کیش تۆپەڵە شتێکی خڕی بچووکی بۆ هەڵدایە سەر بەفرەکە، ورچەکە وەستا و بۆنێکی پێوەکردو قووتیدا.کیش بەردەوام ڕایدەکردو تۆپەڵە بچووکەکانی بۆ هەڵدەداو ورچەکەش بەردەوام تۆپەڵە خڕەکانی هەڵدەلووشی و دەیخوارد. کتوپڕ ورچەکە ڕاوەستاو دیاربوو لە ئازاردا کەوتە قیژەو بۆڵەبۆڵێکی توندو گران، لەسەر هەردوو پێی پاشووی ڕاوەستاو هێرشی کردە سەر کیش، کیش بەخێرایی ڕایکرد.

ورچەکەش بە دەست ئەو ئێش و ئازارە زۆرەوەی سووڕی دەخوارد، هەڵبەزودابەزی لەسەر بەفرەکە دەکردو دەیبۆڕاند، دیمەنێکی ئەوەندە ترسناك بوو لە ژیانماندا شتی وامان نەدیبوو.

ئۆغ کلوك وتی:

ـ بێ شك دەبێت ئەو تۆپانە تۆپی سیحرلێکراو بووبێتن.

دوو پیاوەکە قسەکانی خۆیان تەواو کرد..

ـ پاش ئەوە ورچەکە هێزو توانای لێ بڕا، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو هەڵبەزودابەزو سووڕانەوەیەی کە بە دەوری خۆیدا دەیکرد. ورچەکەش زۆر قەڵەوو گەورە بوو. بە لۆژەلۆژو بە ملاوبەولادا بەسەر بەفرەکەدا دەڕۆیشت و دەیبۆڕاند. ناوبەناو دەینالاندو کیشیش وەك سێبەر بەدوایەوە لێی نەدەبۆوە. ماوەی سێ ڕۆژ بەو شێوەیە دوایان کەوتین و لەو ماوەیەدا

ورچەکە تەواو بێ تاقەت و بێ توانا بوو، هێزی نەما، ئالەم کاتەدا کیش لێی نزیکبۆوەو بە ڕمەکەی دەستی کەوتە ڕملێدانی هەتا بەتەواوی کوشتی. پەلاماری داو کەوتە گرووون و کەولکردنی پێستەکەی. ئێمەش کە ئەوەمان بینی بەو شێوەیە جێمان هێشت و گەڕاینەوە.

لە دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا ژنان سەرقاڵی دابەشکردنی گۆشتی ئەو ورچە بوون کە کیش هێنابوویەوە. پیاوەکانیش لە کۆبوونەوەیەکی گەورەو گرنگدا بوون. گەورە پیاوەکان ناردیان بەدوای کیشدا کە بێت بۆ لایان، بەڵام کیش نەچوو بۆ لایان، بەو پیاوەی کە ناردبوویان بەدوایدا ڕایگەیاند پێیان بڵێت کیش ماندوو و برسییە ناتوانێت بێت بۆ لایان، ئەگەر ئەوان کاریان پێی هەیە، کوخەکەی گەورەو فراوانەو جێگای هەموویانی تێدا دەبێتەوە، با ئەوان بێن بۆ ئێرە. ناچار پیاوەکان هەموویان هاتن بۆ کوخەکەی کیش کە لەو کاتەدا نانی دەخوارد. بە ڕێزو گەورەییەوە پێشوازی لێکردن و بەپێی پلەوپایەی خۆیان هەرکەسەیانی لە شوێن و جێگای تایبەتی خۆیدا دانیشاند، بەڵام ئیکیفیای دایکی شڵەژاو نەیزانی چی بکات، کەچی کیش هیچ نەشڵەژاو بەسەر خۆیدا زاڵ بوو.

کلوش — کوان قسەکانی بەوە دەستپێکردو باسی ئەو دوو کەسەی بۆ کرد کە بەدزییەوە ناردبوویان بەدوایداو چاودێریان کردبوو. قسەکانی بەوە کۆتایی پێهێناو وتی:

ـ ئێستا ئێمە بۆ ئەوە هاتووین کە پێمان بڵێیت تۆ چۆن ڕاو دەکەیت و نێچیر دەکوژیت؟ ئایا هیچ کارێکی ئەفسوونی تێدایە؟

کیش بە پێکەنینەوە وتی:

ـ نەخێر کلوش — کوان کوڕە لاوێکی وەك من هیچ شارەزاییەکم لە سحردا نیە، تەنها من عەقڵی خۆمم بەکارهێناوەو ڕێگایەکی ئاسانم بۆ کوشتن و ڕاوکردنی ورچ بەکارهێناوە.

ـ ئایا کەسی تر وەك تۆ دەتوانێت ئەو ڕێگایە بەکاربهێنێت؟

ـ بەڵێ هەموو کەسێك دەتوانێت.

دانیشتووان هەر هەموویان بە بێدەنگییەوە دانیشتبوون و گوێیان گرتبوو. هەریەکەیان بە حەپەساوییەوە تەماشای بەرامبەرەکەی خۆی دەکرد، کیشیش بێ گوێدانە هیچ شتێك هەر خەریکی نانخواردنەکەی خۆی بوو هەروەك ئەوەی هیچ نەبووبێت.

کلوش — کوان وتی:

ـ کیش ئایا دەتوانیت پێمان بڵێیت ئەو ڕێگایەی تۆ بۆ ڕاوکردن دەیگریتەبەر چۆنەو بۆمان باس بکەیت؟

ـ بێگومان.. بێگومان.

کیش هەستایە سەرپێ و ئێسقانێکی ناسکی چەناگەی حوتێکی هێناو پیشانی ئامادەبووانی دا. ئێسقانەکە هەردوو سەرەکەی وەك نووکی دەرزی تیژ بوو، بە هێواشی لەناو لەپی دەستیدا چەماندیەوە تا بەتەواوی لەناو دەستیدا دیارنەما، کتوپڕ ئێسقانەکەی بەرداو ئێسکەکە وەك دۆخی ئاسایی خۆی لێهاتەوە، پاشان کەمێك لە ناوسکی حوتەکەی هێناو ئێسکەکەی بە ڕۆنەکەی چەور کردو ئێسکە نەرمەکەی خستە ناوییەوەو باش پێچایەوەو دواتر تۆزێکی تر ڕۆنی کردە سەرو هەمدیسان پێچایەوەو بە ئامادەبووانی وت:

ـ پاش ئەوەی بەم شێوەیەی لێدەکەین، دەیبەینە دەرەوەو دایدەنێین هەتا دەیبەستێ و دەبێت بە تۆپێکی بچکۆلەی خڕ، کاتێك ورچەکە تۆپەکان قووت دەدات و لەناو سکیدا ڕۆنەکە دەتوێتەوە، ئێسقانەکە سەرلەنوێ ڕاست دەبێتەوەو لە قورگ و گەدەی ورچەکە دەچەقێت و ئازاری دەدات و لە پەلوپۆی دەخات و بێ هێزو بێ توانا دەبێت، ئیتر ئەو کاتە بەئاسانی ڕاو دەکرێت و بە ڕم دەکوژرێت. ئاوا دەبینن کارەکە زۆر ئاسانە.

هەر هەموو خەڵکەکە حەپەسابوون و دەمیان داچەقاندبوو. مەسەلەکە لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی تێگەیشتن.

ئەمەیە چیرۆك و بەسەرهاتی کیش! کە لە زەمانی زووداً لە کەناری ڕووبارەکانی جەمسەرە بەستەڵەکەکاندا ژیابوو، چونکە بیرو زانایی خۆی خستبووە کارو دوای عەقڵ و

بیرکردنەوەی خۆی کەوتبوو، پەنای نەبردبووە بەر خورافیات و سحرو جادووگەریی و ڕێگای خراپ و ناقۆڵا. توانی لەناو پیسترین و ناخۆشترین کوخەوە بەرزبێتەوەو لەناو هۆزو کۆمەڵانی دێیەکەی خۆیدا گەورەترین پلەوپایە بەدەست بهێنێت و پاشانیش ببێتە سەردارو گەورەی هۆزەکەی. لەو سالانەی ئەوی تێدا ژیا خۆشی و شادی و تەبایی باڵی بەسەر هۆزو گوندەکەیدا کێشاو هیچ بێوەژن و هەژارو بێ دەسەڵاتێك گازندەو گلەیی نەبوو لەوەی داوای خواردن و بژێوی بکات.

---

# بەسەر فەرشی هەواییەوە

ژنانی دوورگەی (هاوای) تەمەنیان دریژەو لە تەمەنی پیریياندا وەك گەنجێك هەر بە جوانی و شۆخ و شەنگییەوە دەمێننەوەو پیریيان پێوە دیار نیەو درەنگ پیر دەبن، بەپێچەوانەوەی زۆربەی ژنانی ولّاتە گەرمەکانەوەن. ئەو ژنەی لەژێر سێبەری ئەو درەختە گەورەیەدا دانیشتووە گەرچی خۆشی ڕێکوپێك و جوان نەکردووە وا دەزانی لە تەمەنی پەنجا ساڵێدایە، بەڵام کوڕو منالّەکانی خۆی و کچەزاو کوڕەزاکانی و (ڕۆسکۆ سکاندویل)ی میّردی کە ماوەی چل ساڵّە مارەی کردووە دەزانن کە ئەو ژنە تەمەنی لە شەست و چوار ساڵّیدایەو لە بیست و دووی مانگی حوزەیرانی داهاتوودا تەمەنی دەبێت بە شەست و پێنج ساڵّان.

لەگەڵ ئەو چاویلکەیەش کەوا بەسەر چاوییەوەیەو ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوەیەو دەیخوێنێتەوە، هەر کاتێك بیەوێت و حەز بکات تەماشای منالّەکانی و نەوەی منالّەکانی بکات کە لەناو باخچەکەدا یاریی دەکەن چاویلکەکەی دادەکەنێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وا دەنوێنێ کە تەمەنی زۆر کەمەو گەورە نیە. لە دیمەنی ئەو ژنەدا وێقارو گەورەیی و ئەسڵ و نەسەبی پێوە دیارە، ئەسڵ و نەسەب و گەورەییەك هێندەی گەورەیی

ئەو درەختەی بەقەدەر گەورەیی مالّەکە دەبێت. ئەگەر بێت و مرۆڤ لەژێریدا دانیشێ وا دەزانێت لە مالّێکی زۆر گەورەدا دانیشتووەو هەست بە سەربەستییەکی تەواو دەکات و چاو دەبڕێتە ئەو کێلگە گەورە سەوزەو ئەو باخچە جوان و ڕازاوەیەی کە بە چواردەوری ئەو خانووە گەورەیەی لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکەیەو شەپۆلەکانی دەست لە ملانێ لەگەڵ ئەو لمە نەرمەی ڕۆخی دوورگەکەدا دەکات.

ئەم خانووە گەورەیە یەکێکە لەو هەموو خانوانەی خاتوو (مارتا سکاندویل) هەیەتی. خاتوو مارتا لە (هۆنۆ لولو)شدا کە چەند میلێك لەم شوێنەوە دوورە، کۆشکێکی بەرزو ڕازاوەتری هەیەو لە سەروو ئەمانەشەوە لەسەر کەناری دەریاو چیاکەش چەندەها ئوتێل و کۆشکی بەرزو جوان و ناوازەی هەیە، بەڵام ئەم خانووەی کە لە (وایکیکی)دایەو ئێستا تیایدا نیشتەجێیە. بە جوانترین مالّی دەزانێت و لە دڵ و دەروونیدا جێگایەکی تایبەتی هەیە. ئەو هەموو کارەکەرو خزمەتکارە زۆرانەی بەناو باخچەکەدا بڵاوبوونەتەوەو چاوەڕوانی یەك ئیشارەتی ئەو خاتوونە بەڕێزە دەکەن. لەو لاشەوە منالّەکان خۆیان ئامادە دەکەن کە بچنە ناو ئەو مەلەوانگە گەورەیەی تایبەتە بە کەسانی مالّەکەوەو تیایدا مەلە بکەن. لەولای باخچەکەشەوە دوو کارەکەر دوو منالّیان وا بە دەستەوەو خەریکی خزمەتکردنیانن.

خانوو سکاندویل بەرپرسیارەو سەرپەرشتی ئەم لەشکرە کارەکەرو خزمەتکارو بەردەستانە دەکات کە لەژێر چاودێری ئەمداو بەپێی ڕێنماییەکانی ئەم دەجوڵێنەوە. ئەوەی تەماشای هەیئەت و چۆنێتی ئەو منالّ و نەوانە بکات تەماشاکەر هەڵە ناکات و گورج بۆی ئاشکرا دەبێت، ئەمانە هەموویان هاواین و لە گەلی هاواین و تیشکی خۆر لەشیانی بۆر کردووە.

(ڕۆسکۆ سکاندویل)ی باپیرە لە بنەچەدا نـەوەی (نیـو ئەنجلـسو) بـووەو سپیپێـستێکی تەواوە، بەڵام داپیرە (مارتا) لـە خـەڵکی هاوایـەو لەبەرئـەوە وەچـەکانیان لـەم دوو ڕەنگـە پێکهاتوون و ڕێژەی سپییان لەچاو ئەوانی تردا حەوت بۆ هەشتە

ئۆتۆمبیلێك لە دەرەوەی باخچە گەورەکەدا ڕاوەستاو خـانمێکی لـێ دابـەزی و خانمەکـە لەوە دەچوو لە تەمەنی شەست سالّێدا بێت و لە ڕاستیـشدا لـە شەسـت و هەسـت سـاڵانی تێپەڕاندبوو. بەخێرایی وەك یەکێك لە تەمەنی پەنجاکاندا بێت بـەرەو پێـشەوە تـەکانی داو هەرکە خاتوو مارتا چاوی پێکەوت گورج لەبەری هەستاو وەك دابونەریتی خـەڵکی هـاوای بەپیرییەوە چوو باوەشیان بەیەکدا کردو ماچ وموچی یەکتریان کرد. ئەو خانمەی کـە هـات (بێللا)ی خوشکی بوو. پاش باوەشپیاکردن و ماچ و موچێکی زۆر کەوتنە پرسیارکردن لـە تەندروستی و حاڵ و ئەحوالّی هەموو کەسوکارو خزمان. هەر دوو خوشك پێکـەوە دانیـشتن و بە سۆزو ئارەزوویەکی گەرمـەوە تەماشای یەکتریان دەکـرد. ئـەوەی بیبینیایـە وایـدەزانی ئەم جووتە خوشکە چەند سالّێك یەکتریان نەبینیوە، هەرچەندە دوورکەوتنەوەکەیان لە یەکتر لە دوو مانگ زیاتر نەبوو، بەڵام ئەمە دابونەریتی خـەڵکانی ئـەو وڵاتـە بـوو. ئـەو کاتـەی بەیەك بگەیشتنایە دەبوو بەو شێوەیە بێـت، ئـیتر بەیەکگەیـشتنەکە دوای ماوەیـەکی زۆر بووایە یان کەم. منالّەکان هەر هـەموویان وەك کـوورە هـەنگ وروژان و ڕووبـان کـردە لای پـورە بـێللاو کارەکـەرو خزمـەتکارو مەلەوانگـەو یارییـەکانی تریـان جێهێـشت و چـوون بەخێرهاتنی پوریان کردو بە گەرمییەوە کەوتنە ماچکردن و بەخێرهاتنی.

پاشان مارتا وتی:

ـ بەمزوانە لێرە دەڕۆم و ڕەو دەکەم، چونکە باهۆزی وەرزیی هێواش بۆتەوە.

بێللا بە پێکەنینەوە بە خوشکە بچکۆلەکەی وت:

ـ خۆ (ئیدوارد)ی برام کـە لـەناو کەشـتییەکەدا بینـیم پێـی وتم تـۆ تـەنها مـاوەی دوو هەفتەیە لێرەیت و زۆریشی پێ وتم کە لەگەڵیدا بڕۆم بۆئەوەی (لویزا)و (دوروسـی)و منالّـە بچووکەکەیان ببینم کە زۆر زۆری خۆشدەوێت.

ـ ئەی خوایە دوو هەفتە! بە ڕاستی من بەهیچ جۆرێك نەمزانیوەو هەستم نەکردووە دوو هەفتەم لێرە بردۆتە سەر.

بێللا پرسی..

ـ ئەی (ئانی)و (مارگرێت) لە کوێن؟

مارتا تۆزێك لە شوێنی خۆی جولاّو بە شانازییەوە وتی:

ــ مارگرێـت دوانیـوەڕۆ چـووە بـۆ ئـەو کۆبوونەوەیـەی دەیانـەوێت کۆبنـەوە بۆئـەوەی لەمبەرو ئەوبەری شەقامی (کالاکوا)دا درەخت بڕوێنن. ئانییش پارەو کۆمەکی بۆ سەڵیبی سور کۆدەکاتەوە، منالّەکانیشیان بەسەر منداجێهێشتووەو چاودێریان دەکەم.

بێللا وتی:

ـ دیارە ڕۆسکۆ زۆر شانازی بە دوو کچەکەیەوە دەکات.

نیشانەی شانازی و خۆبەزلزانینیش لە ڕووی مارتادا درەوشایەوە. پاشان جووتە خوشك هەریەکەیان کەوتنە گێڕانەوەی دەنگوباسی خۆیان بۆ یەکتری. بێللا بۆ خوشـکەکەی باسـی ئەو کارە خێرخوازی و چـاکانەی خـۆی کـرد کـە کردوویـەتی، بەتایبـەت ئـەو شـارەزایی و زانایییەی کە لە بواری بازرگانیدا هەیەتی.

مارتا وتی:

ـ سوپاس بۆ خوا کە ژیانێکی خۆش و بەختیاری خێزانی پێ بەخشیوین.

بێللا قسەکەی پێ بڕێ و وتی:

ـ نا.. نا خوشکی خۆشەویست و ئازیزم من هەرگیز لـە ژیـانی ژن و مێردیمـدا خۆشـیم نەدیوە.

ـ لە ڕاستیدا تۆ کە شووت کرد زۆر منالّ بوویت. مامە (ڕۆبێرت) دەبوو بەوە ڕازی نەبووایە.

ــ من کە شووم کرد تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو. هۆی بەختیار نەبوونم مێردی خوالێخۆشبووم (جۆرج کاستنەر) نەبوو. تەماشاکە چی بۆ کردووم و چ مالّ و سامانێکی بۆ جێهێشتووم. ئەو ئێستاکا لە گۆڕی خۆیدایە. مامە ڕۆبێرت پیاوێکی ژیرو تێگەیشتوو بوو، دەیزانی جۆرج کاستنەر پیاوێکی دووربین و گەنجێکی گورجوگۆڵ و ئیشکەرو ڕاستەو پاشەڕۆژێکی ڕوون و پرشنگداری لێ چاوەڕێ دەکرێت. ئەو ماوەی پەنجا ساڵ لەمەوپێش بەو دووربینیەی خۆی دەیزانی ئاوی (ناهالا) چ گرنگی و بایەخێکی هەیە کە کەس لەپێشدا نرخی ئەو ئاوەیان نەدەزانی. هەر هەموو خەڵکی وایاندەزانی هەموو هەوڵێکی مێردەکەی من بۆ کڕین و پەیداکردنی ئاژەڵە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو هەوڵێکی ئەو بۆ کڕین و وەدەستهێنانی ئاو بوو.

هەوڵەکانیشی سەری گرت و ئەنجامەکەشی بوو بە چاکە بۆ ئێمە. جۆرج هیچ دەستێکی خراپەی نەبووە لە ناخۆشی ژیانی ژن و مێردیمدا، خۆ ئەگەر ئێستا لە ژیاندا بمایە زیاتر بە خۆشی و شادی پێکەوە ژیانمان دەبردە سەر. بە هێواشی سەری ڕاوەشاندو هەمدیسان وتییەوە:

ـ نەخێر ئەو هیچ گوناە و خراپەیەکی نەبووە، گوناە و خراپەی کەسیش نیەو هەتا گوناە و خراپەی منیش نیە، ئەگەر بێتو گوناهبارو خراپەکارێك هەبێت ئەوە تەنها مامە (جۆن)ە

مارتا بە سەرسوڕمانەوە هاوری کرد..

ـ مامە جۆن؟ بڕوادەکەم ئەگەر بڵێی بۆ مامە ڕۆبێرت، بەڵام بۆ مامە جۆن؟!

بێڵلا زەردەخەنەیەکی ساردی کرد.مارتا هەمدیسان وتی:

ـ ئاخر مامە ڕۆبێرت تۆی لە جۆرج کاستنەر ماڕە کرد.

ـ ئەوە ڕاستە، بەڵام مەسەلەکە پەیوەندی بە شوکردن و مێردەوە نیە، مەسەلەکە ئەسپە. ویستم ئەسپێك لە مامە جۆن وەربگرم، داواکارییەکەمی قبووڵ کرد، ئیتر دوای ئەوە ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا.

بێدەنگییەك لەنێوانیاندا ڕوویدا. هاوارو دەنگەدەنگ و نزیکبوونەوەی منالّەکان لەو دوو خانمە ئەو بێدەنگییەی ڕەواندەوە. مارتا ڕوویکردە منالّەکان و پێی وتن:

ـ منالّینە برۆن دوورکەونەوە، داپیرەتان لەگەڵ پورە بێللادا ئیشمان هەیەو دەمانەوێت پێکەوە قسە بکەین.

مارتا لایکردەوە بەلای خوشکەکەیداو منالّەکانیش دوورکەوتنەوەو دەنگەدەنگیان نەما. جوان سەرنجی ئەو خەم و خەمباریەیدا کە بەسەر ڕووی بێللاوە دیاربوو. ویستی ئەو نهێنیە بزانێت کە تاکو ئێستا ماوەی نیو سەدە دەبێت لەناو سنگی خوشکەکەیدا بە نهێنی ماوەتەوە.

ـ بێللا ئێمە تاکو ئێستا هەرگیز ئەو باس و خواستەی تۆمان نەزانیوەو تۆش لە ماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا بە کەست نەوتووەو باست نەکردووە.

بێللا وتی:

ـ ئێوەش تاکو ئێستا بەهیچ جۆرێك لەو بارەیەوە پرسیارتان لێ نەکردووم.

ـ باشە وا من ئێستا ئەو پرسیارەت لێ دەکەم. خوشکێ تەماشای ئەو منالّە بچکۆلانە بکە. زۆرجار ترسم لێ دەنیشێت و بە ترسەوە پێیان دەڵێم من داپیرەتانم. من هێشتا ئەو ڕابردووە دوورەم دێتەوە یادو لەبەرچاومە، لە کاتێکدا من کچێك بووم و یاریم دەکردو سەمام دەکردو گوێم بە هیچ شتێك نەدەداو لە دەریاچەکەدا مەلەم دەکردو لە باخچەکەدا گوڵم لێدەکردەوەو شەیدایان و حەز لێکردوانم دوام دەکەوتن. خوشکێ ئێستا ئێمە هەر دووکمانین و کەسی ترمان لەگەڵدا نیە، وەرە با پێکەوە دانیشین و هەموو شتێك بیرخۆمان

بەرینەوەو بیر لە هیچ نەکەینەوە، ئەوە نەبێت ئێمە دوو خوشکی یەکترین و یەك لـەپێناوی یەکترمان و خۆشەویستی ئەوی ترماندا خۆمان بەخت دەکەین.

چاوەکانی هـەر دوو خـاتوون پڕبـوون لـە فرمێـسك و بـێللا کتـوپڕ وەك ئـەوەی کارەبـا بیگرێت ڕاچڵەکی.

مارتا هەمدیسان وتی:

ـ ئێمە واماندەزانی جۆرج کاستنەر هۆکاری ناخۆشی و خەمی تۆ بووبێت، چونکە ئـەو پیاوێکی خوێنساردو بێ سۆزو هەست بووە، ئێمەش نەوەی هاوای کەسانێکین خوێنگـەرم و بەسۆزین. ئێمە دەربـارەی تـۆ هەڵـەمان کـردو بـیرم دێ (ولکـۆت)ی بـرام هـەر دەیـوت و جەختی لەسەر ئەوە دەکـردەوە کـە مێردەکـەت خراپـەو خراپـەت لەگەڵـدا دەکـات و لێـت دەدات.

ـ نەخێر.. نەخێر خوشکە مارتا جۆرج کاستنەر هەرگیز پیاوێکی شەڕانی و بێ ڕەوشت نەبوو، من زۆر حەزم دەکرد پیاوێکی وەهابووایە. هەرگیز لـە ژیانیـدا لـە ڕوومـدا دەنگـی بەرزنەکردۆتەوەو تاکە جارێکیش دەستی لە ئاستمدا بەرزنەکردۆتەوەو لێشی نـەداوم، بـڕوام پێدەکەیت؟ تکایە خوشکێ بڕوام پێبکە ئێمە هەرگیز لە ئاستی یەکتردا قسەیەکی خراپ و ناشرینمان نەکردووەو بەهیچ جۆرێك شەڕو ناکۆکیمان نەبووە، بەڵام مـاڵەکەمان لە ناهالادا مـاڵێکی چۆڵ و تاریك و ساردوسڕ بوو. ئاوو هەواو سروشت و زەوی و نێوەندو مـاڵەکە هـەر هەموویان ساردوسڕ بوون، چۆڵ و هۆڵ و تاریك بوو. ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ ئەو خۆشی و جوانی و تیشکی خۆرو سروشتە دەم بە پێکەنین و ڕەنگاوڕەنگییەی ولاّتەکەمدا نـەدەگونجاو پێی ڕانەهاتبووین. مێردەکەشم وەك سروشـتەکە لـە ساردوسـڕی و چـۆڵییەکەیدا هاوبـەش بوو. هەتا ئەو تیشکی خۆرو ئەسپسواریەش نەیتوانی ڕووی بگۆڕێت. بـە کـورتی بـە دڵ و ڕۆح و لاشە دڵساردو بێ شەوق و تاریك بوو.

کاتێك مامە ڕۆبێرت منیدا بەشوو، ئەو کات تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو. تۆ وەك من لەو کارانەدا هێندە شارەزانیت، بەڵام مامە ڕۆبێرت هەر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت من شوو بە جۆرج بکەم. بە هەموو جۆرو شێوەیەك بۆ ئەو کارە هەڵێ دەنام. لەبەردەمدا ئەوەی پێدەگوتم کە هەموو مااڵن و سامانی هاوابیەکان و زەوی و زارەکانیان دەگۆڕێت و دەکەوێتە ژێردەستی سپیپێستەکانەوە. گەورەو سەردارانی هاوای گوێ نادەنە ئەم کارە ترسناکە. ئەوەشی بۆ باسکردم کە چۆن ژنە هاوابیەکان ئەوانەی شوو بە پیاوە سپیپێستەکان دەکەن. چەن سوود و کەڵك لە شارەزایی مێردەکانیان وەردەگرن لە بەڕێوەچوونی کاروباری ئەو زەوییانەداو خێرو بێرێکی زۆریان لێ دەستدەکەوێت بۆ نموونە باسی باپیرە گەورەمان (ڕۆجەر وڵتۆن)ی بۆ کردم کە داپیرە گەورەمانی هانی و چۆن گرنگی بەو زەوییەدا کە هیچ بەرهەمێکی نەبوو، پاشان زۆر بە زووبی کردی بە زەوییەکی بەپیت و بەرهەمدارو پاشان لە سەروو ئەوەشەوە چەندەها زەوی تری کڕی و ئوتێل و ساختمانی گەورەی لەسەر دروست کردو کێڵگەی تیادا دروست کردو پاشان بە ناوی (کیلوهانا)وە ناسرا.

مارتا وتی:

ـ پاشان ئەو کێڵگەیە لە ناوچەکەدا بوو بە دووەم کێڵگە دوای کێڵگەی (ئاڵ بارکر).

بێللا درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

ـ مامە ڕۆبێرت پێی وتم ئەگەر باوکی زانابووایە وەك با پیرەی دووربین بووایە، نیوەی کێڵگەی ئاڵ بارکری دەکڕی و دەیخستە سەر زەوییەکانی خۆمان. ئیتر ئەو کاتە کیلوهانا دەبوو بە پلە یەك. ئەوەشی وت کە جۆرج کاستنەری سپیپێست پیاوێکی دووربینەو پاشەڕۆژێکی باش و ڕووناکی هەیە. من لە باوکمەوە شتێکی وام بۆ نەماوەتەوە شایانی باس بێت، چونکە زۆربەی سامان و موڵکەکانمان بۆ منااڵەکان دەبێت. ئەگەر بێتوو تۆ شوو بە جۆرج کاستنەر بکەیت ئەوا ئەو کاتە پاشەڕۆژت مسۆگەرو پاریزراو دەبێت. منیش ئەو

کاتە تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو، ئەوەندە زۆریش نەبوو، قوتابخانەم تەواوکردبوو. ئەو ڕۆژانە لە خۆشەویستی و کاروباری ژیانم نەدەزانی. دەمزانی لە چارەنووسی هەموو کچێکدایەو هەر دەبێت شوو بکات، ئەمە کارێکەو لە ژیانی هەموو کچێکدایەو بەرەوڕووی دەبێتەوە. دایکم و داپیرەم و دایکی داپیرەم و داپیرەی ئەویش هەر هەموویان شوویان کردووەو چارەنووس و بەختی منیش ئەوەیە کە دەبێت شوو بە جۆرج کاستنەر بکەم.

مامە ڕۆبێرتیش هەر ئەوی پێدە گوتم و منیش ئەوم بە عاقڵ و ژیر دەزانی و بەقسەیم کردو شووم پێکرد.

لەگەڵ میێردەکەمدا چوومە ماڵە ساردوسڕو چۆڵەکەوە لە ناهالادا. تۆ ئەو ماڵە باش دەزانیت چەند تاریك و تەمومژاوی بوو. وەك کەشوهەواو زەوی و سروشتەکەی ئەوێ بوو. لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو میێردەکەم هەموو کات ڕووگرژو مۆن و دەموچاوی دابووبەیەکدا، ئیتر لە کەشوهەوایەکی وادا چاوەڕوانی چ خۆشی و شادییەك لە من دەکەیت؟

هەموو هەوڵ و خەیاڵێکی میێردەکەم لە دوایدا بوو بەوەی ببێت بە سەردارو ئاغای جوتیارەکان و ببێتە خاوەن مووڵکێکی زۆرو فراوان. ناهالاهی (ئاڵ غلین) بوو. ئەوێیان جێهێشتبوو چووبوون لە شوێنێکی تردا نیشتەجێ ببوون. کاروباری ناهالایان دایەدەست میێردەکەم و بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکەی کردیانە بریکاری خۆیان، بۆئەوەش ساڵانە هەشت سەد دۆلاریان دەدایە. ئەمە بێجگە لە پارەی خانووی نیشتەجێ و کرێی خزمەتکارو مەیتەری ئەسپ و خزمەتکردنی.

مارتا قسەکەی پێ بڕی.

ـ ئەوە لەو ڕۆژەدا مووچەیەکی زۆر زۆر بوو.

بێللا وتی:

ـ ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ئەو خزمەتە زۆرەی کە جۆرج کاستنەر دەیکرد زۆر کەم بوو. من لەو ماوەی سێ ساڵەی لەگەڵیدا ژیام هەرگیز جارێك نەمدی دوای کاتژمێری

چـوارونیوی بـەیانی لـە خـەو هەسـتێت. نموونـەی مووچـەخۆرێکی دەسـتپاك و شـەریف و ڕاستگۆ بوو. یـەك فلـسی خـاوەن کێڵگەکـەی بـەفیڕۆ نـەدەدا. بەرامبـەر ئـەو مووچـەیەی دەیاندایە هێزو تواناو هەموو شـارەزاییەکی خـۆی پێـشکەش دەکـردن و خـۆی بـۆ هـیلاك دەکردن. ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بووبێت کـە بـەو شـێوەیە ژیانمـانی کـرد بـە دۆزەخ.

بەڵام مارتا ئەوە بزانە لەو مووچەیەی وەریدەگرت هەموو سـاڵێك شـەش سـەد دۆلاری پاشەکەوت دەکردو ئێمەش تەنها بـە دوو سـەد دۆلار لـەو سـاڵەدا دەژیـاین. شانسیـشمان لەوەدا بوو جۆرج نە جگەرەی دەکێشاو نە عارەقیشی دەخواردەوە، منـیش خـۆم جلـەکانی خۆمم دەچنی و دەرووماتم دەکرد. جلوبەرگەکانیشم دەشۆرد خزمەتکار ئەو بووم.

ـ ئەوە خواردن و خواردنەوەمان هەر باس مەکە، مەمرەومەژی بـوو. ئـەوەی هـەرزان و بێ بەها بووایە ئەوەمان دەخواردو ئەوەی ڕۆژانە بۆ خواردنمان پێویست بووایە لەوە زیاترمان نەدەخوارد.

کتـوپڕ بـێللا لـە شـوێنەکەی خـۆی هەسـتاو چـەند هـەنگاوێك ڕۆیـشت و بـە قـوولّی تەماشـای ئاسـۆ دوورەکـەی کـرد. پاشـان گەڕایـەوەو بـە شـێوازە ئۆرۆسـتۆقراتییە ڕەسەنەکەیەوەو بە لووتبەرزییەوە لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە. بەو لـەش و لارە جـوان و بالاّبەرزو ڕێکوپێکییەوەو بەو دوو لێوانەی کە چەندەها سالّ بـوو تـامی ماچـێکی گـەرمی نەچێشتبوو، بە پێکەنینێکی ساردوسڕەوە کەوتەوە گێڕانەوەی باس و خواستەکەی خۆی.

ـ ئیتر ئێمە بەوە ناوبانگمـان دەرکـردو بـەوە ناومـان زڕا گوایـە ئێمـە ڕەزیلـین و نـان و خواردن نادەین بە کەس و کەسیش لەسەر سفرەمان نان ناخوات.

ئەو خەڵکانەی سەفەریان دەکردو بەلای ئێمەدا ڕەت دەبوون کـە گـەردەلوول و بـاوبۆران ڕێگای لێبگرتنایەو ناچار لە کێڵگەکەماندا دەمانـەوە. باسـی ڕەزیلـی و چـروکی ئێمـەیان کردبووە بنێشتەخۆشەی سەر زاریان و باسی چیرۆکی ئێمەیان لەسەر زار نەدەبڕا. جـۆرج بـە

منی دەوت: " قسەی خەلّکی چیە؟ خەلّکی چیی دەلّێن با بیلّێن. ئێمە پاش بیست ساڵی تر دەولّەمەند دەبین و ئەو کاتە نان دەدەین بە دەولّەمەندەکانی ئەمرۆ کە ئەو کاتە هەژار دەکەون. بێللا بێگومان بە ئێمە ئەو کاتە دەبین بە یەکێك لە دەولّەمەندە گەورەو ناودارەکان. بڕوات بە قسەم بێت." جۆرج ڕاستی کرد لە دوای بیست ساڵ گەرچی ئەو ئەوەندەش نەژیا، بۆئەوەی سوود لەو سامانە زۆرە ببینێت. دەستکەوتی من لە مانگێکدا بوو بە هەزار دۆلار، بەڵام ئێستا خوا ئاگاداره نازانم سەرمایەم بەتەواوی چەندە!

من کە ئەو کاتە تەمەنم لە نۆزدە ساڵاندابوو بە جۆرجم دەوت:

ـ با ئێمە ئێستا بە خۆشی و شادییەوە ژیان بەرینەسەر، کێ زامنی ئەوەمان دەکات ئێمە بیست ساڵی تر دەژین. من ئێستا پێویستم بە گەسکێکی تازەیەو گەسکەکەی ئێستامان کۆن بووەو کەلّکی نەماوە. قاوەی خواردنەوەکەمان زۆر خراپەو پێویستمان بە قاوەی باشە. بۆ سوورەوەکردن و هێلّکەورۆن پێویستم بە ڕۆنە کەرەیە. من ئاوات دەخوازم سفرەیەکی باشمان هەبێت بیدەم بەسەر میّزی نانخواردنەکەداو شایانی ئەوە بێت ئەو میوانانەی لەسەر دانیشێت کە دێن بۆ لامان و نانی لەسەر بخۆن، بەڵام ئەو هەر دەیوت:

ـ بێللا سەبرت بێت سەبرکە.. سەبر. ئەوانەی ئێستا ئەمرۆ وان لەگەلّماندا و لەگەلّماندا نان دەخۆن و لەگەلّماندا دەنوون، ئەوکاتە ئەوانە بانگ دەکەین بێن بۆ لامان و شانازیمان پێوە دەکەن، بێگومان مەبەستی من ئەوانەیە تا ئەو کاتە دەمێنن، چونکە خۆت دەزانی کە ساڵی ڕابردوو (مات ستیفنز) چۆن مردو خەلّکی (کوهالا) چۆن لەسەر حسابی خۆیان ناشتیان و کاتی خۆی چەند دەولّەمەندیش بوو، چونکە ئەو کاتەی مرد لە قەرزاری زیاتر هیچی تری دوای خۆی جێ نەهێشتبوو. تۆ تەماشای (هاڵ)ی برات بکە، بڕوابکە پێنج ساڵی تر نابات دەمرێت ، ئێستا بووە بە بار بەسەر مامەکانیەوەو لە حاڵەتێکی زۆر ناخۆش و ناهەمواردا دەژی. ئەوە ئەمیر (لیلو- لیلو) کە بە ڕاست و چەپدا پارە خەرج

دەکات و گوێ ناداتـە پاشـەڕۆژی خـۆی. ئەوانـە هـەموو لـە پاشـەڕۆژدا هـەژار دەکـەون و هیچیان نامێنێت.

قسەکانی جۆرج ڕاست بوو. براکەم مرد، ئەمیر لیلو- لیلـوش مـرد، بـەڵام بیروڕاکـانی جۆرج و کارەکانی هەر هەموویان ڕاست نەبوو، ئەوێکی کە جگـەرەی نەدەکێـشاو عـارەقی نەدەخواردەوە. جارێك ئامێزی خۆشەویستی بۆ نەکردمەوە بمگرێتە ئـامێزی خـۆی و لێـوی نەخـستنە سـەر لێـوانم بەدەگمـەن نـەبێت. ئـەو شـەوانە زوو دەنووسـت بۆئـەوەی چـرا دانەگیرسێنێت و نەوت و گاز سەرف نەکات. هەرگیز بـیری لـە مـردن نـەدەکردەوە. جـۆرج پێش ئەوەی هاڵی برام و ئەمیر لیلو - لیلو بمرێت ئەو خۆی پێش ئەوان مرد.

مامە ڕۆبێرت پێی دەوتم:

ــ بێللا سەبرت بێت پاشەڕۆژ جۆرج کاستنەر دەبێت بە پیـاوێکی گـەورەو دەوڵەمەنـد. ئەو کە تۆی بۆ خێزانی خۆی هەڵبژاردووە، کـارێکی باشـی کـردووە. ئـەم ژیانـە ناخۆشـەی ئێستات وات لێدەکات ببێتە هۆکاری پاشەڕۆژو دەوڵەمەندبوونت و ببیت بە خاوەن زەوی و زار. خـەڵکی هـاوای خۆیـان تـا سـەر حـوکمی وڵاتەکـەیان ناکـەن، هـەروەك چـۆن مـاڵ و سامانیان لەدەست دەدەن، بەو شێوەیەش فەرمانڕەوایی لەدەست دەدەن.

دەستەڵاتی سیاسـی و بـوون بـە خـاوەن زەوی دوو شـتن شـان بـە شـانی یـەکتر دەڕۆن. گۆڕانکاری زۆر ڕوودەدات و شۆڕش زۆر بەرپا دەبێت و کـەس نازانێـت چـەند دەخایـەنێت، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایەو شتێکی نـەگۆڕە لـە دوایـدا سپیپێـستەکان کاروبـاری وڵات دەگرنە دەست و دەست بەسەر زەوییەکاندا دەگرن و حـوکمی وڵات و خەڵکـەکانی دەکـەن، ئەو کاتە جۆرج کاستنەر دەبێـت بـە حـوکمڕانی وڵات و تـۆش دەبیـت بـە خـانمی گـەورەی خانمانی وڵات. کچەکەم ئەوە لە چارەی ئێـوە نووسـراوە، مـن کـە مـامی تـۆم و نیـوەم لـە سپییەکانەو نیوەکەی ترم لە هاواییەکانە دەزانم چـی دەڵـێم و دەزانم مەبەسـتم چـیە. بـێللا سەبرکە.. سەبرکە.

بەڵام مامە جۆنم هەموو کات بەسۆزو دڵنەرمییەوە بانگی دەکردم و دەیوت:

ـ بێللای خۆشەویستم سوپاس بۆ خوا هـەرگیز پێـی نـەوتم (سـەبرکە) حـاڵی مـن بـاش دەزانی. ئەو مرۆڤێکی زاناو خوێنگەرم بوو. ئەو وەك مێردەکەم و مامە ڕۆبێرت نەبوو. کە دڵیان زیاتر بۆ ماڵ و سامان لێدەداو نرخ و بایەخی زۆریان بە ماڵ و سامان دەدا، زیـاد لـە نرخی ژن و مێردایەتی هەموو هەوڵێکیان بـۆ زیـاتر پـارە یەیـداکردن و کۆکردنـەوەی بـوو. مامە جۆن بە سۆزو میهرەبان بوو، هەمیشە بە (بێللای خۆشەویستم) بانگی دەکردم، لەوە زیاتر هیچی تری پێنەدەوتم. هەموو شتێکیـشی دەزانـی و منـیش دەمزانـی ئـەو هـەموو شتێك دەزانێت.

مارتا ئاوەها لە کیلوهانـاداو لـە تەمـەنی نـۆزدە سـاڵیمداو دوای ئـەو ژیانـە خـۆش و بەختیارییەم شووم کردو قوتابخانەکەشم لە هۆنۆلولودا بوو.

چوومە ئەو ماڵە ناخۆش و ساردوسڕەوەو تەنها دوو مامی بێ موبـالات زیـاتر کەسـی ترم نەبوو. ئەویش یەکێکیان کەسێکی خوێنسارد، لە مادەو ماڵ و سامان زیاتر گـوێی بـە هیچی تر نەدەداو ئەوی تریشیان کەسێکی دڵشکاو بوو. بەهۆی ئەو خۆشەویستییە گەرم و زۆرەوەی کە بەرامبـەر ئـەمێرە (نـاومی) هـەیبوو. کاتێـك ئـەو ئـەمێرەش مـرد ئـەم بـە نائومێدی و دڵشکاوییەوە مایـەوە. لـە سـەروو ئەمانەشـەوە مێـردە مڕومـۆچ و ڕووگـرژو نێوچەوان بەیەکدادراوەکەم بوو.

تەماشاکە، ئەو ماڵە ناخۆش و تاریك و نووتەکە ساردوسڕە بێنە پێش چاوی خۆت کـە منی تێدا دەژیام، لە کاتێکدا منێك کە لە منالّیمدا لە کیلوهاناداو لەناو خۆشی و مـاڵ و سامان و پێکەنین و یاریکردندا دەژیام. دەمبینی (ئالّ بارکرو (ئولد- مانا)و (بواواوا) چـۆن دەژین و چۆن ڕادەبوێرن و منیش چـۆن دەژیـم؟ لەبیرتـە؟ ئێمـە لـەو ڕۆژانـەدا وەك مـەلیك دەژیاین، مارتا بڕوا دەکەیت ئێمە لە ناهالادا مەکینەیەکی دروومانی کۆنمان هەبوو ئەویش

هی دەیەها سالّ لەوەپێش بوو، هی ئەو مەسیحییە مژدەدەرە سەرەتاییانە بوو کە کاتی خۆی هاتبوونە ناو ولاّتەوە.

دەزانی کاتێك ئێمە هاوسەریمان لەگەلّ یەکتردا کرد مامە ڕۆبێرت و مامە جۆن پێنج هەزار دۆلاریان دا بە میّردەکەم و پێی وتن با ئەمە نهێنی بێت لەنێوانماندا و لە ئێمە زیاتر واتە لە هەر چوارمان زیاتر کەسی تر بەوە نەزانێ، لە کاتێکدا من جلە کۆنەم لەبەردەکردو بەو مەکینە کۆنە جلەکانم پینە دەکردو دەمدووڕینەوە.

جۆرج کاستنەر لە ناهالای سەروودا زەوی دەکڕی، کاتێکیش پارچە زەوییەکی دەکڕی وا خۆی پیشان دەدا فەقیرەو ئەوەندە سەواو مامەلّەی دەکرد مەپرسە! ئێستاش هەریەکە لەو زەوییە زۆرو بەرفراوانانە سالاّنە چل هەزار دۆلارم لێیان دەست دەکەوێت، بەلاّم ئەم هەموو دەولّەمەندییە ئەوەی دەهێنا من لەپێناویدا برسی و ڕەش و ڕووت بم؟ خۆزگە جارێك میّردەکەم بە خۆشی و ئارەزووەوە ئامێزی بۆ یەکالاّ دەکردمەوەو باوەشی پیادا دەکردم و بریا جارێك لە جاران تەنها پێنج دەقیقەی بۆ من تەرخان بکردایەو لەگەلّ منداا بووایەو کارو حسابات و دلّسۆزی و سەرقالّی خۆی بۆ خاوەن کێلّگەکە لەبەر من لەبیر خۆی ببردایەتەوە. زۆرجار قینم هەلّدەستاو وام لێدەهات ئەو خواردنە پیس و خراپانە بکەم بە دەموچاویدا، یان ئەو مەکینە کۆنە لەبەرچاویدا بدەم بە زەویداو پارچەپارچەی بکەم و بە پێلەقە بچمە سەری، بۆئەوەی ڕقی هەلّسێنم و تووڕە بێت و ببێت بە مرۆڤێکی درِندەو دلّڕەق، یان هەر شتێکی ترو واز لەو ڕووگرژیی و ساردییەی بێنێت وەك ئەو خەلّکانە ببێت بە مرۆڤ.

ڕووگرژو تووڕەییەکەی بێللا گۆڕاو تووڕەیی لە سیمایدا نەماو دەستی بە پێکەنین کردو بیری ئەوەی کەوتەوە وتی:

ـ کاتێك بەو شێوەیە دەیبینیم تووڕەم، یان عاجزم زۆر بە جدی و گرنگییەوە دەستی دەگرتم و نەبزی دەگرتم و تەماشای زمانی دەکردم و تۆزێك ڕۆنگەرچەکی دەدامێ و خێرا

بەهێواشی دەیخستمە سەر جێگاکەم و دەینواندم و دەیوت هیچ نیە بەیانی باش دەبێت، ئەمەی کە دەکرد پێکەنینێکت لە ڕوویدا بەدی نەدەکرد، عادەت و دروشمی ئێمە زوو نووستن بوو. لە سەعات هەشتی شەودا دەنووستین، بەدەگمەن تا سەعات نۆ دادەنیشین، ئەویش بۆئەوەی نەوت و گاز سەرف نەکەین، ئێمە نانی بەیانی و نیوەڕوانمان نەدەخوارد، تەنها نانی ئێوارەمان دەخوارد، پاشان لەسەر میزەکە لە نزیک چراکەوە دادەنیشت و دەستی دەرکرد بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە کۆنەکانی سالێ پار، ئەویش لە خەڵکی قەرز دەکرد. ماوەی سەعاتێك ئەو ڕۆژنامانەی دەخوێندەوە، منیش بە پینەکردن و دووریندەوەی جلوبەرگ و گۆرەوی کۆن و شڕو بێ نرخەوە خەریك دەبووم، پاشان دەچووین دەخەوتین، پاش ئەوەی سەعاتەکەی قوڕمیش دەکردو حاڵەتی کەشوهەوای لە ڕۆژژمێرەکەیدا دەنووسی و پێڵاوەکانی دادەکەند لە پێشدا تاکی ڕاستی دادەکەند، دواتر تاکی چەپی دادەکەند، لەژێر ئەو قەرەوێڵەیەی خۆی لەسەری دەنووست لە تەنیشت یەکترەوە دایدەنان. هەموو شەوێك و لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا ئەمە کارو پیشەی بوو، هەتا بڵێی پاك و خاوێن بوو. لەوپەڕی پاك و خاوێنیدا بوو. هەموو ڕۆژێك دوو جار ڕیشی دەتاشی. هەموو ڕۆژێك جلەکانی ژێرەوەی دەگۆڕی. زۆر گورجوگۆڵ بوو. دوو هێندەی پیاوە سپیپێستەکان گورجوگۆڵ بوو.

مارتا قسەکانی پێ بڕی..

ـ دەوڵەمەندی کردی، بەڵام نەیتوانی شادو بەختیارت بکات.

بێللا هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو بە بەڵێ سەری بۆ ڕاوەشاند.

ـ باشە مارتا خوشکی ئازیزم سوودی سامان چیە؟ من ئێستا مااڵ و سامانێکی زۆرم هەیە، بەڵام هەموو مااڵ و سامانی دنیا بێ خۆشەویست چ سوودێکی هەیە؟ خۆشەویستێك کە شووی پێبکەیت و لەگەڵیدا ژیان بەریتە سەرو پێکەوە بە خۆشی و شادی بژین و ژیان بەرنە سەر، هەستی لەگەڵ هەستتدا بێت و لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵتا بێت؟

دەنگی بێللا گۆڕاو خەم و بێتاقەتی پێوە دیاربوو، دوو لێوانی نووقاندو بێدەنگ بوو. کەوتە تەماشاکردن و سەرنجدانی ئاسۆ دوورەکە، ئەو پیرێژنە پیرەی کە تەمەنی ژیانی خۆی لە منالێییەوە تاکو ئێستا لەپێناویاندا بەسەربردبوو، پەتی بێدەنگیانی پچڕاندو هات بەخێرهاتنی بێللای کردو ئەو ڕۆژە خۆشانەی منالێیان و ئەو گەمەو یارییە خۆش و شادییانەیانی بیرخستنەوە، پاشان هەستاو ڕۆیشت چوو بەلای کاروباری خۆیەوە.

ئەم دوو خوشکە بەتەواوی لەیەکتر دەچوون، لە شێوەی دەموچاوە جوانەکانیانداو لە قژە پڕو چڕەکەیانداو لە بەژن و بالاّبەرزو ڕێکوپێك و جوانەکەیاندا، لە هەموو شتێکدا بەتەواوی لەیەك دەچوون. دەورو زەمان نەیتوانی بوو یەك شتیان بگۆڕێت و لەیەکتریان جیا بکاتەوە.

بێللا هەمدیسان کەوتەوە سەر گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتەکەی خۆی و وتی:

ـ بەم شێوەیە سالێکی تەواوم لەگەڵدا بردەسەر. لەو ماوەیەدا گەرچی ناخۆش و تاڵیش بوو لەگەڵ ئەو ژیانەدا ڕاهاتم، چونکە دەمبینی جۆرج کاستنەر پیاوێکی ڕاست و بێ غەشە، لەبەرامبەریدا هەستم بە سۆزو خۆشەویستی دەکرد. خۆ ئەگەر بێتو مامە جۆرجم ئەو ئەسپەی نەدامایە بێگومان زۆرترم خۆشدەویست و زیاتر لەگەڵیدا بە خۆشی و شادی پێکەوە دەژیاین. ئەمەش کارێکی ئاسان بوو، چونکە من پێش ئەو هیچ پیاوێکی ترم نەناسیبوو.

کە لە دوای نانخواردنی ئێوارە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، تەماشام دەکرد هەستم بە دڵنیایی و ئارامی دەکرد. کاتێك ئێواران لە کارەکەی دەگەڕایەوەو گوێم لە دەنگی پێی ئەسپەکەی دەبوو. شادو پێخۆشحاڵ دەبووم. ئەگەر ئەو سەفەرە نەبوایە کە بۆماوەی دوو هەفتەکردی بۆ هۆنۆلولو بۆ جێبەجێکردنی هەندێ کاروبارو کڕینی هەندێ زەوی و زار هەموو شتێك بەخۆشی و ئارامی بەسەردەچوو، بەنرخێکی زۆر هەرزان زەوی و زارێکی زۆری کڕی. من زۆر حەزم دەکرد لەو سەفەرەدا لەگەڵیدا بڕۆم، بەڵام ئەو زیاتر بۆ لایەنە ئابووری و پاشەکەوتکردن و کەمتر پارەخەرجکردن، وای بە چاکزانی من بچم بۆ کیلوهانا

بۆ لای کەسوکارم. ئەمە نەك تەنها لەبەرئەوەی چوونم بۆ ناو خانەوادەکەم پارەی ناوێت و هیچی تێناچێت، بەڵکو ئەو خواردنەشی کە لە مالّەوە دەیخۆم ئەویشمان بۆ دەمێنێتەوە.

ئیتر بەو شێوەیە مێردەکەم چوو بۆ هۆنۆ لولوو منیش ڕۆیشتم بۆ مالّی خانەوادەکەم لە کێڵگەکەدا کە ڕۆژێکیان مامە جۆنم لەوێدا ئەسپێکی دامێ.

لە مالّ و مەنزلّگای خانەوادەکەمدا بەشێوەیەك هەستم بە خۆشی و شادی کرد باس ناکرێت! خواردن و خواردنەوە بەجۆرێك بوو بڕواناکەم لە هەموو دنیادا بەو جۆرە خواردن هەبێت. کە دەچوومە چێشتخانەکەوە دەحەپەسام و سەرم سوور دەما. ئەو هەموو کارەکەرو خزمەتکارو میوان و خزمانە کە لە وێدا دەمبینین باشترین خواردنیان دەخوارد سەرسامی کردبووم. لەبیرتە ئەو دابونەریتانەی ئێمەو ئالّ بارکر هەمان بوو کە لە هەموو ژەمێکدا حەیوانێکمان سەردەبڕی؟ ئەی ئەو هەموو ماسییە زۆرەو ئەو هەموو خواردنە خۆشە زۆرانەی کە لەسەر سفرەکەدا هەبوو! من کە مێردەکەم فێری چرووکی کردبووم کاتێك ئەو هەموو خواردنەم کە لەسەر سفرەکە دەدی ئیرەییم دەبرد بە زیادەڕەوی و دەستبلاّویم دەزانی. هەستم دەکرد مامە جۆن و والکۆت و ئیدواردی برام و هەر هەموو خوشکەکانم و خێزان و کەسوکارم لە ئاستمدا میهرەبان و دلّنەرم و بەسۆزن و خۆشەویستییان لە ئاستمدا هەبوو، تۆو (سالّی) ئەو کاتە لە قوتابخانەدا بوون.

ئەو ڕۆژانە زۆر شادو پێخۆشحالّ بووم. بەتایبەت کە لە دێدا پورە (ئەلیزابێس)و پوورە (جانیت)و مێردو منالّەکانیانم بینی، ئەوانیش بە بینینی من و لە ئاستمدا شادو دلّخۆش بوون و هەر هەموویان باوەشی سۆزو میهرەبانی و خۆشەویستییان بۆ والاّ کردبوومەوە. ڕۆژانی ناخۆشی ئەو دوانزە مانگەیان بیر بردمەوە کە لەگەلّ مێردەکەمدا بردبوومە سەرو جێگایان پڕکردەوە. لە ڕاستیدا من زۆر پێویستم بەو جۆرە دلّنەوایی و کەشوهەوا خۆش و شادیانە بوو.

ڕۆژێکیان کەژاوەی شاهانە بە سواری ئەسپەکانیانەوە لە (کاوایها)وە هاتن. کەژاوەی شاهانە لە پێشیانەوە بوو. بە ڕاستی دیمەنێکی جوان و ناوازە بوو. سوارەکان بە شێوازێکی زۆر جوان و ڕێکوپێك لەسەر پشتی ئەو ئەسپانەی کە ئاڵ بارکر دابوونێ بە جوانی بەڕێز دەڕۆیشتن، سی سوار بوون. سەد کەس کاوبۆشیان لەگەڵدا بوو. ئەمە بێجگە لە کارەکەرو خزمەتکار. کەژاوەکەش کەژاوەی ئەمیرە (لیهو) بوو کە وەك خۆت دەزانی تووشی نەخۆش هەوکردن و ئاوسانی سییەکانی ببوو. شازادە لیلو- لیلوی برازاشیان لەگەڵدا بوو، کە ئەویش بۆچوونە سەر کورسی شانشینی دەستنیشان کرابوو، هەروەها هەردوو شازادە (کاهیکی)و (کامالو)شیان لەگەڵدا بوو. لەگەڵ کەژاوەکەدا ئەمیرە (ئیللا)شیان لەگەڵدا بوو، کە ئەویش یەکێك بوو لە بنەماڵە شازادەکان. وە (دۆرا نایلز)و (ئەمیلی کۆکروفت)و زۆرێکی تریشیان لەگەڵدا بوو. ماوەی سەعاتێك لەگەڵیاندا دانیشتم و لەو ماوەیەدا شیرینی و ساردی پێشکەشکراو منیش لەگەڵ ئیللای هاوڕێی قوتابخانەمدا بە گەرمییەوە باوەشمان بەیەکدا کردو یەکترمان ماچ کرد. ئەمیرە ئیللا منی پێناساندن و داوای لێکردم لەگەڵ ئاپۆرە گەورەکەدا لەگەڵیاندا بچم بۆ (مانا).

ئەو ڕۆژە من لەوپەڕی شادی و خۆشیدا بووم، خۆشییەکی ئەوتۆ کە باس ناکرێت. ژنێکی بچکۆلەی وەك من کە هێشتا تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو، بەمزوانە تەمەنم دەگاتە بیست ساڵان و ماوەی ساڵێك لە نالاهادا بە بەندی ژیانم بردەسەر، ئەو ڕۆژە بەتەمای هیچ ڕووداوێك نەبووم، بەس بیرم لەو کاتە دەکردەوە کە تێیدابووم.

من ئەمیر لیلو- لیلوم لە دوورەوە بینی، چونکە ئەو لە هەموو گەنجەکان بالآبەرزتر بوو.

خوشکێ تۆ خۆت دەزانیت من لە ژیانمدا هەرگیز لەگەڵ ئاپۆرەی وەهادا نەڕۆیشتبووم، چونکە هەر کە لە قوتابخانە دەرچووم یەکسەر شووم کردو چوومە مالّی ژن ومێردایەتییەوە،

من ئەو کاتە دوعام دەکرد چەند ڕۆژێك بە شادی و خۆشی بەرمە سەر، پێش ئەوەی بچمە ئەو بەندینخانەیەی لە نالاهادایە.

داوام لە مامە جۆن کرد ئەسپم بداتێ لەگەڵ ئاپۆرەی کەژاوەکەدا بڕۆم. ئەم داواکردنەم مانای سێ ئەسپ بوو. یەکێکیان بۆ خۆم، یەکێکی تریان بۆ خزمەتکارەکەو سێیەمیشیان بۆ شتومەك هەڵگرتن، من داوای ئەو ئەسپەم کرد کە ناوی (هیلو) بوو، مامە جۆن داواکارییەکەمی پەسەند کردو ئەسپەکانی دامێ و ئەسپی هیل بەر من کەوت و من سواری بووم. ئەم ئەسپەش ئەسپێکی سەرکێش بوو، جارێکیان ئەو سوارە پاڵەوانەی خستبووە خوارەوە کە ناوی (ماونا- کیا) بوو. سوارەکەی گلاندو مێشکی پژاندو خۆشی پشتی شکا، بێگومان خۆت ئەو کاتە ئەو بەسەرهاتەت بیست و لێی ئاگادار بوویت.

من یەکەم ژن بووم کە سواری پشتی ئەو ئەسپە سەرکێشە ببم. ئەو کاتە تەمەنی ئەسپەکە چوار ساڵان بوو، بەهێزترین ئەسپی کێڵگەکە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سواربوونی ئەو ئەسپە یەکجار خۆش بوو.

مارتا قسەکانی پێ بڕی..

ـ بیرمە ڕۆژێکیان ئەمیر لیلو- لیلو بە مامە جۆنی وت: "تۆ جوانترین و شارەزاترین خانمێکی لە سوارچاکی و سواربوونی ئەسپدا."

بێللا چاوەکانی گەشبۆوەو بریسکەیەکی سەیری لێ برسکایەوە کە نیشانەی خۆشەویستییەك بوو. ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ نیو سەدە. قیژانی..

ـ مارتا بە ڕاستە ئەمیر لیلو- لیلو وای وت؟

کاتێك بیری ئەو کاتانەم دەکەوێتەوە کە پێکەوە بەناو دارستان و سەوزەگیاکاندا دەڕۆیشتین و بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بوو، هەر کە تەماشات دەکرد دیمەنەکەی لە پیاوە گەورەو ناودارە کۆنەکانی ناو مێژوو دەچوو. تەماشاکردن و سەرنجدانەکانی

تەماشاکردنێکی ناپاکانە نەبوو، بەڵکو تەماشاکردنەکەی بەتەواوی نیشانەی سۆزو زیرەکی و ڕەوشتجوانی دەگەیاند.

وەك وتم من داوای هیلوم لە مامە جۆن کرد. بە سۆزو دڵنەواییەوە سەرنجی دام و پاش ئەوەی تۆزێك بیری کردەوە وتی:

باشە بیبە، بەڵام ئێستا دەبێت لە پێش چاوی منداا سواری بیت و تاقی بکەیتەوەو من بتبینم.

لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتم و توانیم ئەسپەکە ڕابهێنم و جلەوی بگرم و چۆنم بوێت وای هەڵسوڕێنم. ئەسپەکە زۆر زوو ڕام بوو. جلەوی خۆی دایە دەستم، بە ئارەزووی خۆم چۆنم بویستایە هەڵم دەسووڕاند.

دوای ئەوە زۆرجار بیرم دەکردەوە دەموت: "ئەگەر مامە جۆن بەوەی بزانیایە چی ڕووی دەدا؟ ئایا ئەو ئەسپەکەی دەدامێ؟" منیش هەرگیز بیرو خەیاڵم بۆ شتی وا نەدەچوو، بیریشم لە شتی وانەکردبۆوە.

ئەسپەکەم وەرگرت و چوومە ڕیزی ئاپۆرەی کەژاوەی ئەمیرەوەو لە ماناوە لەگەڵیاندا کەوتمەڕێ.

ئاهەنگەکانیان بەجۆرێك بوو هەرگیز ئاهەنگی لەو جۆرە نەکرابوو. تۆ خۆت بەخشندەیی ئاڵ بارکر باش دەزانیت. ئەو هەموو خواردنە زۆرەو سەر سفرە پڕ ڕازاوەیە، ئەو ئاهەنگە خۆش و ناوازانە ڕاوکردن بە هەموو جۆرێك. کارەکەرو خزمەتکارو دەست و پێوەندو شوان و گاوان وەك خۆڵ بەو دەشت و دەرو ڕۆخی ڕووبارەکەدا بڵاوببوونەوە. پیاوانی کاوبۆی سواری پشتی ئەسپەکانیان ببوون و ڕمبازی و سوارچاکیان دەکردو دۆست و خۆشەویستەکانیشیان لەسەر بەردەکان دانیشتبوون تەماشایان دەکردن و هەڵیان دەنان و دڵگەرمتریان دەکردن. شەوانیش کۆڕی ئاهەنگ و گۆرانی گەرم دەبوو. لە هەموو لایەکەوە

دەبوو بە سەماکردن و ئاهەنگ گێڕان. شەیداو خۆشەویستان پێکەوە دەڕۆیشتن و لەژێر درەختەکاندا دادەنیشتن، ڕازو نیازی دڵی خۆیان بۆ یەکتر دەردەبڕی.

ئەمجا ئەمیر بێللا بێدەنگ بوو. تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کردو هەناسەیەکی هەڵکێشاو کەوتە بیرکردنەوە، پاش ئەوەی چاوی لە چاوی خوشکەکەی بڕی وتی:

ـ ئەمیر بە هەموو مانایەك ئەمیر بوو. تۆ خۆت لە کیلوهانا پاش ئەوەی لە قوتابخانە دەگەڕایتەوە دەتبینی ئەمیر ببووە جێگای ڕێزو خۆشەویستی سەرنج و تێڕوانینی هەموو ژنێك، هەتا ببووە جێگا سەرنجڕاکێشانی هەموو پیاوێکیش. ئەو کاتە ئەمیر تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بوو. ئەوپەڕی نیشانەی پیاوەتی و ڕاستگۆیی پێوە دیاربوو. دەورو زەمان چەند خراپ و ناهەموار بووایە نەدەگۆڕاو بیری نەدەچوو کە ئەو شازادەیەو لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ئەسڵ و نەسەبە. مرۆڤێکی باش و قسەخۆش و ناسك بوو. خۆشەویست و لەناو دڵاندا بوو، بەڵام ئەگەر کەسایەتی و کەرامەتی بریندار بکرایە، دەبووە کەسێکی تووڕەو وشك و دڵڕەق و ئەو ڕووگەشی و لاوێتی و پیاوەتییەی پێوە دیار نەدەما. لەگەڵ ئەو ڕووخۆشی و لاوێتییەیدا نیشانەی گەورەیی و پیاوەتی پێوە دیاربوو. بەکورتی بە هەموو شێوەیەك پیاو بوو، ئەمیر بوو، هەموو سیفەت و نیشانەیەکی ئەوەی تێدابوو ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لەسەر کورسی شانشینی دانیشێت و ببێتە شایەکی بەهێزو خاوەن شکۆ.

یەکەمجار چۆنم بینی و قسەم لەگەڵدا کرد، ئێستاش هەر بەو شێوەیە وا لەبەرچاومدا، لە کاتێکدا دەستمان خستە ناو دەستی یەکترەوەو چەند قسەیەکم لەگەڵدا کرد. منێکی ماوەی ساڵێك لەو ماڵە چۆڵ و ناخۆشەدا ژیانم بردبووە سەر، شەرم دایگرتم و تەریق دەبوومەوە.

ئێستا نیو سەدە بەسەر ئەو کارو ڕووداوانەدا تێپەڕیووەو لەو ماوەی نیو سەدەیەدا ئێستاش دیمەنەکانی لە لاپەڕەکانی دڵمدا هەڵکەندراوە. تۆ خۆت بیرتە ئەو کات و ڕۆژانە گەنجەکانمان چ جۆرە جلوبەرگێکیان لەبەر دەکرد. شەروالّی سپی و پێڵاوی سپی و کراسی

ئاوریشمی سپی کە ئیللا دەستی منی گرت و بردمی بۆ لای ئەو تا منـی پـێ بناسـێنێت. ئەو لە ناوەڕاستی کۆمەڵە لاوێکدا بوو، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە لای ئیللا لەگەڵ یـەکێك لـە خانمەکانـدا وەسـتاو لەگەڵیـدا کەوتـە قـسەکردن، منیـشی بـە تـەنها لەبـەردەم ئـەودا جێهێشت. بە چاوێکی جوان و ئەفسوناوییەوە نیگای کردم، هەموو گیانم کەوتـە لـەرزین، توانـای قـسەکردنم نـەما. ئـەویش بـە جـوانی و ڕێکـوپێکی و سـەربڵندی و گەورەییـەوە ڕاوەستابوو، تۆزێ سەرو ملی بۆ دواوە مەیلان بوو. چاومان لە چاوی یەکتر بڕی، چاوەکانی لە چاوم نەدەتروکاند، دوای ئەوە ئیتر نازانم چی ڕوویـدا! تـەنها ئەوەنـدە دەزانم لـە شـۆێنی خۆمدا چەقیم و تەماشام دەکرد، پاشان من خۆم بە تەنهایی لێی چوومە پێـشەوە، ئـەویش چەند هەنگاوێك هاتەپێشەوەو ئەوانەی لەگەڵیا بوون جێیهێـشتن و لـە نیـوەی ڕێـدا بەیـەك گەیشتین. ئاوا بەو شێوەیە بەسەر ئەو سەوزەگیایەدا پێکەوە ڕۆیشتین وەك ئەوەی ئەو چەند هەنگاوە دەرگای ژیانێکی نوێ بێت و بۆ هەردووکمان کرابێتەوە.

مارتـا مـن لـە گەنجیمـدا جـوان بـووم. نـازانم، بـەڵام لـەو کاتـەدا شـەیدای جـوانی و لاوێتییەکەی ئەو بووم. هەستم کرد ئەو جوانییەی ئەو بەتەواوی چووە ناو دڵ و دەروونمەوە، تیایدا توایەوەو منیشی جوان و قەشەنگ کرد.

کەسمان قسەمان نەدەکرد، بەڵام من سەرم هـەڵبڕی و وەڵامـی ئـەو هـەموو قـسە زۆرە بێدەنگیانەم دایەوە کە بە چاوو دڵمدا گوزەری دەکردو یەکترمان پێ دەدواند. خۆ ئەگەر ئەو کاتە داوای هەموو ژیانمی لێ بکردمایە لەپێناوی ئەو تۆزە خۆشیەدا بـەختم بکردایـە، بـێ شك ژیانم پێدەبەخشی و لام مەبەست نەبوو.

مارتا ئایا من لە تەمەنی بیست ساڵیدا جوان بووم؟ بەڵێ ئەو کاتە من زۆر جوان بووم. خوشکێ وانەبوو؟

مارتا سەری ڕاوەشاندو بەسەر بەڵێی بۆ کرد. بێللاش چـیرۆك و بەسـەرهاتەکەی خـۆی بۆ تەواو کرد.

ـ هەر بە ڕاستی بە هەموو مانایەك ئەمیر لیلو- لیلو ئەمیر بوو. دوای چاوپێکەوتنی یەکەمم لە هەموو کردەوەو ڕەوشت و هەڵسوکەوت و سروشتێکی گەیشتم. لەو گەڕان و پیاسە دوورودرێژانەی شەوو ڕۆژ پێکەوە دەمان کرد، لەژێر تیشکی مانگەشەوو لە قەراخ ڕووبارو جۆگە ئاوەکاندا ناسیم و تێگەیشتم.

بێ ئەوەی کەس بتوانێت شان بدات لە شانی، شای وەرزشکارانیش بوو. لەشێکی بەهێز، بااڵیەکی بەرزو ڕێکوپێك، شان و قۆڵ بەهێزو ماسولکەدار. لە سەروو ئەمانەشەوە ئەو لووتە کوڵ و بەرزەی و ئەو دەم و لێوە جوانەی ئەمیر لە ژیانمدا دەم و لێوی وا جوانم نەدیبوو! دەمێك بوو بیستبووم یەکێك لە نەوەکانی (ئاڵ ویاڵدر) دەبێتە شا و شایەنیەتی. خوشکێ تو ئەو خوایە ئیتر دەبێت چیتر لەوە زیاتر دەربارەی ئەمیر لیلو- لیلو بوترێت؟

بێللا لەسەر قسەکانی خۆی ڕاوەستاو کراسە ئاوریشمەکەی چاك کردو هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشا بۆ ئەو بیرەوریيە خۆشانەی دەهاتەوە بیری کە لەگەڵ ئەمیرە شۆخ و شەنگەکەیدا پێکەوە بە سەریان بردبوو. خوێنیش دەچزایە ڕوومەت و کوڵم و سیما جوانەکەیەوەو سورهەڵگەڕا، پاشان بە دوو چاوی کزو خەمبارییەوە سەیری خوشکەکەی کردو وتی:

ـ ئاپۆرەی خەڵکەکان کەوتەڕێ لە (مانا)وە بۆ (کیهولو) کە لەوێدا ئاهەنگی گەورەو گەرم سازکراو سەماو گۆرانی و مەلەکردن و ڕاووشکارو خۆهەڵخستن لەسەر ئەو خۆڵە گەرمانەی ژێر دارخورماکان سازکرا، پاشان لە (کیهولو)وە کەوتینە ڕێ بۆ (بواواوا)و لەوێوە بۆ (کوانا)و (فکایلو)و (ژکیۆهۆ).

لە هەموو ئەو شوێنە خۆش و جوانانەدا ڕێچکەی سوارو ئاپۆرەکانمان گوڵباران دەکران و بە چەپڵەڕێزانەوە پێشوازیان لێ دەکراو چەپکە گوڵی ڕێزو خۆشەویستی پێشکەش ئەمیر دەکراو چەپڵەیان بۆ لێدەداو هاواری ژیان خۆشیان بۆ دەکرد.

خۆشکێ تۆ خۆت دەزانیت ئێمە پێش پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا چۆن بووین. من کچێکی سەرکێش بووم. لیلو- لیلوش گەنجێکی جوان و سەرنجڕاکێش و پیاوێکی شۆخ و شەنگ و ئەفسوناوی بوو، هەر زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بەیەك تەماشاکردن چ ژنێکی بوویستایە شێت و شەیدای بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. منیش ئەو ڕۆژە قابیلی ئەوە بووم بکەومە ژێر داوو کاریگەری ئەوەوە لەگەڵ ئەو هەموو جوانییەی ئەوداو ئەو سەرکێشییەی خۆمدا بەسەربردنی ساڵێکی ڕەش و ناخۆشم لە ناهالادا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من هەستم دەکرد حەزلێکردن و داگیرکردنی ئەمیر بۆ من هیچ سوودو هیواو ئومێدێکی نەبوو. ئەوە تەلاقدان لەو ڕۆژەدا عادەت نەبوو. ژنەکەی جۆرج کاستنەریش ئەوە بەهیچ جۆرێك نەدەبوو بە شاژنی هاوای، لەگەڵ ئەوەشدا مامە ڕۆبێرت نوقلانەی بۆ شۆڕش لێدەداو دەیوت شۆڕش دواکەوتووەو هێشتا کاتی ماوە، بەڵام من هەرگیز چاوم لە تاج نەبووە، بیریشم لێنەدەکردەوە، ئەوەی من دەمویست تەنها ئەوە بوو ببمە شاژنی ناو دڵی لیلو- لیلوو ببمە ژن و هاوسەری ئەو، بەڵام من لە خەون و خەیاڵدا نەدەژیام و بیرم نەدەکردەوە کۆشك و تەلار لەسەر خۆڵ و خاك و لەسەر خەیاڵ بنیات بنێم.

لیلو- لیلو یەکێك بوو لە شەیدا گەورەو سەرەکییەکانم، لە گوڵ و گوڵزاری هەڵکێشابووم، پیاوەکانی لە باخچەکانی ماناوە گوڵی زۆریان بۆ دەهێنام، ماناش لە شوێنی نیشتەنیمانەوە زۆر دوور بوو، ئەو گوڵانەی دەگەیشتە دەستم واتدەزانی ئێستاو لەم ساتەدا لێکراونەتەوە. ئەمیر، خۆشەویستەکەم لە هیچ شتێك بێ بەشی نەدەکردم. باشترین خواردنێك کە ئەو کاتەی لە ناهالادا حەزم لێدەکردو دڵم بۆی دەچوو ئەو خواردنانەی پێشکەش دەکردم. هەموو دنیا لەژێر سایەی ئیشارەتێکی منداببوو، هەر ئەمرێکم دەکرد گورج جێبەجێ دەکرا. ئەگەر شتێکم داوابکردایە ئەو شتە لەوپەڕی دنیادا بووایە بۆیان دەهێنام و دەیانخستە بەردەمم.

ئەمیرەکـەم (فەرشـی هـەوایی) هـەبوو، کارەکـەرو خزمـەتکارەکانی ئـەو کارەکـەرو خزمەتکاری من بوون، پیاوانی ئەو پیاوانی من بوون، لە سەروو هـەموو ئەمانەشـەوەو لـە پێش هەموو شتێکیشدا ئەو خۆی هی من بوو. تەنها بۆ من بوو هەستم دەکرد لـە نـووکی پەنجەی پێمەوە تا تەوقی سەرم من ژنێکی خۆشەویست و شەیداو حەزلێکراوم.

بێللا لە کـاتی گێڕانـەوەی ئـەم بیرەوەرییانەیـدا ئـاهێکی هەڵکێـشاو بـە تێڕوانینێکـی قوولّەوە سەرنجی ئاسۆی دا، پاشان هاتەوە سەرخۆی و کەوتەوە قسەو گێڕانەوەی باسەکەی.

ـ لەو دەڤـەرە خـۆش و جـوان و شـاعیریانەدا مـاوەی هەفتەیـەك گەشـتمان کـرد. ئـەو گەشتانە لە پێش چاوی منداا چەند سەدەیەکی دەگەیانـد. مارتـا گـوڵ لـە ژیانیـدا جارێـك خونچەکانی دەپشکوێت ئەو ساتانە لە تەمەنی منداا کاتەکانی گەشانەوەی گوڵەکانی دڵـی من بوو.

لەگەڵ لیلو- لیلودا خۆشترین ساتەکانی ژیانم بردەسەر. هەستم دەکرد من شاژنێکی بێ تاجم نەك بەسەر هاوایەوە، بەڵکو بەسەر دڵی لیلو- لیلـۆو بەسـەر خۆشەویـستییەوە. پێـی دەوتم: " تۆ گوڵێکی گەشاوەو بۆنخۆشیت، تۆ پەلکەزێرینەی سەر هەورەکانیت."

قـسەکانی ئـاگرێکی گەشـی شـەیدایی و خۆشەویـستی بـوو. شـیعری دڵـداری بـۆ دەهۆنیمەوەو بەشێوەی سۆزو پیاهەڵدان لە شەوانی مانگەشەودا کە پێکەوە لەسەر فەرشـی هەوایی دادەنیشتین بە گۆرانیەوە بۆی دەخوێندمەوە.

گەیشتینە (کیلاویا)و خەونەکان نزیك کۆتایی دەبوونەوە. چەند کاتێك لەوێدا ماینەوە، کاتەکانمان هەمووی خۆش و سەماو گۆرانی و مەلەکردن بـوو لـە ئـاوە پـاك و ڕووناکانـدا. گەیشتینە هیلو کە ئەوە دوا گەشت و هەوار بوو.

یەختی شاهانە بۆ لیلو- لیلو چاوەڕوان بوو. هونو لولوش چاوەڕوانی بـوو کـە بەمزوانـە تاجی شاهانەی دەکرایەسەر، چونکە قسەوباس و پڕوپاگاندە وا بلاّوبـوو کـە شـازادە خـانمی ئێستای هونو لولو تووشی شـێتی بـووە. بەرهەڵستی و دژایـەتی زۆر لـە ئـارادا بـوو، بـۆ

لابردنی لەسەر تەختی شاهانەو بەمزوانە بۆ ئەو مەبەستە ڕاپەڕین دەست پێدەکات. ئەو شەوە دوا شەو بوو کە پێکەوە بە سەماو گۆرانی و ڕابواردن و کەیف و خۆشییەوە بەسەربەرین.

کاتی لێکدابڕان و ڕۆیشتن هات. ئەمیر لیلو- لیلو لەسەر پشتی یەختی شاهانەکەی ڕاوەستابوو. خواحافیزی لە خواحافیزیکەران دەکرد کە لەناو بەلەمەکانیاندا بە دەوری یەختەکەی ئەودا بلاّوببوونەوە.

مۆسیقاژەنەکان کەوتنە مۆسیقاژەنین، و لەناو ئەو هەموو دەنگەدەنگ و هاوارهاوارەداو لە کاتێکدا ئەمیر دەستی بۆ جەماوەر ڕادەوەشاندو خواحافیزی لێدەکردن چاوی بڕیبووە من و تەماشای دەکردم، منیش وەك بت لە شوێنی خۆمدا ڕاوەستابووم و جوولّەم لێوە نەدەهات و تەماشام دەکرد.

یەخت کەوتە ڕێ و ڕۆیشت، منیش تێگەیشتم هەموو شتێك کۆتایی هات و ئەو خەونە خۆشانەی دوو هەفتەی تەواو تیایدا ژیام ڕۆیشت و بەسەرچوو، هەرگیزاو هەرگیز ناگەڕێتەوە.

بێللا بە ماتەمینی و قوولّییەوە تەماشای ئاسۆی کرد. مارتای خوشکیشی بە سۆزو دلّنەواییەوە تەماشای دەکردو نەیدەزانی چی پێ بلّێت.

بێللا کەوتەوە قسەکردن..

ــ دوای ئەوەی یەختەکە دوورکەوتەوەو لەبەرچاومدا ونبوو، ئیتر منیش سواری ئەسپەکەم بووم، بە ڕێگا خوارو خێچ و ناخۆشەکەدا کەوتمەڕێ و گەڕامەوە. بێ ئەوەی گوێ بدەمە هیچ ماندووبوون و بێتاقەتییەك. من لە ڕۆیشتنەکەمدا سەرقاڵ بووم، بیرم لەو هەموو ڕووداوو بەسەرهاتانەی پێشوو دەکردەوە.

شەوی یەکەمم لە (لوبا هوهـو)دا بردەسـەر، مـن وامـدەزانی ئـەو شـەوە خـەو ناچـێتە چاومـەوە، بەلاّم بەپێچەوانەی بۆچوونەکەمـەوە ئەو شەوە بەجۆرێك خەوم لێکەوت ئاگـام لـە خۆم نەماو تا بەیانی خەبەرم نەبۆوە.

لە بەیانی ڕۆژی داهاتوودا کەوتمەوە ڕێ. ڕەشەبایەکی بـەهێز هـەلّیکردو بـارانێکی زۆر بەخوڕ باری. ڕێگاکە خوارو خێچ و ناهەموار بـوو، خزمـەتکارەکـەم دەسـتی بـە بۆلّـەبۆل و قسەکردن کردو کەوتە ناڕەزایی دەربڕین، منیش لێی تووڕە بووم و دەمکوتم کرد.

ئەو ڕێگایەی پیایدا ڕەتدەبووین ڕێگایەکی ئەوەندە ناخۆش و قوڕاوی بوو، جـاری وابـوو ئەسپەکانمان تا ئەژنۆیان لە قوڕدا دەچەقی، زۆر بـەگران دەیـانتوانی پیـادا ڕەت بـبن، بـەلاّم هیلو گوێی بە هیچ نەدەدا دەتوت شێرە، وەك کێو خۆڕاگر بوو.

دواجار گەیشتمەوە کیلوهاناو مامە جۆن بەپیرمەوە هـات و لەسـەر پـشتی ئەسـپەکەم داییەزاندم و کردمییە باوەش و بردمییە ژوورەوەو کارەکـەرەکانی خەبـەرکردەوەو فـەرمانی پێدان گورج جلەکانم لەبەر داکەنن و بیگۆڕن، پاشان هەندێ حەبی ئازارو سەریەشەی دامـێ بۆئەوەی مێشکم بحەسێتەوەو ماندووبوونم دەرچێت و بیرم بـچێتەوە، دەلّـێم بۆئـەوەی (بـیرم بچێتەوە!)، چونکە لە کاتی نووستن و حەوانەوەمدا هەندێ قسەی نهێنی خۆمم درکانـدبوو، بەلاّم مامە جۆن هەرگیز ئەو نهێنیانـەی منـی لای کـەس نەدرکانـدبوو، هـەتا لای خۆشـم نەیدرکاندو پێی نەوتم، بەلّکو لە سندوقی نهێنی خۆیدا هێشتبوویەوەو لای کەس ئاشـکرای نەکردبوو.

من ئێستاش ئەو ڕۆژە شووم و ناهەمواڕەم بیرە، کە چۆن لـەو ڕۆژەدا دلّـم شـکاو چـەند خەمبارو بێ نەوا بووم، قینم لە بەختی خۆم و بگرە لە هەموو دنیاش دەبـۆوە، قـژم بەسـەر شان و مل و سەر ڕوومدا پەرش و بلاّوببۆوەو بارانەکە تەڕی کردبوو. بە چاویش دەگریـام و بەخوڕ فرمێسکم دەڕشت و تێکەڵ بەو لافاوی بارانە ببوو، لە کاتێکـدا سـواری ئەسـپەکەم ببووم و لەسەر پشتی دابووم بە ئاوزەنگییەکەی پێم بە تۆندو تووڕەییەوە دەمکێشا بە ورگ

و لاقەپرغەی ئەسپەکەداو لەو خزمەتکارەی لەگەڵمدا بوو، تووڕە دەبووم و بەسەریدا دەمقیژاندو لەبەرخۆمەوە لە خوا دەپاڕامەوە لەو باران و لافاوەدا غەرقم کات، یان زەوییەکە شەق بەرێت و هەڵم لووشێ و بمرم و ڕزگارم ببێت و ئەو بیرەوەرییە خۆشانە لەگەڵ خۆمدا ببەمە ناو گۆڕەوە.

جۆرجی مێردم تۆزێك لە هونو لولو دواکەوت، کاتێك هاتەوە بۆ ناهالا من لەوێ چاوەڕوانم دەکرد، هەرکە هاتەوە بۆ لام دەمی خستەناو دەمەوەو ماچێکی دوورودرێژی کردم، پاشان بە وردی فەحسی زمانی کردم و تۆزێك ڕۆنگەرچەکی دامێ و بۆ نووستن بردمییە سەر جێگاکەم.

هەروەك چۆن ئامێرێك لەکار دەکەوێت و پاشان دەخرێتەوە کارو کاری خۆی دەکاتەوە، منیش بەو جۆرە لە مالّە ساردوسڕو تاریك و ناخۆشەکەی نالاهادا کەوتمەوە کارە ئاساییەکانی خۆم .

مێردەکەم لە کاتژمێری چوارو نیوی بەیانیدا لە خەو هەڵدەساو سواری ئەسپەکەی دەبوو بۆ سەر کارەکەی خۆی دەڕۆیشت، خواردنە خراپ و ناخۆشەکان هەر هەمان خواردن بوو، قاوەکە هەر هەمان قاوە خراپەکەی پێشوو بوو، منیش خۆم وەك جاری جاران دەستم کردەوە بە چێشتلێنان و هەویرشێلان و نانکردن و جلشۆردن و چنین و دوورینەوەی جلە کۆن و بێ بایەخەکانمان.

شەو لە دوای شەو ماوەی دوو ساڵ، ئەو دوو ساڵە هێندەی دوو سەدە بوو. من لەسەر مێزەکە بەرامبەر مێردەکەم دادەنیشتم هەتا سەعات هەشتی شەو گۆرەوییە شڕو جلوبەرگەکانیم بۆ پینەدەکردو دەمدروویەوە. ئەویش ئەو ڕۆژنامە کۆنانەی دەخوێندەوە کە لە خەڵکی خواستبوو، چونکە هاوبەشیکردن یان کڕینی ڕۆژنامەیەکی بە زیادە مەسرەف دادەنا. وە بۆئەوەی زەیت و غاز لەوە زیاتر سەرف نەکەین دەبووا دوای سەعات هەشت بچووینایە ناو جێگاوەو بنووستینایە، سەعاتەکەی قوڕمیش دەکردو حاڵەتی کەشوهەوای

لە دەفتەری ڕۆژژمێرەکەیدا دەنووسی و پێلاّوەکانی دادەکەند. لە پێشدا تاکی ڕاستی و پاشان تاکی چەپی و لەژێر جێگای نووستنەکەیدا یەك لە تەنیشت یەکەوە جووتی دەکردن و دایدەنان.

مارتا خۆ ئەگەر مامە جۆن ئەسپەکەی نەدامایەتێ ئەو کاتە منیش نەدەچووم بۆ ئەو سەفەرەو ئەمیرە خۆشەویستەکەمم نەدەناسی و نەمدەزانی خۆشەویستی چیەو زیاتر خۆشەویستی و سۆزو ڕێزو پابەندبوونم بۆ جۆرج دەبوو. من وەك ژنێکی مردووی بەسەر زیندوو دوو سالّی تەواو ژیانم لە ناهالادا بردەسەر. دەهاتم و دەچووم و چێشتم لێدەناو جلوبەرگم دەشت و گۆرەویم دەدوریيەوەو ڕەزیلیم لە بەکارهێنانی غازو سووتەمەنیدا دەکرد. کاتێك میّردەکەشم مرد خەمبار نەبووم و هیچ خەمم بۆ نەخوارد، چونکە پێش مردنی ئەو هێندەم خەمم خواردبوو جێگای خەمی تری تیا نەدەبۆوە، خۆشحالّیش نەبووم، چونکە کاتێك لە هیلو لە ئەمیر لیلو- لیلو جیابوومەوە، ئیتر لەو کاتەوە خۆشی لە دلّ و دەروونمدا مردو نەما، هەستم بە خۆشی و شادی نەدەکرد. زۆر کەس هاتن خوازبێنیان کردم و داوای شووکردنیان لێکردم، بەلاّم من بەو داواکاری و شووکردنە قایل نەبووم و دەستم بە ڕوویاندا نا، چونکە ئەوە ماوەی پەنجا سالّەو ئێستاش هەر دلّی من هێلانەی خۆشەویستی ئەمیر لیلو- لیلویەو لەو زیاتر جێگای کەسی تری تیا نابێتەوە. خوشکی خۆشەویستم تۆ یەکەم کەسیت کە ئەم ڕازو نهێنیە شاراوەیەت لا ئاشکرا بکەم.

لەم کاتەدا ئۆتۆمبێلێك لە نزیك دەرگای باخچەکەوە ڕاوەستا، ڕۆسکۆ سکاندویلی میّردی مارتای لێ دابەزی کە ئەندامێکی لیژنەی (پێنج گەورەکە) بوو و مافی چارەنووسی هاوایان پێ سپاردبوون. زۆر بە خۆشی و شادییەوە بێللای ماچ کردو بەخێرهاتنی کرد. لە ڕووخسارو قسەکانی ئەو دوو خانمەدا تێگەیشت قسەوباسەکانیان باسی یادو بیرەوەری سۆزو خۆشەویستی بووە، پاش ئەوەی ژنەکەشی ماچ کرد پێی وت:

ـ (ئیلزی)و منالّەکانی دێن بۆ ئێرەو سەردانمان دەکەن پـێش ئـەوەی بـچن بـۆ (مـاوای) چەند ڕۆژێك لامان دەمێننەوە.

مارتا بە بێللای خوشکی وت:

ـ من نیازم بوو بەشە وەردی خانووەکە بدەم بە تۆو تۆی تیادا بێـت، بـەلاّم ئێـستا ئـەو بەشە دەدەم بە ئیلزی و منالّەکانی و تۆش دەبەمە ژوورەکەی (شازادە ئیما)وە.

بێللا وتی:

ـ من جاری پێشوو لەو ژوورەدا بووم، من لە هەموو ژوورەکانی ترم پێ خوشترە.

هەرسێکیان هەلّسان و ڕۆسکو سکاندویل چووە ناوەڕاستیانەوە، باوەشی بە ناوقـەدیانا کردو بەرەو ژوورەوە کەوتنەڕێ

---

# چیرۆکی جیس ئوك

لاپەڕەکانی مێژوو پڕیەتی لە چیرۆك و بەسەرهاتی دەستلێبەردان و قوربانیدان. دەست لێبەردانیش لە کرۆکدا کارێکی چەسپاوو نەگۆڕە. ئەو جیاوازی و دژبەیەکییەی تیایەتی ئەوەیە کە پیاوو ژن چوونیەك لەپێناوی ئەوەی لایان زۆر خۆشەویستە دەستبەرداری خۆشەویسترین شتێکی خۆیان دەبن، ئەمەش بناغەیەکە لەو ڕۆژەوەی بوونەوەر لەسەر ئەم زەوییەدا دروست بووە تا ئەمڕۆ لەو ڕێسایە لایان نەداوە، لە کاتێکدا (هابیل) قوربانی بە ئازیزترین شتێکی خۆیدا کە هەیبوو، ئەمەی بۆیە کرد بۆئەوەی پەیوەندی لەگەڵ خوای خۆیدا پتەوترو چاکتر بکات.

حەزرەتی ئیسحاق[1] لای حەزرەتی ئیبراهیمی باوکی زۆر خۆشەویست بوو، حەزرەتی ئیبراهیم لە کاتێکدا ڕازیبوو ئیسحاقی کوڕی بکات بە قوربانی، ئەمەی بۆیە کرد، چونکە خوای خۆی زۆر زیاتر خۆشتر دەویست وەك لە جەرگەکەی خۆی.

---

[1] نوسەر دەڵێت: حەزرەتی ئیبراهیم (ئیسحاق)ی کرد بە قوربانی لە قورئان و ئاییینی ئیسلامدا دەفەرموێت، حەزرەتی ئیبراهیم ئیسماعیلی کوڕی کرد بە قوربانی نەك حەزرەتی ئیسحاقی کوڕی. ش.ع

ئەگـەر ئـەوە بـزانین کـە خۆشەویـستی جۆرێکـە لـە خزمـەتکردن، قوربانیـدان و دەستلێبەردانیش بەهەمان شێوە خزمەتکردنە (جیس ئـوك)یـش بـەجۆرێك خۆشەویـستی دەربڕی بێ شك ئەو خۆشەویستییە خۆشەویستییەکە باس ناکرێت.

جیس ئوك کیژێکی ئەسمەر بوو. سپیپێست نەبوو، هەندێ زانیاری سەرەتایی دەزانـی، بەڵام هەرگیز باس و خواستی هابیل و ئیبراهیمیشی نەبیستبوو تا چاو لەوان بکـات. هـیچ پەرتووکێکی میژوویشی نەخوێندبۆوە لە قوتابخانەی ژنە ڕاهیبەکانی (هولی کروس)دا نـەی خوێندبوو. چیرۆك و بەسەرهاتی (ڕوس)یشی نەبیستبوو کە لەپێناوی خۆشەویستی ژنێکـی غـەیرە دینی نامۆدا کە لە وڵاتێکی ترەوە هاتبوو پشتی کردە خـوای خـۆی و لـە دینەکـەی خۆی وەرگەڕا. لەگەڵ ئەوەشدا جیس ئـوك دەربـارەی قوربانیـدان و گـەورەیی وازلێهێنـان و دەستلێبەردان کارێکی کرد زۆر لە کردەوەی ئەوانە دەچوو کە باسمان کردن.

ئەمەش چیرۆك و بەسەرهاتی جیس ئوکە. لـە هـەمان کاتیـشدا چـیرۆك و بەسـەرهاتی (نیڵ بونار)و (کیتی بونار)ە کە هەر دووکیان لە نەوەو خانەوادەی (بونار)ن.

جیس ئوك کیژێکی ئەسمەر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو ئەسمەرییەشیدا کچە هیندی نەبوو. لە وەچەی ئاسـکیمۆکانیش نـەبوو. لـق و پـۆپ و درەختـی خانەوادەکـەی، ڕەگ و ڕیـشەکەی دەچوەوە سەر ڕەگەزو گەلانی هینـدی و ئاسـکیمۆو سپیپێـستەکان. بـەهۆی ژنهێنـان و ژن بەشوودانەوە ڕەنگەکانیان تێکەڵاو یەکتر ببوون. ئەو سیفەتەی کە بەسەر جـیس ئوکـدا زاڵ ببوو کتومت بەتایبەت سیفەتی هیندییە سـوورەکان و هـۆزی (تویـات)بـوو. کیـژێکی زۆر جوان بوو، جوانیەکەی پێکهاتەی هەموو جوانیەکانی ئەو نەتەوانە بوو کـە ئـەو بـە بنەچـە دەچۆوە سەریان. ئەوەندە جوان بوو هەر کەسێك بیبینیایە لەبـەردەم ئـەو جـوانی و شـۆخ و شـەنگییەی ئـەودا مەسـت و سەرسـام دەبـوو، دڵـی ڕادەکێـشاو لـە ئاسـتیدا دەسەوسـان ڕادەوەستا.

نیلّ بونار لە زستانێکدا چۆن دەسەوسان بە ناچاری چووە ولّاتەکەیەوە، بەو شێوەیەش لەو زستانەدا چووە ناو ژیانی جیس ئوکەوە. لە کاتێکدا هێشتا جیس ئوك کیژێکی گەنجی تازەپێگەیشتو بوو. لە ڕاستیدا بونار بە زۆر هاتە ئەو شوێنە دووڕەوە.

باوکی بونار بازرگانێکی گولّفرۆش بوو. مالّ و سامانێکی باشی هەبوو. کوڕە لاوەکەشی گەنجێکی تەمەلّ بوو، هیچ کارو کاسپییەکی نەدەکرد، باوکی ناچاربوو لای یەکێك لە شەریکە گەورەکان واسیتەی بۆ کردو کردی بە فەرمانبەرێکی ئەو کۆمپانیایەو ناردیانە ئەو ناوچەیەی جوگرافیناسەکان پێیان دەوت (زەوی سپیایەتی) باوکی دەیوت:

ــ تەنها پێنج سالّ کوڕەکەم لەو ولّاتە دووڕەدا، دوور لە ئاژاوەو دەنگەدەنگ و هەراوهوریاو دەستبڕین و هەلّخەلّەتاندن بەسەر دەبات، ئەو شوێنە دەیگۆڕێت و دەیکاتە پیاو. کوڕە لاوەکە چارناچار پەیوەندی بە کارە نوێیەکەوە کردو زۆر بە چاکی و دلّسۆزییەوە کارەکانی خۆی بەجێ دەهێنا. ئەمە وایلێکرد گەورەو لێپرسراوەکانی زۆری لێ ڕازی بن و بە چاکی سەیری بکەن و قەدری بگرن. لە ڕاستیدا ئەم ئەوەی لەپێناوی خۆشەویستی کارەکەیدا نەدەکرد، بەلّکو ئەم لەبەر بێتاقەتی و بێزاری و لە ترسی ئەوەی نەبادا ژیانی تاك و تەنهایی بەرەو شێتی و سەرگەردانی ڕایمالّێت.

لە سالّی یەکەمیدا ئاواتی دەخواست بمرێت و ڕزگاری بێت و بحەسێتەوە. سالّی دووەمی کفری دەکردو شەڕی بە هەموو دنیا دەفرۆشت. لە سالّی سێیەمیدا مشتومڕو ململانێی لەگەلّ هەر دوو بیرەکەدا دەکرد، لە کاتێك لە کاتەکانی بێزاری و نائومێدیدا شەڕی لەگەلّ گەورەو لێپرسراوەکەیدا دەکردو جوێن و قسەی ناشرینی زۆری پێ دەدا، بەڕێوەبەرەکەشی لە پاداشتی ئەوەدا نیلّ بونارى گواستەوە بۆ شوێنێکی یەکجار دوور. هەروەك ئەوەی نەفی بکاتە ئەو شوێنە دووڕەو دوورتری بخاتەوە، چونکە شوێنی یەکەمی لە چاو ئەم شوێنەی ئێستایدا بەهەشتێك بوو لە بەهەشتی بەرینی خوای گەورە.

ئەو شەریکەیەی ئەم کاری تێدا دەکرد لەو شوێنە دوورەدەستانەی ناوچەی سەروودا چەند بنکەیەکی هەبوو، ئەو بنکانەش لەو شوێنانەدا هەریەکەیان ناوێکی تایبەتی خۆی هەبوو، وەك بنکەی (فۆرت هاملتۆن)و (وێستگەی یاناڵ)و (تونتی مایل)و هەندێکی دیکە. خەڵکی وایاندەزانی ئەم بنکانە شارن، یان هەر نەبێت گوندێکی قەرەباڵغ و پڕ لە خەڵکین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شوێنانە لەو جۆرە شتانە نەبوو، بۆ نموونە بنکەی تونتی مایل بریتی بوو لە خانوویەکی بچکۆلە خانووەکە هێندەی دووکانێکی ئاسایی بوو، لەسەر ئەو دووکانەوە ژوورێکی لەسەر کرابوو، ئەمە هەموو بنکەکە بوو. نە خانووی لێوە نزیك بوو، نە هیچ دراوسێیەکیشی لە دەوروبەر بوو، جگە لە هەندێ کەسانی هۆزی تویات نەبێت ئەویش ئەوە بوو کە لە وەرزی زستاندا دەهاتن بۆ ئەو ناوچەیەو هەواریان لەمبەرو ئەوبەری ڕووباری (ئەلیۆکۆن)دا هەڵدەداو وەرزی زستانیان تیادا بەسەردەبرد.

تونتی مایلیش یەکێك بوو لەو چەندەها بنکانەی شەریکەکە. لەوێدا وەکیلێك و یاریدەدەرێکیان بۆ دانابوو.

کاروباریان کڕینی پێستەو فەروە بوو لە هیندییە سوورەکانی ئەو ناوچەیەو گرێبەستیان لەگەڵ ئەوانەدا دەبەست کە بەدوای ئاڵتوونداو دەگەڕان.

بریکارو یاریدەرەکەی بەدرێژایی ئەو زستانە ساردو سەختە لەناو ئەو بنکەو خانووە بچووکەدا دەمانەوە، لە وەرزی بەهاردا لە ترس لافاوی ڕووباری ئەلیۆکون دەچوونە قاتی دووەمەوە.

لە بنکەی تونتی مایلدا (نیڵ بونار) ئەمە ساڵی چوارەمی بوو کە لەوێدا ژیان بەرێتەسەر. ئەو بریکارەی لە پێش ئەمدا لەوێ بوو، لە سەرمادا ڕەق ببۆوەو مرد. یاریدەرەکەی ئەمەی پێ ڕاگەیاند، بەڵام خەڵکانی هۆزی تویات کە لە شەوە ساردەکاندا لە دەوری ئاگرەکەدا دادەنیشتن لەگەڵ ئەو بیروڕایەدا نەبوون و بە ڕاستیان نەدەزانی.

کابرای یاریدەدەر کابرایەکی لات و لاوازو شان و سنگ تێکقوپاو بوو، سەرو سەکوتێکی پیس و ناشرینی هەبوو، ڕیشێکی ڕەش و بژی پێوەبوو، بەردەوام دەکۆکی و قرخەقرخی بوو، چاوەکانی پیس و ناپاکی لێدەتکا، ناوی (ئاموس بانتلی) بوو. بونار خۆشی نەدەویست، بەڵام لەبەر ئەو ژیانە دووردرێژەی کە لەو ناوچە ناخۆش و دوورەدا بەسەری بردبوو بەزەیی پێدا هاتەوە.

ئەم دوو پیاوە هەردەم پێکەوە ناکۆك بوون، گەرچی لەو شوێنە دوورو چەپەکەی پێی ڕازی بوون لەناو ئەو سەهۆڵبەندان و بێدەنگی و تاریکاییەی ئەو زستانە ساردوسەرمایەدا دەبووا لە هەموو کەس زیاتر پێکەوە تەباو یەك بوونایە.

بونار دواجار بۆی دەرکەوت کە ئاموس پیاوێکی گێل و نەفامە. هەر بەجارێك پشتگوێی خست. بە دەستی خۆی هەموو کارەکانی جێبەجێ دەکردو هیچ کارێکی بەو نەدەکرد، جگە لەوە نەبێت کە چێشتی پێ لێدەناو خواردنی پێ ئامادە دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاموس بەرامبەر ئەم گەورەو سەرۆکەی لە قین و بوغز زیاتر هیچی تری لە ئاستدا دەرنەدەبڕی، ئەمە وای لە بونار کردبوو زیاتر بێزار بێت و ژیانی لا ناخۆشتر بکات، چونکە لە شوێنێکی وەهادا کە مرۆڤ تیایدا بژی لەوە خۆشتر نیە کە پیاو یەکێکی لەگەڵدا بێت ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین و قسەخۆش بێت. کەواتە ئەوەی پێش خۆی ناحەقی نەبووە، بۆئەوەی لە دەست ئەم ڕووگرژو تاڵ و قین لە دڵە خۆی قوتار کات، هاتووە خۆی کوشتووە.

ژیان لە تونتی مایلدا زۆر ناخۆشی و بێزاری بوو، بەفر وەك سەرپۆشێکی سپی هەموو شتێکی لە ناوچەکەدا داپۆشیبوو، بێدەنگی مردن هەموو ناوچەکەی گرتبۆوە، بە ڕۆژ ئاسمان سایەقەی سامناڵ بوو، کەشوهەوا لەوپەڕی ساردوسەرمادا بوو، پلەی گەرما دەگەیشتە چل تا پەنجا پلە لەژێر سفرەوە. کتوپڕ کەشوهەوا دەگۆڕاو ئاسمان ئاڵۆز دەبوو. هەوری ڕەش بەری ئاسمانی دەگرت و بە ناوچەکەدا بلاودەبۆوەو پلەی گەرما دەگۆڕاو

گەرمییێو پلەکەی دەهاتەوە سەر بیست پلەی گەرمی لـەژێر سـفرەوەو تـەرزە خـرم و هـورِ بەسەر زەوییەکەدا دەستی بە بارین دەکردو دەیکردە تەقەتـەق و خرمـەخرم دەتـوت دەنکـە شەکرەو پیاو بەسەریدا دەڕوات، پاشان خۆشی دەکردەوە، کتوپڕ هەمدیسان زریـان دەسـتی پێدەکردەوەو دەبۆوە بە تەرزەو باران ، ئەمانە هەمووی ڕووی دەداو ڕەشەبای تونـدو بـەهێز هـەڵی نـەدەکردو بـارانی زۆریـش نـەدەباری، ئـەوەی زیـاتر ڕوویـدەدا ساردوسـەرما بـوو، سەرماکە زۆرتر بەهێز دەبوو، شەو درێژتر دەبوو، ڕۆژ کورت دەبـۆوە، هـەتا وای لێـدەهات لەنێوان دوو شەوی دووروودرێژدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەم ڕووناکیت دەبینی.

نایڵ بونار گەنجێك بوو حەزی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاویکردنی خەڵکی دەکـرد، بەڵام قەدەری ناهەموار هەڵیـدابووە ئـەم شـوێنە دوورەوە. لەگـەڵ پیاوێکـدابوو نـە قـسەی دەکردو نە قسەشی دەزانی و لە سەرو سیماو چاوەکانیدا قین و بوغزی لێ دەباری.

بونار ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکیـدا لای ئـەو هـەموو شـتێك بـوو، چونکە لەو ژیانەوە دوور بوو، هەستی دەکرد ئەو وەك تارماییەکی بـێ گیـان لـەناو ژیانـدا دەژی. ڕۆژانـی بـە ڕووگـرژی و مەلوولییـەوە دەبردەسـەرو شـەوانیش کـە دەچـووە نـاو جێگاکەیەوە لێفەکەی دەدا بەسەر خۆیداو وەك منالێکی بچکۆلە لەژێرەوە تێڕوپـڕ دەگریـا. ئەو کەسانەی دەهاتەوە یاد کە ببوونە هۆی ناردنی بۆ ئەم شوێنە دوورەو جوێنی پێـدەدان و نەفرەتی لێدەکردن و بێزاری و نەفرەتی لە هەموو ژیانیش دەرکرد.

ڕۆژێکیان خاتوو جیس ئوك هات بۆ تونتی مایل بۆئەوەی ئاردو ڕۆن و هەندێ خـشڵ و جلوبەرگ و پێداویستی بکڕێت و خۆی پێ بڕازێنێتەوە.

ڕێکەوت ئەم کێشەی بۆ ئێرە هێنا بۆئەوەی نیڵ بونار بناسێت کە لەوێدا بە تاقی تـەنها دەژیا. نیڵ کە ئەوی بینی ئەو کاتە زیاتر هەستی بە تاك و تەنهایی کـرد، کاتێـك کێشەکـە هاتە ناو کۆگاکەوە نیڵ بە دووروودرێژی سەرنجی دا، وەك کەسێکی تینوو کە جۆگـە ئاوێـك ببینێت و بیەوێت تێری لێ بخواتەوەو تینوێتی خۆی پێ بشکێنێت بەو شێوەیە سـەرنجی دا،

کیژەکەش لەلایەن خۆیەوە تەماشای ئەوی کردو بۆی پێکەنی نەك بەشێوەی ئەوەی کچێکی هیندی لەگەڵ پیاوێکی سپیپێستدا پێبکەنێت، بەڵکو وەك پێکەنینی کچێك کە بۆ کورێك پێبکەنێت. نیڵ وێستی خۆی لە تەماشاکردنی کچەکە دوورخاتەوەو لەو بیرو خەیاڵانە دوورکەوێتەوە کە بە مێشك و خەیاڵیدا دەهاتن و دەچوون، ئیتر دوای ئەوە کیژەکە بۆ شتکڕین زوو زوو دەهاتە کۆگاکەو لە تەنیشت زۆپاکەوە دادەنیشت و بە زمانێکی ئینگلیزی ناڕێك لەگەڵ (تۆم نایل)دا قسەی دەکرد. هەتا وایلێهات هۆگری یەکتر بوون و نیڵ بە گەرمییەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی دەکرد، خۆ ئەگەر ڕۆژێك نەهاتایە دڵی، دەکەوتە مەراقەوەو بۆی بێ ئارام و بێ تاقەت دەبوو.

نیڵ هەندێکجار بیری دەکردەوەو لە دڵی خۆیدا بڕیاری دەدا، ئیتر ئەم جارە قسەی لەگەڵدا نەکات و نەی دوێنێ و بەپیرییەوە نەچێت. کچەکە کە بەم شێوەیە دەیبینی سەرسام دەبوو، بەڵام لە دڵی خۆیدا دەیوت هیچ نیە ئەوە بە دڵ نایکات و هیچی لە دڵدا نیە. زۆرجاریش بە کەیف و خۆشییەوە بەپیرییەوە دەچوو، پێشوازی لێ دەکردو پێکەوە بە خۆشی و شادی و پێکەنینەوە دادەنیشتن و دەکەوتنە قسەوباس و گفتوگۆکردن.

ئەمان بەو شێوەیەو لەو لاشەوە ئاموس بانتلی وەك حەیوانێکی سەربڕاو قرخەقرخ و هەناسەبڕکێی بوو، بە قینەوە تەماشای دەکردن، چونکە بە خۆشی و شادی خەڵکی تر ئەم دڵتەنگ دەبوو، لە کاتێکدا خەڵکی بە خۆشی بژین و ئەمیش چاوەڕوانی مردن بێت و بەرەو مردن هەنگاو بنێت، لەبەرئەوە قینی لە بونار دەبۆوە کە بەو شێوەیە لەشساخ و تەندروست بوو و ژیان لە ڕوویدا پێدەکەنێت و بە بینینی جیس ئوك ڕووگەش و شادو بەختیار بێت. ئاموس هەر کە چاوی بە خاتوو جیس ئوك دەکەوت لە قینەدا دەمارەکانی گرژ دەبوو، خوێنەکەی دەکوڵا.

جیس ئوك هەرچەندە زۆر شارەزاو قاڵبووی ژیان نەبوو. بیریشی بۆ شت نەدەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوەی پەرتووکێك بخوێنێتەوە توانی بیری ئاموس پانتلی بخوێنێتەوەو

تێبگات، بونـاری لـه مەبەسـتی بـانتلی ئاگـادارکردەوە، بـەڵام بونـار چـونکه بـه شـتی گرنگتردەوە سەرقاڵ بوو گاڵتەی به کابرا دەهات و گـوێی بـه ئاگادارییەکـەی نـەدا، چـونکه ئاموس دەربارەی ئەو کەسێکی هیچ و بێ بایەخەو وردەوردە بەرەو مردن هـەنگاو دەنێـت، ئەوە ناهێنێت گوێی پێ بدەیت و نرخی بۆ دانێیت.

بەیانییەکان بونار دوای ماندوبوونێکی زۆر له خەو هەستاو نـانی بـەیانی خـوارد. دوای نانخواردنی بەیانی چووە دووکانەکەوە، بینی خاتوو جیس ئوك له دووکانەکەدا چـاوەڕوانێتی بۆئەوەی فەردە ئـاردێکی لـێ بکڕێـت. دوای چـەند خولـەکێك بونـار فـەردە ئاردەکـەی بـۆ هەڵگرت و بردییە دەرەوە بۆئەوەی بیخاتە ناو عـەرەبانەکەیەوە، لـه کاتێکـدا خـۆی بەسـەر عـەرەبانەکەدا خوارکردبۆوە، هەستی بە ماندوبوون کرد، هەر کە فەردە ئاردەکەی خستە ناو عـەرەبانەکەوەو ویستی ڕاستبێتەوەو هەستێتە سەر پێ، قاچەکانی بەلادا هات و کەوتە نـاو بەفرەکەوەو لەشی کەوتە لەرزین و ملی لاربۆوەو دەست و قاچەکانی ڕەق بوون و بەملاولادا بەسەر بەفرەکەدا بلاوبوونەوەو تەخت لەناو بەفرەکەدا کەوت و ها ئێستا بمرێت یان تۆزێکی تر. کچەکە بێ ئەوەی هاوار بکات و بقیژێنێت و هـیچ قـسەیەك بکـات گـورج لێـی نزیـك بۆوەو باوەشی پیادا کرد. بونار هەرچۆنێك بوو پێی وت:

ـ دەی خێرا.. خێرا زوو بمبەرە ژوورەوە.

کچەکە گورج بەهانایەوە هات و یارمەتی دا. ئـەمیش بەخۆڕاکێـشان و چنگەخـشکێ بەسـەر بەفرەکـەدا خـۆی گەیانـدە ژوورەوە، کاتێـك گەیـشتە ژوورەوە هەمدیـسان گیـانی ڕەقبۆوەو جوولّەی نەماو لەسەر زەوییەکە تـەخت بـوو. ئـاموس بـانتلی هـات و تەماشـای کرد. جیس پێی وت:

ـ ئاه.. ئاموس تۆ بڵێیت بمرێت؟

خاتوو جیس وەك منـاڵ دەسـتی بـە گریـان و هەنـسکدان کـرد، بـەڵام ئـاموس شـانی ڕاوەشاندو وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوەو هـەر تەماشـای لاشـەکەی بـەردەمی دەکـرد کـە لەسەر زەوییەکەدا کەوتبوو.

دوای ئەوەی تۆزێك حاڵی بونار باشبوو، لەشی ڕەقییەکەی نەما، وتی:

ـ دەرمان.. جیس ئوك.. خێراکە بڕۆ دەرمانەکە بێنە.

جیس ئوك دەیزانی سندوقی دەرمانەکە لە نزیك زۆپاکەوەیە، خێرا کوڕەکەی ڕاکێشایە ژوورەوە بۆلای زۆپاکـە، هەرچـۆنێك بـوو تـوانی سـندوقەکە بکاتـەوە. بەتـەواوی هـیلاك و ماندوو بوو. ئەم لە ژیانیدا زۆر سەگی دیبوو کە بـەم شـێوەیەیان لێهـاتبوو، سـەگەکان کـە دەمردن هەر هەمان شێوەی ئەمیان پێوە دیار بوو.

بونار ویستی خۆی دەرزییەکە لە خۆی بدات، بەڵام لەبـەر بـێ هێـزی نـەیتوانی. جـیس دەرزییەکەی لێداو هەمدیسان بێ هۆش کەوتەوە، پاشان کە هاتەوە هۆش خـۆی ڕوویکـردە کچەکەو پێی وت:

ـ جیس ئوك گوێ بگرە چیت پـێ دەڵـێم وا بکـە. لام بمێنـەرەوەو لـێم دوورمەکـەوەرەو دەستم لێوە مەدە. دەبێت زۆر ئارام بم و نەجوولێم، بەڵام هەرگیز نابێت لێم دوورکەویتـەوە. نەڕۆیت. هەروەها نەهێڵێت ئاموس بۆ هیچ شوێنێك بڕوات، دەبێت لێرە بمێنێتەوە.

سەری ڕەزامەندی بۆ جولاند. بونار هەمدیسان بێ هۆش کەوتەوە، کچەکە لای مایەوەو نەڕۆیشت و نەشی دەوێرا دەستی لێوە بدات. ئاموس ویستی بچێت بۆ چێشتخانەکە، بەڵام کچەکە بە تووڕەییەوە سەیری کردو چاوی لێ زەقکردەوە، ئاموس لە ترساندا لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوەو بە تونـدی کەوتەوە قرخەقرخ و کۆکەکۆك.

بونار نووست. ئەو تیشکە ڕووناکییە کەمەی ڕۆژەکە نەماو دنیا تاریك بـوو. ئـاموس هەستا چراکەی داگیرساند، بونار خەبەری بۆوە تاکو بزانێـت ئـاموس نەڕۆیـشتووەو هێـشتا لای ماوەتەوە. دووەم بۆئەوەی چاوی بە کچەکە بکەوێت و تەماشای کردو پێکەنی. ویستی

هەستێتە سەرپێ، بەڵام لە بێ هێزی و بێ تواناییدا نەیتوانی هەستێتە سەرپێ. پێکەنینێکی ساردی کردو بە کچەکەی وت:

ـ جیس ئوك مۆمێك داگیرسێنەو بڕۆ بۆ چێشتخانەکە، لەوێ لەسەر مێزەکە خواردن و قاوەی لێیە بیانهێنە بۆ ئێرە. لەگەڵ خۆشتا تۆزێك ئاوو ویسکی بهێنە، بەتایبەت ویسکییەکەت بیرنەچێت.

بونار پێکێ ویسکی خواردەوەو سندوقی داودەرمانەکەی کردەوەو هەندێ داوو دەرمانی لێ دەرهێناو یەك بە یەك تەماشای کردن. فەحسی خواردنەکەی کردو هەندێ تاقیکردنەوەی کیمیاوی لەسەر کرد، گەرچی ئەو لە قوتابخانەدا لە وانەی کیمیادا زۆر باش نەبوو، بەڵام ئێستا دەیزانی چی دەکات و لەسەرچی تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە دەکات، چونکە بۆی ڕوون و ئاشکرابوو ئەوەی تووشی ئەم بووە لە ژەهراویبوون زیاتر هیچی تر نیە. لە قاوەکەدا هیچ ئاسەوارێکی ژەهراوی نەبینی و لە فاسۆلیاکەشدا هەر نەیبینی، بەڵام زۆر بە سەیری گرنگی بە لێکۆڵینەوەو تێڕوانینی بسکیتەکە دا، بەڵام ئاموس کە هیچی لە زانیاری کیمیا نەدەزانی زۆر بە سەرسوڕمانەوە سەرنجی بونارى دەدا.

جیس ئوکیش هیچی لە کیمیا نەدەزانی، بەڵام زۆر باوەڕی بە زانایی پیاوە سپیپێستەکان هەبوو، بەتایبەت بە ژیریی و زانایی بونار. جیس زیاتر سەرنجی سەروسیمای نیڵی دەدا تاکو بزانێت چی دەکات و سەرقاڵی چیە.

بونار بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات خەریکی کارو تاقیکردنەوەکانی خۆی بوو. ئەوەی دەیویست بیزانێت بۆی ڕوون و ئاشکرا بوو، هەتا خاتوو جیسیش لە هەموو شتێك گەیشت. لە چاوتورکاندنێکدا وەك پڵنگ هەڵمەتی بردە سەر ئاموس و دای بە زەویداو چۆکی خستە سەر سنگی و خۆی بەسەردا شۆڕکردەوەو چەقۆکەی دەرهێنا ویستی گۆشاوگۆش سەری ببڕێت و ملی لێبکاتەوە. ئاموس لە ترساندا زیڕەی کرد. بونار پێش ئەوەی کچەکە ئەو کارە بکات هاواری لێکردو بە کچەکەی وت:

ـ جیس.. کچە باشەکە نەکەیت وازی لێبێنە با بڕوات.

کیژەکە بە قین و تووڕەییەوە دەستی لە ئاموس بەرداو تووڕیدایە ئەولاوە. بونار لێی چووە پێشەوەو شەقێکی تێهەڵداو پێی وت:

ــ ئاموس هەستە هەر ئێستا هەرچیت هەیە کۆی بکەرەوەو بڕۆ ئەمشەو لێرە نەمێنیت.

ئاموس زیڕەی کردو بە ترسەوە وتی:

ـ تۆ مەبەستتە بڵێی کە..

ـ من مەبەستمە پێتبڵێم تۆ ویستووتە من بکوژیت و هەوڵی لەناوبردنی منت داوە. هەر تۆش (بیرد سال)ت کوشتووەو کۆمپانیاکەش وا دەزانێ ئەو خۆی خۆی کوشتووە. تۆ ژەهری (ئەلسترکنین)ت بۆ کردوومەتە ناو بسکیتەکەوەو دەرخواردی منت داوەو ویستووتە من بکوژیت. ئەوە هەر خوا خۆی دەزانێت چۆن چۆنی بیرد سالت کوشتووە! من نامەوێت تۆ بکوژم و لەناوت بەرم، چونکە تۆ ئەوەندەت لە دنیادا نەماوەو لە سەرەمەرگدایت و سەرت لەسەر لێواری گۆڕدا دەلەرزێت. تونتی مایل جێگای هەردووکمانی تێدا نابێتەوە، دەبێت هەر بڕۆیت و ئێرە جێبێڵێیت. نێوان ئێرەو هەولی کروس دوو سەد میلە، ئەگەر نەترسیت دەتوانیت ئەو ماوەیە بە ئاسانی ببڕیت. خواردن و عەرەبانەیەك و سێ سەگیشت دەدەمێ. ئەمە فرسەتێکەو دەدەمێ. دەی بڕۆ تۆ مرۆڤێکی نیوە مردوویت و کۆمپانیاکەش تا بەهار لەم تاوانەی تۆ ئاگادارناکەمەوە، ئەو کاتەش ڕەنگە تۆ مردبیت و نەمابیت. دەی ئێستا بڕۆ لەبەر چاومدا مەمێنە.

هەرکە ئاموس لەچاو ونبوو. بونار بە کچەکەی وت:

ـ تۆش خاتوو جیس برۆرەوە بۆ شوێن و جێگای خۆت.

ـ نیلّ ئاخر تۆ نەخۆشیت.

ـ جیس ئوك بە ڕاستی تۆ کیژێکی میهرەبان و چاکیت، بەڵام هەر دەبێت بـچیتەوە بـۆ ناو خێمەو جێگاکەی خۆت. وتی:

ـ کەواتە تۆ منت خۆشناوێت؟

بونار پێکەنی و بە زەردەخەنەوە دەستی گرت و تا بەردەرگاکە لەگەڵیدا چوو. وتی:

ـ بەڵێ جیس ئوك من تۆم خۆشدەوێت.

دوای ئەوە شەوانی جەمسەری بەستەڵەکی باکور تا دەهات وردەورده ساردترو دڕێژترو تاریکتر دەبوو.

نیڵ هەستی بـە تـاك و تەنهاییـەکی زۆر کـرد. ناچـار جـوابی نـارد بـۆ لای بریکـاری کۆمپانیاکەو داوای پیاوێکی لێکردو لە نامەکەیدا بە بریکارەکەی وتبوو: "تو حەقی خوای ئاسمان پیاوێك بنێرە بۆ لام."

پاش شەش مانگ لە بریکارەکەوە وەڵامی پێگەیشتەوە کە وتبوی: "من خۆم لـە قـاچ کەوتووم و ناتوانم بجوولێم، پێویستم بە پیاوێکە یارمەتیم بدات." لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو خەڵکانی هۆزی تویاتیش لەوێ نـەمابوون و لـەو جێگایـەدا ڕەویـان کردبـوو، چـووبوون بـۆ شوێنێکی ترو بەدوای ڕاوو نێچیردا دەگەڕان و جیس ئوکیشیان لەگەڵدا ڕۆیشتبوو. ئـەویش لە دوای کچەکەو لەبەر دووری ئەو خەریکبوو شێت دەبوو، بۆ بینین و چـاوپێکەوتنی گـڕی تێبەر ببوو، بە پەرۆشەوە ئارەزووی بینینی دەکرد. بەجارێك بێزارو نائومێد ببـوو، ئەوەنـدە بێزاربوو دنیا لە پێش چـاویدا ڕەش ببـوو. لـەو شـەوە ساردوسـەرمایانەدا شـەوانە دەهاتـە دەرەوەو بێهودە ملی ڕێگای دەگرت و دەڕۆیشت.

ڕۆژێکیـان گـورگێکی دۆزییـەوەو لەگـەڵ خۆیـدا هێنایـەوە بـۆ مانّـەوەو خـواردن و خواردنەوەی دایەو وەك مرۆڤێك لەناو جێگاکەی خۆیدا نواندی، بەڵام گورگەکە پەلاماریداو گازی لە لاقی گرت و ئەمیش ناچـار گورگەکـەی کوشـت. بـە تـاقی تـەنهاو بێکـەس لـەو شوێنەدا دەژیا، هەر خەریکبوو شێت و هار دەبوو.

لە ناوەڕاستی زستاندا بوو قەشە (شومبرو) کە قەشەیەکی مەسیحی بوو، لایدایە تونتی مایل و سەردانی بوناری کرد، بوناریش بە گەرمی و شادییەوە پێشوازی کردو بردییە ناو نووسینگەکەیەوەو وەك منالّ لەبەردەم قەشەدا گریا. ئەوەندە گریا قەشەشی کردە گریان. سوێندی بۆ قەشە خوارد کە بەهیچ جۆرێك نەیەلّێت لێرە بڕوات و دوورکەوێتەوە، بەلّام قەشە بە قسەی نەکردو پێی ڕاگەیاند بۆ ئیشوکار دەبێت بچێت بۆ (سولّت وتر)و ناتوانێت بمێنێتەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی بە خەم و پەژارەوە بوناری جێهێشت. پاشان خەلّکانی هۆزی تویات لە سەفەرەکەیان گەڕانەوەو هاتنەوە شوێن و دیاری خۆیان و لەگەلّ خۆیاندا زۆرێکی زۆر فەروەو پێستەو شتی تریان هێنایەوەو جیس ئوکیش هاتەوە بۆ لای بۆئەوەی ئەو شتانەی پێویستین لێی بکڕێت.

بونار وردەورده هاتەوە سەرخۆو دوای هەفتەیەك مانەوە لە نووسینگەکەدا. جیس هەستا بڕوات و جێی بهێلّێت پێی وت:

ــ نیلّ من دەمەوێت برۆم خواحافیز.

نیلّ دوای کەوت و پێی وت:

ـ نا.. نا.. نابێت برۆیت.

کاتێك جیس ئاوڕی بۆ دایەوە چاوی پێ بکەوێت، ڕوویان بوو بە ڕووی یەکترەوە گڕی عەشق کەللەی گەرم کردو دەمی خستە ناو دەمییەوەو لێوەکانی ماچ کرد. تویاتییەکان فێری ماچکردنی ناو دەمیان نەکردبوو، بەلّام کاتێك ماچی ئەو لێوو دەمەی کرا تێگەیشت ماچکردنی دەم مانای چی دەگەیەنێت و بەو ماچە زۆر شادو خۆشحالّ بوو.

بە گەڕانەوەی جیس ئوك ژیانی بونار گەشایەوەو هاتەوە سەرخۆو هۆش و هەست و بیری بوژایەوەو ئاسایی بۆوە. لەو کچەدا هەموو مانایەکی هێزو تواناو هەستی کچێتی تێدا دەبینی.

ڕۆژێکی یەکشەمە قەشە (ساندی ماکفرسون) کە یەکێك بوو لە قەشە مەسیحییەکان هات بۆ تونتی مایل و چوو بۆ نووسینگەکەی (ساندی) بۆئەوەی دوا نوێژی مردوو لەسەر لاشەی برادەرەکەی ساندی بکات، لە دوایدا بە ساندی وت:

ـ کوڕەکەم تۆ ئێستا لێرە بە تاقی تەنهایت و هەر لە تونتی مایلیشدا پیاوێکی وەك تۆی بە تەنها لێیە. ئێوە هەریەکەتان پێویستان بەوی تر هەیە، بڕۆ بۆ لای ئەوو پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکدا بەسەربەرن.

ساندی بە قسەی کرد. بونار بە خۆشییەوە پێشوازی لە ساندی کردو بووە کەسی سێیەم. لەگەڵ جیس و بوناردا وەك خوشك و برای یەکتری بوون بە یەك و پێکەوە خۆشترین کاتیان بردەسەر.

بەهار هات و خۆر تیشکی خۆی بەسەر هەموو لایەکدا پەخش کردو زەویش بەرگە کۆن و شڕەکەی جارانی گۆڕی و بەرگێکی قەشەنگ و نوێی پۆشی. شەو بەتەواوی کورت بوو، بەشێوەیەك تاریکییەکەی هیچ شوێنەوارێکی نەماو دنیا بەتەواوی ڕووناك بوو.

خەڵکانێکی زۆر ڕوویان کردە ناوچەو کۆگاکە، یاریدەدەرێکی نوێش بۆ لای بونار هات و زۆرێکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤارو نامە بەدەست بونار گەیشت. جیس ئوك ترسی لێنیشت و بەمە کەوتە دڵەڕاوکێ و بێ ئارام بوو، چونکە تێگەیشت بونار خزم و کەسوکاری لە شوێنێکی تردا هەیەو بێکەس نیە. لە نامەیەکدا پێیان ڕاگەیاند کە باوکی مردووە، ئەمیش لەبەر ئەو پەیوەندییە خراپەی لەگەڵ باوکیدا هەیبوو، بە مردنی باوکی هیچ خەمبارو دڵگران نەبوو. نامەیەکی تری کردەوە، بینی نامەکە لە سەرەمەرگدا لەلایەن باوکییەوە بۆی نووسراوە، لە نامەکەدا قسەی باش و ئامۆژگاری زۆری بۆ نووسیبوو. نامەی سێیەم لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە بوو کە ئەم ئیشی تێدا دەکردو فەرمانیان پێدابوو کاروباری ئیشەکەی بەرەو ڕووی یاریدەدەرەکەی بکاتەوەو بەزووترین کات بگەڕێتەوە. لە پارێزەرەکەشەوە نووسراوێکی پێگەیشت، لەو نووسراوەدا بە دوورودرێژی باسی ئەو مالّ و

سامان و مولّکانەی بۆ ڕوونکردبۆوە کە باوکی دوای خۆی بۆی جێهێشتووە. باوکی وەسێتی کردووە هەر هەموو سامان و مولّکەکانی بدەن بە کوڕەکەی. دایکیشی نامەی بۆ نووسی و داوای هاتنەوەی لێکردبوو.

نیلّ هەموو شتومەکەکانی خۆی پێچایەوەو خۆی بۆ گەڕانەوە ئامادە کرد. کاتی گەڕانەوەی بە جیسی وت:

ـ جیسی خۆشەویست ئەوەندەم پێناچێت، پێش ئەوەی بەفری یەکەم بەسەر ڕووباری ئەلیۆکۆندا بباریّت من دەگەڕێمەوەو دێمەوە بۆ لات.

یەکتریان ماچ کردو کەوتەڕێ بە ئومێدی ئەوەی هەروەك بەڵێنی پێدابوو بگەڕێتەوە بۆ لای.

نیلّ بونار پێش ئەوەی سەفەر بکات و بگەڕێتەوە ڕێنمایی (جۆن تۆمسۆن)ی کرد کە جیس چەند پارەی دەوێت و چی دەوێت بیداتێ و بێ دڵّی نەکات. هەروەها پێی وتبوو لەسەر قەراخی ڕووباری ئەلیۆکۆن جوانترین و ڕازاوەترین خانووی بۆ دروست بکات، چونکە ئەم بەتەمابوو بگەڕێتەوە بۆ لای لەبەر خۆشەویستی ئەم لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دەیویست ئەو مالّ و سامانە زۆرەی باوکی بۆی جێهێشتبوو لەو ولاّتە دوورەدا لە کارگوزاری سوودبەخش و بەکەڵکدا بیخاتە کارەوەو ببێت بە گەورەترین سەرمایەدارو گەورەترین پیاوی دەڤەرەکە.

کاتێك نیلّ لە جەمسەری بەستەڵّەکی باکورەوە گەیشتەوە ولاّتەکەی خۆی و خەڵکەکە بینییان لێی کەوتنە قسەوباس و کردیان بە گاڵّەو مشتومڕکردن و زۆریان دەربارەی وت، چونکە ئەو چوار ساڵّەی لەو شوێنە دوورو چۆڵ و بەستەڵّەکانیەدا بەسەری بردبوو، لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشی و ناهەمواریانەی لەوێدا بەسەری هاتبوو گۆڕیبووی و کردبوویە مرۆڤێکی ترو ئەو مرۆڤەی پێشوو نەمابوو کە کاتی خۆی لەوێ بوو. برادەرەکانی سەرنجیاندا بینییان بووە بە پیاوو میرخاس و پیاوەتی زۆری پێوەدیارە. ئەو کوڕە نەرم وشل

و تەمەڵ و تەوەزەڵەی جاران نەمابوو کە لەوەوپێش بینیبوویان، ئێستا زۆر لە جاران زیاتر قاڵبووی ژیانەو لە ژیان گەیشتووە، دیدو بۆچوونی بۆ ژیان لە هەموو لایەکەوە گۆڕاوەو لە ژیان باش گەیشتووە.

شارەکەی ئێستای لەبەر چاویدا شارەکەی جارانی نەمابوو، ژیانی پاك و ڕاستی لای ئەو ڕێگای لێبوردن و لێخۆشبوونە، جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی پاککردنەوەی دەروونە لە خراپەو خراپەکاری، لەبەرئەوە پێویستە پیاو هەتا توانای کارکردنی هەبێت بە پاکی بژی و کارەکانی خۆی زۆر بەچاکی جێبەجێی بکات، چونکە کارکردن پاککردنەوەی دەروونە. هەتا مرۆڤ ڕێگای کارکردن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی بە باشی بڕوات خواو دەروونی خۆی لە خۆی ڕازی دەکات. ئا بەو شێوەیە لەگەڵ دۆست و برادەرەکانیدا قسەی دەکرد، برادەرەکانیشی لە جاران زیاتر دەوریان دەداو لە دەوری کۆدەبوونەوە.

ڕۆژێکیان (بکیتی شارون)ی بینی کە کچێکی هاوڕەگەزی خۆی بوو، کچەکە زۆر دەوروخولی دا تا بتوانێ سەرنجی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بەفرباریني یەکەمی سەر ڕووباری ئەلیۆکۆنی بیربباتەوە.

خاتوو جیس ئوکیش چووە ناو خانووە تازەکەیەوەو سێ مانگی هاوینی تێدا بەسەربرد، پاشان پاییز هات و شەوان کورت بوو. کەشوهەوا ساردی کرد، خەڵکەکان تونتی مایلیان جێهێشت و بەرەو باشور کۆچیان کردو لەدوای خۆیانەوە کشوماتی و بێدەنگیان جێهێشت. دواتر وەرزی بەستەڵەك و سەهۆڵبەندان هاتە پێشەوەو ئاوی ڕووبارەکان بەستیان و تاریکایی ترسناك باڵی بەسەر دنیاو ناوچەکەدا کێشا. جۆن تۆمسون یاریدەدەرە نوێیەکە بە جیس ئوك پێکەنی، پێکەنینەکەی بەمانا بوو، بەڵام جیس ئوك شارەزای کەشوهەوای ئەو دەڤەرە بوو. دەشێ نیڵ بونار لە شوێنێك لەنێوان گەلی (شیلکوت)و (سانت میکایل)دا بەستەڵەك ڕێگای لێگرتبێت و گیری خواردبێت و نەتوانێ بێتەوە بۆ لای. جۆن

تۆمسون سەرلەنوێ کە چاوی بە جیس ئوك کەوتەوە، بـە پێکەنینـەوە بـێ ئـەوەی خۆشـی خۆی بشارێتەوە پێی وت:

ـ بونار هەرگیز بۆ ئێرە نایەتەوە.

زۆر بێ ئابڕوانە داوای لێکرد ئەم جێگای ئەو بگرێتـەوە. جـیس ئـوك گاڵتـەی پێکـردو سەرزەنیشت کردو هاتەوە بۆ خانووە جوان و نوێیەکەی خۆی، بـەڵام کاتێـك نیـوەی زسـتان تێپەڕی و هەر نەهاتەوە، سەیری کرد هیچ خواردن و شتێکی نەماوەو دەست بـەتاڵ و هـیچ پارەیەکیشی بەدەسـتەوە نـەماوە. جـۆن تۆمـسونی نەعلـەتیش هـەر بـەدەوری ماڵەکەیـدا دەسـووڕایەوەو دەهـات و دەچـوو، دەسـتەکانی خـۆی هەڵـدەگلۆفت و چـاوەڕوانی دەکـرد. کچەکەش هەرچی سەگێکی هەبوو هەمووی فرۆشت بۆئەوەی خـواردن و بـژێوی خـۆی پـێ دابین بکات، بەڵام جۆن تۆمسون بەو پارانە شتی پێ نەفرۆشت، ناچار خـەڵکانی هۆزەکـەی خۆی ئەو شتانەی پێویستی بووایە بۆیان دەکـڕی و لـە تاریکـایی شـەودا بەدزییـەوە بۆیـان دەبرد.

لە مانگی شوباتدا پۆست گەیشت و جۆن تۆمسون لە ڕۆژنامەی کۆمەڵگادا هەواڵی ژن هێنانی نیڵ بونارو شووکردنی بکیتی شارونی تیادا خوێندەوە. وەك بروسـکە گەیـشتە لای جیس و ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاند، بەڵام جیس بڕوای پێنەکردو دەریکردە دەرەوە.

لە مانگی ئازار- مارتدا جیس کوڕێکی بوو، هەر لەم کـات و سـاتەدا پـاش سـاڵێك نیڵ بوناریش لە کیتی ژنی کچێکیان بوو.

وەرزی زستان تێپەڕی و خۆر سەرلەنوێ دەکەوتەوەو جـیس هەرچـی پـارەو سـامانێکی هەبوو هەر هەمووی خەرج کردو هیچی بەدەستەوە نەما، ناچار خۆی و منـاڵەکەی چوونەوە بۆ ناو هۆزەکەی. سێ کوڕ لە بەهێزترین کوڕانی هۆزەکەی داوایان لێکرد شوویان پێبکات، بەڵام شووی بە کەسیان نەکردو حەزی کرد بە تەنها بـژی و کاروبـاری خـۆی بەڕێوەبـەرێت. هەندێ لەو خشڵ و زێڕانەی هەیبوو فرۆشتی بەوانەی بـەدوای زێـڕدا دەگـەڕان. بـەو پارەیـە

توانی خۆی و منالّەکەی پێ بژێنێت و هەندێ پارەشی پاشەکەوت کرد و بەو پارەیە توانی سواری کەشتییەك بێت و بچێت بۆ سان میکایل. لە چێشتخانەکەی ئەوێدا بوو بە کارەکەرو ئیشی تێدا کرد. ئەو هاوڵاتیانەی لەوێدا لەگەڵیا کاریان دەکرد ڕەوشتە بەرزو منالّە جوانەکەیان زۆر لا پەسەند بوو.

هەرکە زستان کۆتایی هات بەرەو باشور گەشتی کردو کەوتەڕێ، هەتا گەیشتە سنووری (کەنەدا)، پاشان چوو بۆ ئەو نووسینگە دوورو چۆڵەی ساندی مکفرسونی لێبوو. مکفرسون زۆر هەوڵی لەگەڵدا دا بۆئەوەی پاشگەزی بکاتەوەو نەهێڵێت بچێت بۆ (سان فرانسیسکۆ)، دڵنەوایی زۆریشی کرد بۆ ئەو ناخۆشییەی بەهۆی ژنهێنانی بونارەوە بەسەریدا هاتبوو، هەوڵیدا بیری بباتەوە بێ سوود بوو. ناچار لەسەر ئەو داواکارییە زۆرەی دوو بلیتی گەشتکردنی بۆ کڕی و بەڕێی کرد و داوای سەرکەوتنی بۆ کرد.

جیسی ئەو هەموو ڕێگا دوورودرێژەی بڕی هەتا گەیشتە سان فرانسیسکۆ، لەوێ پرسیاری مانّی نیلّ بوناری کردو پیشانیانداو بردیان بۆ مانّەکە. مانّەکە زۆر گەورەو خۆش بوو، ئەوەی دەگەیاند خاوەنەکەی زۆر دەوڵەمەندە. خزمەتکارو کارەکەری زۆری تێدابوو. کە چووە ژوورەو لە ژووری میواندا ڕاوەستا، هەرکە چاوی بەو هەموو شتە جوانە کەوت حەپەساو سەرسام بوو. گەورەیی مانّەکەو گەورەیی شارەکە سەرسامی کرد. دانیشت و سەرنجی دەوروبەری خۆی دەداو بیری لەو هەموو شتە نایابانە دەکردەوە کە لە دەوروبەری خۆی دەیبینی. خانمێك خۆیکرد بە ژووردراو پەتی بیرو خەیانّی جیس ئوکی پچراندو هێنایەوە سەرخۆی. ژنەکە لە سەروسیمایدا نیشانەی ژنە ئەرستۆکراتییەکی پێوە دیاربوو لێی پرسی..

ـ تۆ دەتەوێت میێردەکەم ببینیت؟

جیس ئوك وەك ئەوەی قامچی بکێشێت بە پشت و گیانیدا، یان وەك ئەوەی بروسکەیەك لێبدا ڕاچڵەکی. بەوردی سەرنجی خانمەکەی داو وەڵامی دایەوە..

ـ نەخێر من دەمەوێت نیلّ بونار ببینم.

خاتوونەکە بە پێکەنینەوە وتی:

ـ ئاخر نیلّ بونار مێردی منە.

کەواتە هەواڵەکە ڕاستەو بونار بە ڕاستی ژنی هێناوە، جۆن تۆمسون درۆی نەکرد. هەروەك چۆن کاتی خۆی ویستی ئاموس بانتلی سەربڕێت، ئێستاش هەر هەمان ویست و هەستی بەرامبەر ئەم ژنە هەبوو، حەزی دەکرد گۆشاوگۆش سەری بڕێت و لەناوی ببات.

خاتوونەکە وتی:

ـ هەر ئێستا مێردەکەم بۆ ئێرە دێت.

هەر دوو ژنەکە پێکەوە دانیشتن و لەگەڵ یەکدا دەربارەی زۆر شت پێکەوە دوان و کەوتنە گفتوگۆکردن. ژنەکەی نیلّ وتی:

ـ ئایا لە جەمسەری باکوردا تۆ مێردەکەمت ناسی؟

ـ بەڵێ جلەکانیم بۆ دەشوشت.

ـ ئەی ئەم کوڕە.. کوڕی خۆتە؟ منیش کچێکی بچووکم هەیە.

خاتوونەکە کچەکەی خۆی بانگ کردو هەردوو منالّەکان پێکەوە کەوتنە گەمەکردن.

دوو خانمەکەش چایان دەخواردەوە. جیس کوپی چاخواردنەوەکەی زۆر لا جوان و ناسك بوو، چونکە لە ژیانیدا شتی وا جوان و ناسکی نەدیبوو. لە دڵی خۆیدا کەوتە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی نێوان ژیانی خۆی و ژیانی ئەم خاتوونەو نێوان چۆنێتی بژێوی خۆی و شێوازی ڕێ وشوێنی خۆی و ئەم. تێگەیشت خۆی تیاچووەو ناگاتەوە ئەم. هەر ئەم خاتوونە شیاوی ئەوەیە سەرپەرشتی و چاودێری منالّەکانی نیلّ بونار بکات، هەروەها میللەت و خانەوادەی ئەم خاتوونە زۆر شارستانیترن لە میللەت و خانەوادەکەی خۆی. ئەم خاتوونە لە خۆی زۆر پێشکەوتووترو شارستانیترە، زۆر چاکترو شایانترە بۆ نیلّ بونار. پاشان

سەرنجی نەرم و نۆڵی و ناسکی ئەم خاتوونەی داو لەگەڵ زبری و نـەرمی خۆیـدا بـەراوردی کرد.

کتوپڕ نیلّ بونار هات و چاوی بە جیس کـەوت، بـێ ئـەوەی بـشلّەژێت، بـە دەنگێکـی هێواش و لەسەرخۆ وتی:

ـ جیس ئوك ئەوە تۆیت لێرە؟!

کچە هیندییەکە وتی:

ـ مەرحەبا نیلّ. دیارە تۆ ئێستا لێرە لە خۆشترین ژیاندایت.

پێش ئەوەی وەلاّم بداتەوە سەرنجێکی دەموچاوی هەردوو خاتوونەکەی دا تاکو تێبگات و بزانێت پێش هاتنی ئەم باسی چیان کردووە؟ پاشان وتی:

ـ جیس من بە بینینت زۆر شادومان بووم. ئێستا حالّت چـۆنە؟ ئایـا کانـت دۆزییـەوە؟ کەی هاتیت؟

ـ ئەمرۆ هـاتم و کانیـشم نەدۆزیووەتـەوە، بـەلاّکو لـە چێـشتخانەی (کـابتن مارکـایم)دا کارەکەر بووم و هەندێ پارەم کـۆکردەوەو هـاتم بۆئـەوەی ولاّتـی سپیپێـستەکان ببیـنم. بـە ڕاستی ولاّتێکی خۆش و جوانە.

قسەکانی دلّپاکی و ڕاستگۆییەکی تەواوی پێوە دیاربوو. بونـار شـلّەژابوو، نەیـدەزانی چی بکات، چونکە نەیدەزانی لە پێشدا چی بە ژنەکەی وتبوو! لە قسەو باسەکانیاندا باسـی چیان کردبوو!

بکیتی بە جیسی وت:

ـ کاتێك بیردەکەمەوە لە ئالاسـکادا تـۆ مێردەکـەمت ناسـیووە، لـەو ڕێکەوتـە سـەرم سوڕدەمێنێت!

جیس کە گوێی لە وشەی (ناسیوە) بوو وەك چۆلەکەی بالّشکاوی بـەر بـاران ڕاچـلّەکی، حەزی نەکرد گوێی لەو وشەیە بێت و توانای بیستنی نەبوو.

تەماشای منالّەکەی کرد، ئەو منالّەی پارچەیەك بوو لە جەرگی باوکی، کیتی ویستی منالّە بچکۆلەکە ماچ کات، بەلاّم منالّەکە وەك ئاسکە کێوی لێی دوورکەوتەوەو نەیهێشت ماچی بکات.بونار لێی پرسی..

ـ جیس ئوك ئەمە کوڕتە؟

پاشان کیتی ڕوویکردە منالّەکەو لێی پرسی..

ـ ناوت چیە؟

منداڵەکە وەك تێڕوانینی گەورەیەك تەماشای کرد، ئەو تەماشاکردنەی ئەوەی دەگەیاند ئەو سیفەتەی لە هیندییە سورە بەهێزەکان و نیڵ بونارەوە بە بنەچە بۆی ماوەتەوە وەلاّمی دایەوە..

ـ نیڵ.

جیس گورج وتی لە ڕاستیدا ناوی (نیاڵ)ەو لە شێوەی زمان و قسەکردنی هیندییەکاندا بەو شێوە دەوترێت. ئەم نازانێت ناوەکەی خۆی بە ڕاستی بڵێت.

نیڵ بونار لە مەبەستەکەی گەیشت. قسەکانی وەك مەڵحەمێك وابوو کە بخرێتە سەر برین و ساڕێژی بکات، زۆری پێ خۆش بوو، چونکە بۆی دەرکەوت کچە هیندییەکە نهێنیەکەی خۆی لای ژنەکەی نەدرکاندبوو.

بکیتی وتی:

ـ ئەی باوکی بێ شك دیارە باوکیشی پیاوێکی گەورەو ناوداراە.

جیس وەلاّمی دایەوە..

ــ بێگومان.. بێگومان باوکی پیاوێکی گەورەو ناوداراە.

خاتوو بکیتی لە میّردەکەی پرسی...

ـ ئەی تۆ باوکی ئەو منالّە دەناسیت؟

وەلاّمی دایەوە..

ـ بێگومان دەیناسم.

دوای ئەوە جیس ئوك لەگەڵ کوڕەکەیدا گەڕانەوە بۆ ولاتەکەی خۆی و لە خانووە نوێیەکەی خۆیدا دانیشت.

نووسینگەی تونتی مایل پێیراگەیاند لە کۆمپانیاکەیانەوە ڕێنماییان بۆ هاتووە هەرچی مـاڵ و سـامان و خـواردن و جلوبـەرگێکت پێویـست بێـت و هەرچـیت بوێـت بـێ هـیچ لێپرسینەوەیەك پێشکەشت بکەین و بتدەینێ و دەبێت ساڵانە نووسینگەکەش بـڕی پێـنج هەزار دۆلاریشت بداتێ.

---

# کۆمەڵی پیران

لە یەکێك لە بنکە سەربازییەکاندا دادگایی تاوانبارێك دەکرا. تاوانبارەکە پیرەمێردێکی هیندی سوری خەڵکی (هوایت فیش ڕیفر) بوو، کە کەوتبووە سەر ڕووبارى (یۆکۆن) لە نزیك دەریاچەی (لیبارج)ەوە. ئەویش ئەو تاوانبارە خوێنڕێژە بەناوبانگە بوو کە دەستی بە خوێنی ژمارەیەکی زۆر سور ببوو.

ئەو خەڵکانەی لە قەراخ شەقامەکان دانیشتبوون و سەیلیان دەکێشا، یان لە دەوری زۆپاکاندا دانیشتبوون و خۆیان گەرم دەکردەوە، باسی ئەو ژمارە قوربانیە زۆرو بێ تاوانانەیان دەکرد کە ئەو پیرەمێردە بە ناحەق کوشتبوونی و خوێنی ڕژاندبوون. ئەو قوربانیانە هەر هەموویان لە کەسانی سپیپێستەکان بوون، کە بێ هۆو بێ تاوان کوژرابوون، ئەمە وای لە خەڵکانی ئەو ناوچەیە کردبوو هەردەم هاوارو بێزاری لە دەست ئەو تاوانبارە دەربڕن، گەرچی پۆلیس بەردەوام بەدوای ئەو تاوانبارە نەناسراوانەوە بوو. هەتا دوای ئەوەشی کە سەربازیش هاتە ناوچەکەو دادوەریش دانرا بۆئەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ دەقەرەکە بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەوەی ببووە جێگای سەرنج و مێشکی خەڵکی تێکدابوو ئەوەبوو (ئەیبر)ی تاوانبار خۆی بەپێی خۆی هاتبووە شاری (داوسون)و خۆی بەدەستەوە

دابوو. ئەویش لە کۆتایی بەهاردا بوو، لەو کاتەی بەستەڵەك چۆڕەچۆڕی دەکەوێتە بن و خەریکی تواندنەوە دەبێت.

کابرای هیندی زۆر بەگران بەو دیوارەدا هەڵگەڕا کە ڕێڕەوی ڕووبارەکەی لە ڕێگاکە جیا دەکردەوە. بێ ئەوەی گوێبداتە هیچ شتێك بێ ترس بە شەقامە سەرەکییەکەدا ڕەتبوو.

کابراکە پیاوێکی لاوازو لات و ماندوو هێزلێبڕاو بوو، کۆمەڵە داریکی بینی لە قەراخ شەقامەکەوە کەوتبوو، چوو لەسەر دارەکان دانیشت، ڕۆژێکی تەواو بێدەنگ لەسەر ئەو دارانە دانیشت و سەیری ئەو سەروسیما سپییانەی دەکرد کە بە بەردەمیدا ڕەت دەبوون، ئەو خەڵکانەش ئاوڕیان لێدەدایەوەو تەماشایان دەکرد بێ ئەوەی بزانن ئەم کابرایە کەسێکی ئاسایی وەك ئەو خەڵکانە نیە.

تەنها (لیتڵ دیکنسۆن) لە ڕاستی و حەقیقەتی ئەم (سیواشی)یە پیرە گەیشت. ئەم دیکنسۆنەش کوڕێکی گەنج بوو. کاتی خۆی هاتبووە ئەم ناوچەیەوەو پارەیەکی زۆری لە گیرفانەدابوو بەهیواو ئومێدێکی زۆرەوە ڕوویکردبووە ناوچەکە، بەڵام زۆری نەخایاند پارەکەی نەماو کۆتایی هات و لەگەڵ لەدەستچوونی سامانەکەیدا هەرچی ئاوات و ئومێدێکیشی هەبوو هەر هەمووی نەماو بەهەدەر چوو. لەبەر نەبوونی پارە لە گیرفانەکانیدا نەیتوانی بۆ شارەکەی خۆی بگەڕێتەوە، ناچار لە کۆمپانیای (هولڵبروك و مایسۆن)دا بوو بە فەرمانبەرێکی بچووك و لەوێدا دامەزرا.

کۆمەڵە دارەکەی پیرەمێردەکەی لەسەر دانیشتبوو لەوبەری کۆمپانیاکەوە بوو، تەنها نێوانیان شەقامەکەی بەردەمیان بوو. دیکنسۆن پێش ئەوەی بچێت بۆ نانخواردن پیرەمێردی بینی لە سەرداڕەکان دانیشتووە، کە گەڕاشەوە پیرەمێردی بینی هێشتا لەسەر دارەکان لە شوێنەکەی خۆیدا هەر دانیشتووە. دیکنسۆن لە پشتی پەنجەرەکەوە ڕاوەستاو سەرنجی پیرەمێردە هیندییەکەی داو چاودێری کرد. چەند سەعاتێك تێپەڕی و ئەیمبر هەر لە شوێنەکەی خۆیدا دانیشتبوو، نەدەجوڵا، بستێك لە شوێنەکەی خۆیدا دوورنەدەکەوتەوە،

دەتـوت پەیکـەرێکی دارو بـەردە لـە شـوێنەکەی خۆیـدا چـەقیبوو. دیکنسـۆن بـیری ئـەو کابرایەی کەوتـەوەو شـێوەکەی هاتـەوە پـێش چـاوی کـە ڕۆژێکیـان وەك ئـەم دانیـشتبوو، خەڵکی بێ گوێپێدان بەلایدا ڕەت دەبوون و گوێیان پێ نەدەدا، بەڵام پاش چەند سـەعاتێك لێیچوونە پێشەوەو قسەیان لەگەڵدا کرد، وەڵامی نەدانەوە، دەسـتیان تێـوەدا بینییـان وەك بەفر ساردەو ڕۆح لە لاشەیدا نەماوە، هەموو لەشی بەستبووی و ببووە شەختە، ناچار خێرا خـستیانە نـاو دەسـتەبەرەیەکەوەو بردیانـە نزیـك ئاگرێکـەوە هـەتا شـەختەکە بتوێتـەوە. دیکنسۆن کە ئـەو بەسـەرهاتە ناخۆشـەی بیرکەوتـەوە لـە شـوێنەکەی خـۆی ڕاپـەڕی و لـە نووسـینگەکە هاتـە دەرەوەو جگەرەیـەکی کێـشا. ئەوەنـدەی نەخایانـد خـاتوو (ئـەمیلی ترافیس)ی بەلادا ڕەتبوو. ئەمیلی کچێکی زۆر جـوان و دەوڵەمەنـد بـوو. کـچی پیـاوێکی ملیۆنێر بوو. دیکنسۆن هەرکـە کـچەکەی بینـی شـەبقەکەی داکەنـدو جگەرەکـەی لەسـەر لێواری پەنجەرەکە داناو لێیچووە پێشەوەو سلاوی لە کیژە جوانەکە کرد. لە کاتێکدا ئەمان پێکەوە قسەیان دەکرد، ئاوڕیان دایەوە بینییان ئەیبر لە شـوێنەکەی خـۆی هەسـتاو بـەرەو ڕوویان هات. نیشانەی ماندووبوون و برسێتی بە سیمایەوە دیاربوو، لەبەردەمیاندا وەسـتاو تەماشای کچەکەی کرد. دیکنسون لێی پرسی..

ـ ها چیت دەوێت؟

بـەڵام ئـەیبر لـە ئـەمیلی چـووە پێـشەوەو بـەوردی لـە تەوقەسـەرییەوە تـا قولـەپێی سەرنجیداو تەماشای کرد، زیاتر بەتایبـەت سـەرنجی ئـەو قـژە ڕەشـە ئاوریـشمییەی دا کـە بەسەر شان و ملیدا شۆڕببۆوە، تەماشای ئەو دوو کولّمە خرپنە ناسك و لووسـەی کـرد کـە دەتوت باڵی پەپوولەیەو شەونم تەڕی کردوە. ئینجا بەدەوریدا سوڕایەوە وەك چـۆن کەسـێك ئەسـپێك دەکرێـت و بـەوردی سـەرنجی دەدات. ناوبـەناو دەوەسـتاو سـەرنجی ئـەو جوانییـە دڵڕفێنەی دەداو تەماشای دوو چاوە شینەکانی دەکرد، پاشان دەستی خـستە سـەر قـۆڵی و بە دەستەکەی تری بەرزیکردەوەو قۆڵی بۆ دواوە چـەماندەوە، کـە ئـەوەی کـردو ڕووی گـرژ

کردو سەرسامی لە سەرو سیمایدا دەرکەوت و دەستەکانی بەرداو چەند قسەیەکی کردو پشتی تێکردو ڕووی دەم و قسەی کردە دیکنسۆن، بەڵام دیکنسۆن لە قسەکانی نەگەیشت و ئەمیلی ترافیس دەستی بە پێکەنین کردو تەماشای دەکرد، خەریکبوو بڕوات و جێیان بهێڵێت، بەڵام ئەمیلی بانگی کرد..

- جیمی وەرە.

جیمی لەوبەری شەقامەکەوە بوو، بەرەو لایان هات. جیمی هیندییەکی سوری بالآبەرز بوو، ئەو جلانەی لەبەریدابوو وەك جلەکانی پیاوە سپیپێستەکان بوو، شەبقەیەکی لباویشی لەسەردا بوو، جیمی و ئەیمبر پێکەوە چەند قسەیەکیان کرد. جیمی ڕوویکردە ئەمیلی و پێی وت:

- دەیەوێت سەرۆکی پیاوانی سپیپێستەکان ببینێت.

دیکنسۆن پرسی..

- مەبەستی لەوەیە چاوی بە دادوەر بکەوێت؟

جیمی هەمدیسان لەگەڵ پیرەمێرددا کەوتەوە قسەو دەموچاوی دابەیەکداو وتی:

- وابزانم دەیەوێت چاوی بە کابتن (ئەلکسەندەر) بکەوێت. دەڵێت من کەسانێکی زۆرم لە پیاو و ژن و منالآنی سپیپێستەکان کوشتووەو دەڵێت دەمەوێت بمرم و نەمێنم.

دیکنسۆن وتی:

- لەوە دەچێت ئەمە شێت بێت.

جیمی لە مەبەستی نەگەیشت. ئینجا دیکنسۆن پەنجەی بەسەر سەری خۆیدا سووڕاندەوە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند ڕەنگە پیرەمێرد شێت بێت، بەڵام جیمی لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیەیدا نەبوو.

پۆلیسێك بە سواری ئەسپەکەیەوە لێیان نزیك بۆوەو لە مەسەلەی ئەیمبری پرسی. پۆلیسەکە لاوێکی بەهێزو بالآبەرزو جوان و چاونەترس بوو. سیمایەکی جوانی هەبوو.

دەموچاوی زۆر لە دەموچاوی کچێکی جوان و شۆخ دەچوو، لەوەش دەچوو شانازی بکات و خۆی بەو کارەوە بنوێنێ کە پێیان سپاردبوو. ئەیمبر لەو ئەسپەی کە پۆلیسەکە لەسەر پشتی بوو چووە پێشەوەو دەستی بەسەر پشت و ملیدا دەهێنا. خەڵکانێکی زۆریش کە بەوێدا ڕەت دەبوون لێیان کۆببوونەوەو تەماشایان دەکردن. ئەیمبر چاوێکی بەناویاندا گێڕاو چەند قسەیەکی کرد. خەڵکەکە لە قسەکانی نەگەیشتن. پۆلیسەکە بەو هەڵوێست و حاڵەی پیرەمێردەکە دەڵگران بوو، وتی:

ـ بێ شك ئەم پیاوە لە حاڵەتێکی نائاساییدایە. دەیبەم بۆ لای کابتن بۆئەوەی فەحسی بکات و قسەی لەگەڵدا بکات. جیمی پێی بڵێ با دوامکەوێت.

کاتێك جیمی قسەکانی پۆلیسەکەی پێ ڕاگەیاند، ڕووی ئەیمبر گەشایەوەو پێخۆشحاڵ بوو. ئەمیلی ترانیس بە جیمی وت:

ـ جیمی لێی بپرسە کاتێك قۆڵمی بادا ئەو قۆڵبادانە مانای چی بوو؟

وەڵامی دایەوە..

ـ ئەوە مانای ئەوەیە پێویست ناکات لێی بترسیت و دەڵێت. تۆ وەك منااڵێکی بچکۆلە لاوازیت و هەموو ئەوانەش لە توخمی تۆن وەك تۆ زەعیف و لاوازن. ئەوەی لا سەیرە کچێکی وەك تۆ چۆن دەتوانێت منااڵی ببێت و ئەو منااڵانە بن بە پیاوی گەورەو بەهێز وەك ئەم پۆلیسە؟!

ئەمیلی حەپەساو دیکنسونیش شڵەژاو کەوتە هەڵوێستێکی خراپەوە. پۆلیسەکەش کوڵمەکانی سور هەڵگەڕاو ئاوڕی بۆ ئەیمبر دایەوەو بەسەر ئاماژەی بۆ کرد کە دوایکەوێت و بەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا کەوتنەڕێ و ڕۆیشتن.

ئا بەم شێوەیە ئەیمبر لە ڕێگای خۆیەوە بنکە سەربازییەکەی دۆزییەوەو کەوتەڕێ و لەوێدا بێ ئەوەی زۆری لێبکرێت قسەی خۆی کردو بەتەواوی و بەڕاشکاوییەوە دانینا بە هەموو ئەو تاوانانەی کردبووی، ئەو دانپیانانەی بەرەو ژیانی کۆتایی ڕاپێچی دەکرد.

نیشانەی ماندووبوون و هیلاکی بەتەواوی بە سەرو سیمای ئەیبرەوە دیاربوو. نائومێدی و ماندووبوون و پیری و تەمەندرێژی هیلاکی کردبوو، بێ هێزو بێ توانا ببوو، چاوەکانی بەقوولڵدا چووبوو، تووکی سەری ڕەنگی پێوە نەمابوو، هەتاو سووتاندبووی، بێ هۆش و بێ ئاگا، چاوی بڕیبووە پێش خۆی و کەوتبووە خەیاڵێکی قوولەوە ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەمابوو، گوێی بە هیچ نەدەدا.

هۆڵی دادگاییەکە پڕبوو لەو پیاوانەی کە لە هەموو شوێن و لایەکەوە بۆ بینینی دادگاییەکە هاتبوون و بە چڕپە لەگەڵ یەکدا قسەیان دەکردو ئاماژەیان بۆ ئەیبر دەکرد کە لە نزیك پەنجەرەکەوە بێدەنگ و خەمبار دانیشتبوو چاوی دەگێڕاو تەماشای دەکرد.

ئاسمان هەور داپۆشیبوو، باران دەباری. وەرز وەرزی لافاوی ڕووباری ئەلیۆکۆن بوو. بەفر توابۆوەو ئاوەکەی دەهاتە خوارەوەو لافاوی دروست کردبوو. بەلەمە بچووکەکان دەهاتن و دەچوون و ڕووبارەکەیان دەبڕی، زۆرجار ئەیبر ئەو بەلەمانەی دەبینی لایان دەداو نزیك بنکە سەربازییەکە دەبوونەوەو سەرنشینەکانی لێ دادەبەزین و خۆیان دەکرد بەناو ئەو جەماوەرە زۆرەی هاتبوون بۆئەوەی تەماشای ئەو دادگاییە بکەن کە لەوێدا دەکرا.

هەرچی دەچووە هۆڵی دادگاییەکەوە تەماشایەکی ئەیبری دەکرد. ئەو تەماشاکردنەیان پێخۆشبوون و شادی دەگەیاند بۆ ئەو پاداشت و تۆڵەیەی کە لێی دەکەنەوە لە ئەنجامی ئەو کردەوە ناڕەوایانەی کردبووی. ئەویش بیرو خەیاڵی لەو خەڵکە سپیپێستانەو شێوەی ژیانە جەنجاڵ و نائارامییەکانیانی دەکردەوەو بیری لەو یاسایانەیانی دەکردەوە کە چاو لە هیچ کەس و شتێك ناخەفێنێ.

پیاوێك بە توندی کێشای بەو میزەی لەبەردەستیدا بوو، هەموو خەڵکەکە بێدەنگ بوون، ئەیبر هاتەوە هۆش خۆی. تەماشایەکی کابراکەی کرد، بینی کابرایەکی بەشکۆو ڕێزدار بوو. لە تەنیشتیەوە لەسەر میزێکی تر پیاوێکی تر دانیشتبوو، گەورەیی پێوە

دیاربوو، ئەیمبر لە دڵی خۆیدا وتی: "بێ شك دەبێت ئەم پیاوە گەورەو سەرداری هۆزی سپییەکان بێت.

پیاوی سێیەم هەستایە سەرپێ و چەند پەڕە کاغەزێکی زۆری بە دەستەوە بوو. بە دەنگێکی بەرز دەستی بە خوێندنەوەی پەڕە کاغەزەکان کرد. ئەیمبر لە یەك وشەی ئەو قسانە نەگەیشت. هەندێ لە جەماوەرانیش تێنەگەیشتن، بەڵام ئەیمبر سەرنجی ئامادەبووانی دەدا، ناوبەناو تووڕەیی و بێزاریی و قینی زۆریان دەردەبڕی، هەتا وایلێهات پیاوێك دەستی بە جوێندان و قسەی ناشرین کرد. ئەو پیاوەی لەسەر میزەکە دانیشتبوو بێدەنگی کردو نەیهێشت لەوە زیاتر جوێن بدات. پیاوەکە زۆری خوێندەوە، ئەیمبریش چوبووە خەیاڵەوە کاتێك بەئاگا هاتەوە پیاوەکە لە خوێندنەوەی ئەو پەڕە زۆرانە ببووەوە کە بە دەستییەوە بوو، ئەمیش لە یەك پیتی نەگەیشت، گوێی لە دەنگێك بوو بە زمانە ئەسڵییەکەی خۆی قسەی لەگەڵدا دەکات، ئاوڕی لێدایەوە بینی کوڕی خوشکەکەی خۆی بوو، ئەویش گەنجێك بوو کاتی خۆی هۆزەکەی خۆی جێهێشتبوو. زۆر شوێن گەڕابوو، پاشان لەگەڵ سپیپێستەکاندا مایەوەو لەگەڵیاندا ژیا. کوڕە گەنجەکە بە ئەیمبری وت:

ـ تۆ من ناناسیت؟

ـ تۆ (هاوکن)یت، کە ڕۆیشتیت و وازت لە ئێمە هێناو دایکیشت مرد.

ـ دایکم ژنێکی پیر بوو.

ئەیمبر ڕووی لێوەرگێڕاو تەماشای نەکرد.

هاوکن دەستی خستە سەر شانی خاڵی پێی وت:

ـ پیاوە سپییەکە چی وتووە بۆت باس دەکەم. ئەوەش بریتیبوو لەو کێشانەی خۆت کردبووت. شێتە ئەوانە خۆت بە دەمی خۆت بۆ کابتن ئەلکسەندەرت باس کردووە، ئێستاش دەبێت یا بەتەواوی دان بەو تاوانانەدا بنێیت، یان ئەوەتا حاشایان لێبکەیت.

ئـەم هاوكنـە چـەند سـاڵێك بـوو لەگـەڵ سپیپێـستەكاندا دەژیـاو خوێنـدن و نووسـین و زمانەكەیان فێر ببوو. ئەو پەڕانەی بۆ ئەیمبر خوێندرابۆوە بە دەستیەوە گرت، هەرچـی تێـدا نووسرابوو بۆی وەریگێڕایە سەر زمانەكەی خۆیان. ئەیمبریش بەند بە بەند سەری ڕازیبـوونی بۆ دەلەقاندو ڕەزامەندی دەردەبڕی. كاتێك هاتە سەر ئەو بەندەی كە تیایدا دەیـوت: "لـەو سااڵەداو پێش تواندنەوەی شەختەو سەهۆڵبەندان، پیاوێكی پیرم كوشت، لەگەڵ ئـەو پـیرەدا منااڵێكی شەلی لەگەڵدا بوو منااڵەكە دەستی بە هاوارو گریان كرد." ئـەیمبر قـسەكانی پـێ بڕی و وتی:

ـ بەڵێ ئەوە ڕاستە منااڵەكە زۆر گریاو پاش ماوەیەكی زۆر ئینجا مردو ڕۆحی دەرچوو. هاوكن ئەمە كێ پێی وتوویت؟ خـۆ مـن ئەمـەم تـەنها لای گـەورەی سپیپێـستەكان بـاس كردووەو لەو زیاتر لای كەسی تر باسم نەكردووە!

هاوكن تووڕە بوو، سەری بادا، سەیری نەما، وتی:

ـ شێتە ئەی پێم نەوتیت ئەمە هەموو لەو كاغەزانەدا نووسراوە؟

پیرەمێرد سەیرێكی ئەو كاغەزانەی كرد كە بە دەسـتی كـوڕی خوشـكەكەیەوە بـوون. وتی:

ـ تۆ تەماشای ئەو پەڕە كاغەزانـە دەكـەیت و پیایـدا دەگـەڕێیت وەك چـۆن ڕاوچـییەك بەدوای كەرووێشكدا دەگەڕێت، ڕاوچیش تەماشای پاشماوەی جێپێكانی دەكات و دەڵێـت: " دوێنێ لێرەدا بوو، ئەمڕۆ بەوێدا ڕەت بوو، بـازێكی بـەرزی داوە. لێـرەدا دیـارە ڕاوچـییەك بینیویەتی و دوای كەوتووە." هەروەك چۆن ڕاوچی تەماشای پاشمـاوەی سـەر بـەفر دەكـات تۆش ئاوا تەماشای ئەو نوقتە ڕەشانە دەكەیت كە لەسەر ئەو كاغەزانەی بـەردەمتا وێنـەی كێشراوەو دەڵێیت ئەیمبر وایكردو ئەیمبر ئەوەی كردووە.

هاوكن لێی تووڕە بوو پێی وت:

ـ بەسە.. بێدەنگ بە. گوێ لەوە بگرە کە بۆت دەخوێنرێتەوە. لەناو دەمتا زمانە ژنانییەکەت بگرە هەتا داوای قسەکردنت لێدەکەن.

ئیمیر بێدەنگ بوو. هاوکن بەردەوام ئەو تاوانانەی دەخوێندەوە کە ئەیمیر کردبووی هەتا کۆتایی هات.

ئینجا نۆرەی قسەکردنی ئەیمیر هات.

ـ هاوکن گوێ بگرە، ئێستا نۆبەی قسەکردنی منە، من پیربووم و بیرەوەریشم لاواز بووەو زۆر شتم بیرچووە بە گەورەی سپییەکان بڵێم.

ئەوە کاتێك بوو کە پیاوێکی سپیپێست لە چیا پڕ بەفرەکانەوە هات و تەڵەی ئاسنی پێبوو، دەیویست لە خاکی خۆماندا لەسەر ڕاوکردن ململانێ و جێمان پێ لێژ بکات. سەرم بڕی. دوای ئەو سێ پیاوی تر هاتن لە گوندەکەی ئێمەدا بەدوای کانی زێڕدا دەگەڕان، ئەو سێ پیاوەشم سەربڕی و لاشەکانیانم بۆ گورگەکان جێهێشت. لە شوێنێکی تردا پیاوێکی ترم بینی گۆشتی زۆری پێبوو ئەویشم...

هەر لەو کاتەی ئەیمیر بەسەرهاتی ئەو کردەوە درندانەی خۆی دەگێڕایەوە. نووسەری دادگاش ئەو قسەو دانپیانانەی ئەیمیری دەنووسی و جەماوەریش لە هۆڵی دادگادا بێدەنگ گوێیان گرتبوو.

وتی:

ڕۆژێکیان پیاوێکی سەر سوری چاوشینم بینی. بەو تفەنگەی بە دەستمەوە بوو فیشەکێکم پێوەناو کوشتم.

لەناو ئامادەبووانی جەماوەرەوە یەکێك هاواری کرد..

ـ ئەی شەیتان قژی سور بوو؟ ئەوە (بێل)ی برای من بوو.

پیاوەکە هەر هاواری دەکردو دەیوت: "شەیتان.. هەی شەیتان" بێ ئەوەی کەس بێدەنگی بکات، هەتا ئەو پیاوەشی لە پشت میزەکەوە دانیشتبوو چەکوشەکەی بە دەستەوە بوو بێدەنگی نەکرد.

ئەمیر سەری خستە ناو لەپی دەستەکانیەوەو کەوتە ناو خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی قوواڵەوە، هەروەك ئەوەی شریتێك بێنێتەوە پێش چاوی خۆی و هەموو تاوانەکانی لەسەر تۆمار کرابێت.

هاوکن پێی وت:

ـ ئەمیر هەڵسە ئێستا داوات لێدەکەین ئەوەمان بۆ باس بکەیت بزانین ئەو هەموو تاوانانەت بۆچی کردووە؟ بۆچی ئەو هەموو خەڵکانەت کوشتووە؟ بۆچی ئێستا هاتوویت بۆ ئێرەو خۆتداوە بەدەستەوە تا پاداشت و تۆڵەی ئەو هەموو تاوانانەت لێبکەنەوە؟

ئەمیر هیلاك و ماندوو هەستایە سەرپێ، بە دەنگێکی نزمەوە بە شەکەتی بەملاولادا دەکەوت.

هاوکن بە ئینگلیزی بە دادوەری دادگای وت:

ـ ئەم کابرایە شێتە. وڕێنە دەکات، دەڵێیت منااڵی بچووکە قسە دەکات.

قازی وتی:

ـ ئێمەش وەك منااڵێکی بچووك گوێ لە قسەکانی دەگرین، چ قسەیەکیش بکات ئێمە گوێی لێ دەگرین. تێگەیشتیت؟

ئەمیر بەهۆی ئەو ئیشارەتانەی لەنێوان قازی و کوڕە خوشکەکەیدا ڕوویدا لە قسەکانی نێوانیان گەیشت. دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی و ئەندامانی دادگاو جەماوەری ئامادەبووانیش وەك خۆڵی مردوویان کرابێت بەسەردا بێدەنگ دانیشتبوون گوێیان لە قسەو بەسەرهاتە دوورودرێژە سەیرەکەی گرتبوو. وتی:

ـ من ئەیبرم و لە هـۆزی هوایـت فیـشم. بـاوکم نـاوی (ئۆسـتباوك)ە، بـاوکم پیـاوێکی بەهێزو نەترس بوو، لە کاتی منالّیمدا ڕۆژ ڕووناك بوو. خەڵکی نەیدەزانی برسـێتی چـۆنە، هیچ جۆرە قسەو دەنگێکی نـامۆ بـە گوێمانـدا نەدەبیـسترا. بـاوو باپیرانیـشمان هـەر بـەو شێوەیە لەمەوپێش ژیابوون. ژنانمان سۆزو خۆشەویستیان لە دڵ و چاوی لاوەکانـدا دەبینـی، لاوەکـانیش لەگـەڵ ژنەکانـدا بـە خۆشـی و شـادییەوە دەژیـان. ژنـان گرنگـی زۆریـان بـە پەروەردەی منالّەکانیان دەدا. پیاوانیش لەو ڕۆژانەدا بەتواناو بەهێز بوون. لە کاتی برسێتی و تێری و شەڕو ئاشتی و خێرو خۆشی و ناخۆشی، بـوون و نەبوونیـدا لەگـەڵ یەکـدا پیـاوی ڕاستی بوون. لـەو ڕۆژانـەدا ماسـی لـە ئاوەکانـدا لـە چـاو ئێـستادا زۆر زۆرتـر بـوون. لـە دارستانەکاندا گۆشتی نێچیر لە چاو ئێستادا زۆر زۆرتر بـوو. ئـەو کاتانـە سـەگەکانمان وەك گورگ بەهێز بوون و لەبەردەم زریانی زستان و هەتاوی بەتیندا خۆڕاگر بوون. کاتێك هـۆزی (ئەلبلیز) ویستیان زەوی و مالّەکانمان داگیر بکەن، باپیرانمان لێیـان ڕاپـەڕین و بـەرەنگاریان بوونەوەو لەگەڵیاندا کەوتنـە شـەڕەوەو هـەر هـەمووپانیان سـەربڕی و کوشـتیانن و لەسـەر زەویدا نەیانهێشتن و لـەناویان بـردن. هـەروەك سـەگەکانمان بـەهێز بـوون، ئێمـەش بـەهێزو بەتوانا بووین، بەرگەی هەموو ناخۆشییەکمان دەگرت. هەتا ڕۆژێکیان یەکەم پیـاوی سـپی هاتە ناومان، ئێمە لەوەوپێش پیاوی لەو جۆرەمان نەدیبوو. پیاوەکە هەموو گیانی شـەختە بوو، لەسەرماداد دەلەرزی، زۆر لات و لاواز بوو، لێی کۆبووینەوەو تەماشـامان دەکـردو لـە یەکترمان دەپرسی تۆ بڵێی ئەم پیاوە لە کوێوە هاتبێت و سەر بە چ هۆزێك بێت! سەگێکی گەورەشی لەگەڵدا بوو، سەگەکە زۆر گەورە بوو، سـێ ئەوەنـدەی سـەگەکانی ئێمـە دەبـوو، تووکی کورت بوو، هەموو گیانی تا سەر کلکی بەسـتبووی و ببـووە شـەختە، سـەگەکانمان خەریکبوو پارچەپارچەی بکەن. سەگەکانمان لێ دوورخستەوەو لە نزیك ئاگرەکەوە داماننـان و خواردنمان دایە کابراو خواردنیشمان بە سەگە سەیرەکە دا. دوای ئەوەی خواردن و گۆشتی زۆرمان دانێ، کابراو سەگەکە بووژانەوەو هێزیان پیادا هاتـەوە، ئەوەنـدەی نەخایانـد کـابرا

هەروەك ئەوەی لەناو هۆزو کەسانی هۆزەکەی خۆیدا بێت، بێ شەرم و بێ ئابڕوانە بە پیرو پەککەوتەکانمان پێدەکەنی و گاڵتەی پێ دەکردن. تەماشای ژنەکانمانی دەکردو مێبازی لەگەڵدا دەکردن. سەگەکەشی هار بوو هەڵمەتی دەکردە سەر سەگەکانمان و پەلاماری دەدان هەتا لە ڕۆژێکدا سێ سەگی کوشتین.

ڕۆژێکیان پرسیاری هۆزەکەیان لە کابرا کرد. بە پێکەنینێکی ناشرینەوە کە من ئەوەم پێ خۆش نەبوو وەڵامی دایەوە..

ـ من برای زۆرم هەیە.

کاتێك بەتەواوی هێزو توانای پیادا هاتەوەو بووژایەوە. (نودا)ی کچی سەرۆکەکەمانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و بەجێیهێشتین و ڕۆیشت.

سەگەکەشی لەگەڵ سەگەکانی ئێمەدا جووت بوون و تووتکە سەگی زۆری لە چەشنی خۆی لێیان بوو، تووك کورت، سەرزل. کاتێك ئۆتسباوکی باوکم ئەو پیاوە ئازاو نەترسە ئەو جۆرە تووتکانەی دی تووڕە بوو، بە بەرد هەر هەموویانی کوشت و لەناوی بردن.

پاش دوو هاوین نودای کچی سەرۆکەکەمان گەڕایەوە بۆ لامان و منالێکی ساواشی لە باوەشدا بوو. ئەمە سەرەتا بوو. پاشان پیاوێکی سپی تر هات بۆ لامان و سەگی زۆری تووك کورت و سەرزلی لەگەڵدا بوو، پاش ئەوەی شەش سەگی بەهێزی لە سەگەکانی ئێمە لە (کو- سی- تی) برای دایکم کڕی و لەبریتی ئەو سەگانە تفەنگێکی دایە کە شەش فیشەکی دەتەقاند. ئەویش ڕۆیشت و سەگەکانی خۆشی بۆ جێهێشتین.

کو- سی- تی کابرایەکی قەڵەو بوو، گاڵتەی بە تیروکەوانەکانی ئێمە دەکرد. بە تفەنگەکەی فیشەکێکی تەقاند، بەر پیاوێك کەوت و کوشتی، دیمەنی کوشتنەکە زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بوو، پیاوی دەتۆقاند، کابراکە ژنێك و چەند منالێکی دوای خۆی جێهێشت و لەو زیاتر کەسی تریان نەبوو بیانژێنێت، ئەو چەکەی لە ڕاوکردندا بۆ پیاوی سپی دەشێ، ئەو چەکە بۆ ئێمە ناشێ و بەکەڵکمان نایەت.

دوای ئەو، سێیەم پیاوی سپی هاتـە لامـان و سـامان و پـارەو خـواردن و خواردنـەوەی زۆری پێبوو. بیست سەگی زۆر بەهێزی لە سەگەکانمان لێکڕین و بە قسەی لووس و دیـاری و بەلّێنی گەورەو قسەی زل هەلّی خەلّەتاندین و دە کوڕی گەنجی بەهێزی لە کوڕە لاوەکانمان هەلّبژاردو لەگەلّ خۆیدا بردنی و دوای ئەوە ئـیتر نـەمان بینینـەوە. لەوەدەچـوو ئـەو کـوڕە گەنجانە لەناو بەفری چیای (ئەلئایس)دا ڕەق ببوونەوەو نەمابن، چـونکە ئـەو شـاخە کـەس پێـی نەخـستبووە سـەری و کەسـیش بەسـەریدا ڕەت نـەببوو، یـاخود لەسـەر (گـردە بێدەنگ)ەکاندا کە کەوتبووە ئەوپەڕی دنیاوە لەناوچوو بووبێتن.

سالّ لە دوای سالّ سپیپێستەکان دەهاتنە لامان و لەگەلّ خۆیاندا دیاری و پارەی زۆریان بۆ دەهانین و لەگەلّ خۆیاندا چاکترین کوڕی گەنج و لاوەکانمانیان دەبـرد. هەنـدێ لـەو کـوڕە گەنجانەمان دەهاتنەوە بۆ نـاو هۆزەکـەمان، ئـەو گەنجانـەش قـسەو بەسـەرهاتی وایـان بـۆ دەگێڕاینـەوە ئـەو بەسـەرهات و دیرۆکانـە نەدەچـووە عەقڵـەوە. باسـی ئـەو ناخۆشـی و نەهامەتیانەیان بۆ دەکردین کە تووشیان ببوو. زۆرجـاریش هـیچ کەسـێك لـەو گەنجانـەمان نەدەگەڕانەوەو ئیتر نەماندەبینینەوە. دەمانوت: "ئەگەر ئەو پیـاوە سپیپێـستانە لـە مـردن نەترسـن، مانـای ئەوەیـە ئـەو پیاوانـە چـەند ڕۆحێکیـان هەیـە". ئێمـەش گـەنج و کـچ و ئافرەتەکانمان هەمووی ڕۆیشتن و جێیان هێشین و هیچمان نەماو ژمارەمـان بەتـەواوی کـەم بۆوە.

ڕاستە ئێمەش ئاردو گۆشت و شتمان دەستدەکەوت و چامان دەخـواردەوە. ئەگـەر ئـەو شتانەمان نەمایە بێ تاقەت دەبووین و دەکەوتینە حاڵـەتێکی نـاخۆش و نائارامـەوە. ئـاوا بەو جۆرە لەسەر ئەو شتانە ڕاهاتین و بەبێ ئـەو شـتانە نـەدەژیاین. ناچـاربووین لەگەڵیانـدا ئاڵوگۆڕ بکەین. لە زستانێکدا گۆشتمان بەرامبەر سەعات پـێ گۆڕێنـەوە، سـەعاتەکانیش کاریان نەدەکرد، گۆشتمان بە چەك پێ گۆڕینەوە، چەکەکانیش فیـشەکیان لەگەڵـدا نـەبوو. ئەو زستانە گۆشتمان نەماو برسێتی لەناوماندا بڵاوبۆوەو زۆرێکی زۆرمان لەبرساندا مردن.

کەوتینە بیرکردنەوەی ئەو حاڵەتەی تێی کەوتووین. بەتەواوی بێ هێزو بێ توانا بووین، ئەگەر هۆزی ئەلبلیز هێرشیان بکردایەتە سەرمان لەناویان دەبردین، بەڵام ئەوانیش حاڵیان لە حاڵی ئێمە شڕتر بوو، سپیپێستەکان لەگەڵ ئەوانیشدا کاری خۆیان کردبوو. هێزو توانای هێرشکردنیان نەمابوو.

ئۆستباوکی باوکم پیر ببوو، دنیای زۆرتر دیبوو، ژیر بوو. بە سەرداری هۆزەکەمانی وت:

ـ سەگەکانمان لات و بێ توانا بوون و سوودیان نەماوە، هەرکە سەرمای زستان هات و دنیا بووە بەستەڵەك، بەرگەی سەرما ناگرن و دەمرن، با بچینە ناو دێکەوە بیانکوژین، تەنها سەگە بەهێزو بەتواناکان بهێڵینەوەو خواردنی باشیان بدەینێ و شەو بەریان دەینە ناو دارستان و جەنگەڵەکانەوە با لەگەڵ گورگە هارو بەرەڵاکاندا بژین و لەگەڵیاندا ڕابێن، زیاتر هارو بەتوانا دەبن.

سەرداری هۆزەکەمان بەقسەی باوکمی کرد لە دارستانەکەدا سەگەکانمان هارو بەهێزو بەتوانا بوون. لە سەرانسەری دەڤەرەکەدا ناوبانگیان دەرکرد، بەڵام ئێمە خۆمان هێزو تواناماان نەماو زیاتر بێ هێز بووین. گەنج و ژنەکانمان لەگەڵ پیاوە سپییەکاندا ڕۆیشتن و ڕەویان کرد، پاشان هەروەك چۆن نودا بەداماوی هاتەوە لامان، بەو شێوەیەش ژن و کچەکانی ترمان بە داماوی و کەساسی دەگەڕانەوە بۆ لامان. هەندێکیشیان هەر نەدەگەڕانەوە. ئەو گەنجانەشی دەگەڕانەوە زۆربەیان ڕەوشتیان خراپ ببوو، تەمەڵ ببوون لە دەوری ئاگر دادەنیشتن، ئەو شەرابە پیسەیان دەخواردەوە کە بێگانەکان هێنابوویانە ناو خاکەکەمانەوە. شەوو ڕۆژ قوماریان دەکرد. لە دڵەڕاوکێ و نائارامیدا بوون و چاوەڕوانی سپیپێستەکانیان دەکرد بۆئەوەی جارێکی تر لەگەڵیاندا بڕۆنەوە بۆ شوێن و جێگایەکی نادیار کە ئێمە نەماندەزانی ئەو شوێنە کوێیە!

وەك وتم ئێمەی هۆزی هوایت- فیش ئەوەندە فەقیرو هەژار بووین، هەرچی جلی قـورس و فەروویەکمان هەبوو لەپێناوی جگەرەو تووتن و ویسکی و جلی لۆکەی تەنکدا کە بـەهیچ جۆرێك لە ساردو سەرمای زستان نەیدەپاراستین، گشتمان فرۆشت. سەرما کـاریکردە سـەر ئێسك و پروسکمان. زەردو زەعیـف بـووین و دەموچـاومان ڕەنگـی مـردووی لێنیـشتبوو. پیاوو ژنمان تووشی کۆکەی تووندو نەخۆشی بوون، پیاوە ڕاوچـییەکانمان تووشـی سـیل بـوون، لەگەڵ تف و بەڵغەمەکانیاندا خوێناویان دەکردە سەر بـەفرە سـپییەکان و زۆری نەدەخایانـد دەمردن. تووشی نەخۆشی زۆر سەیرتر بووین! ئەو نەخۆشـیانەمان لـەوەوپێش تـوش نـەبوو بوو، وەك نەخۆشی ئاوڵەو هەنێکی تر کە زۆرێك لە ڕۆڵەی هۆزەکـەمانی لـەناوبرد. ئـەوەی سەیربوو ئەو پیاوە سپیپێستانە هەرچەندە تا کونەلووت و بینەقاقایان پڕببـوو لـە عـارەق و مەی، لەگەڵ ئەو هەموو کۆکە زۆرو بەردەوامەیاندا، ئەو نەخۆشی ئاوڵەیەی تووشیان دەبوو تا دەهات قەڵەوترو شادو خۆشحاڵتر دەبوون، تا دەهـات زیـاتر دەسـەڵاتیان بەسـەر زەوی و خۆشمانـدا زاڵـتر دەبـوو. بازرگانیـشیان لەگـەڵ هـەموو میللەتێکـدا دەکـرد. ژنەکانیـشیان ئەوانەی هەر لە منداڵ دەچوون کوڕو منالّی زۆر بەهێزو بەتوانایان دەبوو. ئەو پیاوە سپییانە نـازانم خواوەنـد بـوون، یـاخود شـەیتان! ئـەوەی منـی پیرەمێـرد تێینەگەیـشتووم ئەوانـە شارەزاترین جەنگاوەرو شەڕکەر بوون.

وەك وتم کۆشت لە جەنگەڵەکاندا قـاتی بـوو. ڕاسـتە ئـەو تفەنگانـەی ئێمـە لـە پیـاوە سپییەکانمان دەکڕی، زۆر خێرا دەتەقی و لە ماوەیـەکی دوورەوە مەبەسـتی دەپێکـا، بـەڵام سوودی چەك چیە ئەگەر نێچیر نەبێت ڕاوی بکەیت؟ کاتێك من منداڵ بـووم، ئـاژەڵ لەسـەر هەموو گردو تەپۆلکەیەکدا هەبوو، بەڵام ئێستا ڕاوچی دە ڕۆژ بەدوای نێچیرێکدا دەگەڕێت دەستی ناکەوێت. کەواتە سوودی تفەنگ چیە؟

منیش ئەیبر سەرنجی ئەم هەموو کارانەم دەدا، هەروەك چۆن گۆشتی نێچیر لە دارستانەکاندا نەمان و قاتی بوون، بەو جۆرەش هۆزەکانی هوایت - فیش و ئەلبلیزیش لەناوچوون و قڕیان تێکەوت.

بیرم کردەوەو ڕامام. لەو بارەیەوە لەگەڵ پیرو زاناکاندا قسەم کردو مەشوورەتم پێکردن. بڕیارمدا ئیتر گۆشت نەخۆم هەتا لەشم تێکنەچێت و پەکم نەکەوێت و چاوو گوێم بێ هێز نەبن. زۆرجار بە تەنها ڕووم دەکردە دارستانە چۆڵەکان و لەوێدا بە تەنها دادەنیشتم و بیرم لەو حاڵە دەکردەوە کە تێی کەوتبووین، بەدوای ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕام بۆ ئەو نەهامەتییەی ئەو سپیپێستانە ئێمەیان تێوەگلاندبوو. گوێم لە قسەو ئامۆژگاری و ڕێنمایی جنۆکەکانیش دەگرت، ڕۆژێکیان ئەو سەگە تووك کورت و سەرزلانەی ئێمە قینمان لێیان دەبوونەوەو لامان پەسەند نەبوون هاتنەوە ناومان، ئێمەش بەپێی ئەو دووربینی و تێگەیشتنەی باوکم ئەو سەگانەی هێشتماننەوە نەمانهێشت تێکەڵاوی سەگی سپیپێستەکان بن، وەك گورگ گەورەو بەهێز ببوون، هێنامانەوە. هاتمەوە بۆ ناو گوندەکەی خۆمان، هەموو پیاوەکانم کۆکردەوەو پێم وتن:

ـ ئەی پیاوینە ئەوا هەمدیسان کۆمەڵێ لە پیاوە سپیپێستەکان وان بەڕێوەو بەرەو لای ئێمە دێن. بێگومان ئەوانە پێویستیان بە نان و ئاوخواردنەوەیە، هاتوون بۆ ئەوەی خاك و مالّ و زەویمان داگیر بکەن، ئەوانە ئێمەیان زۆر لاواز کردووەو بەمزوانە هەموو لەناودەچین و نامێنین، بۆئەوەی بژین و نەمرین، پێویستە سەگەکانیامان چی لێکرد، هەر بەو جۆرەش وا لەوان بکەین و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین.

زۆرم قسە کرد، بەڵام کەس پشتگیری نەکردم و گوێیان بە خۆم و قسەکانم نەدا، بۆ شەڕکردنیش لەگەڵیاندا پشتگیریان نەکردم. سەرنجی دەموچاوی پیرەکانم دەدا ئاگریان لێدەباری و گەنجەکانیش خوێنساردی لە ڕوویاندا دیاربوو، لەشەڕ دەترسان.

کە شەو داهات و خەڵکی گوند نووستن، پیرەکانم کۆکردەوەو لەگەڵ خۆمدا بۆ ناو دارستانەکەم بردن. دیمەنی ئەو ڕۆژە خۆشانەم هێنانەیەوە یادو باسی ئەو ڕۆژانەم بۆ کردن کە خاکمان ئازادو سەربەست بوو، خێرو خۆشی زۆر بوو، ڕۆژ گەش و درەوشاوە بوو. لە کۆتایدا هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتین هەموومان پێکەوە کار بکەین و سوێندمان خوارد خاك و زەوییەکامان لەو داگیرکەرانە ڕزگار بکەین. بێگومان ئەم بیرۆکەیەش بیرۆکەیەکی سەرەڕۆیی و شێتانە بوو، بەڵام ئێمە ئەو ڕۆژە لە کوێ دەمانزانی ئەنجامەکەی چی دەبێت. منیش بۆئەوەی زیاتر هەڵیانێنێم و پیرەکان دڵگەرمتر بکەم چوومە سەرگردێك و ڕاوەستام. گردەکە بەسەر ڕووباری ئەلیۆکۆندا دەڕوانی. لەو کاتەدا بەلەمێك بەوێدا ڕەتبوو، دوو پیاوی سپی تێدابوو، بەی دەست ئیشارەتم بۆ کردن، ڕووی بەلەمەکەیان وەرگێڕاو بەرەو لام هاتن. هەرکە نزیکبوونەوە تیرێکم لە ملی یەکێکیان داو کوشتم. ئەوی تریان پەلاماری تفەنگەکەی دا، بەڵام من پێش ئەوەی ئەو چەکەکەی بەکاربهێنێت گورج تیرێکشم لەو داو ئەویشم کوشت. بە پیرەکانم وت:

- ئەمە یەکەم قوربانییە.. کاتێك ئێمەی پیرانی ئەم هۆزەو پیرانی هۆزەکانی تر یەك دەگرین، ئەو کاتە گەنجە بەهێزەکانیشمان دێنە پاڵمان، ئیتر ئەو کاتە ئیشوکار ئاسان دەبێت.

دوو کوژراوەکەمان فرێدایە ناو ڕووبارەکەوەو بەلەمەکە هەرچی تێدابوو سووتاندمانن، پێش سوتاندنی شتومەکی ناو بەلەمەکەمان پشکنی، جانتای چەرمی تێدابوو بە چەقۆ جانتاکامان دڕاند، بینیمان لەناو جانتاکاندا کاغەزی تێدابوو وەك ئەوەی ئێستا هاوکن دەیخوێنێتەوە. خەت و ئیشارەتیان لەسەر بوو، لامان سەیر بوو! نەمانزانی چیە. ئێستا دەزانم ئەو وەرەقانە چیەو مانای چی بوو.

پاش ئەوەی هاوکن قسەکانی تاوانباری وەرگێڕا چپەچپ و پرتەپرت کەوتە ناو هۆڵەکەوە. لەناو جەماوەرەوە دەنگێك بەرزبۆوەو هاوری کرد..

ـ ئەوە کاغەزو نامەی بەرید بوو. دوو پیاوەکەش نامەبەران (بیتر جایمس و دالانی) بوون.

ئەیمبر بەردەوام بوو لە باس و دانپیانانەکەیدا.

ـ زۆر شتی تر ماوە دەمەوێت بیڵێم. ئێمە هەموو پیاوی پیرو بەتەمەن بووین. زۆر بە شارەزایی و لەسەرخۆییەوە کارمان دەکرد، هەرکە بۆمان ڕێبکەوتایەو فرسەتمان بۆ بڕەخسایە پیاوە سپییەکانمان دەکوشت و سەرمان دەبڕین. جارێکیان شەش پیاوی سپی هاتن و لەگەڵ خۆیاندا شەش گەنجی لاوی بەهێزمانیان لەگەڵ خۆیاندا برد. ئیتر ئێمەش ئەو کاتە بڕیارماندا هەموان بەخێرایی دەستبەکار بین و دەست بکەین بە کوشتن و سەربڕینیان. ئێمەی پیران لەمبەرو ئەوبەری ڕووبارەکە دابەش بووین و بە ڕۆخی ڕووبارەکەدا بڵاوبوینەوە. بەتەواوی لە هۆزەکەمان دابڕاین و دوورکەوتینەوە. ئاوا بەو شێوەیە لە ڕێگاوبان و نزیك ڕووبارەکەو لە سەرچاوەی ڕووبارەکەو لە هەر کوێیەکدا بۆمان ڕێکەوتایەو پیاوانی سپیمان بدیایە دەمانکوشتن و سەرمان دەبڕین. ئەمە سەبارەت بە ئێمەی پیران ئەوپەڕی ئازایی و نەترسی بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تا دەهات ژمارەی سپییەکان ڕوو لە زیادبوون بوون، ئێمەش تا دەهات بێ هێزو لاواز دەبووین و ژمارەمان ڕوو لە کەمی دەبوو.

باسی ڕووداوێك دەکەم لە دووڕیانی ڕێگای (کاریبۆ)دا ڕوویدا. پیاوێکی سپیپێست لەوێدا چادرێکی هەڵدابوو بە تاقی تەنها تیایدا دانیشتبوو. لە کاتی نووستندا سێ پیاو لە برادەرەکانم چوونە سەری بیکوژن نەیانتوانی، لێیان ڕاپەڕی و هەر سێ برادەرەکەمی کوشت، خۆشی بە خەستی بریندار بوو.کاتێك من چوومە سەری و لێی نزیکبوومەوە دەستیکرد بە جوێندان و قسەی ناشرین پێم، منیش کوشتم و لەناوم برد.

زۆرمان لە سپییەکان کوشت و ئەوانیش زۆریان لە ئێمە کوشت. پیری هۆزەکانی تر کەسیان نەهاتنە پاڵمان. ئێمەش هەر زوو لەناوچووین و بنبڕ بووین، لە (کۆمەڵی پیران)

هیچمان نەما لە من زیاتر. من ئەیبر کە لـە هـۆزی هوایـت - فـیش. کـوڕی ئۆسـتباوکی ئازاو بەتواناو نەبەردم. هۆزەکـەم بنـبڕ بـوون و کەسـیان نـەمان، پیرەکـان هـەموو مـردن و گەنجان و ژنانمان هەر هەموویان لەگەڵ سپییەکاندا ڕەویان کـردو ڕۆیـشتن. ئـەو کەسانەشـی مابوونەوە چوونە ناو هۆزی ئەلبلیزو (ئەلسالمۆنز)ەوە.

منیش پیرێکی بێ هێزو تـەنها. سـەرنجم دا بـە تـەنها ڕاوەسـتان و بەرهەڵـستی کـردن لەگەڵ یاسادا بێ سوودە، ئا لەبەرئەوەیە هاتووم و خۆم تەسلیمی یاسا کردووە.

هاوکن وتی

ـ تۆ هەر بە ڕاستی شێتیت.

بەڵام ئەیبر بێ هۆش و بێ ئاگـا کـەوتبووە دنیـای بیرکردنـەوەو خـەیاڵێکی قوولّـەوە. قازییش هەروەك ئەو وابوو. بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو.

ئەیبر هەرچی تاوانێك کردبووی بـە مێـشکیدا دەهاتـەوەو لـە پـێش چـاویدا گوزەریـان دەکـرد. خـوێن، لاشـەی کوژراوەکـان، دارسـتانە تاریـك و ترسـناکەکان، لـەنێوان هـەموو ئەمانەدا یاسا دەرکەوت. گەورەیی و هێزو توانـای دەکـەوت. یاسـا بـە گەورەییـەوە خـۆی نواند. دڵڕەقی یاسا، ئەو یاسایە لەپێناو حـەق و ڕاسـتیدا نـەرمی نـانوێنێ. ئـەو یاسـایەی هەموو کات گەورەیەو لاربوونەوەو لادان بۆ کەس ناکات. یاسا زۆر لەو کەسـانە گـەورەترو سەروەرترە کە جێبەجێی دەکەن. یاسا گەورەتریشە لەوانەی لەناویان دەبات و دەیانهارێت.

---

# خۆشەویستی ژیان

دوو پیاو لەنێوان تاشەبەردە تیژەکانەوە بەرەو ڕۆخی ڕووبارەکە شۆڕدەبوونەوە. ئەوەندە هیلاك بوون لە هیلاکیدا تەواو شەکەت ببوون، خەریکبوو دەکەوتن، هێزیان تێدا نەمابوو. خۆڕاگرییەکی زۆر لەو ڕۆیشتنە دوورودرێژەیانداو بە ڕوویانەوە دیاربوو، کۆڵەپشتە قورسەکانیان دابوو بەسەر شانیاندا. کۆڵەکانیشیان بریتیبوو لە خواردن و پۆشاك و بەتانی و ئەو شتانەی کە کۆچکەر بۆ ئەو شوێنە دوورو چۆڵانە پێویستی پێیان دەبێت. سەرباری ئەمانەش هەریەکەیان تفەنگێکی هەڵگرتبوو. سەریان بەسەر ملیاندا شۆڕکردبۆوەو بێدەنگ تەماشای بەرپێی خۆیان دەکردو هەنگاویان دەنا. بێدەنگ و بێ چپە دوا بە بەدوای یەکدا بە ڕێگاکەدا دەڕۆیشتن. کاتێك گەیشتنە ڕۆخی ڕووبارەکە بەناو ئاوە ساردو شەختەکەدا ڕۆیشتن، لەگەڵ ئەوەی پێڵاوی گەورەو ئەستووریشیان لەپێدا بوو، ئاوەکە ئەوەندە ساردو شلۆقە بوو قاچیان لەو شەختەیەدا تەزیبوو. ئەو پیاوەی کە لە دوای برادەرەکەیەوە بوو زۆر شەکەت و ماندوو ببوو، لە هیلاکیدا چەند جارێك کەوتە سەر زەوی و هەڵدەستایەوە، بەڵام هاوڕێکەی هیچ گوێی پێنەداو ئاوڕیشی لێ نەدەدایەوە، دواتر ناچار هاواری لە هاوڕێکەی کرد..

ـ بێلّ.. بێلّ.. یارمەتیم بدە قاچم شکاوە.

بەلّام بێلّ بەردەوام بە ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت، ملی شۆڕکردبۆوە بـێ ئـەوەی تەماشـای ئەملاو ئەولای خۆشی بکات، یان ئاوڕێك لە برادەرەکەی بداتـەوە. تـا دەهـات زیـاتر لێـی دوور دەکەوتەوە. ئەمیش بە سەرسـامی و حەپەسـاوییەوە دەمـی داچـەقاندبوو، تەماشـای دەکردو سەرنجی دەدا. لە قین و تووڕەییدا چاوەکانی سور هەلّگەڕابوون. هەمدیـسان بـانگی کردەوە..

ـ بێلّ.. بێلّ..

بەلّام سەری بێلّ وەرنەچەرخاو گوێی بە بانگەوازەکەی نەدا. هاوڕێ نائومێدەکـەی هـەر تەماشای دەکرد. هەتا بەتەواوی لەبەرچاوی ونبوو و هیچ شوێنەوارێکی دیارنەما.

کابرا وەك شێت و سەرگەردان بە تاقی تـەنها لـەو چـۆلّەوانی و دەوروبـەری جەمـسەری بەستەلّەکەدا بە قاچشکاوی و بە تەنها مایەوە. تەماشای سەعاتەکەی کرد، سەعات چـوار بوو. بەتەواوی نەیدەزانی بـەرواری ڕۆژ چـەندە، لـە دڵـی خۆیـدا بـە دوا ڕۆژەکـانی مـانگی تەموز – یۆلیۆ، یا سەرەتای مانگی ئابی خەملاّند، چونکە ئەو زیاد لە دوو هەفتە دەبـوو نەیدەزانی بەرواری ڕۆژ چەندە.

زانی ئێستا زۆر لە شوێنی دەریاچەی (ورچـی گـەورە)ەوە دوورنیـە. ئـەو شـارەزای ئـەم ناوچەیە نەبوو، چونکە پـێش ئێـستا بـەم ناوچـەیەدا ڕەت نـەببوو، بـەلّام ڕۆژێکیـان لـەناو کەشتییەکدا بە نزیك ئێرەدا ڕەت ببوو. تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، نە درەختێکـی بینی نە چڵە پووشێکی بینی. ئەوەندەی چاوی بڕیکرد هەر بەفری سپی بینـی. هەسـتی بـە تەنهایی و ترس و سامناکی کرد. هەمدیسان بانگی کردەوە..

ـ بێلّ.. بێلّ...

بەلّام گوێی لە دەنگ و وەلّامی نەبوو. بێلّ برادەرەکـەی جێهێـشتبوو، بـۆ هەتاهەتایـە جێیهێشت و نەگەڕایەوە لای. کابرا بـە تـەنها کەوتـەوە ڕێ و خـۆی ڕادەکێـشا لـە ئـێش و

ئازارو تووڕەییدا خەریکبوو بکەوێت و هەڵنەسێتەوە، هەر بەڕاستیش تفەنگەکەی لێکەوت و ئاوی ڕووبارەکە لەگەڵ خۆیدا بردی و ئەمیش دوایکەوت و زۆر هەوڵی لەگەڵ دا تا گرتییەوە. بەم کارە تۆزێك بووژایەوەو تین و توانای پێداهاتەوە. تفەنگەکەی خستەوە سەرشانی و بە هەنگاوی قورس و خۆڕاکێشانەوە بێ وەستان بە جێپێی هاوڕێکەیدا بەو ڕێگایەی ئەو پێیدا ڕۆیشتبوو دەڕۆیشت، هەتا گەیشتە سەر گردێکی بەرز کە بەسەر دۆڵێکی قوڵدا دەیڕوانی بەهێواشی و ئاگاهییەوە پیایدا هاتە خوارەوە، هەتا گەیشتە ناو دۆڵە چۆڵ و ترسناکەکە. زەوییەکە ئاو داپۆشیبوو، هەر هەنگاوێکی دەنا پێی لەناو قوڕدا دەچەقی، بەڵام ئەم بێ وەستان هەر بەدوای هەنگاوی هاوڕێ هەڵاتووەکەیەوە بوو، ئەو هەنگاوانەی کە هێشتا لەناو قوڕەکەدا دیاربوون، دەتوت دوورگەیەکی بچووکن لەناو دەریایەکی گەورەدان، گەرچی لەم دنیا گەورەو نادیارەدا تەنهاو نەشارەزاش بوو، ون نەبوو، بەڵام دەیزانی درەنگ بێت یا زوو هەر دەگاتە ئەو شوێنەی کە مردن چاوەڕێی دەکات و یەخەی دەگرێ، کەواتە هەرچۆنێك بێت پێویستە خێراکات تا دەگاتە شوێنێکی ئارام و دڵنیا، شوێنێکی وەك (ڕیفاردیز) کە لەوێدا خواردن و بێڵی برادەری چاوەڕێی دەکەن، لەوێوە پێکەوە دەچن بۆ دوورگەی ورچی گەورەو دواتر بەرەو باشور بۆ (ماکنزی) کە یەکێکە لەو وێستگانەی (کۆمپانیای هدسۆن بای)، لەوێش جێگای گەرم و خواردنی خۆش و بەلەزەتیان دەست دەکەوێت. کابرا بە هیلاکی و ماندوییەوە بە ڕێگادا دەڕۆیشت و ئەم بیرۆکانەش بە میشك و خەیاڵیدا دەهات و دەچوو. بڕواشی نەدەکرد کە برادەرەکەی لە دەستی هەڵاتووەو جێی هێشتووە. بێ شك ئەو پێشی کەوتووە چووە بۆ شوێنێك خواردن و پێداویستی زۆری لێیە بۆ هەردووکیان. چۆن دەچێتە عەقڵەوە بێڵ لەم شوێنە دوورەدا بەجێی هێڵێت؟! خۆ ئەگەر بێڵ بەڕاستی لە دەستی ڕایکردبێت و جێی هێشتبێت، ئەوا دەبێت ئەم لە جێی خۆی دانیشێت و چاوەڕوانی مردن بکات. بەهەرحاڵ ئەو بە تەنها ناتوانێت بە ڕێگادا بڕوات و ئەو ڕێگایە ببڕێت و کۆتایی پێبهێنێت.

دوو ڕۆژ بەسەر کابرادا گوزەشت بێ ئەوەی لەو ماوەیەدا هیچ خواردنێك بخوات، هیچ خواردنێکی پێ نەمابوو، لە ڕێگادا ئەو گیا خۆرسکیانەی دەخوارد کە بەڕێکەوت تووشی دەبوو. خۆ کابرا دەیزانی ئەم گژوگیایانە هیچ سوودێکیان نیە، بەڵام تۆزێك برسێتی لە بیر بردبۆوە.

لە کاتژمێری نۆدا پێی لە بەردێکی قووچ هەڵنووت و بە ئازارێکی زۆرەوە هات و چوو، بەو سوێیەوە تەخت بەسەر زەوییەکەدا کەوت و چەند خولەکێك بەو شێوەیە مایەوە، پاشان ڕاست بۆوەو لە شوێنی خۆیدا دانیشت.

هێشتا تاریکی باڵی بەسەر ناوچەکەدا نەکێشابوو، دنیا ڕوونـاك بـوو.. هەندێ گەلاّی وشکی کۆکردەوەو ئاگرێکی کردەوە، تۆزێك ئاوی لە دەفرەێکدا خستە سەر ئاگرەکەو گەرمی کرد.

کاتێك دانیشتبوو، قوتوە شقارتەکەی لە گیرفانیدا دەرهێناو دەنکی شقارتەکانی ژمارد شەست و حەوت دەنکە شقارتەی تێدابوو، سێ جار دەنکە شقارتەکانی ژماردەوە.

پاشان دەنکە شقارتەکانی سێ سێ جیاکردەوەو هەر کۆمەڵەیەی خستە جێگایەکەوە.. یەکێکی خستە گیرفانیەوە، یەکێکی تری خستە ناو سنگییەوە، سێیەم کۆمەڵی خستە تووڕەکەی توتنەکەیەوە، چواردەمی خستە ناو شەپقەکەیەوە.

کاتێك لەو کارە بۆوە هەمدیسان دەنکە شقارتەکانی دەرهێنایەوەو سەرلەنوێ بە هێواشی ژماردییەوە، هەتا چاك تێگەیشت ژمارەکان چوونیەك وەك خۆیانن و تەواون و نەگۆڕاون.

گۆرەوی و پێڵاوەکانی وشك کردەوەو جل و پێخەفەکەی گەرم کردەوە. سەرنجی دا قاچی ئاوساوە، بە پەڕۆیەك بە تونڈی بەستی تۆزێك ئاوی خواردەوەو سەعاتەکەی قوڕمیش کرد. پێخەفەکەی دا بەخۆیداو خۆی داپۆشی و نووست، هەتا بەیانی خەوێکی خۆشی لێکەوت. کاتێك بەیانی خەبەری بۆوە بینی بەیان لەشکری تاریکی ڕامالّیووە، تەماشای سەعاتەکەی

کرد بینی سەعات شەشە. لەسەر پشت ڕاکشابوو، تەماشای ئاسمانە ڕەش و تاریك و نوتەکەکەی کرد. هەوری ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو. هەستی بە برسێتیەکی زۆر کرد، سکی هەڵدەگوشی. هەرکە ویستی هەستێت ئاوڕێکی دایەوە بینی ئاسکێك لە دووری پەنجا پێوە ڕاوەستاوەو تەماشای دەکات. کتوپڕ کابرا گوڵمە گۆشتێکی بەلەزەتی ئەو حەیوانەی هاتە پێش چاو کە لەسەر ئاگر دەبرژێت. خێرا دەستی دایە تفەنگە خاڵییەکەی و دەستی بە پەلەپیتکەدا نا، گورج ئاسکەکە ڕاپەڕی و بەخێرایی بۆی دەرچوو.

کابرا زۆر تورە بوو، کەوتە جوێن و نەفرەتکردنی تفەنگە خاڵییەکەی، بە هەموو هێزو توانایەوە بە دەنگێکی بەرز دەیقیژاند. هەستایە سەر پێ و قاچە شکاوەکەشی زۆر ئازاری دەدا. تەماشای دەوروبەری خۆی کرد هیچ شوێنەوارێکی ژیانی بەدی نەکرد. هەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو، خۆر دیارنەمابوو. لە تاشەبەرد زیاتر کە بەفر وەك سەرپۆشێکی سپی داپۆشیبوو هیچی تری نەدەدی. وا دەهات بە بیریدا ڕێگای ون کردووەو نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە! بەڵام دڵنیابوو لەوەی بێ شك هەر دەگاتە شوێنی مەبەست.

کەلوپەل و پێویستییەکانی کۆکردەوەو پاش ئەوەی دڵنیابوو لە مانی دەنگە شقارتەکان، کۆڵەکەی پێچایەوەو دای بەسەر پشتیداو بە کۆڵی خۆیەوە بەستییەوەو کەوتەوە ڕێ ، قاچە شکاوەشی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشاو ئازارێکی زۆری دەدا، بەڵام ئەم ئازارە لە چاو ئەو ئازارەی لەناو گەدەیدا بوو شتێك نەبوو هەر باسی بکەیت. ئازاری برسێتی شتێك نیە توانای خۆ لەبەردا ڕاگرتنی هەبێ. ئەو گژوگیانەشی کە جوێبوونی زمان و قورگ و ناوەمی سووتاندبوو.

گەیشتە دۆڵێك باڵندەی (تەرمەجان)ی لێبوو، کە جۆرێکە لە باڵندەی (قەتییە). هەر کە ئەو باڵندانەی بینی زۆر دڵخۆش بوو، کەوتە بەردتێگرتنیان، بەڵام ئەو بەردانەی تێی دەگرتن بەر هیچ باڵندەیەکیان نەکەوت، کۆڵەپشتەکەی لەسەر زەوییەکە داناو بەدوایاندا کەوتە ڕاکردن، هەندێکجاریش وەك پشیلە خۆی مات دەداو لەپڕ هەڵمەتی بۆ دەبردن، لەم

هەلّمەت و هەلّپەکردنەیدا ئاگای لە خۆی نەمابوو، نەیزانیبوو تاشەبەردێکی تیژ جلەکانی دڕاندبوو، برینێکی گەورەشی کردبووە قاچی و بریندارى کردبوو، بەلاّم ئازارى زام لە بەردەم ئازارى برسێتیدا شتێك نیە هەستى پێبکرێت، جارێك یەکێك لەو بالّندانەى گرت، بەلاّم بالّندەکە لە دەستى قوتار بوو، لە ڕق وکیندا نەفرەت و جوێنى بە هەموو بالّندەیەك دەدا، کە بینى ناتوانێت هیچ بالّندەیەك بگرێت، ناچار کۆلّەپشتەکەى دایەوە بە کۆلّیداو کەوتەوەڕێ. بە دۆڵ و چیاکاندا ڕەت بوو، نزیکەى بیست بزنەکێوى بینى لە نزیکییەوە دەڕۆیشتن، حەزى کرد دوایانکەوێت و یەکێکیان لێ بگرێت تێر لە گۆشتە خۆش و ناسکەکەى بخوات و برسێتى خۆى پێ دابمرکێنێتەوە. جارێکى تر ڕێوییەکى بینى قەتییەکى بەدەمەوە بوو، ویستى لێیبسێنێت، بە هەموو هێزو توانایەوە هاوارێکى تۆندو ترسناکى لێکرد، بەلاّم ڕێوییەکە ڕایکردو نێچیرەکەى فڕێنەدا.

لە کاتژمێرى پێنجى دواینیوەڕۆدا گەیشتە سەر ڕووبارێکى بچووك کە لە دۆڵەکانەوە دەهات، لە قەراخ ڕووبارەکەدا جۆرە گیایەکى بینى ڕوابوو لە تەڕەپیاز دەچوو. دەستى بە خواردنى کرد، بەلاّم هیچ تام و چێژێکى لێنەبینى. لەگەلّ ئەو برسێتییە زۆرەدا هەستى بە ماندووبوونێکى تەواوکرد زیاتر هەنگاوى نا بەلاّکو بگاتە شوێنێك خواردنى تێدا بێت و بیخوات و پێى تێربێت. زۆرجار لە نزیك گۆم و ئاوەکانەوە بەدواى بۆقێك یان زیندەوەرێك دەگەڕا بیدۆزێتەوە بیخوات، بەلاّم هەولّەکانى بێ سوود بوون، چونکە لەو شوێن و جەمسەرى باکورى بەستەلّەکە دوورەدا نە بۆق، نە زیندەوەرى بچووکیشى تێدا نازى.

تاریك داهات و بوو بە شەو، بەلاّم مانگەشەو بوو تیشکى مانگەکە دنیاى ڕووناك کردبۆوە.

لە گۆمێکدا ماسییەکى بینى لە لێوارى ئاوەکەدا فرتەفرتى بوو، لە خۆشیاندا گەشکەى پێکەوت، هەروەك ئاژەلێکى درندە هەلّمەتى بردە سەر ماسییە بێ هێزەکە، بەلاّم ماسییەکە لە دەستى قوتار بوو و خۆى گەیاندەوە ناو گۆمەکە. هەمدیسان پەلاماری

دایەوە ویستی بیگرێتەوە، لەبەر سەرقاڵی ڕاوکردن و هەڵپەی گرتنی ماسییەکە ئاگای لە خۆی نەماو کەوتە ناو ئاوەکەوە هەموو جلەکانی تەڕ بوو، بەڵام ئەمە کۆڵی پێ نەداو نائومێد نەبوو، هەمدیسان کەوتەوە پەلاماردان و ڕاوەدوونان و شەڕو بگرەو بەردەیەکی قورس و گەرم لەنێوان ئەم و ئەو زیندەوەرە لاوازەدا ڕوویدا، بەڵام لە کۆتاییدا نائومێدو سەرگەردان بوو. هەمدیسان ئێش و ئازاری برسێتی ڕووی تێکردەوە.

بە تووڕەیی و بۆڵەبۆڵێکی زۆرەوە کەوتەوەڕێ. بۆڵەبۆڵەکەی زیادی کردو بوو بە هاوارو قیژەقیژێکی توند، پاشان وەك مناڵ دەستی بە گریان کرد.

لەسەر گردێك وەك شەوی پێشوو جێگای بۆ خۆی چاك کردو ئاگری کردەوەو لەشە لەرزۆکەکەی پێ گەرم کردەوە، پاشان بۆ دڵنیایی تەماشای دەنکەشقارتەکانی کردەوەو سەعاتەکەی قوڕمیش کرد. پێخەفەکەش هەمووی تەڕببوو، قاچیشی زۆر دەیەشا، بەڵام ئەمانە لە چاو ئەو برسێتییە زۆرەیدا کە ئازاری دەدا لای هیچ گرنگ نەبوو. ئەو شەوە نووست. خەوی بە خواردنەوە دەبینی، لە خەویدا خواردن ئەوەندە زۆر بوو، بە ڕاست و چەپدا بەسەر هەموو کەسێکدا دابەشیان دەکردو هەرچی داوای خواردنی بکردایە دەیاندایە. لەو خواردنە تەنها بەشی ئەمیان نەدەدا. بەیانی خەبەری بۆوە هەستی بە سەرماخواردەنی و نەخۆشی کرد. خۆر هەڵنەهاتبوو، ئاسمان هەورێکی ڕەش بەری گرتبوو، ڕەشەبا گیزەگیزی بوو، گردو دۆڵەکان بە سەرپۆشی سپی بەفر داپۆشرابوون.کابرا تێگەیشت حاڵەتی کەشوهەوا بەرەو خراپی و ئاڵۆزی دەچێت و ئەنجامەکەی بەرەو خراپی دەچێت، لەبەرئەوە پێویستە تا دەتوانێت و بۆیدەکرێت لەم شوێنە خۆی دوورخاتەوە. کەلوپەلەکانی کۆکردەوە دای بە کۆڵیداو بە خێرایی بۆی دەرچوو، ئەمجارەیان بیری لەوە نەدەکردەوە بگاتە شوێنێکی هێمن و دڵنیا. بیریشی لەوە نەدەکردەوە بە هاوڕێکەی بگاتەوە، هەموو بیرو خەیاڵێکی لەو کاتەدا تەنها لای شتێك بوو، ئەو شتەش (خواردن) بوو، برسێتی هۆش و عەقڵی لا نەهێشتبوو، چۆنی بۆ ڕێبکەوتایە دەڕۆیشت، هیچ ئامانج و مەبەستێکی نەبوو،

تەنها بەدوای خواردندا دەگەڕا دەستیکەوێت و بیخوات. شەو هات هیچی دەسنەکەوت ئاگری پێ بکاتەوە، بە برسێتی و لە سەرمادا نووست، بەفرەکە خۆشیکردەوە، بارانێکی بەتین و خوڕەم دەستی بە بارین کرد. بارانەکە بەگوڕ دەیدا بە سەروچاویدا. چەند جارێك خەبەری بۆوە. بۆ بەیانی بارانەکە خۆشیکردەوە، بەڵام خۆر هەڵنەهات، کەشوهەوا ساردو ئاڵۆز بوو، دنیا تاریك و لێڵ بوو، ترس و سامناکی باڵی بەسەر شوێن و ناوچەکەدا کێشابوو، سەرباری ئەمانەش ئێش و ئازاری برسێتی و ئەو ئازارو برینەش کە لە قاچیدا بوو خوێنی لێدەتکا.

دەستیکردەوە بە ڕۆیشتن و چاکیش دەیزانی ڕێگای ونکردووە. لەبەرئەو ماندووبوون و هیلاکییە زۆرەی ناوبەناو ناچاردەبوو تۆزێك بووەستێت و وچانێك بدات. زۆرجاریش لە ڕێگادا هەندێ گیای تەش دەبوو، دادەنەوییەوەو هەڵێدەگرت و دەیخستە دەمییەوە تا قوڕگی وشك دەبوو دەیجوو، پاشان تفی دەکردەوە، دڵێشی زەحفی لێسەندبوو، زۆر بە خێرایی لێیدەداو لەتاو دڵەخورپێ زۆرجار دەکەوت بە ئەرزاو دەبوورایەوە.

لە نیوەڕۆدا لەناو ئاوێکدا دوو ماسیی بچووکی هێندەی پەنجەیەکی بینی، هەرچۆنێك بوو بە فێڵ و تەڵەکەبازی توانی بیانگرێت، بەڵام هەستی بەو برسێتییە زۆرەی لەمەوپێشی نەدەکرد، کە گەدەی وێران کردبوو، هەروەك ئەوەی گەدەی لەسەر ئەو برسێتییە زۆرە ڕاهاتبێت، کابرا دوو ماسییە بچکۆلەکەی خوارد، پاشان سیانی تریشی دۆزییەوەو ئەوانیشی خوارد، ئەوەندەی دڵی بواری ڕۆیشتنی بدایەو بیتوانیایە بڕوات دەڕۆیشت، ئەمەش هاتە سەرباری و بووە دڵەڕاوکێ و بێزاری، بەڵام گەدەی وەك ئەوەی لە خەوێکی قورسدا بێت وابوو.

گەیشتە شوێنێکی زۆر سەیرو نامۆ لەو زەوییانەی دەوروبەری نەدەچوو، پڕبوو لە ئاسك و گورگ.

شەوێکی تر ڕۆیشت، بەدوایدا شەوێکی تـریش ڕۆیـشت. بـەیانی کـە چـاوی هـەڵهێنـاو خەبـەری بـۆوە، ئـەو کیـسە چـەرمەی پێیبـوو هـەڵیگرتبوو دەرهێنـاو کردییـەوە (خـۆڵی ئـاڵتوون)ی تێـدابوو، ئاڵتونـە خۆڵەکـەی کـرد بـە دوو بەشـەوە، هـەر بەشـەی کـردە نـاو تووڕەکەیەکەوە. تەماشای تفەنگەکەی کرد، وتی هـەر کاتێـك بگەمـە چـادرگای ڕیفـاردیز لەوێ فیشەك و پێداویستی بۆ پەیدا دەکەم.

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی تەمومژاوی بـوو، ئـەو برسـێتییەی لـە گەدەیـدا خـۆی مەڵاسـدابوو ڕاستی کردەوە، هەستی بە برسێتی و بێ هێزییەکی زۆر کرد، لە برساندا چـەند هـەنگاوێك دەڕۆیـشت و دەکـەوت، هەمدیـسان هەڵدەسـتایەوەو دەکەوتـەوە ڕێ. بـەلای هێلانـەی قەتێیەکدا ڕەتبوو، چوار بەچکە قەتێی بچووکی تێـدا بینـی، بـێ ڕاوەسـتان پەلاماریـدان و هەر چواریانی خوارد. ئەو تووکڵە هێلکانەی کـاتی خـۆی بەچـکەکانی تێـدابوو ئەوانیـشی خوارد. دایکەی بەچکەکان کە کابرای بینی بەچکەکانی خوارد هێرشی کردەسـەرو ویـستی بە چنگەکانی هەردوو چاوی دەربێنێت، بەڵام کابرا بەو تفەنگەی بە دەستییەوە بـوو تـوانی بەرگریی لە خۆی بکات و هەڵمەتەکانی لـە خـۆی دووربخاتـەوە، پاشـان بـاڵێکی قەتێکـەی شکاند، ئەو کاتە لێی دوورکەوتەوە ئەمیش دوایکەوت و ویستی بیگرێت و ئەویش بخوات، هەروەك بەچکە بچکۆلەکان ئـارەزووی خواردنیـان زیادکردبێـت دوای قەتییـە بـاڵشکاوەکە کەوت، وەك شێت بێ هۆشانە بەملاو بەولادا دەگەڕاو دەیڕوانی بـۆ باڵندەکـە، یـان بـەڵکو باڵندەیەکی تر یا ئاژەڵێك بدۆزێتەوە بیگرێت و بیخوات، بە هـەموو هێزییـەوە دەیقیژانـدو هاواری دەکرد. دواجار باڵندە باڵشکاوەکەی بینیەوە دوایکەوتەوە، ها لێرە ها لەوێ، بـەڵام باڵندە باڵشکاوەکە ڕایکـردو خـۆی نەدابەدەسـتەوە، ماوەیـەکی دوورودرێـژ ئـەو ڕاکـردن و ڕاونانە بەردەوام بوو. کابرا کاتێك خۆی دییەوە بینی لەناو دۆڵەکەدایـە، کاتێـك خـۆی لـەو دۆڵە قوڵەدا بینی و تەماشای ئەو دۆڵە قوولەی بەردەمی خۆی کرد، کتوپڕ جێپێی مرۆڤـی بینی، بێگومان جێگا پێی خۆی نیە، کەواتە بـێ شـك ئەمـە جێگـاپێی بێڵـی برادەرێتـی،

بەڵام ئێستا ناتوانێت ڕاوەستێت و بەدوای هاوڕێ هەڵاتوەکەیدا بگەڕێت، پێویستە پێش هەموو شتێك باڵندەکە بگرێت. توانی باڵندەکە بەتەواوی شەکەت بکات، بەڵام خۆی لە باڵندەکە شەکەترو توانالێبڕاوتر بوو. لەسەر زەویەکە تەخت بۆی کەوت و باڵندەکەش تەنها دە پێ لە نزیك ئەوەوە بە ماندوویی کەوتبوو. لەگەڵ ئەو نزیکییەشدا کابرا توانای ئەوەی نەبوو چنگ درێژ کات و ئەو باڵندە بچکۆلەیە بگرێت. کاتێك هێزی پیادا هاتەوە باڵندەکەش هێزی پیادا هاتەوە سەرلەنوێ کەوتەوە ڕاوەدونانی باڵندەکە، بەڵام تاریکییەکە وایکرد باڵندەکە لە پێش چاویدا دیارنەمێنێ. ناچار وازی لە ڕاوەدونانەکە هێنا.

هێزی تیادا نەمابوو. بە هێزلێبڕاوییەوە هەمدیسان لەسەر زەوییەکە تەخت پاڵکەوت، بەو شێوەیە هەتا بەیانی خەوی لێکەوت. ڕۆژی دواتر زۆر زیاتر لە ڕۆژی پێشوتر تەمومژاوی تر بوو.

کابرا تەماشای کرد نیوەی پێخەف و جلوبەرگەکەی زیاتر بۆ بەستنی قاچە شکاوەکەی دڕاندوەو بەکاری هێناوە، هەروەها شوێنەواری برادەرە هەڵاتووەکەشی ون کردبوو. لە دڵی خۆیدا، وتی تۆ بڵێی ئەویش وەك من لەم چۆڵەوانییەدا ون بووبێت و سەری لێشێواببێت؟ بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر بێزارو بێ تاقەتی کردبوو برسێتی بوو، توانای لێ بڕیوەو خەریکە بیکوژێت. هەستی کرد لەژێر ئەو بارە گرانەی وا بەسەر پشتییەوەیە دەنالێنێت.

ئالتوونەکەی دەرهێناو هەندێکی فڕێدا. لە نیوەڕۆدا ئەوی تریشی فڕێدا. لە تفەنگەکەی و هەندێ پێخەف زیاتری پێنەما. بیرێکی سەیری بە میشکدا هات، خۆ هێشتا فیشەکێك لە تفەنگەکەیدا ماوە، دەشیزانی ئەوە ڕاست نیە، بەڵام نائومێدی و خەیاڵ بەسەر میشکیدا زاڵ بوو، بە هەموو خەیاڵ و بڕوایەکییەوە بڕوای وابوو فیشەکی تێدایە. ئەم خەیاڵە لەگەڵ عەقڵ و زانینیدا کەوتە زۆرانبازی و ململانێوە، دواتر تفەنگەکەی کردەوە، بینی خاڵییە، بەوە زۆر بێزارو نائومێدو هیوابڕاو بوو. پاش نیو سەعات سەرلەنوێ خەیاڵ

بەسەریدا زاڵبۆوە، هەر کە خەیاڵ و بیری بۆ ئەوە چوو کە تفەنگەکەی فیشەکی تێدایە خێرا تفەنگەکەی دەهێناو دەیکردەوە بۆ دڵنیایی، تەماشای دەکرد خاڵییەو فیشەکی تێدا نیە. ئەوەندە لە بیروخەیاڵدا بوو بەشێوەیەك جارێك چاوی هەڵهێنا ئەسپێکی لە پێش چاوی خۆیدا بینی، سەرەتا بڕوای بە چاوی خۆی نەکرد، وایزانی ئەمە خەیاڵە، چاوەکانی خۆی هەڵگڵۆفت و بە باشی سەرنجی دا، بینی ئەوەی لە پێش چاویدایەو دەیبینێ ئەسپ نیە، بەڵکو ورچێکی گەورەیە، ورچەکەش لەلایەن خۆیەوە حەپەسابوو، ڕاوەستابوو زۆر بە وردی و لەسەرخۆ تەماشای دەکرد، تفەنگەکەی هەڵگرت و ڕوویکردە ورچەکە، بەڵام بیری کەوتەوە تفەنگەکەی خاڵییەو فیشەکی تێدا نیە، لە شوێنی خۆیدا داینایەوەو چەقۆکەی دەرهێنا. ئێستا نێچیرێکی گەورە وا لەبەردەستیدایە، ئەگەر ئەو نێچیرە بکوژێت ئەوا گۆشتی زۆری دەستدەکەوێت و تێری لێدەخوات و سەرلەنوێ ژیانی پێ دەبەخشێتەوە، ئەو ژیانەی خەریکبوو لەدەستی بدات. چەقۆکەی تیژ بوو، بێ شك ئەگەر هێرش بکاتە سەر ورچەکە دەیکوژێت، بەڵام دڵی بە تونـدی کەوتـە لێدان و تەپەتـەپ و قاچـە شکاوەکەشـی کەوتەوە ئازارو ئێشێکی زۆری لێ پەیدابوو. ئەو بوێریی و ئازاییەی نەماو ترس و لەرزێکی یەکجار زۆری لێنیشت، ڕەنگە لەم حاڵەتە لاوازی و هیلاکی و بـێ تواناییەیـدا ئـەو ئاژەڵـە درندەیە پـەلاماری بـدات و بیکوژێـت. لـە ترسـاندا لـە شـوێنەکەی خـۆی دانیـشت و زەق تەماشای ورچـەکەی دەکـرد. ورچـەکە دوو هـەنگاو لێیهاتـە پێـشەوەو لـە شـوێنی خۆیـدا ڕاوەستا، کابرا لە ترساندا نەیدەتوانی لە شوێنەکەیدا هەستێ و لەدەست ورچەکە ڕابکـات، ئەگەر ڕابکات دوایدەکەوێت، ئـەو کاتـە توانـای بـەرگریکردنی نـامێنێ و ژێـر دەکـەوێت. کتوپڕ سەرلەنوێ هەستی بە بوێری کردەوە، بوێرییەکـەی ئـازایی بێـزاری و دەسـت لـە خـۆ شۆردن و ترسنۆکی و بەرگریکردن و خۆپاراستن بوو لە مان و نـەمانی خـۆی. بـە نـەترس و بوێرییەوە ڕووبەڕووی ورچەکە ڕاوەستا، ورچەکەش لە ئاستی خۆیەوە جوولاّ، ئـازایی بـوێری ئەم کابرایەی زۆر لا سەیرو سەرسوڕهێن بوو. کابرا لە شوێنی خۆیدا نـەجوڵا، وەك پەیکـەر

لە شوێنی خۆیدا چەقیبوو تەماشای ورچەکەی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە بیری ئەو ترسەدا بوو کە ئێستا بەهۆی ئەم ورچەوە تووشی بووە. خۆ ئەگەر لەمەش ڕزگاری بێت ڕەنگە تووشی پەلاماری گەلەگورگیش بێتەوە، هەر بە ڕاستیش تووشی گەلەگورگێکیش بوو، بەڵام باش بوو گورگەکان سەرقاڵی ڕاوی باڵندەی قەتێکان بوون.

پاش ئەوەی لە دەست ورچەکە قوتار بوو. لە کاتی عەسردا بە لۆژەلۆژۆ هێواشی بە ڕێگادا دەڕۆیشت، هەندێ ئێسقانی بینی کە گورگ دوای خۆیان جێیان هێشتبوو، ئێسقانەکان ئێسقانی بەرانە کێوییەك بوو، دوای ئەوەی گۆشتەکەیان خواردبوو، ڕەنگە ئێسقانەکانیان بۆ کەسێکی برسی وەك ئەم جێهێشتبێت. زۆر بە تامەزرۆییەوە سەرنجی پاشماوەی ئەم حەیوانەی داو تەماشای دەکرد.

بەسەرهاتی ئەو ڕۆژانەی دواینەی خۆی هاتەوە پێش چاو کە تووشی ببوو. ئاواتی مردنی دەخواست. مردن چیە؟ هەناسەیەکەو لە سینە دێتەدەرێ و ڕۆح دەردەچێت و دەحەسێتەوە. زۆر بیری لەوە نەکردەوە، دابەزییە سەر ئێسقانەکان و پەلاماری دان و کەوتە گازلێگرتن و لێسانەوەیان. گورگەکان هیچ گۆشتێکیان بەسەر ئێسقانەکانەوە نەهێشتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە تام و چێژێکی سەیر کرد، لە دەمیدا هەستی بە تام و چێژی گۆشت دەکرد، دانەکانی لە ئێسقانەکە گیرکردو بە هەموو هێزییەوە گازی لێگرت، چەند دانێکی شکا، پاشان ئێسقانەکەی بۆ دوور خۆی تووڕدا.

بەفرو بارانێکی یەکجار زۆرباری. چەند ڕۆژێکی تریش بەو شێوەیە تێپەڕی و ئەمیش هەروەك خۆی وابوو. نەیدەزانی کات و سات چۆنەو چەندەو هەستی پێنەدەکرد بێ مەبەست و بێ ئاگا بە ڕێدا دەڕۆیشت. هەرکە هیلاك بووایە دەوەستا، زۆرجاریش گوێی بەو هیلاکییە نەدەداو نەیدەزانی هیلاکی چیە، بێ هەست و بێ ئاگا بە ڕێگادا دەڕۆیشت. بەحاڵ ژیانی تێدا مابوو، هەستکردن و پێویستکردن بە مانی ژیانی ئەم دوو شتە ڕێنمایی هەنگاوەکانی دەکرد. هەستی بە بێ تاقەتی و هیلاکی نەدەکرد، میشکی بەنج ببوو،

ئاگای لە هیچ نەمابوو، خەون و خەیاڵ بااڵی بەسەر مێشکیدا کێشابوو. بەردەوام ئەو ئێسکانەی دەمژی و دەیجوو کە هەڵیگرتبوون، بەسەر گردو تەپۆڵکەکاندا نەدەڕۆیشت، بەڵکو دوای ڕووبارێکی بچووك کەوتبوو کە دەڕژایە دۆڵێکی پان و بەرینەوە. ئەو کە دەڕۆیشت نە ڕووبارەکەی دەدی و نە دۆڵەکەش. لەو کاتەدا لە خەون و خەیاڵدا دەژیا، لە دنیای خەون و خەیاڵێکی قوڵدا بوو، نەفس و الشەی بێ وڕەو داهێزراو بە ڕێدا دەڕۆیشت، بێ نەست هەروەك ئەوەی لە یەکتر جیابینەوە، هەنگاوی دەنا، تەنها داوێکی بێ هێز بەیەکییەوە بەستبوون، ئەو داوەش لە داوی جاڵجاڵۆکە بێ هێزتر بوو.

کاتێك هاتەوە خۆش خۆی و هەست و بیری پیادا هاتەوە خۆی بینی تەخت لەسەر زەوییەکەدا کەوتووە.

ڕۆژ بە گەرمی تیشکەکەی پەخش کردبۆوە. لە دوورەوە گوێی لە دەنگی بەرانە کێوی بوو. ئەو باران و بەفرە زۆرەی بیرکەوتەوە کە باریبوو، بیری ئەو با و زریانەی کەوتەوە کە بە ڕاست و چەپدا دەیهێناو دەیبرد، بەاڵم بەتەواوی نەیزانی و بیری نەمابوو ئەو گەردەلوولە چەندی خایاندبوو، دوو ڕۆژ، یان دوو هەفتە، یان زیاتر بووە؟! چەند کاتێك لەسەر زەوییەکە ڕاکشا بێ ئەوەی جوولّە بکات، هەستی بە حەساندنەوەو گەرمی خۆرەکە کرد.

تیشکی خۆرەکە لەشی وشك کردەوە، وای بۆچوو ڕۆژەکە خۆش دەبێت و ڕەنگە بتوانێت جێپێکەی خۆی دەستنیشان کات و تێبگات بەالیەنی کەمەوە ئێستا وا لە کوێ.

بە ڕەنج و ماندوبوونێکی زۆرەوە تەوانی خۆی بەالی تەنشتیدا وەرچەرخێنێت، لە نزیکییەوە جۆگە ئاوێکی بچووك سەرنجی ڕاکێشا زۆری السەیر بوو. بە چاو بەدوای جۆگە ئاوەکەدا ڕۆیشت، بینی بەناو دۆڵەکەدا دەڕوات و پاشان دەڕژێتە ناو ڕووبارێکەوە، لە بیری خۆیدا وای بۆچوو ئەمە خەیاڵە، یاخود تراویلکە (سراب)ەو هیچی تر، یاخود ئەمە جۆرێکە لەو خەون و خەیاڵانەی مێشکە جەنجاڵ و نائارامەکەی دەیبینێ.

چاوی نووقاندو کردییەوە. سەیری کرد هەر هەمان بینینی پێشووتر کە بینیبووی، هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، کەواتە ئەوە خەیاڵ و تراویلکە نیە، بەڵام چاك دەیزانی لەو شوێن و جێگایەدا نە ڕووباری لێیەو نە کەشیشی لێیە، ئەو لەوە چاك دڵنیابوو هەروەك چۆن دڵنیابوو لەوەی تفەنگەکەی خاڵییەو فیشەکی تێدا نیە.

لە پشتییەوە گوێی لە نرکەو نالّەیەك بوو، لەبەر ئەو ئێش و ئازارە زۆرەی بە دەستییەوە دەینالّاند زۆر بە هێواشی خۆی بۆ لایەکەی تری وەرچەرخاند، هیچی نەدی. هەناسەی لە خۆی بڕی و هەستی ڕاگرت. هەمدیسان گوێی لە نالّەکە بۆوە. نرکەو نالّەکە ئەم جارە جۆرە کۆکینێکی پێوە بوو. لەنێوان دوو بەرددا سەرێکی بۆر دەرکەوت، سەرەکەی ناسی سەری گورگێکی درەندە بوو، دیاربوو گورگەکە نەخۆش بوو، چونکە بەردەوام دەینالّاندو دەکۆکی و زۆر بە هێواشی دەجوولّایەوە. ئەم جارە دڵنیابوو لەوەی ئەمە خەیاڵ نیە، بەڵکو ڕاستییە، ئیتر جارێك تەماشای درندەکەی دەکردو جارێکی تریش تەماشای ڕووبارە دوورەکەو ئەو کەشتییەی دەکرد کە بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆیشت. کەواتە ئەو بەو ڕێگایەدا نەڕۆیشتووە کە خۆی ویستوویەتی، بەڵکو بەرەو باکوری ڕۆژهەڵاتی (دیز دیڤید) بۆ (دۆڵی کۆبرمین) ملی ناوەو ڕۆیشتووە. کەواتە ئەو دۆڵە گەورەیە دۆڵی کۆبرمینەو ئەو ئاوەش دەریای بەستەڵەکە، پاپۆڕەکەش یەکێکە لە پاپۆڕەکانی شەریکەی هدسۆن بای. ئا بەو شێوەیە هەموو شتێکی وەکو خۆی بۆ ئاشکرابوو. دانیشت و کەوتە بیرکردنەوەی ئەوەی ئێستا چی بکات؟ تەماشای کاتژمێرەکەی کرد، سەعات یانزەی پێشنیوەڕۆ بوو، نە تفەنگەکەی پێمابوو نە چەقۆکەشی پێمابوو. تەنها بەتانیەکی پێمابوو، بەڵام دەنکە شقارتەکان هێشتا بە وشکی مابوونەوە، لەگەڵ ئەو هەمووماندووبوون و برسێتییەدا لەو کاتەدا هۆش و هەستی لای خۆی بوو، ئازارە زۆرەکەی قاچە شکاوەکەی بیرنەمابوو، هەستی بە برسێتی نەدەکردو برسێتی بیرچوبۆوە، لەبەرئەوە دەبێت بە هەر شێوەیەك بێت خۆی بگەیەنێتە ئەو کەشتییەی لە دوورەوە دیاربوو.

نەیتوانی بە قاچەکانی هەنگاو بنێ و بڕوات ناچار لەسەر دەست و قاچەکانی دەڕۆشت. نەشی دەزانی بەرەو حەیوانە نەخۆشەکە دەڕوات، زۆری لا سەیر بوو، گورگەکەی بینی لێی دوورەکەوێتەوە، گورگەکە زمانی دەرهێنابوو، هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، سەرنجی زمانی گورگەکەی دا زمانی سور نەبوو. ئەمە نیشانەی نەخۆشی و تێکچوونی تەندروستی دەگەیاند.

دواتر هەرچۆنێك بوو کابرا هەستی کرد دەتوانێت لەسەر پێ ڕاوەستێت و بە پێ بڕوات، هەنگاوەکانی کورت و گران و هێواش بوو، چەند هەنگاوێك دەڕۆیشت و تۆزێك ڕادەوەستاو پشوویەکی دەدا، گورگەکەش وەك ئەم دەڕۆیشت و زۆر بە گران و ماندووبوونەوە هەنگاوی دەنا، نەیدەتوانی بە ڕێگادا بڕوات.

کە شەو بەسەردا هات و ئاوی ڕووبارەکە بریسکەی دایەوە، کابرا بۆی ڕوونبۆوە لە ڕووبارەکەوە زۆر دوور نیە، تەنها چوار میلێکی ماوە بگاتە ڕووبارەکەو ڕزگاری بێت.

بەدرێژایی شەو گوێی لە کۆکین و لرخەلرخی گورگەکەو بارەبارو دەنگەدەنگی بەرانە کێوییەکان بوو. هەستی کرد هیواو ئومێدی ژیانی ماوەو ئومێدی ڕزگاربوونی زۆرە، گورگەکەش بەردەوام بە دوایەوە بوو، بە هیوای ئەوەی پێش ئەو بمرێت و تێر لە گۆشتی لاشەکەی بخوات.

کە ڕۆژ بۆوە کابرا چاوی هەڵهێنا گورگەکەی بینی زۆر بە تامەزرۆییەوە تەماشای دەکات. گورگەکە لە سەرمادا دەلەرزی و خۆی کزۆڵە کردبوو، کلکی خستبووە ناوگەڵییەوە.

خۆرهەڵهات. کابرا بەرەو کەشتییەکە کەوتەوەڕێ. دنیا خۆش و سایەقە بوو، کەشوهەوا خۆش بوو. دوانیوەڕۆ گەیشتە ڕێگایەك تەماشای کرد شوێنپێی کەسێکی تری تیایە، دیاربوو پێش ئەم گەیشتبووە ئێرە، لەسەر قاچەکانی نەڕۆیشتبوو، بەڵکو ئەو پاشماوانەی لە دوای جێماوە ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەسە لەسەر دەست و قاچ بە

چنگەخشکێ ڕۆیشتووە، ڕەنگە ئەو کەسە بێڵی هاوڕێی بێت، بەڵام ئەم گوێی بەو کارە نەدا، پشتگوێی خست، چونکە هەرچی هەستی هەیە هەر هەمووی مردبوو. گەدەو مێشکیشی بێ ئاگا نووستبوون، تەنها ژیان ڕێنمایی دەکردو دەیبرد بەڕێوە، لەوپەڕی ماندوبوون و هیلاکیدا بوو، بەڵام ژیان لە گیانیدا ڕێی پێ نەدەدا خۆی بدات بە دەست مردنەوە، لەبەرئەوە گژوگیای لەسەر زەوییەکە هەڵدەگرت و دەیخوارد، هەر لەبەرئەوەش بوو زۆر بە ئاگاهی و وریاییەوە ئاگای لە گورگەکە بوو.

دوای پاشماوەی جێپێ و دەستەکانی کابرای پێش خۆی کەوت. کاتێک گەیشتە دوا پاشماوە هەندێ ئێسک و پروسکی بینی و بە دەوریدا پاشماوەی گەلەگورگێکی بینی، هەروەها تووڕەکەیەکی وەک تووڕەکەی خۆی بینی، دانە تیژەکانی گورگەکان هەڵیان وەشاندبوو، لەبەر ئەو ماندووبوون و بێ توانایییە زۆرەی بەگران تووڕەکەی هەڵگرت و تەماشای کرد، تووڕەکەکە قورس بوو، کەواتە بێڵ تا کۆتایی ژیانی ئالّتوونەکەی هەر پێبووە، ئەی لەو بێ ئەقڵ و گێلە! دەستی بە پێکەنین کرد، بەو هاوڕێیەی پێکەنی کە غەدری لێکردو بە تەنها جێیهێشت، کەواتە تووڕەکە ئالّتوونەکە بۆ خۆی هەڵدەگرێت و لە دوای ئەو هاوڕێ بێ وەفایەی بۆ خۆی سودی لێدەبینێت، بەڵام کتوپڕ لە پێکەنین کەوت و پێکەنینەکەی نەما. نا.. نابێت بە هاوڕێ مردووەکەی پێبکەنێت و ئالّتوونەکەش نابات. بێگومان ئێسقانەکانیش ناخوات.

لەو شوێن و جێگایە دوورکەوتەوە، گەیشتە گۆماوێک، لای گۆماوەکەوە ڕاوەستا بۆئەوەی هەندێ ماسی بگرێت و بیخوات. ئاوەکە پاک و ڕوون بوو، لەناو ئاوەکەدا سەروسیمای خۆی بینی، سەروسیمای زۆر ناشرین و ترسناک بوو. سێ ماسی وردکەی بینی وێستی بیانگرێت نەیتوانی، لەوە ترسا ئەگەر لەوە زیاتر خۆی بەسەر گۆمەکەدا بچەمێنێتەوە هێزی تیا نامێنێت و سەری گێژ دەخوات و دەکەوێتە گۆماوەکەوەو دەخنکێت.

ئەو ڕۆژە نێوان خۆی و پاپۆڕەکەی بە سێ میل خەملاند. بۆ ڕۆژی دواتر بـە دوو میـل، چونکە نەیدەتوانی لەسەر قاچ بڕوات، بەڵکو وەك بێڵـی هـاوڕێی لەسـەر دەسـت و پـێ بـە خۆکـشاندن دەڕۆیـشت، بـەڵام لـە کۆتـایی حەوتـەم ڕۆژدا بـۆی دەرکـەوت، لـە بۆچـوون و خەملاندنەکەیدا هەڵە بووە. هێشتا نێـوان ئـەوو پاپۆڕەکـە نزیکـەی حـەوت میـل دەبێـت، چونکە ئەم میلێکی زیاتر نەبڕیووە.

لە ڕۆیشتنی و خۆکشان و سنگەخشکێ گران و دوورودرێژەکەیدا بەردەوام بوو. جارێـك خۆی ڕادەکێشاو سنگەخشکێی بوو، چەند جارێکیش دەبوورایەوەو ئاگای لە خۆی نـەدەما، ئێسکی ئەژنۆکانی شکابوون، ببوون بە گۆشتێکی چنراو خوێنیـان لێـدەتکا. چـەند پێیـەك دەڕۆیشت و بەدوای خۆیدا لێشاوی خوێنی لێدەتکا. ئاوڕێکی بۆ دوای خۆی دایەوە سـەیری کرد گورگەکە لە دوایەوە بە تـام و خۆشـییەوە خوێنەکـەی دەلێـسێتەوە. ئەگـەر گورگەکـە نەکوژێت و لەناوی نەبات، ئەو کۆتاییە ناخۆش و خراپەی خۆی دەهاتە پێش چاو.

ئینجـا نۆبـەی ئـەو ناخۆشـی و سـەرگەردانیەیە، ئەمـە ناخۆشـترین ناخۆشـی و سەرگەردانییە کە لە ژیانیدا سەری هەڵدابێت و بەسەریدا هاتبێت. پیاوێکی نەخۆش و بـێ توانا بە چنگەخشکێ بڕوات و گورگێکی نەخۆش و بـێ توانـا لـە ڕۆیـشتندا بـە مـلاولادا بکەوێت. دوو زیندەوەر یان پاشماوەی دوو زینـدەوەر کـە هەریەکـەیان لـەپێناوی مانـەوەی ژیانی خۆیدا هەوڵی ئەوە دەدات و دەیەوێت ئەوی تر لەناو ببات. خۆ ئەگەر گورگەکە ساخ و تەندروست بووایە، ئەوەندە ئەم هـەموو گوێپێـدان و گرنگییـەی پـێ نـەدەدا، بـەڵام ئـەو ئەوەی لا ناخۆش بوو ئەو خواردنە خۆشەی گۆشتی ئەم کابرا نەخۆشەی لـە گیانەڵادایـە لـە دەست بچێت، لەبەرئەوە نەیدەتوانی بەسەر مێشك و بیریدا زاڵ بێت و وازی لێبێنێت، هـەر بیری لە خواردنی کابرا دەکردەوە، کـابرا جارێـك هاتـەوە هـۆش خـۆی، لـە نزیـك گوێیـەوە هەستی بە مشەمش و لرخەلرخێك کرد ڕاپەڕی، گورگەکە لە ترساندا ڕاچـڵەکی و بـۆ دواوە کشایەوە، لەبەر هیلاکی و بێ هێزی لەسەر ئەرزەکە پانبۆوەو کەوت. کابرا نەترسا، چونکە

دەمێك بوو لەوەی تێپەڕاندبوو، بیری لێ نەدەکردەوە، ئەوەی لە مێشکیدا بوو تەنها پاپۆڕەکە بوو. ئەو پاپۆڕەی ئێستا بە پێی بۆچوونی خۆی نزیکەی چوار میل لێیەوە دوورە.

ئێستا بە باشی دەتوانێت ببینێت. ئەو دارە بەرزەو ئەو بەلەمە بچووکانەی وان لە دەوریدا دەبینی، بەلّام نەیدەتوانی و توانای ڕۆیشتنی ئەو چوار میلەی نەبوو. ئەمەی باش دەزانی، ئەوەشی دەزانی دوای ئەو هەموو هەوڵ و هیلاکی و ماندووبوونە زۆرەی چەشتبووی پێویستە بژی و نەمرێت، ئەو نەیدەویست بمرێت، ئەو دەیویست هەتا کۆتایی بەسەر هەموو ناخۆشی و تەنگوچەلّەمەیەکدا زاڵ بێت. چاوی نوقاندو ئەو ناخۆشی و ئەشکەنجانەی هێنایەوە بەرچاوی خۆی کە لەو ڕۆژانەدا بەسەری هاتبوو. ئێستاش ئەو ڕێگا دوورودرێژو ناهەمواوە بەرەو کۆتایی دێت، دەشێ خۆی بدات بە دەست پلاری قەزاوقەدەرەوە؟ دەبێت خۆی لاوازو بێ توانا پیشان بدات، لە کاتێکدا ڕزگاربوونی لێ نزیك بۆتەوە؟

لەسەر گازەرەی پشت خۆیدا بەزەویداو ڕاکشا بێ ئەوەی هیچ جوولّەیەك بکات، خێرا سەرلەنوێ گوێی لە مشەمش و لرخەلرخی گورگە نەخۆشەکە بۆوە. وردەوردە لێی نزیك دەبۆوە، گورگەکە هەنگاوێك لێوەی دوور بوو، گورگەکە بەوەوە نەوەستاو نزیکتر بۆوەو هات و نزیك گوێی بۆوە. هەستی بە زمانە وشك و زبرەکەی کرد بە ڕوومەتیا دێنێت و دەیلێسێتەوە، کابرا توند دەستی قووچاند، ویستی زمانی بگرێت لە قورقوڕاگەیەوە دەری بێنێت، بەلّام چنگەکانی دەستی لە هەوا زیاتر هیچی تری نەکەوتە دەست، هێزی تیا نەمابوو، بەکەلّکی هیچ نەدەهات. خۆڕاگرتنی گورگەکە زۆر سەیر بوو، لەویش سەیرتر خۆڕاگریی کابرا بوو.

نیوەڕۆیەك بەم شێوەیە بێ هەست و بێ جوولّە لەسەر زەوییەکە ڕاکشا، چاوەڕوانی ئەو چرکەیەشی دەکرد ئەو ئاژەلّە هێرش بکاتە سەری و لێکی هەلّوەشێنێت و بیخوات. شێوە بێ هۆشێك بوو، لەو ماوەیەدا لە شەپۆلی دەریاکە زیاتر کە شەپۆلی بەسەر لەشیدا دەهێنا

هیچی تری نەدەدی. ناوبەناویش هەستی بەو ختووکەو لێسانەوە زبرەی زمانە نەخۆشەکەی ئاژەڵەکە دەکرد بەسەر ڕوومەتە وێران و قڵێشاوەکەیدا دەهات. هەناسەیەکی کەم لەو بێ هۆشییە قوولّەی هاتەوە هۆش خۆی. سەرنجی دا زمانە زبرەکە لە ڕوومەتییەوە گەیشتە سەر دەستی، تێگەیشت ئاژەڵەکە دەیەوێت بە هەموو هێزێکییەوە گازی لێبگرێت و کەڵبەکانی بچەقێنێتە گۆشتەکەی و تێر لەو خواردنە بخوات کە زۆر دەمێکە چاوەڕوانی دەکات. لەوە زیاتر خۆی پێ ڕاناگیرێت ئەم هەوڵە نەزۆکەی زۆری نەخایاند. کابرا لە دوا هەوڵیدا هەرچی ئەو هێزە کەمەی مابووی کۆیکردەوەو پەلاماری گورگە بێ هێزو بێ تواناکەی دا، تا توانی قەپاڵی بە ملی ئاژەڵەکەدا کردو دانی چەقاندە قورقوراگەی گورگەکە. دوای نیو سەعات هەستی کرد دەمی پڕبوو لە تووکی گورگەکەو شتێکی لیخی پیسی تام ناخۆش دەمی پڕکردو بەرەو قورگ و گەدەی دەڕوات، دەمی لێ بەرداو تۆزێك بۆ دواوە کشایەوەو بێ هۆش کەوت، پاش ماوەیەکی دوورودرێژ ئینجا هۆشی پیاداهاتەوە.

پاپۆڕی (بیدفۆرد) تیمێکی توژێنەوەی زانیاری کە بۆ توێژینەوەی زانستی هاتبوون لەناو کەشتییەکەدا بوون، هەندێك لە زانستخوازەکان لە ڕۆخی دەریاکە شتێکی سەیریان بینی، ئەو شتە سەیرە بەرەو ئاوەکە دەجوولّێت و دەڕوات، نەیانزانی ئەو شتە چیە، چونکە ئەو پیاوانە لە پیاوانی زانست و توێژینەوەی زانیاری بوون. سواری بەلەمێکی بچووك بوون بەرەو ڕۆخی دەریاکە کەوتنەڕێ تا تێبگەن ئەوە چیە؟ لەو شتەی بینییان زۆر سەریان سوڕما! شتەکە لە مرۆڤ دەچوو، بینییان زیندووەو ژیانی تێدایەو دەجوولّێ.

دوای سێ هەفتە لەو بەرسەرهاتە. کابراکە دوای حەسانەوە لەسەر کورسییەك لەسەر پشتی کەشتیی بیدفۆرد ڕاکشابوو، بەخۆڕ فرمێسك لە چاوەکانیەوە بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتە خوارەوە، ناوی خۆی پێوتن و بەسەرهاتەکەی خۆی بە دوورودرێژی و بەتەواوی بۆ تیمە زانستییەکە گێڕایەوە.

پاش چەند ڕۆژێك بەتەواوی توانی لەگەڵ پیاوانی تیمەکەدا لەسەر مێزی نانخواردن دانیشێت. بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردن، لای سەیر بوو مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەو ئاسانیە خواردن پەیدا بکات و بەدەستی بهێنێت و بەو شێوەو بڕە زۆرەش! لەوە بێزارو تووڕە دەبوو کە دەیبینی بەو جۆرە بە زۆری ئەو هەموو بڕە خواردنە دەخۆن بێ ئەوەی لەوە بترسن کاتێك لەپڕ بێتە پێشەوەو خواردنیان نەمێنێت. هەموو هەوڵ و خەم و سەرقاڵییەکی بۆ ئەوە بوو دڵنیابێت لەوەی بڕی خۆراك کەم نیەو پرسیاری لە چێشتکەرو کارگوزارو بەڕێوەبەری گەنجینەو دەریاوانەکان دەکرد، ئەوانیش هەر هەموویان لە زۆری خۆراك دڵنیایان دەکردەوە، بەڵام ئەم بڕوای پێ نەدەکردن. دەڕۆیشت بۆ لای دەریاوانەکان و داوای پارچە بسکیتی لێدەکردن، هەرکە بسکیتەکەیان دەدایە وەك سامانێکی گرانبەها دەیخستە ناو گیرفان و باخەڵییەوە. پیاوانی تیمەکەش زۆر بە گرنگییەوە سەرنجیان دەداو چاودێریان دەکرد بێ ئەوەی ڕێگا لە کارو کردەوەکەی بگرن. بینییان هەر هەموو ناو نوێن و جلەکانی و ناو هەموو کەلوپەل و شتەکانی تری سیخناخ و پڕن لە پارچە نان و بسکیت و هەموو ئامادەباشییەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەبوونی و برسێتی کردووە، کە لە پاشەڕۆژدا بێتە ڕێی و ڕووبەڕووی بێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کابرا شێت نەببوو. شارەزاو پڕۆفیسۆرەکان وای بۆ دەچوون هەرکە بگەنە وشکانی لەم (چاوبرسێتی)[1]یەی چاك بێتەوە . هەر بە ڕاستیش کاتێك پاپۆڕەکە لە دوورگەی سان فرانسیسکۆدا لەنگەری بەست و گەیشتنە وشکانی و ڕاوەستا، کابرا چاکبۆوەو بارودۆخی ئاسایی بۆوەو هاتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی.

---

[1] **حرص/شَرَه و بُخل**/ چلێسی، ڕژدی، چاوبرسێتی.

# ئەفسانەیەکی باکور

گالیسکەکان یەك بەدوای یەکدا بەسەر شەختەکەدا دەڕۆیشتن، لە تونـد بەستنەوەی قایشی ڕەشمەکان و لە زرنگەزرنگی ئەو زەنگۆلانەی بە ئەڵقەی ملی سەگەکانەوە بەسترابوونەوە بەردەوام جیڕو هوڕیان بوو، پیاوەکان و سەگەکان، هیلاك و ماندوو بوون، بێدەنگ و بێ چپە بە ڕێگاکەدا دەڕۆیشتن و هیچ دەنگێکیان لێوە نەدەهات.

ڕێگاکە ڕێگایەکی ناهەموارو سەخت بوو، ماوەیەکی دوور نەبوو. بەفری بەسەردا باریبوو، لەبەرئەوە ڕۆیشتن بەسەریدا زۆر ناخۆش و گران بوو. سەرەڕای هەموو ئەمانەش قافڵەچییەکان لە شوێنێکی دوورەوە هاتبوون و لەژێر ئەو بارە قورسەو ئەو هەموو نێچیرە ڕاوکراوە زۆرانەی پێیانبوو دەیاننالاند.

شەو هات و باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا. بەفر وردەوردە وەك لۆکەی شیکراوە دەباری. با بە هێواشی هەڵی کردبوو، لە شەمالێکی فێنك دەچوو نەك ڕەشەبای باکور. کەشوهەوا لە چاو خۆیدا زۆر سارد نەبوو، مامناوەندی بوو، پلەی گەرما (دە) لەژێر سفرەوە بوو.

(مایارز)و (باتلز) ملپێچەکانیان لە مل و گوێیان کردەوە، بەڵام (مالموت کید) تەنها دەستکێشەکانی لە دەست داکەندو بە دەستی ڕووت بەبێ دەستکێش بە ڕێدا دەڕۆیشت.

سەگەکانیش کە لە بەیانیەوە کەوتبوونەڕێ. لە ڕۆیشتنەکەیاندا ماندوو ببوون، پشوویەکیان داو تۆزێك حەسانەوەو گورجوگۆڵ بوونەوە. ئەمجارە بە هەڵپەو خێراییەوە ڕێگاکەیان دەبڕی وەك ئەوەی خێراکەن و بیانەوێت بەزوویی بگەنە شوێنی مەبەست، ئەم هەڵپەکردنە لەناو گشت سەگەکانی تریشدا بڵاوبۆوەو ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بەخێرایی کەوتنە ڕۆیشتن و غاردان، سەرقافڵەچییەکە کە لە پێش کاروانەکەوە دەڕۆیشت، کاتێك بەو شێوەیە سەگەکانی بینی کارەکەی خۆیان بە چاکی بەڕێوەدەبەن، شادو دڵخۆش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کاروانچییەکان زیاتر سەگەکانیان هەڵدەناو هانەهانەیان دەدان. سەگاکانیش بە خۆشی و شادییەوە بە دەنگ هاوارو بانگەوازەکانیانەوە دەچوون و زیاتر غاریان دەدا. ئا بەو شێوەیەو لەناو ئەو تاریکی شەوەدا قافڵەکە دەڕۆیشت بەڕێوەو گوێیان بە هیچ شتێك نەدەدا، هەرکە یەکێك لە قافڵەکە لە ڕێ لایدەدا، پیاوەکان گورج دەنگیان لە سەگەکان دەکرد (جی.. جی..جی) خێرا ئەو گالیسکەیەی لە ڕێگاکە لایدابوو دەهاتەوە سەر ڕێگاکەو دوای قافڵەکە دەکەوتنەوە. کاروانەکە بەلای کوخێکدا ڕۆیشت. بینییان ڕووناکی لە پەنجەرەکانیەوە دەدرەوشێتەوە، لایاندایە لای کوخەکە. کاتێك گەیشتنە بەردەم کوخەکە بینییان دەرگاکەی لەسەرپشتە. پیاوێك کە جلی پۆلیسی باکوری ڕۆژئاوای لەبەردابوو بەپیریانەوە هات. مالموت کید ڕاچڵەکی و پێی سەیر بوو! کە بینی ئەو پیاوە لە کوخەکەی ئەو دایەو داگیری کردووە. پیاوەکە ناوی (ستانلی برنس)بوو. ئاگری کردبۆوەو چای بۆ میوانەکان لێنابوو، میوانەکان دوانزە کەس بوون، هەر هەموویان لە کارمەندان و کارگوزارانی دەوڵەت بوون، ئیشەکەیان پاراستن و جێبەجێکردنی یاساو پاراستنی ئاسایش و نیزام و دابەشکردنی پۆست و نامە بوو. پێکهاتەی هەموو ڕەگەزو نەوەیەك بوون، بەڵام شێوەی کارەکانیان وایلێکردبوون لە ڕووی بازووە بەهێزو گەورەکانیانەوەو لە سیماو ڕوویاندا کە تیشکی خۆر بۆری کردبوون و لەو تەماشاکردنە تیژەی لە چاوەکانیاندا دەبینرا لە یەکتر بچن. لە بەدوا گەڕانی تاوانباران و دزو جەردەکاندا تووشی گەلێك ناخۆشی و ماندووبوون

هاتبوون، لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشی و دەردیسەرییەی تووشیان هاتبوو، بەو ژیانە ناخۆش و سەختەی هەیانبوو زۆر ڕازیبوون.

مالموت کید سەرنجی ئەو کابرایانەی دا کە کوخەکەیان وەك داگیرکردن داگیرکردبوو، لە کوخەکەیدا وەك لە مالّی خۆیاندا بن هەڵسوکەوتیان دەکرد. بینی دووانیان لە جێگا نووستنەکەی خۆیدا ڕاکشاون و بە زمانە فەڕەنسییەکەی خۆیان گۆرانیەکی کۆن دەڵێن کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕۆژانی یەکەم کە هاتوونەتە ئەو دەڤەرەوە دوو ژنی هیندییان لە ژنە هیندییەکانی ئەمان ماڕە کردوە. لەسەر پێخەفەکەی (بتلز)یش سێ چوار کەس بە ئیسراحەت ڕاکشاون و لێفەکەیان داوە بە خۆیانداو گوێیان لە یەکێکیان ڕاهێشتووە چیرۆك و بەسەرهاتی ڕابردووی خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە. کە لەو کاتانەدا شەڕو پێکدادان و کاری گەورەو سەروەری قارەمانی بەتوانای وایکردووە لە درۆو ئەفسانە دەچوو. هەر کە هیلاکبووایەو ڕاوەستایە یەکێکی تر لەو شوانی گاو مانگایانە دەستی دەکرد بە گێڕانەوە باسی چیرۆك و بەسەرهاتی مەلیك و شایەکان و کۆشکەکانیان، باسی ئەو لۆردو گەورە پیاوانەی بۆ دەکردن کە دەهاتن بۆ بینین و تەماشاکردنی (بیفالوبیلّ)، لە کاتێکدا کە دەچوو بۆ ئەو گەڕانە بەناوبانگەی لە پایتەختەکانی ولاّتانی ئەوروپادا دەیکرد. لە سووچێکی کوخەکەدا دووانی تر دانیشتبوون یادی کۆن و ڕۆژانی ڕابردوویان دەکردەوە کە لە سەرانسەری باکوری ڕۆژئاوادا ئاگری شۆڕش بلێسەی سەندبوو. کاتێك (لویس ڕایلّ) لە سەرانسەری ولاّتدا خۆی کرد بە مەلیك و مەلیکی خۆی ئاشکرا کرد لە هەموو لایەکی کوخەکەوە قاقای پێکەنین بەرزدەبۆوەو چیرۆك و بەسەرهاتی ئەفسانەی قارەمانانی دەگێڕایەوە. ناوبەناویش نوکتەو قسەی خۆش و سەیروسەمەرەشیان لەپاڵدا دەگێڕایەوە. ئەمە وای لە ستانلی برنس کردبوو مەستی ئەو چیرۆکانە بێت و سەرسامی هێزو توانای ئەو پاڵەوانانە بێت کە مێژوویان دروست کردووەو ئەو هەموو ژیانە پڕ سەروەریی و کارە گەورانەیان کردووە. خێرا خێرا قاپ و کاسەی پڕو بەلەزەتیان بەسەردا دابەش دەکردن،

ئەوانیش ئەو قاپ و کاسە پڕو خۆشانەی ئەو دەستە شارەزایەیان لێوەردەگرت و بەسەر خۆیانـدا دابەشـیان دەکـرد، پیاوەکـانیش بـەردەوام چـیرۆك و بەسـەرهاتە سـەیرو سەرنجڕاکێـشەکانیان دەگێڕایـەوە. کاتێـك لـە قـسەو بەسـەرهات بوونـەوە، میرانـەکان پشتێنەکانیان کردەوەو فەرووەکانیان داکەندو کیسەو سەبیلەکانیان دەرهێناو پڕیان کـرد لـە تـوونن، سـتانلی برنـسیش تەماشـای دەکـردن و چـاوەڕوانی قـسەو بەسـەرهاتی زۆرتـری لێدەکردن.

ستانلی برنس لە مالموت کیدی پرسی..

ــ دەتوانیت ناسنامەی ئەم پیاوانەم پێبڵێیت و بزانم لە چ گەل و هۆزێکن؟

وەلاّمی دایەوە..

ــ ئـەو گاوانـەی لەوێـدا دانیـشتووە بـەپێی شـێوازی قـسەکانی لـەوە دەچـێت خـوێنی ئینگلیزی بە دەمارەکانیدا بڕوات، ئەوانی تریش هەنـدێکیان فەڕەنـسی و هەنـدێکی تریـان سکۆتلەندین و دوو هیندیشیان تێدایەو فەڕەنسییەکی تریشیان تێدایە، وەك من لە شـێوەی قسەکردنەکەی بگەم لەوەدەچێت دایکی هیندی بێت.

ـ بـەلاّم ئـەو کـوڕە گەنجـەی لـە نزیـك ئاگرەکـەوە دانیـشتووە، سـوێند دەخـۆم زمـانی ئینگلیزی نازانێت، چونکە بەدرێژایی شەو بێدەنگ دانیشتووەو دەمی نەکردۆتەوە.

ـ نا تۆ هەلّەیت، ئینگلیزی دەزانێـت، ئـەی نەتـدەبینی بەدرێـژایی شـەو چـۆن بـە چـاو سەرنجی دەم و قسەکانیانی دەدا؟ مـن چـاك سـەرنجی ئـەوەم دابـوو، بـەلاّم لەوەدەچـێت لـە نەتەوەیەکی تر بێت، چونکە لەوان ناچێت، وەك من بـزانم لـە کاتێکـدا ئـەوان بـە شـێوازی گشتی و تێکەڵ قسەیان دەکرد لە یەك قسەو وشەیان نەگەیشتبێ، وەرە بابـچین بیـدوێنین و بزانین لە چ گەل و هۆزێکە.

مالموت کید ڕوویکردە کوڕە لاوەکەو پێی وت:

ـ هەستە هەندێ دار بخەرە ناو زۆپاکەوە.

کوڕەکە گورج هەستاو ئەوەی مالوت فەرمانی پێکرد کردی. مالموت کید لێی نزیکبۆوە لێی پرسی..

ـ وەك بزانیت کەی دەگەنە (داوسۆن)؟

کوڕە لاوەکە تۆزێك سەرنجی مالموت کیدی داو وتی:

ـ دەڵێن لێرەوە حەفتاو پێنج میل دوورە، ئەگەر وابێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەگەینە ئەوێ.

ـ تۆ ئەو ولاتەت پێشتر دیوە؟

ـ نەخێر.

مالموت کید لێی پرسی..

ـ ئەی خاك و ولاتی باکوری ڕۆژئاوا؟

ـ بەڵێ.

ـ لەوێ لەدایك بووی؟

ـ نەخێر.

مالموت کید دەستی بۆ سەرەوە بەرزکردەوەو بە کوڕە لاوەکەی وت:

ـ تو خوای ئاسمان پێم بڵێ تۆ لە کوێ لەدایك بوویت؟ و لە کوێوە هاتوویت؟ ئەم دەموچاوەی تۆم پێشتر دیوە، بەڵام نازانم و نایەتەوە بیرم لە کوێ بینیومە؟!

کوڕە لاوەکە وەڵامی دایەوە..

ـ من تۆ دەناسم.

ـ پێشتر.. پێش ئێستا منت دیوە؟ لە کوێ منت دیوە؟

کوڕە لاوەکە وتی:

ـ نەخێر پێشتر تۆم نەدیوە، بەڵام دەزانم تۆ کێیت. دەمێکە قەشەی شەریکت لە (باسیتلیك) باسی تۆی بۆ کردووم، هەر ئەویش باسی منی بۆ تۆ کردووە.

ـ ئۆھ.. کەواتە تۆ ئەو کەسەیەت کە بازرگانی سەگگلاّوت دەکردو نان و خواردنت لە قەشە وەرگرت؟

کوڕە لاوەکە سەری بەلّێی بۆ ڕاوەشاند، و ڕووی لە مالموت کید وەرچەرخاندو خۆی لە فەرووەکەیەوە پێچا، مانای لەوە زیاتر تاقەتی قسەکردنم نیە. ئیتر مالموت کید چراکەی کوژاندەوەو لە نزیك برنسەوە ڕاکشاو فەرووەیەکیان دا بە خۆیاندا. برنس لە مالوتی برادەری پرسی..

ـ ئەم کوڕە گەنجە کێیە؟

مالموت کید وتی:

ـ لە ڕاستیدا ئەم کوڕە گەنجە مەتەلّێکی نادیارو سەرسوڕهێنەرە. زۆرم دەربارەی بیستووە. ئەوە بۆ ماوەی هەشت سالّە ئەم کوڕە بۆتە جێگای سەرسوڕمانی دانیشتوانی ڕۆخی دەریاو کەس ناناسێت و پیاوێکە کەس تێیناگات و کەسیش نازانێت لە کوێوە هاتووەو بۆچی هاتووە؟! لە کۆتایی زستانێکدا لە باکورەوە لە دووری هەزارەها میلەوە لە شوێنێکی یەکجار دوورەوە هاتۆتە ئەم دەڤەرەوە. کاتێك لەو ڕێگا دوورەوە هاتووە لە ڕێگادا لایداوەتە لای تیمێکی ئەسوچی. لە دوورگەی (غولوفان)دا لە حالّەتێکی ترس و تۆقیندا بووە، زۆر بەپەلەو تەنگاوییەوە داوای هەندێ نان و خواردنی لێکردون و پرسیاری ڕێگای باشوری لێکردوون. ئەمانەم لە دوایدا دەربارەی بیست، پاشان لە ڕۆخی دەریا لایداوەو بەرەو (نۆرتون ساوند) کەوتۆتەڕێ و ڕۆیشتووە. ئەو دەڤەرەش دەڤەرێکە کەشوهەواکەی هێندە سەختە کەس ناتوانێت بەرگەی بگرێت، بەفرێکی یەکجار زۆری تیادا دەباریّت و کەلّەکە دەبێت، گەردەلوول و زریان و ڕەشەبای بەهێزی یەکجار توندو سەختی تێدا ڕوودەدات. لەگەلّ ئەوەشدا ئەو کوڕە لاوە توانیویەتی ئەو دەڤەرە چۆلّ و ترسناکە ببڕێت و بەرگەی ئەو گەردەلوول و زریانە بەهێزە بگرێت و لەبەردەم ئەو سەرماو شەختە زۆرەدا خۆی ڕاگرت کە هیچ کاروانێکی گەورە نەیتوانیوەو ناتوانێت پیایدا ڕەت بێت و ئەو

شـوێن و ڕێگایـە ببڕێـت. ڕێگاشـی لـێ ون ببـوو، بـەڵام تـوانی لـە دوا هەناسـەداو دوای ماندووبوونێکی زۆر بگاتە باسیتلیك، پاش ئەوەی هەندێ سەگیـشی لەناوچـوون و مـردن و خۆشی لە برساندا خـەریکبوو بمرێـت. کوڕەکـە لەوپـەڕی نائـارامی و دڵەڕاوکێـدا بـوو، بـە پەرۆشەوە دەیویست بڕوات و لەسەر ڕۆیشتن و کۆچکردنەکەی بەردەوام بێت. قەشـە (ڕۆبـۆ) نان و خواردنی دەداتێ، بەڵام نەیتوانیبوو هیچ سەگێکی بداتێ، چـونکە قەشـە چـاوەڕوانی منی دەکرد بچم بۆ لای و ئەویش بۆ خۆی بچێت بۆ گەشت و گەڕانی خۆی.

(بولیسز) بەناچاری هەندێ لەو پێستە بەنرخەی پێیبوو بە نرخێکی هەرزان فرۆشت و بە پارەکەی چەند سەگێکی لە بازرگانێکی ئەو ناوچەیە کڕی، و خەڵکەکەش لەمە حەپەسان و سەریان سوڕماو وتیان ئەم کابرا نامۆیە هەر بەڕاستی قیمەتی ئـەو پێـستانە نازانێـت؟ لـە کاتێکدا خۆی هیندییەو دیاریشە لەناو سپیپێستەکاندا ژیاوە.

بولیسز لەگەڵ ئەو پێـستی سـەگگلاوانەو پێـستەی ئـەو ئاژەڵـە وشـکانیانەی پێیبـوو، سـەرلەنوێ بـەرەو باشـور کەوتـەوەڕێ و هـەر ئـەو کاتـەی سـەهۆڵ و بەسـتەڵەك لەسـەر ڕووبارەکاندا توایەوە.

لە (نۆنیڤاك)ەوە هەواڵ گەیشت، لەو هەواڵەدا وتیان کابرای نامۆ پاش ئەوەی ئەو نـان و خواردن و پێویستییانەی پێیبووە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووەو ڕۆیشتووەو لەبەرچاو ونبووە. ئەوە دوا هەواڵ بوو کە لە ماوەی هەشت ساڵدا دەربارەی ئەو بیستبێتم. ئێستاش دەپرسم و دەڵێم ئەو کابرایە لە کوێوە هاتووە؟ و لەو شوێنەی لێـوەی هـاتووە کـاری چـی بـووەو چـی کردووە؟ بۆچی لەو شوێنەوە هاتۆتە ئێـرە؟ ئـەوەی خـەڵکی دەربـارەی ئـەو دەیـزانن تـەنها ئەوەندەیە کە ئەو کابرایەکی هیندی سورەو بەس، بەڵام لـە زۆر کـاردا لـە نـەوەکانی خـۆی ناچێت و جیاوازی زۆریان هەیە، ئەمەش مەتەڵێکی نوێی مەتەڵەکانی باکورە.

ـ برنس پێویستە تۆ ئەم مەتەڵە حەل بکەیت و شی بکەیتەوە.

برنس وەڵامی دایەوە..

ـ کید سوپاست دەکەم. بۆچی خۆم کێشەم کەمە تا بێم ئەو کێشەیە حەل بکەم. من خۆم پێویستم بە حەلی کێشەکانی خۆمە.

دوای ئەوە هەموو نووستن و خەوێکی خۆشیان لێکەوت. بۆ ڕۆژی دوایی لە سپێدەی بەیاندا پێش خۆرهەلّاتن بە چەند کاتژمێرێك پیاوەکان لە خەو هەستان و بەرەو ناوچەی داوسۆن کەوتنەڕێ.

پیاوانی پۆلیس و نامەبەرەکان کارەکانی خۆیان بەردەوام بۆ ماوەی هەفتەیەك زۆر بە باشی جێبەجێ کرد بێ ئەوەی تامی حەسانەوە بکەن، پاشان لە داوسۆنەوە بەرەو (ستیوارت ڕیفار)و لە دواییدا بەرەو (سولّت وتر) چوون.

ئەو پیاوانە لەو ناوچەیەدا چەند ڕۆژێك مانەوەو دوای ئەو هەموو ماندووبوون و گەڕانە زۆرەیان لەو هەرێمەدا بە هیوا بوون ماوەیەك بحەسێنەوەو پشوویەك بدەن، بەلّام نائومێدو هەناسەسارد بوون، ئەویش بەوەی فەرمانی گواستنەوەیان بۆ ناوچەیەکی تر بۆ دەرچوو، لەبەرئەوە دووانیان هەلّاتن و سیانی تریشیان بڕیاری گەڕانەوەیان دا بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتبوون، بەلّام کابرای نامۆ مالموت کیدی بردە لاوەو چەند قسەیەکی بە گوێدا چرپاندو پێکەوە لە ژوورەکە چوونە دەرەوەو پاشان هاتنەوە، ئەمە برنسی هەژاندو ویستی تێیان بگات و بزانێت باسی چی دەکەن؟ مالموت کید تەرازوویەکی ئالّتوونکێشانی هێناو کێشێکی بۆ کێشاو دایە دەست کابرای نامۆ. کابراش لێی وەرگرت و خێرا هەلّیگرت و بەڕاکردن بەرەو شاری داوسۆن ڕۆیشت. برنس دەربارەی ئەو کابرایە پرسیاری لێکرد. مالموت کید پێی وت:

ــ ئەو کابرا نامۆیە، لەو پیشەیەدا بۆ خزمەتی میریی دامەزراوە، ناتوانێت دەستبەرداری کارەکەی بێت و دەست لە کار بکێشێتەوە تا دوو ساڵ بەسەر کارەکەیدا تێنەپەڕێت، بەلّام یاسا ڕێگای ئەوەی پێدەدات ئەگەر بیەوێت دەست لە کار بکێشێتەوە دەتوانێت لەبریتی ئەوە بڕێ پارە بدات، ئنجا لەبەرئەوەی کە دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت

دەست لەکار بکێشێتەوەو وازی لێبێنێت و خۆشی (پارە)یەک (فلسێک) شک نابات و هیچی نیە، لەبەرئەوە داوای ئەو بڕە پارەیەی بە قەرز لێکردم و بەڵێنی پێدام لە دواییدا بەتەواوی قەرزەکەم بداتەوە. زۆر هەوڵم لەگەڵدا دا ئەو نهێنی و جەختکردنەی بزانم بۆچی وا بە پەرۆشەوە دەیەوێت واز لە کارەکەی بهێنێت؟ بەڵام هیچی پێ نەگوتم، هەر ئەوەندەی پێ وتم کە ئەو بڕە پارەیەت چەندانەو چەندانە زیاتر دەدەمەوەو وتی:

ــ ئەوەندە دەوڵەمەندت دەکەم ببیت بە دەوڵەمەندترین کەس.

زستان بە خۆی و شەوە درێژو ناخۆش و ساردو سەرماو سۆڵەو بەفرە زۆرەکەیەوە هات. بەیانیەکی مانگی کانوونی دووەم (ڕێبەندان) کتوپڕ گالیسکەیەک کە چەند سەگێک ڕایدەکێشا گەیشتە بەردەم کوخەکەی مالموت کیدو ڕاوەستا. کابرای نامۆی تێدابوو. ژنێک و کابرایەکی بااڵبەرزو زەبەلاحی چوارشانەی ترسناکیشی لەگەڵدا بوو، ناوی (ئەکسیل غندرسۆن) بوو. دیمەنێکی ترسناک و بەهێزو شەڕانی و بەتوانا بە سیمایەوە دیار بوو، کابرای چوارشانەی بااڵبەرزی زەبەلاحی ترسناک و ئەو ژنەی لەگەڵیاندا بوو، لەگەڵ کابرای نامۆی کە لە پێشدا مالموت کید بە ناوی بولیسز ناوی دەبرد، هەرسێکیان پێکەوە چوونە ناو کوخەکەی مالموت کیدەوە. ژنەکە دیاربوو خێزانی ئەکسیل غندرسۆنی ترسناک بوو. کاتێک دانیشتن ژنەکە خۆیدا بەسەر سنگی میێردەکەیداو پاڵی پێوە دا. ژنەکە لە جوانیدا لە گوڵێک دەچوو کە بە دیوارێکی گەورەدا هەڵواسرابێت، ئەم جوانییەی وای لە برنس کرد هەر تەماشای چاوە جوانەکانی بکات، ژنەکە ژنێکی هیندی بوو، بەاڵم جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو ژنە هیندییانەی ڕەگەزی خۆی کە ئەم پێشتر بینیبوونی و ناسیبوونی. لە شێوەی قسەکردن و گفتوگۆکەیدا تێگەیشت ئەم ژنە زۆر شوێن و شارو هەرێم گەڕاوە، هەر لەبەرئەوەش بوو بەتەواوی و کتومت وێنەی ژنە خاتوونێکی سپیپێستی هەبوو.

کاتێک لەسەر سفرەی نانخواردن دانیشتن، مالموت کید وەک دۆست و هاوڕێیەکی دێرینی قسەی لەگەڵدا کردو دەیدواند. ئەمە وای لە برنس کرد ئەویش ئەو شەرمەی لە سەرەتادا

لە ئاستیدا دەینواند بڕەوێتـەوەو لەگەلّیـدا کەوتـە قـسەو گفتوگـۆکردن. مێـردی ژنەکـەش دیـاربوو زۆری خۆشدەویـست و بەتـەواوی پابەنـدبوو پێیـەوە، سـەیرکردن و سـەرنجدانەکەی بەتـــەواوی نیـــشانەی ئـــەوە بـــوو چـــەند لای بـــەرێزو گەورەیـــەو لـــە دلّیـــدا چ جێگـــاو خۆشەویستییەکی گەورەی هەیە. کابراکەی تریش بێدەنگ نانی دەخواردو هـیچ قـسەیەکی نەدەکرد، ئەوەندەی نەخایانـد کـابرا چـووە دەرەوە، ئـەوانی تـریش دوای نـانخواردن هـەموو بەدوایدا چوونە دەرەوە.

ماوەی چەند ڕۆژێك بوو بەفر خۆشی کردبۆوەو نەدەباری، ئەمە هەلێکی باش و ڕەخساو بوو بۆ دەستپێکردنەوەی سەفەرو کۆچکردن. بولیسز بـە تـەنها لـە پێـشیانەوە گالیـسکەی یەکەمی لێدەخوڕی و بەدوایدا گالیسکەی دووەم دەڕۆیشت کـە بـرنس و ژنەکـەی ئەکـسیل غـندرسۆنی تێدابوو، بەدوای ئەمانیشدا گالیسکەی سێیەم دەڕۆیشت، مـالموت کیـدو کـابرا زەبەلاحەی تێدابوو. لە ڕێڕۆیشتنیاندا کابرای زەبەلاح بە کیدی وت:

ـ بولیسز خۆی و ژنەکەی بۆ شوێنێك دەبات کە ئەو شوێنە پڕە لە ئالّتوون.

داوای لە کید کرد ئەویش لەگەلّیاندا بێت و پێی وت ئەگەر لەگەلّیاندا بچێت بـۆ ئـەو شوێنەو لەگەلّیاندا بمێنێتـەوە، بـەلّێن بێـت هەرکـە سـامان و زێڕەکـەیان دۆزییـەوە نیـوەی سامانی ئەو شوێنەی بداتێ، بەلاّم مالموت کید بەو داوایەی قایل نەبوو.

کاتێـك گەیـشتنە سـەر ڕووبـاری سـتیوارت و لـەوێ ڕاوەسـتان. کیـدو بـرنس پێکـەوە گەڕانەوە بۆ کوخە گەرمەکەی خۆیان و کابرای زەبـەلاح و ژنەکـەی لەگـەلّ کـابرای نـامۆدا هەرسێکیان پێکەوە بەدوای پەیداکردنی زێڕدا کەوتنە ڕێ.

پاش تێپەڕبوونی چەندەها هەفتە، شەوێکیان مالموت کیدو سـتانلی بـرنس پێکـەوە لـە کوخەکەدا دانیشتبوون شەترەنجیان دەکرد. مالموت کید تازە لە (بونانزا) گەڕابۆوەو خۆی بۆ گەشتێکی ڕاوکردن ئامـادە دەکـرد. کتـوپڕ لـە دەرگـای کوخەکـە درا، پـێش ئـەوەی کیـد فەرموو لە دەرگادەرەکە بکات دەرگـا کرایـەوە، شـتێکی ترسـناك لـەپڕ دەرکـەوت، دەلّـێم

(شتێك) گەرچی ئەوەی هاتە ژوورەوە پیاوێك بوو لە پیاو نەدەچوو، زۆر بە گران دەتتوانی لە شتی تر جیای بکەیتەوە، شتێکی ترسناك بوو، هیندە ترسناك بوو ئازاترین و بوێرترین کەس بیبینیایە لێی دەترساو زیڕەی لێ دەکرد. هەردوو پیاوەکە ڕاچلەکین و بەترس و تۆقینەوە ڕاستبوونەوە. برنس خێرا پەلاماری تفەنگەکەی داو کیدیش خۆی ئامادەکرد، بەڵام لە دەرگادەری ترسناك وەك شێت لە برساندا پەلاماری خواردنی سەر سفرەکەی داو شێتانە دەستی کرد بە خواردن. ناوبەناو دەوەستاو گۆرانیەکی دەوت، لەو گۆرانیانەی دەریاوانەکان لە دەریاکاندا دەیانوت.

ئەوەندەی نەخایاند لەپڕ وەك شێت ڕاستبۆوەو پەلاماری مالموت کیدی داو لەگەڵیدا کەوتە شەڕێکی قورس و گرانەوە، بەڵام ئەو هێزو توانا شێتانەیەی زۆری نەخایاند لە پەلوپۆ کەوت و کتوپڕ لە خۆیەوە بەلادا هات و کەوت و هێزی تیادا نەما. هەردوو پیاوەکە هەڵیان گرت و لە نزیك ئاگرەکەوە دایاننا و هەندێ ویسکی و خواردنیان دەرخوارد دا تا تێربوو. هەر بەڕاستی سەرو سەکوت و شێوەیەکی یەکجار سەیروسەمەرەی پێوە بوو، پیاو زۆر بە گران دەیتوانی جیای بکاتەوەو بزانێت ئەم گیانلەبەرە مرۆڤەو لە خوێن و گۆشت پێکهاتووە. مالموت کید لێی پرسی..

ـ تۆ کێیت؟

کابرا وەڵامی نەدایەوەو نقەی لێوە نەهات.

ـ ئەی لە کوێوە هاتوویت؟

وەك لە سەرەمەرگدا بێت بە هەناسەبڕکێوە وەڵامی دایەوە..

ـ لە دەریاوە هاتووم.

لەوە زیاتر هیچی تری نەگوت. مالموت کید شانی گرت و بە تووندی ڕایوەشاند، ویستی قسە بکات، بەڵام کابرا ئاهێکی هەڵکێشاو دەستی خستە سەر کەلەکەی، دیاربوو زۆر

ئازاری دەدا، بە دەم ئێش و ئازارەوە خۆیدا بەسەر مێزەکەداو هەرچۆنێك بوو هەستایە سەرپێ و دەستی پێوەگرت، گڕو بڵێسە لە چاوەکانیدا دەباری. بە تووڕییەوە وتی:

ـ ئەو گاڵتەی پێکردم و ڕازی نەبوو لەگەڵمدا بێت.

دەنگی هێواشبۆوەو خەریکبوو بەلادا بێت و بکەوێت، مالموت کید گورج باوەشی پیادا کردو گرتی نەیهێشت بکەوێت. لێی پرسی..

ـ ئەو کێیە؟ کێ نەیویست لەگەڵتا بێت؟

ـ ئەو خاتوو (ئونغا) بوو. پێمپێکەنی و گاڵتەی پێکردم. خەنجەرێکی ئا لێرەم دا. ئاوەها.. پاشان...

ـ پاشان چی؟

ـ پاشان لەسەر بەفرەکە ڕاکشا. ئێستاش ئونغا لەسەر بەفرەکە کەوتووە. بەقین و تووڕەییەوە تەماشای دەکردم. ئاگر لە چاوەکانیدا دەباری. پاشان.. پاشان..

ـ پاشان چی؟

ـ پاشان دوو خەنجەری تری لێدام. زۆر بێ هێزو بێ توانا بوو. لە پەلوپۆ کەوتبوو. ڕێگایەکی یەکجار دوورودرێژمان بەرەو ئەو شوێنەی پڕبوو لە ئاڵتون بڕیبوو.

مالموت کید لێی پرسی..

ـ ئێستا ئونغا وا لە کوێ؟ ئەم خاتوو ئونغایە کێیە؟

کابرا هەر ئەوەندە وەلاّمی دایەوە وتی:

ـ ئەو ئێستا وا لەسەر بەفرو شەختەکە، منیش پێویستبوو لەسەر ئەو بەفرو شەختەیەدا لەگەڵیدابوومایەو نەهاتمایەوە، بەڵاّم من قەرزار بووم، لەسەرم پێویستبوو ئەو قەرزە بدەمەوە، قەرزی مالموت کید.

ئەوەندەی وت و کابرا بورایەوە. ئینجا کیدو برنس زانییان ئەم پیاوە بولیسزەو ناسییانەوە. هەردووکیان هەڵیان گرت و بردیانە نزیك زۆپاکەوەو باش دایانپۆشی و

چاوەڕوانیان کرد هەتا دێتەوە هۆش خۆی و چیرۆك و بەسەرهاتە سەیرو سەرسوڕهێنەکەی خۆی بگێڕێتەوە. کابرا هەرکە هاتەوە سەرخۆی و هۆشی پیادا هاتەوە پێی وتن:

ـ پاشان بەسەرهات و چیرۆکەکەتان لە سەرەتاوە بۆ دەگێڕمەوەو باسی خۆم و ژنەکەو پیاوەکەشتان بۆ دەکەم.

مالموت کیدو ستانلی برنس لێی نزیکبوونەوەو دانیشتن گوێیان بۆ بەسەرهات و قسەکانی شل کرد. وتی:

ــ ناوم (ناس)ەو کورێی سەرۆك و سەرداری هۆزەکەمم. لەنێوان ڕۆژئاوابوون و ڕۆژهەڵاتندا لەناو دەریای تاریکدا لەدایك بووم. هەرکە لەدایك بووم، دایکم کۆچی دوایی کردو مرد، بەڵام من بە زیندوویی مامەوەو نەمردم. زێدو نیشتمانمان (ئاکاتان)ە کە کەوتۆتە پشت (شیجنیك)و پشت (کاردالاك)و پشت (یونیماك)ەوە. ئاکاتان کەوتۆتە ناوەڕاستی دەریاو لەوپەڕی جیهاندایە. ئێمە لە دوورگەکەی خۆمان ڕاوی ماسی و ئاژەڵی ناو دەریامان دەکرد. حاڵمان زۆر خۆش بوو. ژیانمان لەوپەڕی خۆشی و شادیدا بوو. ژمارەمان زۆر نەبوو. جیهانیشمان بچووك بوو. چەند دوورگەیەك وەك دوورگەکەی ئێمە کەوتبووە ڕۆژهەڵاتەوە، لەبەرئەوە وامانەزانی هەموو جیهان بریتیە لە دوورگەو بەس، وە لە دوورگە زیاتر هیچ شوێنێکی تر نیە.

من زۆر جیاواز بووم لە منالانی هاوڕەگەزی خۆم. ئێستاش بەتەواوی لەبیرمە چۆن منالێم بردەسەرو چۆنیش لاوێتی خۆم لە دوورگەیەدا بەسەربردو گەورە بووم. دەڵێن ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو پیاو دوای تێکشکانی ئەو کەشتییەی لەسەری بوون هاتنە ناو دوورگەکەمانەوە، ئەو دوو پیاوە وەك ئێوە سپیپێست بوون و ئەوەندە لاوازو بچووك بوون هەر لە منالێی بچووك دەچوون. ئەم قسەو بەسەرهاتە پیرەکان بۆیان گێڕامەوە، ئەوانیش لە پیرەکانی پێش خۆیانیان بیستبوو. سەرەتا پیاوەکان فێری ئەو ژیانەی ئێمە نەبووبوون و لەگەڵ ژیانی ئێمەدا نەدەسازان و ژیانی ئێمەیان لا خۆش نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی هێزو

توانایان پیادا هاتۆتەوەو بوژاونەتـەوە، هەریەکـەیان خانوویـەکی بـۆ خـۆی دروسـتکردووەو ژنیان هێنـاوەو نـەوەیان لێکەوتۆتـەوە. ئـەو پیـاوەی مـن لـە نـەوەی ئـەوم، وەچـەو کـوڕی لێکەوتەوەو پاشان بوو بە باوکی باپیرەم. هەروەك پێموتن من وەکو کەسانی تـری هۆزەکـەم نەبووم، چونکە لە دەمارەکانمدا ئـەو خوێنـە دەگـەڕا کـە بـە دەمارەکـانی سپیپێـستەکاندا هاتوچۆی دەکرد. دەیـانوت پـێش هـاتنی ئـەو دوو پیـاوە بـۆ دوورگەکـەمان، ئێمـە جـۆرە ژیانێکی تر ژیاوین و لەژێر سایەی یاسایەکی تـردا بـووین زۆر جیـاواز بـووە لـە یاسـاکەی ئەوان. ئەو دووانە کەسانێکی دڕو شەڕانی بـوون، ئەوەنـدەی نەخایانـدوە لەگـەڵ پیاوەکـانی ئێمەدا کەوتنە شەڕو ناکۆکییـەوە، هـەتا وایلێهـاتووە پیـاوی شـەڕکەرمان نـەماوە لـە بـێ دەستەڵاتەکان زیاتر، پاشان خۆیان سەپاندووە بەسەرماندا و خۆیانکردووە بە ئاغاو سەرداری هۆزەکەو یاسـاکانمانیان گۆڕیـووە بـە یاسـاکانی خۆیـان، بـەجۆرێك کـە کـوڕو کـچ بـەناوی باوکییەوە نـاونوس کـراون کـە پێـشتر بـە نـاوی دایکییـەوە نـاونوس کـراون. دوو پیاوەکـە یاسایەکیان نووسیووە بەپێی ئەو یاسایە کوڕی گەورە هەموو میراتـی و مـاڵ و مـوڵکێکی باوکی پـێ بـڕاوەو منـاڵـەکانی تـر هـیچ میراتییـەکیان پـێ نـەبڕاوە، بـۆ ڕاوکردنـی ماسـی شێوازێکی نوێیان فێرکردوین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانی ڕەش و نەبوونی و برسێتی، فێری کۆکردنەوەو هەڵگرتنی خۆراکیان کردوین. ئەمەی هێناویانەتە ناومانەوە کارو کردەوەیەکی باش بووە. کاتێك دنیایان بۆ تەخت بووە هەردووکیان دەستەڵاتیان پەیـداکردووەو بـوون بـە گەورەو سەرۆکی هۆز، کەس نەما شەڕو ناکۆکی لەگەڵدا بکەن، شەڕو ئـاژاوەو دووبـەرەکی کەوتە نێوانیانەوەو لەگەڵ یەکدا کەوتوونەتە شەڕو ململانێوە.

ئەو پیاوەی من دەچـمەوە سـەری، پیـاوە سپیپێـستەکەی تـری کوشـت. دووبـەرەکی و ئاژاوە کەوتە نێوان کوڕو کوڕەزاکانیانەوە. ئـەم شـەڕو ناکۆکییـە لـە بـاوك و باپیرانـەوە بـۆ نەوەکانیان بە میراتی پشتاوپشت مایەوە. قین و دوژمنایەتی لـەنێوان هـەردوو خانـەوادەدا تەشەنەی کـردو کوشـت و کوشـتار لـە هـەردوو لادا زیـادی کـرد. لـەو بنەمالّەیـەی منـی

لێکەوتبۆوە کەسیان نەما. تەنها من مامەوە. لە خانەوادەکەی تریش کەسیان نەما تەنها کچێك نەبێت ئەو کچەش ئونغا بوو، کە بە تەنها لەگەڵ دایکیدا دەژیا. دانیشتووانی دوورگەکە لەم دوژمنایەتی و دووبەرەکییە دوورودرێژو بەردەوام و نەبڕاوەیە سەیریان پێدەهات و بێزار ببوون. ئەم دوژمنایەتیەش هەتا دنیا دنیا بێت هەر دەمێنێت و نەوەی من و نەوەی ئونغاش لەگەڵ یەکدا هەتاهەتایە هەر دوژمنایەتی و کوشت و کوشتار لەگەڵ یەکدا دەکەن. شەوو ڕۆژ بەردەوام لە ئاستمدا وشەی تۆڵەم دەبیست و بەردەوام بەرگوێم دەکەوت، ئەمە پیری کردم و باوەڕی تەواویشم بەوە هەبوو خاتوو ئونغا دوژمنی سەرسەختی منەو ڕۆژێك لە ڕۆژان دێت و شوو بکات و ببێت بە دایکی کوڕو منالّی خۆی و ئەوانیش دەبن بە دوژمنی منالّانی من و شەڕو کوشتار لەگەڵ یەکدا دەکەن. ڕووم لە هەر کوێیەك دەکرد ئەم بیرانە بە میّشکمدا دەهات و دەچوو، هەتا واملێهات ڕۆژێك لە ڕۆژان دانیشتم و بیرم کردەوەو پرسیم..

ـ بۆچی دەبێت وابێت؟

خەڵکیش وەڵامیان دامەوەو وتیان:

ـ ئێمە نازانین بۆچی دەبێت ئێوە ناکۆك بن و لە یەکتر بکوژن هەر لەبەرئەوەی باوك و باپیرانتان لە یەکتریان کوشتووەو وایان کردووە؟

من لەم بیرۆکە سەیرو نامۆیە سەیرم پێدەهات! چۆن دەشێ و لام سەیر بوو بۆچی دەبێت ئەو نەوە نوێیانەی کە دێن کوشت و کوشتار بکەن؟ لە کاتێکدا ئەوانەی نەماون و تیاچوون و لەو کارە ترساوو بێزار بوون؟ من هیچ عەقڵ و ژیرییەك لەمەدا نابینم، بەڵام خەڵکی دەڵێن کار هەر وابووەو هەرواش دەبێت، من ئەو کات و ڕۆژانە میّردمنالّ بووم و تازە پێدەگەیشتم، پێیان دەوتم پێویستە لە ژنهێناندا خێرابکەم و زوو ژن بهێنم بۆئەوەی کوڕو منالّانی تۆ لە کوڕو منالّانی ئەو گەورەترو بەهێزتر بن.

ژنهێنان بۆ من زۆر ئاسان بوو. داوای هەر کچێکم بکردایە بە ئاسانی دەیاندامێ و پێم ڕازی دەبوو، چونکە من لە گەورەترین و بەناوبانگترین خانەوادە بووم و مـاڵ و سـامانێکی زۆریشم هەبوو، بەڵام من حەزم لە هـیچ کـچێك نـەدەکردو ئـارەزووی ژنهێنـانم نـەبوو، بـە هەموو کچێکیش ڕازی نەدەبووم. پیرێژن و پیرەمێـردو دایکـانی کـچان، زۆریـان لێـدەکردم ژنبێنم پێش ئەوەی خاتوو ئونغا شوو بکات و ببێت بە دایـك، چـونکە داخـوازی زۆرەو لـە دەرگای ماڵەکەی دەدەن و ئەو داخوازیکەرانە چاوەڕوان و ئاواتی ڕازیبوونیانە.

ئێوارەیەکی درەنگ لە بەلەمەکەمدا بووم، تازە لە ڕاو دەگەڕامـەوە، دەریـاش سـاف و هێمن بوو، ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو، کتوپڕ بەلەمێك لـە نزیکمـەوە بەلامـدا تێپـەڕی، سـەیرم کرد خاتوو ئونغای تێدا دانیشتووەو هەواکە کەرووێشکەی بە قژە درێـژە ڕەشـەکەی دەکـردو بەسەر شان و ملیدا شەپۆلی پێدەدا، نیگایەکی ئەفسوناوی پڕ لە خۆشەویستی بـۆ کـردم، پاشان گەڕایەوە هەمدیسان تەماشای کردمـەوە، منـیش ئـەو کاتـە لـە هـەڕەتی گـەنجی و لاوێتیدا بووم کەوتمە داوی خۆشەویستییەوەو گرفتاری بووم، گەیـشتە ڕۆخـی دەریاکـەو لـە بەلەمەکەیەوە بازێکی دایە سەر وشکانی و بە ڕاکردن و پێکەنینەوە بەسەر لەکەدا ڕۆیشت و چوو بۆ ئـەو شـوێنەی دایکـی چـاوەڕوانی دەکـرد، ئـەو شـەوە بیرێکـی مـەزن هـات بـە میشکمدا، بیرێك کە شـایان و شایـستەی سـەرکردەیەکی گـەورەی وەك مـن بێـت، بیرێـك شایستەی سەرکردەی هەموو میللەتی ئاکاتان بێت، بڕیارم دا بیرەکەم جێبەجێ بکەم.

کاتێك مانگ هەڵات و لە ئاسماندا درەوشایەوە چـووم بـۆ مـاڵی دایکـی. ئـەو هـەموو شـتومەك و دیاریـیـە زۆرانـەم بینـی کـە (یـاش- نـوش) لـە نزیـك دەرگـای ماڵەکەیانـەوە کەڵەکەی کردبوو. یاش- نوش ڕاوچییەکی زۆر شارەزاو بەهێز بوو. بڕیاری دابـوو ببێـت بـە باوکی نەوەکانی خاتوو ئونغـا، بێجگـە لـە یـاش- نـوش زۆرێکـی تـری لاوان شـتومەك و دیاریان لە بەردەرگاکەدا دانابوو، پاشـان هـەڵیانگرتبۆوەو بردبوویانـەوە، منـیش لـە دڵ و دەروونی خۆمدا پێکەنینم دەهات. گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان مـاڵ و سـامانێکی زۆر زۆرم

کەڵەکـە کردبـوو، کەلوپـەلێکی زۆر زیـاترم لـەو دیاریـیانـەی یـاش هێنـابووی لەبـەردەم دەرگاکەدا دانا، لەو دیاریانەی من بردبووم فەرووەو ماسی وشکەوەبووی ژێر تیشکی خۆرو سـەر ئـاگرو پێـستەی ئـەو ئاژەلاڵنـەی لـە دارسـتان و نزارەکانـدا ڕاوم کردبـوون، هـەروەها جلوبەرگ و هەندێ کاڵای گرانبەهای تر کـە لـەو بازرگانانـەم کڕیبـوو کـە کـاتی خـۆی بـۆ بازرگـانی ڕوویـان دەکـردە دوورگەکـەمان. تەماشـای دیاریـیـەکانی یـاش - نوشـم کـرد دەستمکرد بە قاقای پێکەنین و پێکەنینم بە شتەکانی دەهات.

ئەو شتانەی من هێنابووم زۆر زیاترو باشتربوون لەو شتانەی ئەو هێنابووی، چونکە من گەورەو سەرداری گەلی ئاکاتان بووم، ماڵ و سامانی من زۆر لە ماڵ و سامانی ئـەو زیـاتر بوو، باوو باپیرانی من کاری سەروەری زۆریان کردبوو، یاسایان دارشتبوو، نـاوو ناوبانگیـان بەسەر لێوو زمانی هەموو کەسێکەوە بوو، بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ ڕۆخی دەریاو لە ڕێگادا نیگایەکم بۆ بەردەم ماڵی ئونغا کرد. ئەوەی زۆرم لا سەیر بوو بینـیم هێـشتا دیاریـیـەکانی من هەر لەبەردەم ماڵی خاتوو ئونغا دایەو لە شوێنی خۆیدا دەستی لێنەدراوە! ژنـانم بینـی پێدەکەنین و چاویان لە یەکتر دادەگرت. لە ڕاستیشدا دیاریـیەکانی من باشـترین و چـاکترین دیاری بوو کە پێشکەشم کردبوو، هەر بۆ شەوەکەی چوومەوە هەندێ کاڵای ترم خـستەسەر کاڵاکانی ترم. بۆ بەیانی هەمدیسان کاڵاکانم بینی وەك خۆی هەر لە شوێنەکەی خۆیاندان و دەستکاری نەکراون. پیاوان لێی کۆببوونەوەو گاڵتـەو پێکـەنینیان بـوو. منـیش کـە ئـەوەم بینـی تـووڕە بـووم و خـوێن لـە دەمارەکانمـدا هـەژی و قـوڵپی دا. مـن بـووم بـە جێـی گاڵتەپێکردنی پیاوەکانم؟

هەرکـە دنیـا تاریـك بـوو، هەرچـی شـتی بـەنرخ و گرانبـەهام هـەبوو هـەر هـەموویم خستەسەر کـاڵاو دیاریـیـەکانی تـرم. بـۆ ڕۆژی دواتـر لەبـەردەم ماڵەکەیانـدا هـیچ شـتێکم نەبینی. شەوو ڕۆژ بەردەوام ئاهەنگ و شایی و خۆشی و شـادی سـازکرا، ئامادەباشـی بـۆ

ڕۆژی ژنگواستنەوەو بووکهێنان کرا. لە هەموو شوێن و لایەکەوەو لە دوورگەکانەوە خەڵکی بۆ ئاهەنگ و سەماکردن و نانخواردن ڕوویان کردە لامان.

خاتوو ئونغا چوار خۆر لە من گەورەتر بوو. بۆ پێوان و زانینی کات بەوە مەزندەیان دەکرد، بەڵام من هێشتا لاوێکی تازەپێگەیشتوو خوێنگەرم بووم، سەرۆك هۆزو کوڕی سەرۆك هۆزیش بووم.

لە کاتێکدا ئێمە لە شایی و هەڵپەڕکێ و سەماکردن و خۆشیدا بووین، لەناو دەریاوە کەشتییەکەمان بینی بەرەولامان دێت، هەموو تەماشامان دەکردو سەرنجمان دەدا هەتا بەتەواوی لە ڕۆخی دەریاکە نزیکبۆوە. هەندێ پیاوو سەرکردەی دەریاوانەکان لە کەشتییەکەیان دابەزین. سەرکردەی دەریاوانەکان بە دەنگی بەرزو بڵند دەتوت هەورو بروسکەیە فەرمانی پێدەدان و ڕێنمایی دەکردن. ئەو سەرکردە دەریاوانە زۆر بەهێزو بەتوانا دیار بوو، نیشانەی هێزو تواناو دڵڕەقی لە سیمایدا دەدرەوشایەوە. خەڵکەکە هەرکە ئەوەیان بینی هەریەکە بەلایەکدا بڵاوەیان کرد، هەرچی ژن و منالّیش بوو خۆیان گەیاندە ناو کوخەکانیانەوەو پیاوەکانیش گورج ڕاپەڕین و خۆیان بۆ شەڕو پێکدادان ئامادەکرد، بەڵام دەریاوانەکان و سەرکردەکەیان ڕووخۆش خۆیان پیشان داو بە ڕووخۆشی و دۆستانەوە هاتن بۆ لامان و دیارییان پێشکەش کردین. ئیتر دوای ئەوە ئاهەنگ و شایی دەستی پێکردەوەو منیش میواندارییم لێکردن و داوام لە میوانەکان کرد هاوبەشی ئەم ئاهەنگ و خۆشییە گەورەیەی ئێمە بکەن.

سەرنجم دا گەورەو سەرکردەی دەریاوانەکان، کابرای چوارشانەی زەبەلاح و کەتە هەر تەماشای ئونغا دەکات و چاوی لێ ناتروکێنێت، دەست لەسەر باسك بەپێوە لەسەر زەوییەکە ڕاوەستابوو دەتوت سنگە. بەو شێوەیە تا ڕۆژئاوا ڕاوەستاو جوولّەی لێوە نەهات، لە ڕۆژئاوادا جێیهێشتین و بەرەو کەشتییەکەی کەوتەڕێ، منیش دوای ئەوە خاتوو ئونغام هەڵگرت و بردم بۆ مالّەکەی خۆم و لەوێشدا شایی و سەماو گۆرانی و پیکەنین دەستی

پێکردەوەو ژنانیش وەك لەو بۆنانەدا باوبوو پێدەکەنین و چاویان بۆ شوێن نووستنەکەی من و بووکەکەم دادەگرت. لە کۆتاییدا هەموو مالّیان جێهێشت و من و ئونغا بە تەنها ماینەوە. کتوپڕ سەرکردەی دەریاوانەکان خۆیکرد بە ژووردا، هەندێ شووشەی ڕەشی بە دەستەوە بوو. زۆرمان خواردەوەو شادو کەیفخۆش بووین و سەرمان گەرم بوو. هەروەك پێموتی من ئەو کاتە گەنجێکی تازەپێگەیشتوو بووم، هیچم لە دنیا نەدەزانی و تێی نەگەیشتبووم، هەستم کرد ئاگر بە هەموو جەستەمدا دەگەڕێ. ئونغاش بە تەنها لە سوچێکدا دانیشتبوو، لە ترساندا چاوی زەق ببۆوەو ترس و تۆقین بەتەواوی لە ڕوویدا دیاربوو. سەرنجم دا کابرای زەبەلاح و کەتە بە وردی هەر تەماشای دەکات. ئەوەندەی نەخایاند پیاوەکانی خۆیان کرد بە ژووردا و چەندەها جۆر دیاری گرانبەهایان پێبوو، نرخی ئەو دیارییانە لە نرخی هەموو دوورگەکەی ئێمە زیاتر بوو. تفەنگی گەورەو بچووك و دەمانچەو زەخیرەو چەقۆی هەمەجۆری گرانبەهاو گەلێ کالاّی تریان پێشکەش کردم، لە ژیانی خۆمدا شتی وەهام نەدیبوو! کاتێك ئاماژەی بۆ کردم و پێی وتم ئەم هەموو شتانە بۆ تۆ. کابرام لە پێش چاودا زۆر لا گەورە بوو. لە دلّی خۆمدا وتم:

ـ ئای کە پیاوێکی گەورەو گران و بەڕێزە!

بەلاّم ئەوەی تێگەیاندم و پێی وتم دەبێت ئونغام بدەیتێ و لەگەلّمدا بێت بۆ ناو کەشتییەکەم. کە ئەوەی وت، هەستم کرد خوێنی باوو باپیرو پشتاوپشتم لە دەمارەکانمدا کولاّو سەری کرد. بە هەموو قین و تووڕەییەوە ڕاپەڕیم و وێستم هەلّسمە سەرپێ و پەلاماری بدەم و چوارپەلی بشکێنم و پارچەپارچەی بکەم، بەلاّم ئەو عارەقەی خواردبوومەوە لە پەلوپۆی خستبووم و نەمتوانی ڕاست ببمەوەو هیچ بکەم. کابرای زەبەلاح و کەتە قورقوراگەی گرتم و بەرزیکردمەوەو سەرمی کێشا بە دیواری ژوورەکەداو تووڕی دامە سەر زەوییەکە. هیچم پێنەکراو توانای ڕاستبوونەوەم نەما، هێزو توانام لێبڕا. وەك زارۆکێکی تازە لەدایکبوو هیچم پێنەکراو دەستەلاّتم نەبوو، ئونغاش دەیقیژاندو هاوارو

وەلوەلەی بوو، دەپارایەوە دەستی بە شتی مالّەکەوە توند گرتبوو، خۆی پێوە مەلاّسدابوو، خۆی ڕادەوەشان و خۆی بە دەستەوە نەدەدا، بەلاّم پیاوەکانی بەسەرماندا دابارین و پەلاماریان داو بە زەبری هێز هەلّیانگرت و بردیانە دەرەوە، پاشان کابرای زەبەلاحی کەتە خستیە سەر دەست و باسکە بەهێزو گەورەکانی. ئونغاش وەك چۆلەکەی بالّشکاوی بەر باران هەر فرتەفرت و بالّە پروسکێی بوو، ئەویش وەك دێوەزمەیەکی گەورەو زەبەلاح پێدەکەنی و قاقای لێدەدا. بە هەموو هێزو توانایەکمەوە بە سنگە خشکێ خۆم کشاند بۆ لای ڕۆخی دەریاکەو هاوارم لە پیاوەکانم کردو داوای یارمەتیم لێکردن، بەلاّم کەسیان لە ترساندا هیچیان نەکردو نەهاتن بەدەم بانگ و هاوارەکانمەوە، یاش - نوش نەبێت پیاوەتی و ئازایی خۆی نواندو پەلاماری دان، ئەوانیش بە داری سەولّەکانی دەستیان، کەوتنە سەروسەکوتی هەتا بەتەواوی لەسەر لمەکە خستیان و گیانی دەرچوو.

کاتێك گەیشتنە ناو کەشتییەکە گورج بە خێرایی بۆی دەرچوون و کەوتنەڕێ و بەناو شەپۆلەکاندا تێیان تەقاندو بە هەڵەلەو گۆرانی وتنەوە ڕۆیشتن و لەچاو ونبوون. خەلّکی دەیانوت ڕۆیشتنی ئونغا بە چاکەی دوورگەکە گەڕا، چونکە ئیتر دوای ئەو شەڕو تۆلّەسەندن لەمڕۆوە لە ئاکاتاندا نەماو ناقەومێت. منیش یەك وشەم لە دەم نەهاتە دەرێ و هیچم نەوت.

چاوەڕوانم کرد تا مانگ لە ئاسماندا بوو بە شەوی چواردە. هەندێ خواردن و پێویستیم لەگەلّ خۆمدا هەلّگرت و بەرەو باکور کەوتمەڕێ. دوورگەی زۆر گەڕام و شوێن و جێگای زۆر زۆرم بینی و گەل و میللەتانی زۆرم دی، منێکی کە لە شوێن و جێگایەکی تەسکدا ژیابووم بۆم ڕێکەوت و توانیم ئەو ڕۆژانە ولاّتی زۆر ببینم و تێبگەم جیهان چەند گەورەو بەرفراوانە. دەگەیشتمە هەر شوێنێك یان بە قسە قسەم دەکرد، یان بە ئیشارەت قسەم دەکردو هەوالّی کابرای زەبەلاحی سەرکردەو دەریاوانی ئەو کەشتییەم دەپرسی کە بووکەکەمی فڕاند، خەلّکیش گشت جارێك ئاماژەیان بۆ ڕۆژهەلاّت و باکور دەکرد. بە زۆر

شوێن و جێگای پیس و ناخۆشدا ڕەتبووم و خواردنی پیس و ترشاوم خوارد، تووشی زۆر سەرو سەکوت و دەموچاوی سەیرو نامۆ بووم. زۆر کەس گاڵتەی پێدەکردم و پێم پێدەکەنین و وایاندەزانی شێت بووم. هەندێکیش لە پیرو پەککەوتەکان بەزەییان پێمدا دەهاتەوەو ڕوومیان بەرەو تیشکی خۆر وەردەچەرخاندو دووعای خێرو چاکەیان بۆ دەکردم، ژنانیش بە هەمان شێوە بەزەییان پێمدا دەهاتەوەو هەواڵی کەشتییە سەیرەکەو ئونغاو دەریاوانەکانیان لێدەپرسیم. دوورگەی (ئانا لاسکا)م پشکنی دوای ئەو چووم بۆ دوورگەی (ئاونامۆك)و پاشان بەناو دوورگەی (کادیاك)و دوورگەی (ئاتۆ جناك)دا گەڕام و پشکنیم. ئا بەو شێوەیە ولاتانی زۆر گەڕام و بەناو دەریاو ڕووبارو شەپۆلە بەرزو هەڵچووەکان لەنێوان گەردەلوول و زریاندا دەڕۆیشتم، بەڵام ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕام و وێڵ بووم بەدوایدا هیچ هەواڵ و زانیارییەکم لە کەس نەبیست و نائومێد بووم.

ڕۆژێك گەیشتمە زەوییەکی بەردانی بینیم پیاوان شاخەکەیان هەڵدەکەندو کەشتییەکیش لە دەریاکەدا ڕاوەستابوو، بەڵام ئەو کەشتییەی من دەمویست و بەدوایدا وێڵ بووم ئەو نەبوو. سەیرم کرد ئەو پیاوانەی ئەو بەردانە لە شاخەکەدا هەڵدەکەنن هەڵێدەگرن و دەیخەنە ناو کەشتییەکەوە. گاڵتەم بە عەقڵ و کارەکەیان دەهات، بە کارێکی منالآنەم دەزانی، چونکە دنیا پڕە لە بەرد، بەڵام پاشان نان و خواردنیان دامێ و داوایان لێکردم منیش لەگەڵیاندا کار بکەم. کاتێك کەشتییەکە پڕبوو لە بەرد سەرۆکی کەشتییەکە هەندێ پارەی دامێ و بەڕێی کردم. پرسیم..

ـ بەرەو کوێ دەڕۆن؟

ئاماژەی کرد بۆ باشور. منیش داوام لێکرد لەگەڵ خۆیاندا بمبەن. سەرەتا گاڵتەی پێکردم و پێم پێکەنی. دواجار ڕازی بوو، چونکە دەیزانی پێویستی بە کرێکار دەبێت، ئیتر بەو شێوەیە زمانەکەیان فێربووم و لەسەر کاری کەشتی و کەشتیوانی ڕاهاتم و شارەزا بووم.

لە ڕاستیدا من لە کاروبارو ژیانی دەریاوانیدا نامۆ نەبووم. شارەزایم هەبوو، چونکە بە دەماری باوو باپیرانمدا خوێنی دەریاوانی پیادا گەڕابوو. من وامدەزانی پاش ئەوەی پەیوەندیم بەم کەشتییەوە کرد، ئیتر دەتوانم ئەو پیاوو ژنەی من بەدوایاندا وێڵم بە ئاسانی دەیاندۆزمەوە.

ڕۆژێکیان گەیشتمە شارێك. کەشتی زۆرو دەریاوانی زۆری تێدابوو. بەناویاندا سووڕامەوەو پرسیاری کابرای زەبەلاحم لێدەکردن، بەڵام ئەوان گاڵتەیان بە خۆم و پرسیارە هیچ و پووچەکەم دەکرد. ئیتر بە ناچاری ڕوومکردە شارو تەماشای سەرو دەموچاوی خەڵکیم دەکردو سەرنجم دەدان، خەڵکەکە زۆر زۆر بوون، لە ژمارە نەدەهاتن، هەراو دەنگەدەنگ و قیژو هوڕی شار ئەوەندە زۆر بوو گوێی کەڕ کردم! واملێهات گوێم لە هیچ نەبوو. سەرم گێژی خواردو تووشی سەرئێشە بووم. لە شارەکە هاتمە دەرەوەو ڕوومکردە شوێن و جێگایەکی تر. شوێنەکە پڕبوو لە پیاو، پیاوەکان وەك ژن دەژیان و لە ژن دەچوون. سەروبنی زمانیان درۆ بوو، درۆ لەسەر دوولێوانیان نەدەبڕا. هەموو خەم و خەیاڵ و دڵە ڕەشەکانیشیان پڕبوو لە ئارەزووی پەیداکردنی ئاڵتون و ئاڵتوون کۆکردنەوە. ئەمانە وا دەژیان و میللەتەکەی منیش لە ئاکاتاندا ژیانی خۆش و هێمنانەیان دەبردەسەرو لە شادی و خۆشیدا بوون.

وێنە جوانەکەی ئونغاو نیگا شیرین و جوانەکەی هەناسەیەك لە هەناسەکانی ژیانم لێم دوور نەدەکەوتەوە. من دەمزانی ڕۆژێك لە ڕۆژان دێتە پێشەوە ئونغا بدۆزمەوە. لە خەون و خەیاڵمدا ئونغام دەبینی لە دوورگە هێمنەکەماندا لەنێوان گوڵانی خونناو تەڕکردوو دا لەگەڵمدا بوو، دەست لەناو دەست پێکەوە دەڕۆیشتین. ئاوا بەو شێوەیە شار بە شار دەگەڕام و لەو شارانەدا هەندێ کەس بەزەییان پێمدا دەهاتەوەو نان و خواردنیان دەدامێ، هەندێکیش گاڵتەیان پێدەکردم و جوێن و قسەی ناشرینیان پێدەوتم، بەڵام من زمانی خۆم

لەنێوان زارو دانەکانمدا گرتبوو، بەهیچ جۆرێك ڕووبەڕووی ئەو گاڵتەکردنانە نەدەبوومەوەو وەڵامی جوێن و قسە ناشرینەکانیانم نەدەدایەوە.

زۆرجار ناچاردەبووم منی سەرکردەو کوڕی سەرکردە لەگەڵ کۆمەڵە پیاوخراپ و جەردەو دزو دەروونزمەکاندا کاربکەم، ئەو دەروونزمانە کەسێکی لاوازو بێ دەسەڵاتیان ببینیایە ڕووتیان دەکردەوەو هەرچی ماڵ و سامانێکی پێبووایە لێیان دەسەند.

ئاوا دەست بەتاڵ و سەرگەردان مامەوەو نەگەیشتمە ئاوات و مەبەستم. ناچار وەك باڵندەی سەرگەردان و باڵشکاو ڕوومکردە دەریا، بەڵام لە یەکێك لە بەندەرەکانمدا بیستم هەندێ کەس سەرکردە گەورەو زەبەلاحەکەیان دیبوو بە کەشتییەکەی خۆی بەناو دەریادا ڕۆیشتووەو چووە بۆ ڕاو. هەرکە ئەو هەواڵم بیست، بێ دواکەوتن منیش کەشتییەکی ڕاوم پەیداکردو گورج بەناو دەریاکەدا بەرەو باکور کەوتمەڕێ و شوێنی کەوتم.

لەو کات و وەرزی ساڵەدا باکور بۆ ڕاوکردن شوێنێکی بە پیت و لەبار بوو. لەناو دەریادا بەدوای ئەودا دەگەڕاین، هەندێ دەریاوانی ناو بەلەمەکان لەناو دەریاکەدا بینیبوویانن، بەڵام ئێمە چەند گەڕاین نەماندۆزینەوە، لە زۆریانیشم دەبیست کە بینیویانەو لەگەڵ ئەو سەرکردە زەبەلاحەدا ئونغای شۆخ و شەنگیشی لەگەڵدا بووە، باسی شۆخ و شەنگی و جوانی ئونغاشیان دەکرد، دەیانوت:

ـ ئونغا لەگەڵ ئەودا زۆر شادو بەختیارەو زمانەکەی ئەو فێر بووەو فێری دابونەریتی ئەویش بووە.

بەڵام بڕوام بەو قسانە نەبوو، چونکە نەدەچووە عەقڵەوە! ئونغا کەسوکارو نەوەی هۆزەکەی خۆی بیربچێتەوەو دڵی بۆ دوورگە خۆش و لێوارە زەردەکانی ڕۆخ دەریای ولاتەکەی خۆی لێنەدات و بیری نەکات.

گەڕامەوە بۆ بەندەرەکە. ئەو شوێنەش تاکە ڕێگابوو بۆ چوونە ناو ئەو دەریا گەورەو بەرفراوانەوە. لەوێدا بیستم کابرای زەبەلاح بەناو دەریادا بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ ڕاوکردن

کەوتۆتەڕێ. منیش ببووم بە دەریاوانێکی شارەزاو کارامە. لەگەڵ چەند کەسێك لە سپیپێستەکاندا سواری بەلەمێك بووین و دوایان کەوتین. لەو شوێنە نوێیانەی بۆی چووین لە چەند بەلەمێکی کەم زیاتر هیچی ترمان نەبینی، بەڵام بەوەوە نەوەستاین و نەگەڕاینەوە تا گەیشتینە هێڵی ڕووسی. لەوێدا پیاوانی ناو بەلەمەکە ترسێکی زۆریان لێنیشت، چونکە تەمومژ زۆر چڕ بوو، هەموو ڕۆژێکیش لەوێدا بەلەمێك بە خۆی و سەرنشینەکانیەوە دیارنەدەماو وندەبوو. دەریاوانەکان دەستبەرداری کارەکە بوون و بەلەمەوانەکەش ڕووی بەلەمەکەی وەرگێڕاو لە کوێوە هاتبووین بۆ ئەو شوێنە گەڕایەوە، بەڵام من دەمزانی کابرای زەبەلاح کە من بەدوایدا دەگەڕێم لەو کەسانە نیە لە مردن بترسێت و سڵ بکاتەوە. بێ شك چووە بۆ شوێنێك کەسانێکی کەم نەبێت کەس ناوێرێت بۆ ئەو شوێنە بچێت.

هەرکە شەو هات و تاریکایی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، سواری بەلەمێك بووم و بەرەو ئەو شوێنەی گومانم بۆی دەچوو کابرای زەبەلاحی لێبە سەوڵم لێداو بۆی دەرچووم. گەیشتمە (دوورگەی یاددو) لەو دوورگەیەدا کەسانێکی زۆرم بینی، ئەو کەسانە تێکەڵاوبوون لە هەموو ڕەگەزو نەوەیەك و لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتبوون. زۆربەیان نە خوایان هەبوو نە کەسوکارو منداڵ. منیش چوومە پاڵ ئەوان و ڕوومانکردە ڕۆخی دوورگەی (کوبر)، لەوێ ڕاوێکی باش و نێچیرێکی زۆرمان ڕاوکرد. لەوێدا کەسمان نەدی. لە کاتی گەڕانەوەماندا تەمومژەکە ڕەوییەوە. لە دوورەوە کەشتیەکمان بینی، کاتێك لێمان نزیکبۆوە، لە پێش کەشتییەکەدا ئەو پیاوەم بینی کە ماوەیەکی یەکجار دوورودرێژ بوو بەدوایدا وێڵ و سەرگەردان بووم و لەو پێناوەدا زۆر ناخۆشی و دەردی سەریم تووش هاتبوو، کە بەهێزترین و بەتواناترین کەس نەیدەتوانی خۆی لە ئاستیدا ڕاگرێت و بەرگەی بگرێت. لە تەنیشتیشیەوە ئونغا ڕاوەستابوو.کەشتیی کابرای زەبەلاح ئاگربارانێکی چڕوپڕیان کردین، بە ناچاری خۆمان دابە دەستەوەو دەستیان بەسەردا گرتین و بەدیلی بەرەو شوێنێکی دووری ڕووسیا ڕاپێچیان کردین، بە زۆر ناچاریان کردین دەبێت کاربکەین و خوێ

دەربێنین. لەو کارەدا هەندێکمان لێ مردو هەندێکی ترمان ماینەوەو نەمردین، تووشی دەردەسەری و ماندوبوونێکی وابووین لە توانای کەسدا نەبوو بەرگەی بگرێت. هەندێ لەو کەسانەی لەگەڵماندا بوون هەڵدەهاتن و ڕایان دەکرد. ئەوەندەی نەدەخایاند پاش چەند ڕۆژێك هیلاك وماندوو لە برساندا و لە ترساندا دەگەڕانەوە، بەڵام من و چەند کەسێك لەو بەندانەی لەگەڵمدا بوون ڕۆژێك پەلاماری پاسەوانەکانمان داو توانیمان چەکەکانیان لێبسێنین و ڕابکەین بەرەو یاددو، وە لەوێشەوە بەرەو باشورو دەشتایی و دارستانەکان کەوتینەڕێ.

وەرزی زستان و ساردو سەرما هات و بەفر دەستی بە بارین کرد. ئێمەش لەو زستانە ساردو سەختەداو ڕێگاش شارەزا نەبووین، چەند مانگێکمان لە دارستان و نزارەکاندا بردەسەر، هیچ نەما بیخۆین و ژیانی پێبەرینەسەر. هەرچۆنێك بوو خۆمان گەیاندە دەریا. لەو ماوەیەدا هەرچی برادەرێکم لەگەڵدابوو هەموو مردن تەنها دووانیان مایەوە. پاش ئەوەی چەند ڕۆژێکمان لە دەریادا بردەسەر هەرچۆنێك بوو گەشتینە ڕۆخی دەریاو وشکانی، لەوێدا خواردنیان داینێ و خواردنمان دەستکەوت، هەمدیسان بەسەر شەختەو بەستەڵەکدا سەرلەنوێ کەوتینەوە ڕێ و لە ڕۆشتندا دوو هاوڕێکەی تریشم مردن. ئیتر ئاوەها بە تاقی تەنها سەرگەردان و سەرلێشێواو بە تەنها مامەوەو سەری خۆم هەڵگرت و ئەو ڕۆژە ڕوومکردە (باسیتلیك). مالموت کید چووم بۆ لای ئەو قەشەیەی کە باسی منی بۆ کردویت.

سەرنجم دا گەڕان و سووڕانەوە بەناو دەریاو ئۆقیانووسەکاندا سوودی نیەو هیچ کەڵکێکی لێ نابینم، هاتم لە شارو چۆڵەوانی و سەر بەفرو بەستەڵەکەکاندا بەدوای مەبەستەکەمدا کەوتمە گەڕان و پشکنین لەو گەڕان و کۆچکردنانەمدا شارەزای زۆر شت بووم و زۆر شت فێربووم، هەتا واملێهات فێری خوێندن و نووسینیش بووم، چونکە دەمزانی ئەگەر قەدەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ ئونغادا یەکی خستینەوە سوودی زۆری لێ دەبینم.

بەڵێ وەك ماسییەکی بچکۆلە کە شەپۆلی ئاو ڕایدەماڵێت سەری خۆم هەڵگرت و کەوتمە گەڕان، بەڵام هەردەم چاوکراوەو گوێسووك و وریا بۆ ئەو قسەوباسانەی خەڵکی دەیانکرد، خۆم تێکەڵاوی ئەو کەسانە دەکرد کە لە گەشت و گەڕاندان و بە هەموو شوێن و لایەکی دنیادا دەسووڕێنەوە، بەڵکو بەو هۆیەوە بگەم بەو دووانەی من بەدوایاندا وێڵم و بیاندۆزمەوە.

لە کۆتاییدا تووشی پیاوێك بووم کە لە چیاکانەوە هاتبوو. بەردی پێبوو، ئەو بەردانەی لە کێوەکانەوە هێنابوو، بەردەکان ئاڵتوونیان تیادا دەدرەوشایەوە. ئەو کابرایە چاکی دەناسین و زۆریش لەگەڵیاندا دانیشتبوو، زۆر شتی دەربارەشیان دەزانی. پێی وتم ئەوان زۆر دەوڵەمەندن و لەو شوێنەدا دەژین کە لە خاکەکەیدا بەزۆری ئاڵتوونی تیادا دەردەهێنن. هەرکە ئەوەم بیست گورج ڕوومکردە ئەو ناوچە دوورەو لەوەش دڵنیابووم ئەمجارە دەیاندۆزمەوە. گەیشتمە ئەو کێوە ڕووت و ڕەقەی کابرا شەوو ڕۆژ کاری تیادا دەکرد. لەناو بەردەکاندا خۆم حەشاردا تا بۆم ڕێکەوت پرسیاری شوێن و جێگاکەیانم کرد. کە زانیم ڕۆیشتوون بۆ ئینگلتەرە بۆ هێنانی کرێکارو پەیداکردنی سەرمایە تا کۆمپانیایەکی گەورە پێکبهێنن و لێرە نەماون. حەپەسام و لە شوێنی خۆمدا وڕ بووم. ئەو خانووەیانم بینی کە تیایدا بوون، خانووەکەیان کۆشکێکی جوان و بڵندو ڕازاوە، لەو کۆشکە دێرینانە دەچوو کە لە شارە کۆن و مێژووییەکاندا هەبوون. هەرکە شەو دادەهات بە دیواری کۆشکەکەدا هەڵدەگەڕام و لە پەنجەرەکانەوە تەماشای ناو ژوورەکانم دەکرد تا بزانم کابرای زەبەلاح چ هەڵسوکەوت و کردەوەیەکی لەگەڵدا دەکات. زۆرجاریش دەچوومە ناو کۆشکەکەوەو بە ژوورەکاندا دەگەڕام، دەمبینی ئونغا وەك شاژنێك لەو کۆشکەدا دەژی، هەموو پیاو خەڵکانی ئەو شوێنەش جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە وەك شاژنێك دەژی و زۆریان خۆشدەویست و وابەستەبوون پێیەوە، چونکە ئەو لە ژنەکانی تر زۆر جیاوازتر بوو. ئەوان ڕاستیان دەکردو لەسەر حەق بوون، چونکە ئونغا هەر بەڕاستی شازادە بوو، منیش خۆم

سەرۆك و كوڕی سەرۆك هۆز بووم، لەپێناوی هێنانیشیدا ئەوەندەم مالّ و سامان دابوو كەسی تر لە پێش منداا ئەوەندەی نەدابوو. ئێستا زۆر بڵێی سوودی چیە؟!

من خۆم دەریاوان بووم، لەبەرئەوە توانیم بەرەو ئینگلتەرە دوایان بكەوم و لەوێوە بۆ ولاّتانی ترو دەنگوباس و هەواڵیانم لە ڕۆژنامەكاندا دەخوێندەوە، بەڵام هەرگیز نەمتوانی پێیان بگەم و بیاندۆزمەوە، چونكە ئەوان دەوڵەمەندبوون و خاوەنی پارەی زۆر بوون، دەیانتوانی بەهۆی پارەوە زۆر بە خێرایی لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر سەفەر بكەن، بەڵام منێكی فەقیرو لات نەمدەتوانی هیچ بكەم، چونكە پولێكم شك نەدەبرد. پاشان ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات ڕوویدا. دوای ئەو هەموو مالّ و سامان و دەوڵەمەندییە زۆرەیان هەژار كەوتن و ئەو هەموو سامانە زۆرەیان نەماو لات بوون. ڕۆژنامەكان زۆرێكی زۆریان لەسەر نووسین، پاشان دەنگوباسیان نەماو زانیم گەڕاونەتەوە بۆ ئەو شوێنەی ئاڵتوونی تیادا دەردەهێنن. دوای ئەوەی لات و هەژار كەوتن، دیارنەمان و لە بەرچاو ونبوون.

بەدوایاندا زۆرێكی زۆری ولاّتان گەڕام. ڕێم كەوتە (كۆتینای) لە باكوردا. لەوێ پێیان ڕاگەیاندم هاتوون بۆ ئەم ناوچەیەو پاشان لێرە نەماون و كەس نازانێت بەرەو كوێ ڕۆیشتوون. هەندێ كەسیش دەیانوت چوون بۆ یۆكۆن. منیش هەناسەیەك نەوەستام، لەم جیهانە پان و بەرینەدا بەدوایاندا ڕۆیشتم و كەوتمە گەڕان. لە كۆتینایدا پیاوێكی پیرم ناسی و بووین بە برادەری یەكتر. كاتی مردنی نزیكبۆوەو خەریكبوو بمرێت. پێش مردنی نەخشەیەكی دامێ و سوێندی بەخوا خوارد كە ئەو شوێنە جێگایەكی نهێنییەو پڕێتی لە ئاڵتوون.

هەر دوای ئەوە گورج پەیوەندیم كرد بەو كاروانەوەكە بەرەو باكور دەڕۆیشت و لەو كاروانەدا بووم بە گالیسكەوانی یەكێك لەو گالیسكانەی سەگەكان ڕایاندەكێشاو هەروەك خۆتان دەزانن و ئەو شەوە منتان بینی و لە كوخەكەدا بەیەك گەیشتین. لە كۆتاییدا لە داوسۆندا دۆزیمنەوە، بەڵام ئەوان منیان نەناسییەوە، چونكە كاتێك لە یەكتر جیابووینەوە

ئەو کاتە من هێشتا لاوێکی تازە پێگەیشتوو بووم، بەڵێ ئونغا منـی نەناسـییەوە، منێـك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەپێناوی ئەودا ئەوەندەم سامان دابوو کەس لە پـێش منـدا نرخـی وای نەدابوو.

مالموت کید پاشان وەك خۆت دەزانیت ئەوە بوو کە ئەو ڕۆژە پارەکەم لێ قەرز کردیـت بۆئەوەی بیدەم و واز لە پیشەکەم بهێنم و بچم بەلای ئەو کارەوە کە ژیانی خۆمم لـەپێناودا تەرخان کردبوو، لەو پێناوەشدا ئـەو مانـدووبوون و دەردی سـەرییەم تـوش ببـوو کـە هـیچ کەسێك شتی وەهای بەسەر نەهاتبوو. ژیانی خۆمم هاتەوە پـێش چـاوو ئـەو بەسـەرهات و ڕووداوانـەم هاتـەوە پـێش چـاوو بـیری ئـەوەم کەوتـەوە چـەند لـەو پێنـاوەدا نەهامـەتی و ئەشکەنجەو ئێش و ئازارم چەشتبوو. ئاوا وەك خۆتان بینیتانم ئەو ڕۆژەی لامدایە ئێرە پێش کابرای زەبەلاح و ئونغا کەوتم و بەرەو باکور بۆ ئەو شوێنەی کە زۆرێکی زۆر بۆی چـووبوون و کەمێکی کەم نەبێت کەس لێی نەگەڕابۆوە.

کەوتینـەڕێ و بـردمن بـۆ ئـەو شـوێنەی ئێـسك و پروسـکی مـرۆڤ و نـەفرین و ئـەو ئالّتوونەی لێبوو کە ڕەنگە دەستیشیان نەکەوێت. ڕێگا زۆر دوورودرێژو دژوار بـوو، سـەگی زۆریشمان پێبوو، سەگەکانیش پێویستیان بـە خـواردن بـوو، گالیسـەکەکانیـشمان بەرگـەی خۆڕاگرتنیان تا بەهار نەدەگرت، دەشبوو هەرچۆنێکیش بووایە پـێش تواندنـەوەی شـەختەو سەهۆڵبەندان کارەکەمان جێبەجێ بکردایەو بگەڕاینایەتـەوە، لەبـەر ناهـەمواری و دژواری ڕێگاوبانیش نەماندەتوانی لە ڕۆژێکدا لە هەشت میل زیاتر ڕێگا بـبڕین. شـەوانەش لەبـەر ئەو ماندووبوون و هیلاکییە زۆرە دەنووستین.

ناوچەی باکور ناوچـەیەکی ترسـناك و چـۆڵ و بێـدەنگ بـوو، بـۆنی مردنـی لێـدەهات، کشوماتی مردن بالّی ڕەشی بەسەر دەڤەرەکەدا کێشابوو، بەهیچ جۆرێـك لـەو چـۆڵەوانیـەدا بە بیرو خەیالّی کابرای زەبەلاح و ئونغادا نەدەهات کە من ناسم و گەورەو سەرداری هـۆزی ئاکاتانم و چەندەها سالّە ژیانم بە گەڕان و سووڕانەوە بەدوای ئەواندا بەسەربردووە.

ئەو نان و خواردنەی پێمان بوو کۆتایی هات و نەما. سەگەکانمان لات و بێ هێز بوون، هەتا وامان لێهات هەندێکیانمان دەکوشت و دەرخواردی سەگەکانی ترمان دەدان. لەگەڵ ئەوەشدا خۆمان ڕاگرت. کابرای زەبەلاح بەڕاستی بەهێزو بەتواناو خۆڕاگر بوو. پلارو بەسەرهاتی زەمانە چەند گەورەو جەرگبڕ بووایە، ئەو گاڵتەی پێدەهات و گوێی پێ نەدەدا. لە کۆتاییدا دوای ئەوەی دوا گالیسکەمان شکاو دوا سەگمان مردو هیچمان بە دەستەوە نەما، گەیشتینە شوێنی مەبەستمان، ئەو شوێنەی زێڕو ئێسک و پروسك و نەفرەتلێکردنی پیاوانی لێبوو. نەخشەکە ڕاستبوو، زێڕەکە لەنێوان دوو شاخی بەرزو بڵندو بەردانی سەرکەشدا بوو. دەبووایە بەسەر ئەو شاخە سەخت و بەردانیەدا بڕۆیشتینایە تا بگەیشتینایە ئەو شوێنەی بۆی دەچووین و مەبەستمان بوو، ڕێگاکەش هەڵەت و بەردانی و سەخت و ناهەموارو ترسناك بوو، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو هەموو ترسناکی و ناخۆشییانەدا ڕاهاتبووین. گەیشتینە ئەو شوێنەی نەخشەکە ئاماژەی ئاڵتوونی تێدا کردبوو. یەکەمجار ئەو کوخەمان بینی کە لەوەوپێش کابرا دروستی کردبوو، ئەو نووسین و نەفرەتانەمان خوێندەوە کە کابراو ئەوانەی دوای ئەو هاتبوونە ئەو جێگایەوەو پێش مردن و گیانکێشانیان نووسیبوویان، هەروەها لەوە گەیشتین ئەوانەی پێش ئێمە کە هاتبوونە ئەو شوێنەوە بە چ شێوەیەك لەناوچووبوون؟ هەندێکیان چاوچنۆکی زاڵببوو بەسەریاندا برادەرەکەی خۆیان کوشتبوو، ئەویش لە دواییدا بۆ خۆی مردبوو. یەکێکی تر لە برساندا مردبوو. سەیر لەوەدا بوو هەر هەموویان لە تەنیشت ئەو زێڕو سامانەوە مردبوون کە ئاواتیان بۆ خواستبوو دەستیان کەوێت، ئاڵتوونەکەشمان بینی وەك خۆڵ بەناو کوخەکەدا پەرش و بڵاو ببۆوە، بەڵام ئەو کابرا زەبەلاحەی من بۆ ناو ئەو دۆزەخە هێنابووم بەڕاستی پیاوێکی خۆڕاگرو بەهێزو بەتوانا بوو. وتی:

ـ ئێستا ئێمە لێرە هیچ خواردنێکمان پێنەماوە بیخۆین. با ئێمە بیرێك لەم هەموو ئاڵتوونە بکەینەوە، ئەوەی دەتوانین لەگەڵ خۆماندا هەڵیگرین و بە زووترین کات لێرە

بـڕۆین و خۆمـان ڕزگـار کـەین، پاشـان دەگەڕێینـەوە، ئەوەنـدەش خـواردن لەگـەڵ خۆمـان دەهێنین برسی نەبین، ئەو کاتەی هاتینەوە ئەو بڕە ئالّتوونەی تریش کە ماوە دەیبەینەوە.

بـەڵام حـسابی بـەراو لەگـەڵ شـوێنی شـکانی و دێمیـدا ناکرێـت، برسـێتی زۆری بـۆ هێنابووین. لەو شوێنە دوورەدەستەدا چەند هـەوڵمان دا بـەهیچ جۆرێـك خواردنمـان دەسـت نەکەوت بیخۆین. ئەوەندە برسی و بێ تاقەت بووین کەسمان نەماندەتوانی بە پێـوە خۆمـان ڕاگرین.

ئونغا بیرۆکەیەك هات بە میّشکی داو ئێمەش بیرەکـەیمان پەسـەند کـرد. ئـەو بەشـەی سەرەوەی پووتە دریژەکانمان بڕی و کردمان بـە پارچەپارچـەی بـچووکەوەو شـەو تـا بـەیانی خـستمانە نـاو ئـاوی گەرمـەوە بۆئـەوەی نـەرم بێتـەوە، پاشـان دەمـانجوو، قوتمـان دەداو دەمانخوارد. بۆ ڕۆژی دوایی دانیشتین و لەناو خۆماندا باسی کێشەی خواردنمان کـرد، هـیچ ڕێگاچارەیەکمان بۆ کێشەکە نەبوو. کـابرا پێـشنیاری کـرد بـچین بگـەڕێین، بـەڵکو شـتێك ڕاوکەین و بیخۆین، پێشنیارەکەیم پەسەند کردو ئونغامان لە تەنیشت ئاگرەکەوە جێهێشت و هەریەکەمان بەلایەکدا ڕۆیشتین، بەڵکو شتێك ڕاوکەین و گۆشتەکەی بخۆین و لە برسـاندا نەمرین. ئەو بەلایەکدا ڕۆیشت بەو هیوایەی بزنەکێوییەك ڕاوکات منیش[1] ڕوومکردە ئەو شوێنەی هەندێ خواردنم تێدا شاردبۆوە، لەو خواردنـە ئەوەنـدەم نـەخوارد هەسـتم پێبکـەن تێرم و هێزو توانام تێدایە، ئێوارە کە گەڕاینەوە بۆ ناو کوخەکە کابرا هێزی تیادا نـەمابوو، چەند جارێك لەتاو برسێتی و هیلاکی کـەوت. منـیش لەلایـەن خۆمـەوە وا خـۆم پیـشاندا

(1) باشە ئەو دەڵێت ئەو نان و خواردنەی پێمان بوو کۆتایی هات و نەما. دوای ئەوەی دوا گالیسکەمان شکاو دوا سەگمان مرد (دیارە لە برساندا مردوون)و هیچمان بە دەستەوە نەما گەیشتینە شوێنی مەبەستمان.

(2) دیارە کابرا لەمەوپێش نەهاتووە بۆ ئەو شوێنەو نەشی بینیوە، ئەی چۆن دەڵێت منیش ڕوومکردە ئەو شوێنەی هەندێ خواردنم تێدا شاردبۆوە؟ کەی ئەو خواردنەی لـەو شـوێنەدا شـاردبۆوە؟ چـۆن دەیزانـی ئەوەنـدە برسـی دەبـن تـا ئـەم لەپێشدا بۆ ئەو کاتە خواردن بشارێتەوەو پەنای بۆ بەرێت؟ ئەوەندەش نەخوات هەستی پێبکەن؟ ئەمە ئەگەر ئەفسانەش بێت ناچێتە عەقڵەوە. ئافەرین بۆ نووسەر کە بەو شێوەیە خۆی خستۆتە هەڵەوە. وەرگێڕ ش.ع

هیلاك و ماندوو برسیم. بەدرێژایی شەو چەرمی پێلاوەکانمان دەبڕی و دەمانجو قووتمان دەدا. هەر بەڕاستی کابرا کەڵەپیاو بوو، تا ئەوپەڕی ناخۆشی خۆڕاگر بوو، نە هاوارێکی لێوە دەهات و نە بێزاری و ئاخ و ئۆفێکی دەردەبڕی، مەگەر کاتێك کە بیبینیایە ئونغا بێ تاقەت و ئازاری هەیە.

بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵیدا چووم بۆ ڕاوو دوای کەوتم بۆئەوەی کۆتایی ژیان و مەرگی بە چاوی خۆم ببینم، زۆرجار دەمبینی لەبەر بێ هێزی و ماندوویی دادەنیشت. ئەو شەوە وتم مردن لێی نزیکبۆتەوەو دەمرێت، بەڵام بەیانی بینیم زۆر بە گران ڕاستبۆوەو چوو بۆ ڕاو، وەك سەرخۆش بە ملاوبەولادا دەکەوت، چاوەڕوانم کرد ڕۆحی دەرچێت و بمرێت و سەر بۆ پلاری قەدەر شۆڕ بکات، بەڵام ئەوە ڕووی نەداو نەمرد. هێزو توانایەکی نەبڕاوەی هەبوو، خۆی بۆ خۆی هێز بوو. لەگەڵ ئەوەشدا توانی دوو باڵندەی قەتێ ڕاو بکات. نەهات گۆشتی دوو باڵندەکە بخوات تا لە مردن ڕزگاری بکات، هەموو بیرو هۆشێکی لای ئونغابوو، دوو باڵندەکەی بۆ ئەو هەڵگرت. نەیتوانی بەپێ بڕوات، لەپێ کەوتبوو، بە سنگەخشکێ خۆی بەسەر سەهۆڵەکەدا کێش دەکرد. تفەنگەکەی فڕێدا. هەروەك سەگ دوو باڵندەکەی بەدەمییەوە گرتبوو، بۆئەوەی بیبات دەرخواردی ئونغای بدات.

منیش لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتم، ناوبەناو دەوەستاو بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردم، لای سەیر بوو... چۆن من هێشتا دەتوانم بە پێ بڕۆم، بێ ئەوەی بتوانێ قسە بکات من لەوە دەگەیشتم... چونکە لێوەکانیم دەبینی دەیجوولاند.

هەروەك وتم پیاوێکی بەهێزو بەتواناو کەڵەپیاو بوو. بەزەییم پێدا دەهاتەوە، بەڵام وردەوردە بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆمم هاتەوە پێش چاوو یەك لە دوای یەك بە بەرچاومدا ڕەت دەبوون. ئەو ناخۆشی و برسێتی و ئێش و ئازارو دەردیسەریی و بەستەڵەکەی دارستان و ڕووبارەکانی ڕووسیام بیرکەوتەوە، لە سەروو ئەمانەشەوە ئونغا هی منەو ژنی منەو ئەم بە زۆر لێی داگیرکردبووم، مااڵ و سامان و نرخێکی وام لەپێناویدا بەخشی بوو کەس پێش

من مالّ و سامانی وەهای نەدابوو. بەهەرحالّ بەو شێوەیە بەسەر شەختەو بەستەلّەکەکەدا دەڕۆیشتین، من بە پێ دەڕۆیشتم، هێزو توانام تێدامابوو ئەویش هیلاك و بێ هێز بە سنگەخشکێ خۆی ڕادەکێشاو لە مردوو دەچوو، ناوبەناو تەماشام دەکرد، کە بەو شێوەیە دەمبینی دلّم تەسکینی پێدەهات و داخی دلّم سارێژ دەبوو، تۆلّەی خۆمم لێکردەوە، پاشان بالّندەکانم لە دەمیدا هەلّپچڕوقاندو لە ڕوویدا پێکەنینێکی گالّتەئامێزم پێکرد، لەگەلّ ئەوەشدا تێنەگەیشت، ئینجا هاتم لەبەردەمیدا بەو شێوەیە خۆم نواندو تێمگەیاند ئەو شەوە بە چ شێوەیەك عارەقەکەی بۆ هێنام و دەرخواردی دام و هەر هەموو کردەوەکانیم هێنایەوە پێش چاوی کە لە شەوی زاوایەتییەکەمدا هات بۆ لام و دەرحەق بە من کردی. ئەو هەموو دیاریانەم هێنایەوە پێش چاو کە من بۆ هێنانی ئونغا لەبەردەم مالّی بووکەکەمدا دامنا. ئەمانەم هەموو بە ئیشارەت بێدەنگ پێ وت بێئەوەی دەم هەلّهێنمەوە، ئینجا زانی من کێم و لە هەموو شتێك گەیشت، بێئەوەی یەك تۆز ڕاچلّەکێ و بترسێت، لچی هەلّقرچاندو گالّتەی پێدەهات، سەرنجم دا قین و تووڕەیی لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە، هێزو توانایەکی نوێ بە لەشە بێ هێزو پەککەوتووەکەیدا هاتەوە.

گەیشتینەوە لای کوخەکە. ئونغا لە نزیك ئاگرەکەوە لە تەنیشتییەوە دانیشت. کابرا لێوەکانی دەجوولّاند بێئەوەی وشەیەکیان لێوە بێتەدەرێ، ئینجا ئاماژەی بۆ من کرد چیم بەو وتووە بە ئونغاش بلّێم و تێی بگەیەنم، پاشان لەسەر بەفرەکە بەلادا هات بێئەوەی جوولّەی لێوە بێت. ئێستاش تا ئەم کاتە بەو شێوەیە لەسەر بەفرەکە کەوتووە، یەك قسەم لە دەم نەهاتەدەرێ تا دوو بالّندەکەم بەتەواوی بۆ خواردن سازکرد. دوای ئەوە ڕووم تێکردو بەشێوەی زمانی خۆمان دواندم و قسەم لەگەلّدا کرد، ئەو زمانەی چەندەها سالّ بوو گوێی لێنەببوو، هەرکە گوێی لەوە بوو حەپەساو دەمی داچەقاند. لێی پرسیم..

ـ ئەم زمانە لە کوێوە فێربوویت؟

وەلاّمم دایەوە..

ـ من ناسم.

وەڵامی دامەوە..

ـ تۆ.. تۆ؟!

ئەمەی وت و لێمنزیکبۆوەو سەرنجی دەموچاوی دام. وتم:

ـ بەڵێ من ناسم سەرۆك و سەرداری ئاکاتانم و دوا کەسی خانەوادەکەی خۆمم و تـۆش دوا کەسی خانەوادەکەی خۆتی.

پێکەنی، پێکەنینێکی وا لە ژیانمدا هەرگیز پێکەنینی وەهام نەبیستبوو، وایلێکردم لەو نێوەندە کشومات و بێدەنگەدا کە من و ئونغا بە تـەنها لەگـەڵ مردنـدا ڕووبـەڕوو بـووین. ڕاچڵەکیم و کەوتمە لەرزین. پێم وت:

ـ وەرە ئەم خواردنە بخۆ. خێراکە با بڕۆین تا دەگەینە ئاکاتان ڕێگا دوورودرێـژو دژوارە، بەڵام سەری بەسەر سنگیدا شۆڕکردەوەو قاقا دەستی بە پێکەنین کرد، قاقـاو پێکـەنینێکی وا ترسناك لە ترساندا وامزانی دنیا ژێروژوورو وێران بووە. من وامدەزانی بە بینینم دڵشادو کەیفخۆش دەبێت و زۆر حەزدەکات لەگەڵمدا بگەڕێتەوە دوورەگە خۆشەویستەکەی. بـانگم لێکردەوە..

ـ وەرە خێراکە بابڕۆین ڕێگاکە دوورودرێژو تاریکە.

بە دڵگەرمییەوە لێی پرسیم..

ـ بۆ کوێ ؟

ـ بۆ ئاکاتان.

کتوپڕ بێدەنگ بوو. بە هەمان زەردەخەنەی گاڵتەجاڕیی و هەمان تووڕەیی کە لە چـاوو سیمای کابرای زەبەلاحدا بینیم دەمی کردەوەو وتی:

ـ بەڵێ پێکەوە بۆ ئاکاتان بڕۆین و لەوێ لە کوخێکی پیسدا بژین و ماسی ڕاوکەین و بیخۆین و لەوێدا منالّمان ببێت و تا مردن شانازی بەوەوە بکەین، پاشان خەڵکیش لە بیر دەکەین و پێکەوە بە شادی و خۆشی دەژین، زۆر بە شادی و خۆشییەوە.

ـ زۆر چاکە.. زۆر چاکە وەرە دەی با خێراکەین و بگەڕێینەوە بۆ ئاکاتان.

ئەمەی وت و دەستی هێنا بەسەر قژی کابرای زەبەلاحداو پێکەنینەکەیم بەدڵ نەبوو. بێدەنگ دانیشت. هێزو توانای ئەو ژنەم زۆر لا سەیر بوو، سەرم سوڕما! بیری ئەو شەوەم کەوتەوە کە کابرا لێی فڕاندم و چۆن ئەمیش چنگی لە دەموچاوی گیرکردبوو. ئەو قژەی ڕادەکێشا کە ئێستا دەستی بەسەردا دێنێت و نایەوێت لێی دوورکەوێتەوە. بیری ئەو نرخە زۆرەم کەوتەوە کە پێمدابوو، بیری ئەو چەند ساڵە دوورودرێژانەم کەوتەوە کە لەپێناویدا بەسەرم بردبوو، ئەو هەموو ساڵەی چاوەڕوانیم کردبوو. چوومە پێشەوە، بۆئەوەی لێی دوورخەمەوە، بەڵام بە تووڕەییەوە لە ڕوومدا ڕاپەڕی و وەستاو بەرگریی لێکرد هەروەك ئەو شەوی زاوایی و هاوسەرێتییەی لە منی سەندو فڕاندی و بردی بۆ خۆی. لێی دوورکەوتمەوە. ئەو ناخۆشی و دەردیسەرییەم بۆ گێڕایەوە کە لەو ماوەیەدا لەپێناویدا بەسەرم هاتبوو بۆئەوەی لەو کەسەی بسێنمەوە کە لێی داگیرکردبووم. باسی ئەو دەریاو ڕووبارانەم بۆ کرد کە لەپێناویدا پیایدا گەڕابووم و باسی ئەو شوێن و جێگایانەم بۆ کرد کە چووبووم بۆی، باسی ئەو برسێتی و تاڵی و ناخۆشیانەم بۆ کرد کە لەپێناویدا چەشتبووم. سەرنجم دا سۆزو بەزەیی کەوتە دڵییەوەو تەماشاکردنەکەی لە ئاستمدا گۆڕا، بەو بینین و تێڕوانینە سەرلەنوێ گەنج بوومەوە، تەماشاکردن و تێڕوانینەکەی ئەو ڕۆژەی بیرخستمەوە کە یەکەمجار لە دوورگە جوانەکەماندا بەیەك گەیشتین. سەرنجم دا بینیم سنگ و مەمکی بەرزو نزم دەبێتەوە، زۆر حەزم کردو ئارەزووم لێبوو سەرم بخەمە ناو ئەو سنگ و مەمکە بەرزو میهرەبانەوە. باسکی بۆ یەکالا کردمەوە بەرەوپیری چووم. کتوپڕ ئاگری قین و

تووڕەبیم لە چاوەکانیدا بینی بڵێسەی دا. چەقۆیەکی دەرهێنا دوو چەقۆی لـە کەلەکـەم دا، هەرکە دوو چەقۆکەی لێدام گورج بۆ لای کابرای مردوو گەڕایەوە و پێی وتم:

ـ سەگی پیس ئەی بەرازی پیس و چەپەڵ.

ئەو دوو چەقۆیەی لێی دام بێ هێز بوو، کاریگەری نەبوو، چونکە دەستی هێـزو توانـای تێدا نەمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتم دەخواست لەوێ لـەو شـوێنە لەگـەڵ ئـەو دوو کەسـەدا بمامایەوە کـە ژیـانی خـۆمم بـە ژیانیانـەوە بەسـتبوو، لەپێناویـشیاندا تووشـی ناخۆشـی و دەردیسەری زۆر ببووم، بەڵام چی بکەم قەرزار بووم، هەر دەبوو ئەو قەرزە بدەمـەوە، ناچـار گەڕامەوە هیلاك و ماندوو، برسێتیش چنگی لە جەرگم گیرکرد بوو. بەڕاستیش نازانم چـۆن توانیومە بگەمەوە ئێرە!

برنس هاواری کرد..

ـ ئەی ئونغا؟

ناس وتی:

ـ ڕازی نەبوو دوو باڵندەکە بخوات. لە تەنیشتیەوە ڕاکشاو دەستی کـردە ملـی و سـەرو ڕووی خۆی خستە ناو قژی کابراوە، پێش ئەوەی جێی بهێڵم بۆئەوەی لەو بەسـتەڵەکەدا ڕەق نەبێتەوە ئاگرم بۆ کردەوە، بەڵام لە ئاگرەکە دوورکەوتەوە، ئاگرێکی تریـشم لـە نزیکییـەوە کردەوە. بەهەرحاڵ هەر لە برساندا دەمرێت.

مالموت کید لێی پرسی..

ـ ئەی تۆ دوای ئەوە چی دەکەیت؟

وەڵامی دایەوە..

ـ نازانم! ئاکاتان شوێنێکی بچووکەو وا لەوپەڕی دنیادایە، نیازم نیە بچمەوە بۆ ئەوێ و ژیان لەوێدا بەسەربەرم، بەڵام خۆم تەسلیمی (قستنتین) دەکـەم، بۆئـەوەی کەلەپـچە بکەنـە دەستمەوەو دوای ئەوە پەتی سێدارە بخەنە گەردنمەوەو بۆ هەتاهەتایی ڕزگارم بێت.

برنس تووڕە بوو، وتی:

ـ نا.. شتی وا نابێت و کاری وا ناکرێت.

مالموت کید وتی:

ـ برنس بێدەنگ بە. زۆر کار هەیە عەقڵ و ژیریی ئێمە پەی پێنابات و لـە دادو ژیریـی ئێمە زۆر بەهێزترە. ئێمە ناتوانین ڕاست و هەڵـە لـە یـەکتر جیابکەینـەوە، نابێـت حـوکمی خۆمان بەسەر ئەودا بسەپێنین.

ناس لە ئاگرەکە نزیکبۆوە. بێدەنگییەکی ترسناك باڵی بەسەردا کێـشان. وێنـەکانیش یەك بە دوای یەکدا لە پێش چاوی ئەو سێ پیاوەدا دەهاتن و دەچوون.

---

# ئابڕووبڕاو

ئەمە کۆتاییە.. (سۆبیانکۆ) دوای ئەوەی ئەو هەموو شارو پایتەختانەی ئەوروپا گەڕاو لەو نێوانەدا ڕێگایەکی دوورودرێژی بڕی و تووشی ئێش و ئازارو دەردیسەری و ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر بوو. ئێستاش ئێرە (نۆلاتۆ) لە ناوجەرگەی ئەم شوێنە دوورو چۆڵەوانیەدا دوا ویستگەی ئەو گەشتەیەتی.

هەر دوو دەستی لە پشتەوە بەسترابۆوەو لەسەر بەفرەکە دانیشتبوو چاوەڕوانی سەرەی ئەشکەنجەدانی خۆی دەکرد. تەماشای ئەو پیاوە قەڵەوو زلەی دەکرد کە دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەو لێدانە زۆرەی تووکی سەری منالّی ساوای سپی دەرکرد لەسەر بەفرەکە کەوتبوو، بە دەم ئێش و ئازارەوە دەینالاند، وە موچڕکە بە لەشیدا دەهات. ئەمە لە ترساندا نەبوو، نەدەترسا، چونکە زۆر ئێش و ئازارو دەردیسەری دیبوو، بەڵکو لە ناخی خۆیدا پێی ناخۆش بوو ئەشکەنجەو سووکایەتی پێبکەن، بۆ ئەوەش ئەبوو کە بەمزوانە هەمان ئەشکەنجەو ئازاری دەدەن، بەڵکو بۆ ئەو بارە ناخۆشە بوو کە بەسەری دێنن و لە کاتی خۆیدا سووکایەتی پێدەکەن و کەسایەتی و کەرامەتی دەشکێنن. دەیزانی وایلێدەکەن ئەمیش وەك (ئیڤانی گەورە) بکەوێتە سوێندو تکاو پاڕانەوە، ئەمەش کارێکی باش نیەو

حەز بەوە ناکات. ئەو دەیویست بە ئازایی و نەترسی و سەربەرزییەوە بمرێت و پێکەنین و زەردەخەنە لەسەر دوو لێوانیدا بێت، بەڵام خۆی بە لاوازو پەشیمان پیشان بدات، ئەمەی پێناکرێت و بیریش لە کاری واناکاتەوە. هیچ ئومێدو ڕێگایەکیش بۆ ڕاکردن و هەڵاتن نەبوو، لەو ڕۆژەوەی چۆتە ژێرباری ئەم کارەوەو سەرکەشی کردووەو بۆ سەربەستی وڵاتەکەی هەوڵ و تێکۆشانی کردووە، زانیویەتی بۆتە گەمەیەك بەدەست پلاری قەدەرەوەو بۆ هەر شوێن و جێگایەکیش ڕۆیشتبێت ڕێکەوت بردوویەتی. هەر ڕێکەوتیش بوو بەرەو ئەم کۆتاییەی ئێستای ڕاکێشاوەو هەنگاوی پێناوە. بێ شك لەو ڕۆژەوەی دنیا دروست بووە ئەم لە چارەی نووسراوەو ئەم ڕێگایەشی بۆ نەخشەکێشاوە کە لەسەری بڕوات و بیگەیەنێتە ئێستای. زۆریشی لا سەیر بوو شاعیرو ئەدیب و هونەرمەندێکی وەك ئەم دوای ئەو هەموو ژیانە جەنجاڵ و ئاڵۆزە لە چارەی نووسرابێت دەبێت لە ساتەکانی ژیانیدا لە دوورترین شوێنی ئەم جیهانەو لە وڵاتێکیشدا بمرێت پڕی بێت لە بەفرو بەستەڵەك و هەردەم تاریك و نووتەکیش بێت! هەناسەیەکی هەڵکێشا زۆری پێ ناخۆش بوو ئیڤانی گەورە ئیڤانی باڵا بەرز، پیاوی پۆڵایین و بەهێز، ئەو پیاوە هێندەی گایەك بەهێزو بەتوانا بوو، ئەوێکی لە ژیانیدا هەستی بە هیچ ئێش و ئازارێك نەدەکرد، ئەو ئێش و ئازارە چەند گەورەو بەزەبریش بووایە بەم جۆرە ببینیایە، وا بە دارماوی و کەساسی وەك تۆپەڵە گۆشتێکی لوولکراو لە پێش چاویدا کەوتبێت.

ئیڤان بە دەست هیندییە سوورەکانی نەوەی نۆلاتۆوە ئەوەندە ئەشکەنجەو ئازاری چەشت، ئەگەر کێویش بووایە لەژێر ئەو ئەشکەنجەو ئازارە زۆرەدا دەڕماو خۆی بۆ ڕانەدەگیرا دەینالاند، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەمردبوو تۆزە ئاهێکی تێدا مابوو.

سۆبیانکۆ هەستی کرد ئیڤان لەمە زیاتر خۆی پێ ڕاناگیرێت و بەرگەی زیاتر ناگرێت، لە دڵی خۆیدا پرسی بۆچی خوا گیانی ناکێشێت و ڕزگاری بێت و بۆ خۆی بجەسێتەوە؟ خۆ ئەگەر ئێستا ئیڤان نەمرێت، لە دواییدا شێت دەبێت و ئەقڵ لە دەست دەدات. دوای

ئەویش نۆبە دێتە سەر ئەم. ئا ئەوەتا (یاکاغا) زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی سەرەی ئەم دەکات، چونکە دوژمنایەتی و تۆڵەی کۆن لەنێوانیاندا هەیە.

هەفتەیەک بەسەر ئەو کاتەدا تێنەپەڕیبوو کە سۆبیانکۆ یاکاغای وەک سەگ لە قەڵاکە کردە دەرەوەو بە قامچی بەربووە سەروگوێلاکی. یاکاغا دەتووت لەسەر پشکۆ ئاگرە وا بە گەرمی و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکرد. بێگومان شتێکی چاوەڕوان نەکراوو ئەشکەنجەیەکی قورس و مردن ئاسای بۆ فەراهەم کردبوو.

ئاھ.. ئەو نالەنالّ و نرکەنرکەی لە ئیقانەوە دەیبیست کارێکی ناخۆش بوو، ئەو پیاوە مێشک پۆڵایین و خۆڕاگرە کە هیچ ئێش و ئازارێك کاری تێ نەدەکردو سەری بۆ دانەدەواند ئێستا دەیبینی کەوتووەو چۆن ژنان دەهاتن تەماشایان دەکردو پێی پێدەکەنین و لە خۆشیاندا چەپڵەیان لێدەدا.

سۆبیانکۆ ئەو کێوە بڵندو خۆڕاگرەی بینی لەژێر ئەو ئەشکەنجەیەدا خۆی بۆ ڕانەگیراو دارما، بەشێوەیەکی شێتانەو بە دەنگی بەرز دەستی بە قاقای پێکەنین کرد. سەرنجی هەر هەموو هیندییەکانی ڕاکێشا، بەڵام ئەمە هیچ سوودێکی پێ نەگەیاند، بەسەر مێشکی خۆیدا زاڵ بوو، ئەوەی لەبەردەمیدا کەوتبوو بیری خۆی بردەوە، یادی ڕۆژانی ڕابردووی کردەوە، بیری ڕۆژانی خۆش و ناخۆشی خۆی کەوتەوە، بیری دایك و باوکی کەوتەوە، بیری ئەو پیاوە فەرەنسییەی کەوتەوە کە کاتی خۆی سەماو هەندێ هۆنراوەی (ڤۆڵتێر)ی فێرکردبوو. لە بیرو خەیاڵی خۆیدا پاریس و لەندەن و ڤیەننا و ڕۆمای هێنایەوە یاد، بیری ئەو برادەرانەی کەوتەوە کە هاوبیری خۆی بوون و یەك لە دوای یەك لەناوچوون و نەمان، دووانیان دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە سێدارە دران و یەکێکی تریان بە دڕندانە لە جێگای نەفیکردنەکەیدا کوژرا، سێیەمیشیان پاسەوانەکەی ئەوەندەی لێدا تا مردو گیانی دەرچوو. دوا دوو برادەریشی لە کاتی هەڵاتنیان لە بەندینخانەدا کوژران، تەنها ئەم توانی خۆی ڕاگرێت و ڕزگاری بێت و خۆی بگەیەنێتە (کامشتکا)و لە ڕێگادا پیاوێکی کوشت و مالّ و

سامان و شوناسنامەو ئەوراقەکانی تری لێ زەوت کردو لەسەر بەفرو شەختەکە جێی هێشت. ئەمە کارێکی دڕندانە بوو، گەرچی لە دڵیدا هونەرو ئەدیب دۆستیش بوو، بەڵام هەر هەموو ژیانی زنجیرەیەك کاری دڕندانە بوو. ئەو ڕێبوارەی لە ڕێگادا کوشتی بۆ ئەوە کوشتی پاسپۆرتەکەی لێ بستێنێت، ژیانی خۆی بە خوێنی ئەو کەسانە سور کردبوو کە دەیکوشتن، ڕۆژێ لە ڕۆژان کە ڕووبەڕووی ئەو دوو پیاوە ڕاوەستاو توانی بیانکوژێت بۆ ئەوە بوو ئازایی و توانای خۆی بۆ چەتەو دزی پێستەو فەرووەکان دەرخات، بۆئەوەی وەریگرن و بچێتە پاڵیان. ئەمە تەنها ڕێگابوو دەبووا بیگرتایە بۆ چوونە پاڵ ئەو کۆمەڵە دزو جەردەیە، تاکو بەو ڕێگایە بتوانێت ڕزگاری بێت و بگاتە ئەو شوێن و مەبەستەی دەیویست، وا نەبووایە نەیدەتوانی لەو تاریکاییەداو بەسەر ئەو ئاوو ڕووبارە بەستەڵەکانەدا لە (بیرینغ)ەوە بڕوات بۆ (ئالاسکا)، ئەو ڕێگا دوورودرێژەش کە لەگەڵ ئەو دزو جەردانەداو لەسەر پشتی ئەو پاپۆڕەدا بڕی، ڕێگایەك بوو پڕ لە کاری دڕندانە، لە ڕێگادا خواردن و خواردنەوەیان نەماو تووشی برسێتی و تینوێتی و گەردەلوولی توندو بەهێزو نەبڕاوەو بێ پشوو بوون. ئەم کارانە وای لێکردبوون کە لە ئاژەڵی دڕندە بچن. سێ جار لە کامشتکاوە بەرەو خۆرهەڵات گەشتیان کرد، لەو سێ جارەدا ئەوانە بۆیان ڕێکەوت بە ساخی بگەڕێنەوەو نەمرن، تووشی ئەوەندە کارەسات و دەردیسەری و ناخۆشی بوون، پێنووس لە ئاستیدا دەستەوستانەو ناتوانێت بینووسێت و باسیان بکات، هیچ هەلێکی ڕاکردن لە پێشیدا نەبوو، قامچی و کاری گران بۆی لە چاوەڕوانیدا بوو. لە جاری چوارەمدا لەگەڵ هەندێ دزو جەردەی بەهێزو بەتوانای پێستەو فەرووەدا بە دەریادا بەرەو باکور کەوتنەڕێ. سوێندی خوارد بە هەر شێوەیەك بێت و هەرچی لێ بەسەر بێت ئەمجارە نەگەڕێتەوە بۆ کامشتکا، چونکە دەیزانی بۆ گەیشتنە پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپای خۆشەویستی، دەبووایە بە هەر شێوەیەك بووایە ئەو ڕێگایەی ببڕیایە، لەبەرئەوە چووە ناو پاپۆڕێکی ترەوە. لەو پاپۆڕەدا هاوڕێکانی بریتیبوون لە هەموو کەس و میللەتێك کە لەسەر دزی و

جەردەیی و ڕووتکردنەوەو پیاوکوشتن دەژیان. چەندەها گوندیان سووتان و مـاڵ و سـامانیان تاڵان کردن و دەستیان بەسەر خێـرو بێریانـدا گـرت. هـەموو ئـەو هاوڕێیانەشـی کـوژران و لەناوچوون تەنها خۆی و پیاوێکی فنلەنـدی مانـەوە، ئـەوانیش لـە دوورگەیـەکی بـچووکی دووری نـاو دەریـادا مانـەوە هـەتا بۆیـان ڕێکـەوت بـەهۆی کەشـتییەکەوە کـە لـە نزیـك دوورگەکەوە تێدەپەڕی ڕزگاریان بوو، بەڵام ژیانی سەخت و دەردیسەری و درێندەیی وازی لێ نەدەهێناو لە هەر شوێنێك بوایە یەخەی دەگرت لە کۆڵی نەدەبۆوە، لەم کەشتییەوە دەچوو بۆ ئەو کەشتی و حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی مردن لە چاوەڕوانیدا بوو بـۆی. لە کۆتاییدا سواری کەشتییەك بوو بە دەریادا بەرەو باشور کەوتەڕێ، بە درێژایی ڕۆخەکانی ئالاسکا لە مرۆڤی درێـندە زیـاتر کەسـی تـری نـەبینی، لـە هـەر دوورگەیەکـدا کـە لەگـەڵ هاوڕێکانیدا دادەبەزین، خەڵکانی ئەو دوورگەیە بـە قـین و دوژمنایەتییـەوە بـەرەو ڕوویـان دەهـاتن. بـەرەو باشـور ملیـان نـا بـە هیـوای ئـەوەی لەگـەڵ ئـەو ئیـسپانیانەدا کـە لـە مەکسیکەوە هاتبوون بگەنە کالیفۆرنیا. ئەو کاتـە بـۆ سـۆبیانکۆ ئاسـان بـوو لەگـەڵ ئـەو ئیسپانییە سەرکەشانەدا بگاتە مەکسیکۆ، گەرچی دوای ساڵێك یان دوو ساڵیش بێت کات گرنگ نیە، لەوێشەوە چوون بۆ ئەوروپا ئاسان بوو، بەڵام هیچ ئیسپانیەکیان تـووش نـەبوو. کۆمەڵە کەسانێکی درێندەیان تووش هات، ئەو درێندانە هێرشیان کـردە سـەریان و زۆرێکـی زۆریان لێ کوشتن و لە کوێوە هاتبوون گەڕانیانننەوە بۆ ئەوێ.

دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك کاتێـك (تۆبنکـۆف) قـەڵای (میکالۆفـسکی) دروسـت کرد، ئەم لەگەڵیدا کاری کرد. ماوەی دوو ساڵی لە ولاتـی (کۆشـوکوین)دا بەسـەربرد. لـەو شوێنەدا هۆزەکان کۆدەبوونەوەو لەگـەڵ یەکـدا کەلوپـەلیان دەگۆڕییـەوە، لەوێـدا فـەروەی سیبیریاو عاجی دیمۆمیدو پێـستەی سـەگگلاوی دەریاکـانی جەمـسەری باشـوریان دەسـت دەکەوت. سۆبیانکۆ لە جوگرافیای ئەو هەرێمەی بە چاکی کۆڵییـەوەو بـە باشـی شـارەزای بوو، بە جۆرێکی وا باش هیچ قوتابخانەیەك بـەو جـۆرە فێـری نـەکردبوو. لەوێـدا چـەندەها

میللەت و کەس و هۆزی ناسی کە لە ولاّتی (ئاسکیمۆو دوورگەی مەلیك و دوورگەی سان لورانس و بوینت بارو)وە هاتبوون. ئەم شوێنانەش ناوی کەشیان هەبوو. دووری نێوانیان بە ڕۆژ دەپێوا. ئەم بازرگانە دڕندەو دواکەوتووانە لە ولاّتانی زۆر دوورەوە دەهاتن و ئەو کالاّیانەش کە بازرگانیان پێوە دەرکرد لە ولاّتانی زۆر دوورترەوە هێنابوویان. سۆبیانکۆ لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا تێکەڵاوی پەیداکردو کڕین و فرۆشتنی لەگەڵدا کردن، لەوانیشەوە زانی کەسانێکی سپیپێست هەن لە شوێنە دوورەکاندان وەك شەیتان لەپێناوی پەیداکردنی فەرووەو پێستەدا دەجەنگن، ئەو کەسانەش وان لە خۆرهەڵاتی دووردا. کەس بە چاو نەیبینیوون تەنها بە قسە دەم بە دەم دەنگوباسیان دەگێڕنەوەو باسیان دەکرێت. لە کۆتاییدا قسەو دەنگوباس بلاّوبۆوەو هیوای خستە ناو دڵی سۆبیانکۆوە، لەو قسەو باسانەدا دەیانوت لە ڕۆژهەڵاّتدا ڕووبارێکی زۆر گەورە هەیەو لە هەر دوو ڕۆخی ئەو ڕووبارەدا ئەو سپیپێستانە دەژین. ئەو ڕووبارەش پێی دەڵێن (یۆکون)و لە باشوری قەڵای (میکالوفسکی)یشدا ڕووبارێك هەیە ڕووسیەکان بە (کویکباك) ناوی دەبەن. ئەم دوو ڕووبارەش لە ڕاستیدا یەك ڕووبارن.

سۆبیانکۆ گەڕایەوە بۆ قەڵای (میکالوفسکی)و لەوێدا ساڵێکی تەواو هەوڵی دا کۆمەڵێك پێکهێنێت و بچن بۆ کویکباك، لە کۆتاییدا (مالاکۆف)ی ڕووسی سەرکردایەتی ئەو هەڵمەتە ترسناکەی کردو بەرەو ئەو دەڤەرە ترسناکە کەوتنەڕێ و سۆبیانکۆی کردە یاریدەدەری خۆی. گەشتەکە زۆر گران و ناخۆش بوو، لەوپەڕی ترسناکیدا بوو. دەبوو بە هەر شێوەیەك بووایە پارێزگاری ڕۆح و ئەو کالاّیانەیان بکردایە کە پێیان بوو. گەیشتنە سەر ڕووبارێکی قوول و بەرفراوان، پانتاییەکەی لەنێوان دوو میل بۆ دە میل دەبوو. مالاکۆف بڕیاریدا قەڵایەك لە (نۆلاتۆ)دا دروست بکات، سۆبیانکۆ زۆر هەوڵی لەگەڵ دا لەو بیرە پەشیمانی بکاتەوەو نەوەستن بەرەو پێشتر بڕۆن، بەڵام سوودی نەبوو. بەهەرحاڵ زستانی دوورودرێژو سارد لە پێشیانەوە بوو، هەر دەبێت چاوەڕوان بکەن، هەر کاتێکیش

هاوین هات و بەستەڵەك دەستی کرد بە تواندنەوە، ئەو کاتە ڕادەکات و خۆی دەگەیەنێتە دوورگەی (هدسۆن)و لەوێشدا لە هەموو لایەکیدا بنکەی ئەو کۆمپانیایەی لێیە کە بە ناوی هدسۆنەوەیە. مالاکۆف نەیدەزانی ڕووباری کویکباك و ئەلیۆکۆن یەك ڕووبارن. سۆبیانکۆش ئەمەی پێ نەوتبوو. دەستکرا بە دروستکردنی قەڵای نۆلاتۆ. بە هەوڵ و کۆششی هیندییە نۆلاتۆکان کە بە زۆرو لەژێر زەبری قامچیدا کاریان پێدەکردن بەرزبۆوە. هەندێ لەو هیندییە سوورانە هەڵدەهاتن و ئەوانەی دەیانگرتنەوە لەژێر ئەشکەنجەدا دەیانکوشتن بۆئەوەی بڵێن بە پەند بۆ نەوەکانیان و جارێکی تر نەوێرن ڕابکەن، لەبەرئەوە هیندییەکان دەترسان و ڕایان نەدەکرد، تاکو ئەمانیش وەك ئەوانی تر لەژێر ئەشکەنجەدا نەکوژن.

وەرزی زستان کۆتایی هات و وەرزی بەهارو ڕاوی پێستەی ئاژەڵ هاتەپێشەوە. ئەم دزو جەردانە گومرگێکی یەکجار زۆریان خستە سەر هۆزە هیندییەکان و بۆ ئەم مەبەستەش ژن و منالّیان بە بارمتە گرتن. هەڵسوکەوتێکی دڕندانەی وایان لەگەڵدا دەکردن مەگەر هەر ئەم دزو جەردانە بتوانن کاری وا بکەن، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند ڕۆژی تۆڵەکردنەوە هاتەپێشەوە. هیندییەکان قەڵاکەیان سووتاندو لەژێر گڕو ڕوونـاکی ئاگرەکەدا نیوەی دزو جەردەکانیان کوشت و نیوەکەی تریشیان بەدیل گرتن. بەجۆرێك ئەشکەنجەیان دان تۆڵەی هەموو هیندییەکانیان لێکردنەوە، لەژێر ئەو ئەشکەنجەو ئازارەدا تەنها دوو پیاویان مانەوە، سۆبیانکۆو ئیڤانی گەورە ئەگەر بەو پروسکی پیاوە ئیڤانی گەورە کە لەسەر بەفرەکەدا کەوتبوو بڵێین پیاو.

سۆبیاکۆ یاکاغای بینی بە قینەوە تەماشای دەکات، خۆی بە بێ ئەقڵ دەزانی کە داوای سۆزو بەزەیی لێبکات، چونکە هێشتا جێگاو پاشماوەی قامچییەکانی بە سەرو گوێلاکییەوە دیارە، لەبەرئەوە سۆبیانکۆ سەرزەنشتی یاکاغا ناکات، بەڵام حەزیشی نەدەکرد یاکاغا ئەشکەنجەی بدات و سووکایەتی پێبکات. بیری کردەوە ویستی پەنا

بەرێتەبەر (ماکاموك)ی گەورەو سەرۆك عەشیرەت، بەلاّم ئەقلّی ئەمەشی نەگرت. بیریکردەوە بە هەر شێوەیەك بێت دەستی خۆی بکاتەوەو تا دەیکوژن و دەمرێت شەڕیان لەگەلّدا بکات، ئەمە باشترین رێگایە بۆ کۆتایی و ڕزگاربوونی، بەلاّم چی بکات خۆ ناتوانێت دەستی خۆی بکاتەوە. دواجار بیری کردەوەو بەسەر ئاماژەی بۆ ماکاموکی سەرەك عەشیرەت کرد بێت بۆ لای تا شتێکی پێبلێت و لەگەلّ خۆشیدا کەسێك بێنێت تا قسەکانی ئەمی تێبگەیەنێت. سۆبیانکۆ وتی:

ـ بەڕێز ماکاموك من لە مردن ترسم نیە. من پیاوێکی گەورەو نەمرم، مردن دەربارەی من شتێك نیە لێی بترسێم، من لە هەموو کەس جیاوازترم، چونکە من هەرگیز نامرم، دەرمانێکی گرنگ و ناوازەم هەیە کەس لەو جۆرە دەرمانەی منی نیە، کەسیش نازانێت ئەو دەرمانە چۆنەو چۆن دروست دەکرێت. ماکاموك لەبەرئەوەی من نامرم دەمەوێت ئەو دەرمانەم لێبکڕیت، بۆئەوەی تۆش نەمریت و بە نەمریی هەتاهەتایە بمێنیتەوە.

ماکاموك لێی پرسی..

ـ ئەو دەرمانە چیە؟

سۆبیانکۆ تۆزێك ڕامـاو پاشـان وەك نهێنیـەکی ترسـناك بـدرکێنێت لەبەرخۆیـەوە چرپەیەکی سووکی کرد.

ـ پاشان پێت دەڵێم. تۆزێك لەو دەرمانە پێستی مرۆڤی پێ چەور دەکرێت. ئەو پێسته ئەوەندە ڕەق دەبێت وەك تاشەبەردی لێ دێت. لە ئاسن بەهێزتر دەبێت. هیچ چەکێك کاری تێناکات. ئەو چەقۆیەی لێیدەدەیت چەند تیژ بێت ناتوانێت کاری تێبکات و برینداری بکات. گەورەترین و بەهێزترین چەقۆی لە ئێسك دروستکراو لە ئاستیدا وەك قوڕ نەرم دەبێتەوە، ئەو چەقۆ ئاسنانەی ئێمەش بۆ ئێوەمان هێناوە خواردەبێتەوە. بەرامبەر ئەو نهێنیە چیم دەدەیتێ؟

ماکاموك بەهۆی وەرگێڕەکەیەوە وەلاّمی دایەوە..

ــ ناتكوژم و ژیانت پێدەبەخشمەوە، بەڵام وەك كۆیلەیەك لە كۆیلەكانم لای خۆم دەتهێڵمەوە.

سۆبیانكۆ بە گاڵتەپێكردنەوە پێكەنی و وتی:

ـ كەواتە منیش بەوە ڕازیم. دەی فەرمان بدە با دەستم بكەنەوەو ڕزگارم كەن.

سەرۆك فەرمانی دا دەستی بكەنەوە. سۆبیانكۆ گورج جگەرەیەكی پێچایەوەو دەستی بە مژلێدانی كرد.

ماكاموك وتی:

ـ ئەمەی تۆ دەیڵێیت بڕوای پێ ناكرێت. هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە لەو جۆرە دەرمانە هەبێت و ناش بێت.

سەرۆكی هیندییەكان زۆرێكی زۆری دزو جەردەی فەرووەو پێستەی بینیبوو. لە درۆودەلەسەكانیان شارەزابوو، بەڵام ئەمجارە نەیویست ئەم هەلە لە كیس خۆی بدات. بە سۆبیانكۆی وت:

ـ ناتكوژم. لێت دەبوورم، بەرەڵاشت دەكەم، بڕۆ سەربەست بەو ناشتكەم بە كۆیلەی خۆم.

سۆبیانكۆ وەك ئەوەی سەوداو مامەڵەی پێستە ڕێوی بكات بە ساردییەكەوە وتی:

ـ لەوە زیاترم دەوێت. ئەو دەرمانەی من دەرمانێكی زۆر گرنگە. چەندەها جار منی لە مردن ڕزگاركردووە. گالیسكەیەك و چەند سەگێك و شەش ڕاوچی لە ڕاوچییەكانیشتم دەوێت بۆئەوەی لە ڕێگادا لەگەڵمدا بن.

سەرۆك وتی:

ــ تۆش هەر دەبێت لەگەڵماندا بمێنیتەوەو هەموو نهێنییە شەیتانیەكانی خۆتمان فێربكەیت.

سـۆبیانکۆ شـانی ڕاوەشـاندو هـیچ وەلاّمێکـی نەدایـەوە. مـژی لـە جگەرەکـەی داو دووکەلّەکەی بەبادا داو بە گۆشەنیگایەك بە دزییەوە تەماشای لاشە تێکـشاوەکەی ئیڤـانی گەورەی کرد. سەرکردەی هیندییەکانیش تۆزێك بیری کردەوەو پاشان وتی:

ـ باشە گالیسکەیەك و هەندێ سەگ و شەش کەسی ڕاوچیشت دەدەمێ.

سۆبیانکۆ بە سارد‌ییەکەوە وتی:

ـ ماکاموك تۆ زۆر ناحاڵیت و بە درەنگ لە شت دەگەیت. تۆ دەرمانەکەی منت سووك کرد، چونکە گـورج بـە مەرجـەکانی مـن ڕازی نـەبوویت، لەبەرئـەوە ئێـستا شـتی زیـاترم دەوێت. سـەد پێـستی سـەگگاڵوو سـەد ڕەتـڵ گۆشـتی ماسـی وشـککراوەم دەوێـت. دوو گالیسکەشم دەوێت یـەکێکیان بـۆ خـۆم و ئـەوی تریـان بـۆ پێـستەو ماسـییەکانم. دەبێـت تفەنگەکەشم بدەنەوە، خۆ ئەگەر بێت و هەر ئێستا گـورج بەمـە ڕازی نـەبیت ئـەوا دوایـی داواکارییەکانم زیاتر دەبێت.

یاکاغا هات و چپەیەکی بە گوێی سەرۆکدا کردو ئەمیش لە سۆبیانکۆی پرسی..

ـ باشە دەبێت من چۆن بزانم دەرمانەکەی تۆ ڕاستەو کاری خۆی دەکات؟

ـ ئەمـە زۆر ئاسـانە مـن دەچـم بـۆ نـاو دارسـتانەکەو دەتوانیـت حـەفتا پاسـەوان لـە ڕاوچییەکانت لەگەڵمدا بنێریت و لەوێ گیاو سرێش کۆدەکەمەوەو دەرمانەکەی خـۆمی پـێ دروست دەکەم. کاتێك تۆ دوو گالیسکەکەو پێستەکان و ماسییەکان و شەش ڕاوچـییەکەی لەگەڵمدا دێن ئامادە دەکەیت، ئەو کاتە من بـە مەڵحەمەکـە ملـی خـۆم چـەور دەکـەم و پاشان سەرم دەخەمە سەر ئەو کۆتەرە دارەو فەرمان بدە بە بەهێزترین پیاوی هۆزەکەت بـە تەورەکەی خۆی سێ جار بکێشێت بە ملمدا، تۆ خۆت دەتوانیت بـە تـەور ئـەو سـێ جـارە پیامدا بکێشیت، بەلاّم دەبێت بۆ هەر لێدانێك تا لێدانێکی تـر ملـی خـۆم بـەو مەڵحەمـە چەور بکەم، چونکە دەبێت تەورەکە لەوپەڕی تیژیدا بێت و بە هەموو هێزێکیش بکێشن بە ملمدا، نامەوێت هیچ هەڵەیەك ڕووبدات.

ماکاموك بە خۆشییەوە هاواری کرد

ـ هەرچیت دەوێت دەتدەمێ. دەی دەستبەکار بە، خەریك بە دەرمانەکەت ئامادەکە.

ـ شتێکی تر ماوە ئەو کچەشتم دەوێت.

ئاماژەی بۆ کچێك کرد لە تەنیشت سەرۆکەوە ڕاوەستابوو.

ماکاموك دەموچاوی دا بەیەکداو قسەی نەکرد. سۆبیانکۆ هەڕەشەی لێکردو وتی:

ـ خێرا دەنا زیاترت لێ داوا دەکەم.

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. سۆبیانکۆ لەو ماوەیەدا بیری لە ولاتەکەی خۆی دەکردەوە کاتێك چاوی بەو کچە پیس و ناشرینە کەوت و لە سەرۆکی داوا کرد، ئەو کچە جوانانەی پاریسی هاتەوە پێش چاو کە کاتی خۆی بە گەنجی لە پاریس ناسیبوونی.

ماکاموك وتی:

ـ کچت بۆ چیە؟

ـ دەمەوێت لەگەڵمدا بێت و ببێت بە ژنم. ئەمە شەرفێکی گەورەیە بۆ من لێت نزیك ببمەوەو ببم بە زاوات، ئەمەش ڕێزگرتنێکە بۆ دەرمانە گرنگەکەم.

سەرلەنوێ سۆبیانکۆ بیری ئەو کیژە جوان و نازدارانەی کەوتەوە کە کاتی خۆی ناسیبوونی و لەبەرخۆیەوە گۆرانییەکی وتەوە کە لە یەکێك لەو کیژە جوانانەوە فێر ببوو. دەنگی سەرۆك بیرەکەی پچڕاند کاتێك پێی وت:

ـ چیت دەوێت با بۆ تۆ بێت. با کچەکەشم لەگەڵتدا بێت، بەڵام لە ئێستاوە بزانە من خۆم سێ تەورەکە دەکێشم بە ملتا.

سۆبیانکۆ بێ ئەوەی بشڵەژێت وەڵامی دایەوە.

ـ بەمەرجێك دوای هەر تەورێك دەرمانەکەی لێدەم.

ـ ڕازیم بە مەرجەکانت. دەی ئێستا برۆ بۆ دارستانەکەو ئەوەی دەتەوێت لەوێ کۆی بکەرەوە، پاسەوانە ڕاوچییەکانیش لەگەڵتا دەبن بۆئەوەی بیر لە هەڵاتن نەکەیتەوە.

ماکاموك بڕوای تەواوی بە کاریگەریی دەرمانەکە هەبوو. ئەویش دوای ئەوەی ئەو بێ موبالاتییەی سۆبیانکۆی دەبینی لە مردن نەدەترساو گوێی پێ نەدەدا.

کاتێك سۆبیانکۆ لەگەڵ پاسەوانەکاندا دوورکەوتنەوەو بەرەو دارستانەکە کەوتنەڕێ، یاکاغا بە سەرۆکی وت:

ـ بەهەرحاڵ دوای ئەوەی چۆنێتی دروستکردنی دەرمانەکە فێردەبیت، دەتوانیت کابرا بکوژیت و لەناوی بەریت.

ماکاموك وتی:

ـ بەڵام دەرمانەکە ناهێڵێت بیکوژم و لەناوی بەرم.

یاکاغا وتی:

ـ شوێنێك لە لەشیدا دەدۆزینەوە بە دەرمانەکە چەورنەکرابێت، بەوە کوشتنی ئاسانە. ڕەنگە ئەو شوێنە گوێی بێت یان چاوەکانی بێت، ئەو شوێنانە گرانە بتوانێت چەوری بکات.

سەرۆك ئەم قسەیەی پێ خۆش بوو، وتی:

ـ یاکاغا بە ڕاستی تۆ زیرەکیت. ئەگەر بێتو چەکێکی شەیتانی تر شك نەبات لەناوی دەبەین.

سۆبیانکۆ کاتی بەفیڕۆ نەدا، بە یارمەتی پیاوەکان ئەو پووش و پەڵاش و گیاو چیلکەو چەوێڵانەی لە دارستانەکەدا دەکەوتە بەردەست کۆیدەکردەوە، زۆری نەخایاند گەڕایەوە بۆ ناو چادرگاکە. داوای لێکردن ئەم هەموو شتانە پێکەوە بکوڵێنن بەمەرجێك دەبێت پەنجەی کەسێکی لەگەڵدا بکوڵێنرێت. وتی:

ـ دەبێت پەنجەی یاکاغا بێ. وەرە یاکاغا با پەنجەت ببڕم.

بەڵام یاکاغا دەستەکانی خستە پشتییەوەو تووڕە بوو. سۆبیانکۆ پێی وت:

ـ مەترسە تەنها پەنجەیەکی بچکۆلەیەو هیچی تر.

سەرۆك وتی:

ـ یاکاغا پەنجەی بدەرێ.

یاکاغا بە تووڕەییەوە ئاماژەی بۆ لاشەی سەر بەفرەکان کرد. وتی:

ـ ئەوە پەنجەی زۆرێکی ئەو پیاوانە بۆچی پەنجەی یەکێك لەوانە نابڕن؟

سۆبیانکۆ وتی:

ـ دەبێت پەنجەی پیاوێکی زیندوو بێت.

دوای ئەوەی یاکاغا چوو پەنجەی ئیڤانی قرتاندو وتی:

ـ ئیڤان هێشتا نەمردووە ها ئەوە پەنجەی ئەو، سەرەڕای ئەوەش پەنجەکە گەورەیە.

سۆبیانکۆ پەنجەکەی خستە ئاگرەکەوەو دەستی کرد بە وتنی گۆرانییەکی فەڕەنسی کە دەمێك بوو دەیزانی. سۆبیانکۆ ئاوڕی بۆ لای سەرۆك دایەوەو وتی:

ـ بەبێ ئەم وشەو دووعایانەی دەیڵێم دەرمانەکە پێك نایەت و سەرکەوتوو نابێت.

ماکاموك وتی:

ـ ئەو دووعاو وشانە لەسەرخۆ بڵێ تا منیش بتوانم فێری ببم.

ـ نا نەخێر تا لە دروستکردنی دەرمانەکە نەبمەوەو تەورەکە سێ جار نەکێشی بە ملمدا شتی وا ناکەم.

ماکاموك وتی:

ـ ئەی ئەگەر لە دروستکردنی دەرمانەکەدا سەرکەوتوو نەبیت.

سۆبیانکۆ وەڵامی دایەوە..

ـ دەرمانەکەی من شکست ناهێنێ. ئێستا دەرمانەکە سارد بۆتەوە. با ملمی پێ چەور کەم. ماکاموك لە بیرت نەچێت زۆر بە تونـدو بـە هـەموو هێزتـەوە پیایـدا کێـشی، ئەمـە گەمەی منالاّن نیە. ئەوە تەورەکەیە ئادەی بیکێشە بەو کۆتەرە دارەدا بزانم دەتوانیـت وەك پیاو بە تونـدی پیایداکێشی؟

ماکاموك به قسەی سۆبیانکۆی کرد به هەموو هێزییەوە دوو تەوری کێشا بـە کۆتـەرە دارەکەدا کردی بـە دوو کەرتـەوە. سـۆبیانکۆ تەماشـای ئـەو دەموچـاوە ترسـناکانەی ئـەو پیاوانەی کرد کە بە دەوریدا کۆببوونەوەو وتی:

ـ باشە خراپ نیە. ماکـاموك تەورەکـە بگـرە بـە دەسـتتەوە. ئـاوا ڕاوەسـتە مـن ملـم دەخەمە سەر کۆتەرە دارەکـە. کاتێـك دەسـت بەرزدەکەمـەوە تـۆش بـە هـەموو هێزتـەوە تەورەکە بکێشە بە ملمدا.

سـۆبیانکۆ ئـاوڕێکی دایـەوە بـۆ لای دوو گالیـسکەکەی پـڕە لـە پێـستەو ماسـی و خواردەمەنی و لە تفەنگ و شەش ڕاوچییەکەو پرسی..

ـ ئەی کوا کچەکە؟ پێش ئەوەی تاقیکردنەوەکە دەست پێبکات کچەکە بێنن.

کاتێك داواکارییەکەیان بۆ جێبەجێ کـرد، لەسـەر بەفرەکـە بـە چـۆکدا هـات هـەروەك منالێکی بچووك بیەوێت بنوێـت ملـی خـستە سـەر کۆتـەرە دارەکـە. ئـەو دەردیـسەری و ماندووبوونەی سالّەکانی ژیانی ڕابردووی بیرکەوتەوە. هەر بە ڕاسـتیش مانـدوو و شـەکەت بوو. وتی:

ـ ماکاموك من گالّتەم بـە هێـزو بـازووی تـۆ دێـت. دەی بـە هـەموو هێـزو توانـاتـەوە پیاکێشە.

ماکاموك بە هەموو هێزو توانایەوە بە تەورەکە کێشای بە ملی سۆبیانکۆدا، سەری لە لاشەی جیاکردەوەو کۆتەرە دارەکەشی کرد بە دووکەرتەوە.

بێدەنگییـەکی گـران بـالّی بەسـەر خەلّکەکـەدا کێـشا. ئینجـا وردەوردە تێگەیـشتن مەسەلەی دەرمانەکە ڕاست نەبوو فێڵ بوو. ئـەم کـابرا پێـستدزە گالّتـەی پێکـردن. تـەنها سۆبیانکۆ توانی لەناو ئەو هەموو بەندانەدا بەبێ ئەشکەنجە ڕزگاری ببێت.

خەلّکەکە هەموو دایانە قاقای پێکەنین. ماکاموك بە شەرمەزارییەوە سەری شۆڕ کرد. کابرای دز گالّتەی پێکردو کردی بە پەند. ئێستا لەناو هۆزەکەیدا بوو بە پەندو گالّتـەجاڕی

هۆزەکەی دوای ئەو ئابڕووچوون و شەرمەزارییەی لەناو هۆزەکەیدا بەسەری هات. لەنێوان پێکەنین و گاڵتەپێکردنی ئامادەبووانداپاشەوپاش کشایەوەو ڕۆیشت. ئیتر لەو ڕۆژە بە دواوە بە ناوی خۆیەوە بانگیان نەدەکرد ماکاموك، بەڵکو کەسانی هۆزەکە دوای ئەو گاڵتەپێکردن و ڕیسواکردنەی ئەو دزە پێستەیە بەسەری هێنا ناویان دەبردو پێیان دەوت (ئابڕوبڕاو)[1]

---

(1) دەستەواژەی (الوجه الضائح) لە کتێبی (اللسان العرب)دا بۆ ماناکەی چەندەها لاپەڕەی لەسەر نووسراوە. ئێمەش لە زمانی کوردیدا دەڵێین: (ئابڕوچوو, ئابڕوبڕاو, ئابڕوی چوو, ئابڕوی بڕا, ئابڕویان برد. ئابڕوت دەبەم. ئابڕوم چوو). (ع.م)

# سامۆیل

خاتوو (مارگرێت هینان) فەردەیەك گەنمی سەد ڕەتڵی دابوو بە شانیدا. بە خۆڕاگرییەوە بەو کۆڵە قورسەوە بێ وچان لەنێوان عەرەبانەو تەویلەکەدا بەرەو گەنجینەکە دەڕۆیشت. لەبەردەم ئەو پێپلیکانەیەی بۆ گەنجینەکە دەچوو تۆزێك ڕادەوەستاو پشوویەکی کەمی دەدا. گەرچی خاتوو مارگرێت خاتوونێکی پیربوو، بەو چوار پلیکانانەدا پلیکانە لە دوای پلیکانە یەك یەك سەر دەکەوت بێ ئەوەی لەژێر ئەو بارەگرانەدا بنالّێنێت. منیش ڕاوەستابووم تەماشای ئەو کارەیم دەکرد. کارەکەیم لا سەیر بوو، چونکە ئەمە کاری ژنان نەبوو، بەڵکو کاری پیاوانی بەهێزو بەتوانا بوو. شەش جار بەو فەردە قورسە پڕ لە گەنمانەوە لەنێوان عەرەبانەکە بۆ تەویلەکە هاتوچۆی کرد، ئەم کارە هیلاك و ماندووی کرد. بێ ئەوەی بە من بزانێت، پاش ئەوەی باری عەرەبانەکەی خاڵی کرد ڕاوەستا، بە تووڕەییەوە سەیلەکەی دەرهێناو دایگیرساند. سەرنجی دەستیم دا دەستە بەهێزەکانی ڕەق و زبر بوون، لە دەستی کرێکارێکی کۆن دەچوو، دەمارەکانی سەر دەستی گەورەو دەرپەڕیوو بوون، ئەمەش نیشانەی پیریی و تەمەندرێژی بوو. هەر کەسێ تەماشای ئەو دەستانەی بکردایە بڕوای نەدەکرد ئەو دەستانە دەستی خاتوونێك بێت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان

دەستی جوانترین خاتوونی دوورگەی (ماك غیل) بووبێت. ئەمەم لـە دوایـدا بیـست، بـەڵام ئێستا تا ئەم ساتە هیچم دەربارەی خۆی و ژیاننامەکەیم نەدەزانی.

جووتێ پێڵاوی گەورەو قورسی پیاوانەی لە پێدا بوو. قاچەکانی ڕووت بوون، گۆرەوی لە پێدا نەبوو. سەرنجم دا قاچە ڕووتەکانی لەو پێڵاوە زلانـەدا فرتـەی دێـت، دیـار بـوو قاچـی تێهەڵکێشابوو، چونکە هی خـۆی نـەبوو، بـۆ ئـەویش دروسـت نـەکرابوو. سـەرو قـژی بـە کراسێکی سوری کۆنەی پیاوانە پێچابۆوە. ڕەنگی کراسەکە لە کۆنیدا کاڵ ببـۆوە. ئێـسکی ڕوومەتەکانی بەرزبوونەوەو لووتە بچووکە کولّەکەی شایانی ئەو ژیانەی ئێستای نەبوو کـە خاوەنی ئەو دوو چاوە شینە جوانانە ئێستا تیایدا دەژیـا. لەگـەڵ ئـەو هـەموو ناخۆشـییەی چەشتبووی چاوە جوانەکانی هێـشتا گـەش و گـەورەو تیـژ بـوون. شـانی لـە شـانی چـاوی کیژۆلّەیەکی گـەنجی تـازە پێگەیـشتوو دەدا. سەروسـیماو دەمیـشی- گەرچـی دانـی تێـدا نەبوو- لێوە وشکەلاّتووەکانی ئەوەی دەگەیاند کە کاتی خۆی لە دنیـای جوانیـدا ئـەو ژنـە شکۆو جوانیەکی هەبووبێت. لێی نزیك بوومەوەو پێم وت:

ـ تۆ لەگەڵ ئەوەی پیر بوویت کاری گرانیش دەکەیت.

بە تەماشاکردنێکی سەیرەوە بێ ئەوەی چاو بتروکێنیت تەماشای کردم و تۆزێك بـیری کردەوە، پاشان بە هێواشی و لەسەرخۆو بڕوابەخۆکردنەوە هەروەك چۆن فەردە گەنمەکانی بـە شان هەڵدەگرت قسەی بۆ کردم. ئەو ژنـە کـارێکی زۆری کـردە سـەرم کـە لـە هەفتـەکانی دوایشدا ناسیم و تێگەیشتم لە پێش چاومدا کردی بـە مەتـەڵێکی سەرسـوڕهێنەر کـە بـە گران حەل بکرێت! لە پێش چاومدا وەك مرۆڤی ئەستێرەیەکی تر هاتە پێش چاوم نـەك وەك کەسێکی ئەستێرەکەی خۆمان.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەربارەی تەمەنی لێم کرد وتی:

ـ ڕۆژی هەینی تەمەنم دەگاتە حەفتاو دوو ساڵ.

وتم:

ـ ئاخر تۆ ژنێکی پیرو بەتەمەنیت، نابێت کاری وا گران بکەیت، ئەو کارانەی تۆ دەیکەیت لە توانای پیاوی بەهێزدایە.

سەرلەنوێ کەوتەوە بیرکردنەوەو لە دنیای نادیاری خۆیدا کەوتە خەیاڵ و تێڕامانەوە. پاشان وتی:

ـ دەبێت خۆم کارەکانی خۆم بکەم، چونکە من کەسم نیە یارمەتیم بدات.

وتم:

ـ ئەی تۆ هیچ کوڕێك یا خزمێکت نیە؟

وەڵامی دایەوە..

ـ بەڵێ زۆرم هەن، بەڵام ئێستا بە تەنها دەژیم.

تەماشایەکی ماڵەکەو تەویلە گەورەو دەشتە بەرفراوانەکەی دەوریانم کردو پێم وت:

ـ ئەم ماڵ و کێڵگە گەورەو بەرفراوانە تۆ خۆت چۆن دەتوانیت بە تەنها بەڕێوەی بەریت؟!

وەڵامی دایەوە..

ـ بەڵێ کێڵگەکە زۆر گەورەیە. ڕووپێوەکەی حەفتا فەدانە.

سەرنجی دەموچاومی داو وتی:

ـ تۆ ئەمریکیت؟

وتم:

ـ بەڵێ من ئەمریکیم.

وتی:

ـ لەوە دەچێت تۆ هێشتا خەڵکانی ئەم دوورگەیەت نەناسیبێت؟

وتم:

ـ نەخێر هێشتا کەسی ئەم دوورگەیەم لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نەبینیوە.

وتی:

ـ خەڵکی ئێرە حەزناکەن ولاتەکەی خۆیان جێبهێڵن و لـە ولاتێکـی تـردا بـژین، ئەمـە ئەوە ناگەیەنێت ئێرە هەرگیز جێناهێڵن، بەڵکو لـە دەریاکانـدا کاردەکـەن و بـۆ زۆر شـوێن گەشت دەکەن، پاشان ئەوانەی بە ساخی دەگەڕێنەوە بۆ ئێرە لێرەدا ژیان بەسەردەبەن.

وتم:

ـ کەواتە هەموو کوڕەکانت چوون بۆ ناو دەریا.

ـ بەڵێ هەموویان چوون و گەڕاونەتەوە تـەنها (سـامۆیل) نـەبێت، ئـەویش لـە دەریـادا نوقوم بوو خنکاو نەگەڕایەوە.

کاتێك پیرێژن ناوی سامۆیلی برد بریسکەیەکی سەیری خەمباریم لە چاوەکانیدا بینـی. بۆم ئاشکرابوو نهێنی ژیانی ئەم ژنە کلیلەکەی سامۆیلە. وێستم بەسـەرهات و چـیرۆکەکە بەتەواوی لە خۆیەوە بزانم، بەڵام لە ئەسپەکەی خوڕی و ڕووی تێکردم و وتی:

ـ گەوردم کاتێکی شاد.

دانیشتووانی دوورگەی ماك غیل میللەتێکی سادەو دڵپاکن. بڕواناکەم لەسـەر هـەموو زەویدا کەسانێك هەبن وەك ئەمان لەسەرخۆبن و ئەوەندە دڵسۆزی کارەکانیـان بـن. دەڵێن ئەمانە لە بنەچەدا دەچنەوە سەر ئیرلەندییەکان و بـە شـانازییەوە باسـی ئیرلەنـدەی بـاکور دەکەن و گاڵتە بە برا سکۆتلەندەییەکان دەکەن.

دوورگەکە لە ڕۆخی ئیرلەندەوە تەنها کەنداوێك لێکیـان جیادەکاتـەوە، ئـەو کەنـداوەش پانتاییەکەی لە نیو میل تێناپەڕێت، لەگـەڵ ئـەوەدا پیـاو هەسـتەکات جیاوازییـەکی زۆر گەورە لەنێوان دوورگەکەو ئیرلەندەدا هەیـە. دانیـشتووانی ئـەم دوورگەیـە زۆر پابەنـدن بـە ڕەوشـت و ڕەفتـاری سـکۆتلەندییەکانەوەو زۆر بایـەخ بـە دیـن دەدەن، پیـاوانی ئـایینی دەستەڵاتێکی زۆریـان بەسـەریاندا هەیـە. منالـەکانیان بـە شـێوازێکی کوێرانـە بـە گـوێی باوکانیان دەکەن و لە قسەیان دەرناچن، ئەم بە گوێکردنـە لـە هـیچ ولاتێکـی پێـشکەوتوو

شارستانیدا نابینرێت. مانەوەو شەو بردنەسەر لە دەرەوە لە سەعات دەی شەو تێناپەڕێت، بەهیچ جۆرێك ڕێگا بە هیچ کچێك نادەن بەبێ ڕێپێدانی باوك و دایکیان لەگەڵ کوڕە گەنجەکاندا بچنە دەرەوە. کوڕە گەنجەکانیان بە سواری کەشتی بۆ کار دەچوون و لە دەریاکاندا کاریان دەکرد، پاشان لە دوای تەواوبوونی کارەکانیان دەگەڕانەوە بۆ دوورگەکەیان و بە ژیانی ئاسایی خۆیانەوە خەریك دەبوون. شەو بردنەسەریان تا کاتژمێری دەی شەوو گوێگرتن لە چیرۆك و قسە خۆشەکانی داپیرەو پیرەکانیان بوو. هەموو ڕۆژێکی یەکشەممانیش دەچوون بۆ نوێژکردن، لە دابونەریتیاندا نەدەبوو بەهیچ جۆرێك لە دەری دوورگەکەیاندا ژن بهێنن، لەم نەریتە مامۆستای قوتابخانەکەیان لایداو چوو لە شوێنێکی ترەوە ژنی هێنا، خەڵکەکە لەم تاوانەی خۆش نەبوون، تاکو مرد قسەیان لەگەڵدا نەکرد، دوای مردنیشی ژنەکەی دوورگەکەی جێهێشت و گەڕایەوە بۆ ولاّتی خۆی.

هەرچی گەنجانیان بوو کچی دوورگەکەی خۆیانیان دەهێناو مارەیان دەکرد، بەم شێوەیە بە پارێزگاری ئەو دابونەریت و ناوو ناوبانگە گەورەیەی دوورگەکەی خۆیان کردووە.

دوورگەی ماك غیل هیچ جۆرە لاپەڕەیەکی لە میژوودا نەبوو. هیچ کاروبەسەرهاتێکی وای تیا ڕوونەدابوو شایانی ئەوە بێت بخرێتە ناو میژووەوە باسی بکرێت. گومرگی خۆیان دەداو گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانیان دەبوون، جگەلەمە لە دنیادا گوێیان بەهیچ شتێکی تر نەدەداو هیچیان لا گرنگ نەبوو، بەرامبەر ئەوە تەنها لە دنیادا ئەوەیان دەویست لێیانگەڕێن و هیچ حەقێکیان بەسەریانەوە نەبێت. دنیا لە پێش چاوی خەڵکەکەیدا کرابوو بە دوو بەشەوە، دوورگەی ماك غیل و باقی بەشەکەی تری دنیا. ژیان دەربارەی ئەوان بریتیە لە شەڕو خراپەکاریی. ئەو کوڕانەیان کە بەناو دەریاو زەریاکاندا گەڕابوون باسێکی زۆری خراپەو خراپەکاریی دنیای دەرەوەیان بۆ کردبوون.

من بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا کە لە ناو کەشتییەکدا گەشتم دەکرد لە (کۆلۆمبۆوە بۆ ڕانجۆن) دەچووم. لە یەکێك لە کەشتییەوانەکان بیستم کە دوورگەیەك بەناوی ماك غیلەوە

هەیە لەو کەشتیوانەوە نامەیەکی دامێ و بەهۆی ئەو نامەیەوە توانیم بچمە ناو مالّی خاتوو (ڕوس)ەوە کە بێوەژنی پیاوێکی دەریاوان بوو. لەگەڵ کچەکەی و دوو کوڕیدا پێکەوە دەژیان، ئەو دوو کوڕەشی لە دەریادا کاریان دەکرد.

خاتوو ڕوس لە مالّەکەی خۆیدا ژووری بەکرێ نەدەدا، بەلّام من بەهۆی ئەو نامەیەوە کە لە کوڕەکەیەوە دام بە خاتوو ڕوس و ئەویش دەرگای مالّەکەی خۆی بۆ کردمەوە.

ئەو شەوەی مارگرێت هینانم بینی و قسەم لەگەڵدا کرد، دەربارەی مارگرێت پرسیارم لە خاتوو ڕوس کرد، ئەو شەوە لە خاتوو ڕوسەوە زانیم مارگرێت کاتی خۆی جوانترین و شاجوانی دوورگەکە بووە. کچی خاوەن مەزرایەکی دەولّەمەند بوو. شووی بە (تۆماس هینان) کرد، ئەویش خۆیەوە لە خێزانێکی دەولّەمەندو ناودار بوو، مارگرێت هینان بەپێچەوانەی هەموو ژنانی دوورگەکەوە نە لە مالّداو نەلە کێڵگەشدا هیچ ئیشێکی نەدەکرد.

لە خاتوو ڕوسم پرسی..

ـ ئەی دەربارەی منالّەکانی چیە؟

وەلّامی دایەوە..

ـ دووانیان (جیمی و تیمۆتی) ژنیان هێناو بۆ کار ڕوویان کردە دەریا. ئا ئەو مالّە گەورەیەی وا لە تەنیشت دایرەی بەریدەکەوە ئەوە مالّی جیمییە. کچەکانیشی شوویان کردو باقیەکەی تریشیان هەموو مردن.

(کلارا)ی کچی خاتوو ڕوس هەلّیدایەو وتی:

ـ باقیەکەی تریان، واتە ئەوانەی ناویان سامۆیل بوو؟

دایکی ویستی بێدەنگی کات، بەلّام من پرسیم..

ـ مەبەستت چیە لەوانەی ناویان سامۆیل بوو؟

دایکەکە وەلّامی دایەوە..

ـ مەبەست لەو چوار منالّەی مارگریّت هینانە کە مردوون.

وتم:

ـ ئایا هەر چوار منالّەکەی ناویان سامۆیل بووە؟

ـ بەلّێ.

وتم:

ـ بەڕاستی ئەوە شتێکی سەیرە!

ـ بەلّێ زۆر سەیرە.

پرسیم..

ـ هەموو ئەوانە مردوون کە ناویان سامۆیل بوو؟

خاتوو ڕوس وەلاّمی دایەوە..

ـ بەلّێ هەر هەموو ئەوانە مردن، ئەمانی تریان ماون. ئەوانەی ماون باشترین و چاکترین خێزانیان لە دوورگەکەدا پێکهێناوە. گەنجەکانیان ئازاترین گەنج و جوانترین و بەرزترین ڕەوشتیان هەیە، کچەکانیشیان تاکو ئێستا کارێکی خراپ و ناشرینیان لێ نەوەشاوەتەوەو کەسیش بە خراپە باسیان ناکات.

ـ ئەی بۆچی لەم تەمەنی پیریيەیدا بە تەنها وازیان لێهێناوە؟ ئەی ئەو منالاّنەی ئێوە دەڵێن ئەوەندە بە حەیاو بە ڕەوشتن بۆچی ناچن بەلایەوە؟ بەهیچ شێوەیەك گوێی پێ نادەن و لایەکی لێ ناکەنەوە؟

ـ منالّەکانی والێکرد بە ناچاری مالّەکە جێبهێڵن و پشتی تێبکەن و وازی لێبێنن هەروەك چۆن تۆم هینانی پیرەمێردیشی ناچار کرد.

بێدەنگییەکی تەواو بالّی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. منیش لەو خۆڵەی تیایدا دانیشتبووین چاوم گێڕا بە هەموو لایەکی ژوورەکەو ئەو وێنانەی بەسەر دیوارەکەوە بوو، ئەو زەوقەم لا جوان بوو کە بەو شێوەیە ئەو ژوورەی ڕازاندبۆوە. لە ژوورەکەدا قاپ و

قاچاخێکی جوان و زۆرێکی زۆر لەو سەدەفە دەریاییانەم بینی کە لە هەموو لایەکی دنیاوە هێنرابوون و بە جوانی ڕیزکرابوون. لەگەڵ ئەو چاوگێڕانە بەناو ئەو هەموو شتە جوانانەشدا بیرم لە خاتوو مارگرێت هینان دەکردەوە کە مێردەکەی بە کوشتداو خزم و کەسوکاریش وازیان لێهێناو پشتیان تێکرد. باشە ئەو ژنە بۆچی ئەمانەی کردووە؟ ئایا تۆ بڵێیت تاوانێك؟ یان ناپاکییەك؟ یان دەبێ چی لەدواوە بێت؟ ئەم پرسیارانەم هەموو لە خاتوو ڕوس کردو ئەویش هەموو وەڵامێکی بە نەخێر بوو. پاشان وتی:

ـ خاتوو مارگرێت ژنێکی دڵسۆزو پاکە. دایکێکی میهرەبانە، بڕواناکەم لە ژیانیدا زەرەری بۆ مێشوولەیەك هەبووبێت، بەڵام شێت بووە.

بە تووڕەییەوە وتم:

ـ من خۆم دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ قسەم لەگەڵدا کردووە، ژنێکی زۆر ئاقڵ و لەسەرخۆیە. ژنێکی ئاغرو خان و مانە بەتایبەت کە ئێستا لەو تەمەنەشدایە.

وتی:

ـ مەبەستم لەوە نیە بڵێم بەتەواوی شێتە. نەخێر. ئەوەندە کەللەڕەقە لە شێت دەچێت، قسە دەبێت هەر قسەی خۆی بێت، لە هەموو سەر زەویدا ژنێکی تر نیە هێندەی ئەم کەللەڕەق بێت، هەمووشی دەگەڕێتەوە بۆ سامۆیل. ئەم سامۆیلەش تاقانەو برا گەورەی بوو، زۆر زۆری خۆشویستووە. کوڕەکەی بە ناوی سامۆیلی برایەوە ناونراوەو ئەوەندەی نەخایاندووە مردووە، دەبووایە بیزانیایە ئەم ناوە بۆ ئەو شوومە، بەڵام هەر لە سەر قسەی خۆی بوو کوڕی دووەمیشی ناونا سامۆیل، بەڵام ئەویش لە تەمەنی سێ ساڵیدا ئاوی گەرمی پیادا ڕاژو مرد. ئەوەندە کەللەڕەق بوو دەیویست بە هەر نرخێك بێت کوڕێکی تری ببێت و ناوی بنێت سامۆیل. خوا کردی کوڕی سێیەمی پێبەخشی و لەگەڵ ئەو هەموو ناڕەزاییەی هەموواندا هەمدیسان ناوی ئەم کوڕەشی نا سامۆیل. کاتێك گەورە بوو بۆ کارو کاسبی چوو بۆ ناو دەریاو لەوێدا نوقم بوو خنکا.

بۆ ڕۆژی دوایی لە کلاراوە چیرۆك و باسی برا تاقانەکەی مارگرێت هینانم بیست. لە ماوەی هەفتەیەکدا لە ملاولەولا لە دەمی خەڵکییەوە توانیم بەتەواوی ناخۆشی و خەمەکانی ئەو خاتوونە بزانم.

(سامۆیل داندی) چوارەمین برا بچووکی تاقانەی مارگرێت هینان و خوشکەکانی تری بوو. مارگرێت وەك پەرستن ئەم برایەی دەپەرست. سامۆیل داندی برای ژنی هێناو خانوو (ئەغنس هیویت)ی مارەکردو هاوسەریی لەگەڵدا بەست. پاش دوو هەفتە لەو ژنهێنانەی بوو بە کەشتییەوانی کەشتی (لوبانك)و بە دەریادا ڕۆیشت. سامۆیل داندی ئەم هاوسەرێتییەی لە کەنیسەیەکی نوێدا بەست کە هێشتا لەلایەن کاربەدەستانەوە دانی پیادا نەنرابوو. کاتێك قەشەکە وێستی ئەم هاوسەرێتییە لەگەڵ دووانی تردا لە دۆسییەی کەنیسەدا تۆمار بکات لە کاربەدەستانەوە هەواڵی بۆ هات ئەم هاوسەرێتییانە شەرعی و دروست نین. ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی زۆر گەورەو ناخۆش بوو، چونکە هەر سێ زاواکە لەو کاتەدا لەناو دەریادا بوون، کەواتە بۆ چاککردنی ئەم هەڵەیە چارەسەر چیە؟

ڕۆژێکیان یەکێك لە زاواکان کە (ئەلبێرت ماهان) بوو کە (میمی دانکان)ی مارەکردبوو، هاتەوە بۆ دوورگەکە، لە کاتژمێری دەی شەودا قەشە لە دەرگاکەیانی داو پێی وت:

ـ وەرە لەگەڵما.

ـ بۆ کوێ؟ و لەم کاتەشدا؟

قەشە وەڵامی دایەوە..

ـ بۆئەوەی هاوسەری و ژنهێنانەکەت شەرعی بێت.

ئەلبرت تەماشای کردو وتی:

ـ گەورەم تۆ گاڵتە دەکەیت و لەم کاتەشدا؟

خاتوو میمی وتی:

ـ بۆچی ئێمە هێشتا مارەنەکراوین و هاوسەریمان پێك نەهێناوە؟!

قەشە وەڵامی دایەوە..

ـ نەخێر تۆ هێشتا مارەنەکراویت و هەر خاتوو دانکانیت.

ـ بەڵام خۆ تۆ خۆت ڕێ و ڕەسمی مارەکردنەکەت بۆ کردین.

قەشە تێگەیاندو پێی وت:

ـ ئەو کاتەی ئەو ڕێ و ڕەسمی مارەکردنەتانم لە کەنیسە نوێیەکەدا سازکرد من مۆڵەتم نەبوو، ڕێپێدراویش نەبووم، بەڵام ئێستا ڕێپێدراوم و دەتوانم بە شەرعی لە یەکترتان مارە بکەم. تێگەیشتیت.

دوای شەش مانگ لەم بەسەرهاتە (ئەدی ترۆی)ی زاوای دووەم هاتەوە بۆ دوورگەکەو سەرلەنوێ ڕێ و ڕەسمی ژنهێنان و هاوسەرێتی بۆ کرایەوە، بەڵام سامۆیل داندی لە گەشتێکدا بوو سێ ساڵی خایاند. ئەمە کارەکەی قورس و ئاڵۆز کرد، بەتایبەتیش ژنەکەی منداڵێکی بوو کە تەمەنی گەیشتبووە دوو ساڵ. لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو کۆمپانیای (لوید) پاش ماوەیەك ونبوون و لەناوچوونی کەشتی لوبانکی بلاوکردەوە کە سامۆیل داندی تیایدا کاری دەکرد، پاشان خاوەن کەشتییەکە ئەو نیوە بژێوییەی دەیدا بە ژنەکەی سامۆیل ئەویشی بڕی. ژنەکەشی مردنی میردەکەی و ئەم کارەساتە گەورەیەی پێ ناخۆش بوو کە بەسەر خۆی و منداڵەکەیدا هات، بەتایبەت ئەوەشی زۆر لا ناخۆش بوو کە کوڕەکەی لە ئاستی یاساو شەرعدا (منداڵێکی شەرعی) نیەو زۆڵە. لە شەوێکی تاریکدا منداڵەکەی هەڵگرت و چوو خۆی و منداڵەکەی فڕێدایە ناو کەنداوەکەوەو لە ئاوەکەدا خنکان. ئا لێرەدا خەم و ناخۆشییەکە دەست پێدەکات، چونکە وا بلاوبۆوە کەشتی لوبانك نوقم نەببوو، بەڵکو لەناو گێژاوی دەریادا ڕێگای ونکردبوو، بەجۆرێك ون ببوو کەس نەیدەزانی چی لێ بەسەرهاتووە، دواجار هاتبۆوە سەر ڕێگاو سامۆیل داندیش گەڕابۆوە بۆ دوورگەکەو ئەو هەواڵە شووم و ناخۆشەی بیست، دنیا لە پێش چاویدا تاریك بوو، یەکسەر چوو بۆ ئەو

شوێنەی ژن و منالّەکەی لێ نێژرابوو، لەوێدا ئەویش خۆی کوشت. پێش ئەوەی گیانی دەرچێت دووعا لە قەشە دەکات و بەجۆرێك نەفرەت و نەفرینی لێدەکات لە مێژووی دوورگەکەدا شتی وا ڕووی نەدابوو. لەسەر ئەم کارەوە مارگرێت هینان بڕیاریدا کۆڕی یەکەمی ناوبنێت سامۆیل. سێ کچی بوو چوارەمیان کوڕ بوو. جەختی کردو پێی لەسەر ئەوە داگرت ئەو کوڕەشی ناو بنێت سامۆیل، گەرچی کچ و هەموو خزمانی بەوە ڕازی نەبوون و ئەو خەم و ناخۆشییانەیان بیرهێنایەوە کە بەهۆی ئەو ناوەوە لەوەوپێش بەسەری هاتبوو. دایکیان بە قسەی نەکردن و تووڕە بوو، مالّەکەی جێهێشت. قەشەکانیش ڕازی نەبوون ناوی کوڕەکەی بنێن سامۆیل و پیرۆزی بکەن، هەرچی قەشەکانی دوورگەکە بوو هەر هەموویان یەك قسە ڕازی نەبوون و ناویان نەنا، بەڵام ئەم هەر لەسەر قسەی خۆی سور بوو، منالّەکەی هەڵگرت و چوو بۆ (بلفاست)و لەوێ پیرۆزی بۆ کراو کوڕەکەیان ناونا سامۆیل کوڕەکە گەورە بوو. خەڵکی باس و خواستی ئەو شوومییەیان بیرچۆوە. بە شایەتی مامۆستای قوتابخانەکە ئەو منالّە زیرەکترین قوتابی قوتابخانەکەی بوو. تەندروستییەکی زۆر چاکیشی هەبوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان تووشی دەردو نەخۆشی نەبوو، هەتا ئەو نەخۆشیانەی تووشی منالّان دەبوو، بەهیچ جۆرێك تووشی لەشە بەهێزەکەی ئەم نەبوو.

مارگرێت هینان گالّتەی بەو خەڵکانە دەکرد کە وەختی خۆی نەیاندەهێشت ناوی کوڕەکەی خۆی بنێت سامۆیل. خوا منالّی تری پێ بەخشی و لەدوای سامۆیل کوڕێکی تری بوو ناوی نا جیمی و دوای ئەویش سێ کچی تری بوو ناوی نان (سارا و نورا و ئەلیس) کوڕێکی تریشی بوو ناوی نا تیمۆتی. لە دواییدا دوو کچی تری بوو (فلورنس و کاتی). کاتی یانزەهەمین منالّ و دوا منالّیشی بوو.

ئەو ڕۆژۆ کاتە مارگرێت تەمەنی گەیشتبووە سی و پێنج سالّان. بۆ دوورگەکەو شاژنیش نەوەی زۆرو بەهێزو لەشساخ و بەتوانای پێگەیاندو پێشکەشی کردن، لەگەڵ ئەوەی لە پێشتردا دوو منالّیشی مردبوون، جیمی و تیمۆتی ناو دەریایان بۆ کارو پیشەی

خۆیان هەڵبژارد، بەڵام سامۆیل بەپێی دابونەریتی دوورگەکە وا پێویست بوو کە دەبێت کوڕی گەورە کاروباری کێڵگەکە ببات بەڕێوە، لەبەرئەوە دەبوو سامۆیل کاروباری کێڵگەکە ببات بەڕێوە، بەڵام ئەم کارو پیشەیەو ئەم ژیانەی خۆی پێخۆش نەبوو. ئیرەیی بە کاری براکانی دەبرد کە لە دەریاکاندا کاریان دەکرد. سامۆیل پیشەی مامۆستایی و فێرکردنی بۆ خۆی هەڵبژارد، ئەم پیشەیەش باوکی حەزی پێ نەدەکردو ئاواتیشی بۆ کوڕەکەی نەدەخواست، بەڵام سامۆیل بە نهێنی لە دەریاوانی کۆڵییەوەو شارەزایی تیادا پەیدا کرد.

مارگرێت هینان کە دەیبینی سامۆیل لە نزیک ئاگرەکەوە لە چێشتخانەکەدا لەگەڵ براکانیدا دانیشتووەو لە کرۆکی کارەکەیاندا قسەو گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات لە خۆشیاندا خەریکبوو بفڕێت.

لە کۆتاییدا سامۆیل بڕیاریدا واز لە مامۆستایی و فێرکردن بهێنێت و بچێت لەو بوارەدا کاربکات کە حەزی لێیەتی، ئەویش دەریاوانی بوو. ئەندامانی لیژنەکە تاقییان کردەوە بۆئەوەی بزانن لە کاروباری دەریاوانیدا شارەزایە، بۆیان دەرکەوت سامۆیل لەو بوارەدا لەوان شارەزاترە. بە یاریدەدەری کەشتییەوانی کەشتی (ستاری غرایس) دامەزرا، بەڵام تۆم هینانی باوکی لەو کارەی تەواو بێزار بوو. ئەو بۆ ئەوە پەروەردە کرابوو کە مەزراو کێڵگەکەی (ئاڵ هینان) بەڕێوە ببات و ببێت بە جێنشینی یەکەمیان.

قەدەری دڵڕەق ویستی وابوو ئەو کەشتییەی سامۆیل کاری تێدا دەکرد نوقم بێت و لەگەڵ خۆیدا خاوەن ناوە شوومەکەشی نوقم بکات و بخنکێت. ئەو کاتەی ئەو هەواڵە ناخۆشە گەیشتە مارگرێت هینان تەمەنی گەیشتبووە چل و حەوت ساڵان.

چەند مانگێک بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕی، هەواڵێکی سەیر لەناو خەڵکیدا دەماودەم بڵاوبۆوە، هەندێ کەس بڕوای دەکردو هەندێکیش بڕوایان نەدەکردو بەڕاستیان نەدەزانی، لەو بارەیەوە لە مێردەکەی مارگرێتیان پرسی ئەویش بە جوێن و قسەی ناشرین وەڵامی دانەوە. لە کارەکەری مارگرێتیان پرسی، ئەویش دڵنیای کردن خاتوو مارگرێتی

گەورەی سکی پڕەو قسەکە ڕاستە. دواتر هەواڵی ڕاستی لە (لاسارەکە) خۆیەوە بڵاوبۆوەو وتی.

ـ من یانزە منداڵم بووە. شەش کوڕو پێنج کچ. بۆئەوەی پارسەن لەنێوانیاندا هەبێت منداڵی دووانزەمینم کوڕ دەبێت.

ڕۆژی منداڵبوونەکەی وەك مارگرێت نوقلانەو ئاواتی بۆ خواستبوو کوڕ بوو. خەڵکی دوورگەی ماك غیل بەو هەواڵە بڕوایان نەکردو بە مارگریتیان دەوت درۆزنە، بەڵام ئەو پزیشکانەی سەرپەرشتی منداڵبوونەکەیان دەکرد بڵاویان کردەوە ڕاستە منداڵەکەی کوڕەو ئەوەندەش ساخ و بەهێزە کەم منداڵ هەیە بەو شێوەیە بەهێزو تەندروست بێت. ئەمە زللەیەك بوو کێشای بە بناگوێی ئەوانەدا کە مارگرێتیان بە درۆزن ناو دەبرد.

ئەم جارەش مارگرێت منداڵەکەی برد بۆ بلفاست و لەوێ ڕێ و ڕەسمی بۆ کردو ناوی نا سامۆیل. هەروەك کارەکەرەکەی مارگرێت هینان پێی وتم:

ـ منداڵەکە زۆر بەزوویی نەشونمای کردو گەورە بوو. هەتا بڵێی زۆرخۆر بوو. هەرگیز هیچ منداڵێکی وەك ئەم زۆرخۆر نەبوو، لە تەمەنی سێ سااڵیدا بوو واتەزانی تەمەنی دەساڵانە.

سارا داك ئەوەشی وت:

ـ بەیانیەکیان هێشتا تەمەنی سێ ساڵان بوو. سامۆیل وەك فێربووبو لەبەردەم منداڵەوەدا یاری دەکردو کردبووی بە دەنگەدەنگ و هەراوهوریایەك مەپرسە. تۆمی پیرەمێردیش لەبەردەرگای چێشتخانەکەدا وەك هەموو جارێکی لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، تەماشای منداڵەکەی دەرکرد. ئەویش لە حاڵەتێکی خراپ و نائاساییدا بوو. کتوپڕ پیرەمێردم بینی ئاگر لە چاوەکانیدا دەباری بە تووڕەییەوە هەستاو پەلاماری سامۆیلی داو کێشای بە سەروگوێلاکیداو کوشتی. کە ئەوەی بینی گورج ڕایکردو خۆیکرد بە تەویلەکەداو لەوێدا

خۆی خنکاند. منیش کە ئەوەم بینی ئـەو مالّـەم جێهێـشت و چـوومە لای خوشـکەکەم و لەگەلّیدا ژیام.

خاتوو هینـان لـە نزیـك چێـشتخانەکەوە لەسـەر هـەمان کورسـی دانیـشتبوو. منـیش تەماشام دەکرد بینیم سەبیلەکەی دەرهێنـاو پڕیکـرد لـە تـووتن و بـە کەلّـە پەنجـەی بـاش پەستایەوەو دایگیرساندو دەستیکرد بە مژلێدانی. بـێ هـۆش و خـەیاڵ بردبوویـەوە. چـاوی بڕیبووە ئەو کێڵگە گەورەو بەرفراوانـەی کـەوتبووە پێـشمانەوە. کورسـییەکە هـەر هـەمان کورسی بوو کە لەو ڕۆژە ڕەشەی سامۆیلی تێـدا کـوژراو تـۆم هینـانی لەسـەر دانیـشتبوو، چیرۆك و بەسەرهات و ئەو ناخۆشییە گەورەیەی ئەم خاتوونەم زۆر لا سەیر بوو! ئایا ئەم ژنە شایانی ئەوەیە ئەم ئێش و ئەشکەنجەیەی بەسەر بێت؟ ئایا قەدەر ئەوەی لە چارە نووسـیووە کە بەسەری بێت؟ یان ئەم خۆی بەرەنگاری قـەدەر بـۆوەو ئـەوەی توشـی بـوو کـە بەسـەری هات؟

مارگرێت پێی وتم:

ـ ئایا تۆ لەو باوەڕەدای ئەگەر سامۆیلی دووەم بۆ نموونە ناوی (لاری) بووایـە لـە مـردن ڕزگاری دەبوو؟ یان سامۆیلی دوایی ئەگەر ناوەکەی (میکایل) بووایە ئایا لە مردن قوتاری دەبوو؟ ئایا ئێمە بە ناوگۆڕینی خۆمان دەتـوانین پاشـەڕۆژو چارەنووسـی خۆمـان بگـۆڕین و زاڵبین بەسەریدا؟ یان ئەو پلان و چارەنووسە بگۆڕین کە خوا لە چـارەمانی نووسـیوەو بـۆی دیاری کردوین؟

وەلاّمم دایەوە..

ـ بێگومان نەخێر. باشە ئەی ئەو جەختکردن و پێداگرتنەی تـۆ لەسـەر نـاوی سـامۆیل پاش ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوانە مانای چی بووە؟

ـ ئەم پرسیارەی تۆ ناتوانم وەلاّم بدەمەوە، هەر ئەوەندە دەتوانم بلّێم من حەزم لـەو نـاوە دەکرد، زۆر زۆریشم لا خۆش بوو.

بێدەنگییەکی ترسناك بـاڵی بەسـەرماندا کێـشا. خـاتوو مـارگرێـت هەسـتایە سـەرپێ بۆئەوەی پێم بڵێ کاتی ڕۆیشتن هاتووە، کە دەستیم گوشی و خواحافیزیم لێکرد پێم وت:

ـ خاتوو مارگرێت ئێستا خەم و خەفەت بۆ هیچ شتێك دەخۆیت؟

وتی:

ـ بەڵێ خەم بۆ ئەوە دەخۆم و ئاهی بۆ هەڵدەکێشم کە کوڕێکی ترم نەبوو.

ـ کەواتە ئەو کاتە تۆ.

ـ بەڵێ ئەو کاتە من ناوم دەنا سامۆیل.

---

# بێدەنگییەکی کشومات

(ماسون) ئەو پارچە سەهۆڵەی تفکردەوەو بە خەم و پەژارەوە تەماشای ئەو سەگە بەستەزمانەی دەکرد. وتی:

ـ (کارمن) دوو ڕۆژ زیاتر ناژی.

قاچی سەگەکەی خستەوە ناو دەمی و دەستیکردەوە بە مژینی ئەو سەهۆڵەی لە پەلی پەنجەی قاچی سەگەکەدا بوو. هەمدیسان ماسون وتی:

ـ من لە ژیانمدا سەگێکم نەدیوە ناوی وا گەورەو گرانی هەبێت. ئەم جۆرە سەگانە زۆر دەخۆن، بە هێواشترین فشارو کەمترین ئازار دەمرن. تۆ سەگت دیوە ناوی کاسیار، یا سیواش، یا هاسکی... بێت و بەمجۆرە نەرم و شل بێت؟

ـ نەخێر گەورەم. تۆ تەماشای (شوکوم)ەکە ئەوە...

بەڵام سەگەکە پێش ئەوەی کابرا قسەکەی تەواوکات هەڵمەتی بردە سەری و بە کەڵبە خەریکبوو قورقورِاگەی دەرهێنێت. کابرا هەر ئەوەندەی پێکرا لێی دوورکەوتەوەو خۆی لە دەست ڕزگارکرد، پاشان بە قامچی بەربووە گیانی و سەگەکە لەناو بەفرەکەدا کەوت و دەیقروسکاندو تەپاوتلی بوو.

ماسون وتی.

ـ من دەلّێم تەماشای شوکوم کە. گرەو دەکەم شوکوم بـە هەفتەیـەك ئینجـا دەتوانێـت کارمن بخوات.

مالموت کیدیش وتی:

ـ منیش گرەوت لەگەلّدا دەکەم ئێمـەش شـوکوم دەخـۆین پـێش ئـەوەی گەشـتەکەمان کۆتایی بێت. ها خاتوو (ڕوس) تۆ دەلّێیت چی؟

ژنە هیندییەکە قاوەی ئامادە دەکرد تەماشای مالموت کیـدو مێردەکـەی کـرد، پاشـان تەماشای سەگەکانی کردو هیچی نەوت. ئـەوە ڕاسـتییەك بـوو پێویـستی بـە وەلّامدانـەوە نەبوو.

ماوەی دووسەد میل لە پێشیانەوە مابوو. بڕێکی کەمیش خواردنیان پێمابوو، بەشـی نەدەکردن و لـە برسـێتی ڕزگـاری نـەدەکردن، هـەر دوو پیـاوو ژنەکـە بـەدەوری ئاگرەکـەدا دانیـشتبوون، ژەمـە خـواردنێکی کـەمیان لەبەردەسـتا بـوو دەیـانخوارد. سـەگەکانیش لەبەردەمیاندا هەڵتووتابوون تەماشایان دەکردو ئیرەییان پێ دەبردن.

مالموت کید وتی:

ـ لەمڕۆ بەدواوە نانی بەیانی ناخۆین. پێویستە ئاگامان لە سەگەکان بێـت لـە برسـاندا خەریکە هاردەبن.

ماسون ئاوڕی بۆ لای خاتوو ڕوس دایەوەو وتی:

ـ خاتوو ڕوس بێزار مەبە. بەمزوانە لەم ژیانـە ناخۆشـە ڕزگارمـان دەبێـت و دەکەوینـە خۆشییەوە، ئەو کاتە چیمان بوێت دەتوانین پەیدای بکەین.

خۆشی و گەشبوونەوە لە چاوەکانی ژنە هیندییە سورەکەدا بریسکایەوە، کاتێك گـوێی لێبوو ماسونی مێردی بەم شێوەیە قسەی لەگەلّدا دەکات، چونکە تـاکو ئێـستا ئـەم جـۆرە قسەو ڕووخۆشییەی لەناو پیاوانی گەلەکەیدا نەبینیبوو. لە کاتێکدا پیاو بەو جـۆرە قـسەی

لەگەڵ ژندا بکردایە وەك ئەوە وابوو بڵێی ژن جێگاو ڕێگای لە ئاژەڵ گەورەترو باشتر بێت. مێردەکەی بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی:

ـ بەڵێ خاتوو ڕوس پاشان پیاوە سپیپێستەکە[1] دەبەین و دەڕۆین بۆ (هولّت وتر)و شاخ و دۆڵەکان دەبڕین. دە ڕۆژ، بیست ڕۆژ، ڕەنگە چل ڕۆژیش بڕۆین. هەر دەڕۆین هەتا دەگەینە ئاوەدانی و ئەو شوێنەی خەڵکی لێیە.

ماسون لە کاتێکدا ئەمەی بە ژنە هیندییەکەی دەوت، بە گاڵتەکردنەوە تەماشای مالموت کیدی دەکرد.

کاتێك ڕوس ئەم گاڵتەکردنەی نێوان مێردەکەی و مالموت کیدی بینی دەستی بە پێکەنین کرد. سەگەکانیان بە گالیسکەکانەوە بەستەوەو خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە کردەوە.

مالموت کید دەنگی لە سەگەکانی کردو کەوتنەڕێ. ئەوەی سەیر بوو ئەم پیاوە بەهێزو بەتوانایە کە لە مردن نەدەترسا لەگەڵ سەگاکاندا بەسۆزو بەزەیی بوو. دڵی نەدەهات لێیان بدات و حەزیشی نەدەکرد کەسیش لێیان بدات و ئازاریان پێبگەیەنێت. ئەگەر سەگێکی ببینیایە تووشی ناخۆشییەك بووە خەمبار دەبوو، بۆی دەگریا و فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە.

لە هیلاکیدا ماوەی قسەکردنیان نەبوو. بێدەنگ بە ڕێگادا دەڕۆیشتن. ئەوەی بیتوانیایە بە بێدەنگی ئەو ڕێگای ولاّتی باکورە ببڕێت شادو بەختیار دەبوو. ڕۆیشتن بەو ناوچانەدا کارێکی قورس و لەوپەڕی ترسناکیدا بوو. هەنگاوێکت دەنا ئاگات لە خۆت نەبووایە تووشی کارەسات دەبوویت و قاچەکانت تا ئەژنۆ لە بەفردا نوقم دەبوو. لەوێدا تووشی هەر هەڵەیەك ببوویتایە ڕووبەڕووی مردنێکی خراپ دەبوویتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو گەردەلوول و هەورەبروسکە تونددو بەهێزو ڕەشەباو زریانە ناخۆش و کتوپڕیانەی لە

[1] پیاوە سپیەکە، لێرەدا مەبەستی ئەو منالّەیە کە ژنەکەی سکی پڕی پڕەو بەتەمایە ببێت و بێتە دنیاوە. (ع.م)

ناوچەکەدا ڕوویدەدا مرۆڤی دەخستە هەڵوێستەیەکی ناخۆش و ناهەمواردەوە، خۆ ئەگەر کەشوهەوای ناوچەکە ئارام بووایە، ئەوا ئەو کاتە ناوچەکە بێدەنگییەکی کشوماتی ترسناکی ئەوتۆ بااڵی بەسەردا دەکێشا. لە ترساندا زیڕەت دەکرد، ئەمە زۆر کاریگەرو ترسناکترو ناخۆشتر بوو لەو گەردەلوول و باوبۆران و بروسکانەی لەوێدا ڕوویان دەدا. ئەو کاتە مرۆڤ دەکەوتە حاڵەتێکی دەروونی نائاسایی ئەوتۆوە، لە کۆکەو هەناسەی خۆی دەترسا، لە مردن دەترسا، لە خوا دەترسا، لە هەموو شتێکی ناو ئەم دنیایە دەترساو دەسڵەمییەوە.

ڕۆژ تێپەڕی. ماسون سەر قافڵەچی و پێشەنگی کاروانەکە بوو. گەیشتنە بەرزاییەك، سەگەکان توانایان نەماو پەکیان کەوت، نەیانتوانی سەرکەون. ئەو گیانلەبەرە بێ دەستەاڵت و برسییانە هیالك و ماندوو بێ توانا بووبوون.

ماسون دەنگی لە سەگەکانی گالیسکەکە کردو زۆری لێکردن بۆ ڕۆیشتن، بەاڵم یەکێك لە سەگەکان کەوت و گالیسکەکەش لەگەڵیدا بەالدا هات و وەرگەڕا. ئەویش بە قامچی بەربووە گیانی سەگەکەو لێدانێکی زۆری لێدا. مالموت کید هاواری لێکرد..

ـ بەسە.. بەسە.. ئەو سەگە بەستەزمانەت کوشت، خەریکە دەمرێت.

بەاڵم ماسون وازی نەهێنا، هەر لەو ئاژەاڵە بێ زمانە هەژارەی دەدا ئەوەندەی لە کارمن دا نێوەگیانی کرد.

مالموت کید زۆر تووڕە بوو. خاتوو ڕوس کەوتە نێوانیانەوەو هێنانیەوە سەرخۆ. مالموت کیدی ئاشتکردەوە. کید چووە الی سەگەکەوەو تەماشای کرد. لە قین و تووڕەییدا خەریکبوو شەق بەرێت.

سەرلەنوێ کاروانەکە کەوتەوە ڕێ و سەگە بریندارەکەش کارمن دوایان کەوت. هەتا گەیشتنە شوێنێك درەختێکی سنەوبەری گەورەو پیری لێبوو. لە نزیکییەوە ڕاوەستان و ماسون چوو لەژێر درەختەکەدا دانیشت و قەیتانی پێاڵوەکانی تۆندکردەوە، کتوپڕ

دارسنەوبەرە گەورەكە كە بەفرو تەمەن دايپزاندبوو بەلادا هات و كەوت. هاواريان لە ماسون كردو ئاگاداريان كردەوە. ماسون ڕاپەڕى وبستى بازبدات و ڕابكات، بەڵام درەختەكە لەو خێراتر بوو هەرەسى هێناو كەوت بەسەر سنگيداو ماسون كەوتە ژێر درەختەكەوەو لەژێريدا خپ بوو. مالموت كيد لەگەڵ ئەم جۆرە كارەساتانەدا ڕاهاتبوو. نەشڵەژا گورج كەوتە هەوڵدان بۆ ڕزگاركردنى. خاتوو ڕوسيش نەيكرد بە شين و شەپۆرو گريان و ناخۆشى و بوورانەوە وەك ئەو ژنانەى لەم ڕووداوانەدا دەكەن، هەروەك كيد پێى وت خێرا بە هەموو هێزييەوە لايەكەى ترى درەختەكەى بڵندكردەوەو مالموت كيد بە تەور كەوتە برينى لق و پۆپى درەختەكە بێ ئەوەى بهێڵێت ئەو پياوەى كەوتبووە ژێريەوە ئازارى پێبگات. دواجارو پاش هەوڵێكى زۆر كيد توانى ماسون دەربهێنێت و لەسەر بەفرەكە داينا. ماسون لەبەرخۆيەوە بەهێواشى دەستى كرد بە نالەنال. لەولاشەوە ژنەكەى بە خەم و پەژارەيەكى زۆرەوە تەماشاى دەكرد.

پلەى گەرما شەست پلە لەژێر سفرەوە بوو. هيچ كەسێك نەيدەتوانى لەسەر ئەو بەفرو بەستەڵەكە لە چەند خولەكێك زياتر ڕاكشێ و خۆى پێ ڕاگرێت. كيدو خاتوو ڕوس ئەو بەفرەى لەسەر دوو گاليسكەكە بوو ڕايماڵى و فەرووەكانيان داگرت و هەندێكيان لەژێر ماسوندا داخست و ئەوى تريشيان پيادا دا، بە لق و پۆپى ئەو درەختەى ڕما بەسەريدا ئاگرێكيان لە نزيكييەوە كردەوە.

مالموت كيد سەرنجى دا حاڵەتى ماسون زۆر خراپەو ژيانى بەرەو مردن دەچێت. قۆڵى ڕاست و لاق و پشتى شكابوو. زۆربەى ئەندامى لەشى تووشى شەلەل ببوو. زۆر بەگران قسەى بۆ دەكرا. لە هۆش خۆى چوو. كەوتە وردێنەو قسەى هەلەق و مەلەق.

شەو تێپەڕى و ڕۆژ بۆوە. ماسون هاتەوە هۆش خۆى و چاوەكانى كردەوە بينى مالموت كيد لە نزيكييەوە دانيشتووە ڕووى تێكردو پێى وت:

ـ کید ئەو سالاّنەت بیرە کە پێکەوە بەسەرمان برد؟ بیرتە ڕوس چەند هاوکاری کردین و باشترین خەمخۆرمان بوو؟ من بە هیوای ئەوە بووم بیبەم بۆ ولاّتی خۆمان و ئەو تەمەنی ژیانەی ماومانە بە خۆشی و شادی پێکەوە بەسەر بەرین. کید نەینێریتەوە بۆ ناو میللەتەکەی خۆی. چوونەوەی ژن بۆ ناو میللەتەکەی کارێکی قورس و ناخۆشە. چوار سالّە لەگەلّ منداییە، لە خواردن و خواردنەوەی ئێمە دەخوات لە خۆشی و ناخۆشیدا وەک ئێمە دەژی. نەهێلّیت بچێتەوە بۆ ئەو ژیانەی بیری چۆتەوە. کید ئاگات لێی بێت و چاودێری بکەو باش بە لەگەلّیدا. هەرکاتێك توانی و پێی خۆش بوو بینێرە بۆ ولاّتە یەکگرتووەکان. بیرت نەچێت ئاگات لەو منالّەی بێت کە دەیبێت، پشتگوێی نەخەیت. داواکارم لە خوا منالّەکە کورِ بێت. ئەو کورِە جەرگی منەو پارچەیەکە لە جەستەم. نابێت لەم هەرێمە چۆلّ و ترسناکەدا بێت، خۆ ئەگەر کچیش بێت ئەوا وەك پێویست ناتوانێت بەرگەی ژیانی ئێرە بگرێت و خۆی ڕاگرێت. فەرووەکانم بفرۆشە. لایەنی کەم پێنج هەزار دۆلار دەکات و بەناوی منەوە شەریکەیەکی پێ بکەو منالّەکەشم بخەرە قوتابخانەیەکی چاکەوە. پێش هەموو شتێك وەسێت بێت نەهێلّیت بێتە ئەم شوێن و ناوچانەوە. ئەم جیگاو ولاّتانە بۆ پیاوی سپیپێست خوا دروستی نەکردووە.

کید من دەمرم. چوار شەوی تر زیاتر نابات دەمرم. پێویستە نەوەستن و لەسەر ڕۆشتن بەردەوام بن. هەرچۆنێك بێت ئەو ڕێگایە ببڕن. ئەمەت باش لەبیر بێت و بیرت نەچێت ژن و منالّەکەم ئەمانەتن وان لە گەردنتا. خوایە داواکارم لە تۆ منالّەکە کورِ بێت.

ئێستا بڕۆ.. بڕۆ.. کید بڕۆ. ئێستا تۆ ناتوانیت هیچ شتێك بۆ من بکەیت و دەسەلاّتی هیچت نیە.

مالموت کید وتی:

ـ ڕێم بدە با سێ چوار ڕۆژ لات بمێنمەوە تا ئەو کاتەی تەندروستیت باش دەبێت. ماسون وەلاّمی دایەوە..

ـ نەخێر بەوە ڕازی نابم و بڕۆن.

ـ تەنها سێ ڕۆژ.

ـ نەخێر دەبێت هەر بڕۆن.

کید وتی:

ـ دوو ڕۆژ.

ـ کید.. پێم وتی مەسەلەکە پەیوەندی بە کوڕو ژنەکەمەوە هەیە. بڕۆن.

ـ یەك ڕۆژ.

ـ نەخێر.. نەخێر.. ڕازیم نیە.

ـ تەنها یەك ڕۆژ، بەڵکو لەو ماوەیەدا بەرانەکێوییەك ڕاوبکەم.

ماسون وتی:

ـ ڕازیم تەنها یەك ڕۆژ بێ زیادو کەم. دەمەوێت کوڕەکەت بیرنەچێت. هەروەها تکات لێدەکەم هەروا بە تەنها جێم مەهێڵە بە تفەنگەکەت فیشەکێکم پێوە بنێ و لەم ئێش و ئازارە ڕزگارم بکە. ڕوسم بۆ بانگکە دەمەوێت خواحافیزی لێبکەم و دەربارەی کوڕەکەمان قسەی بۆ بکەم. وەسێتی خێری بۆ بکەم. نابێت لێرە بمێنێتەوەو چاوەڕوانی مردنم بکات. ئێستا خوات لەگەڵ.

مالموت کید ژنەکەی بەدیار میێردەکەیەوە جێهێشت بگری بۆی. خۆشی چوو بۆ ڕاو، بەڵام بە دزێژایی ڕۆژ بەدوای نێچیرێکدا گەڕا ڕاوی بکات دەستی نەکەوت. هیلاك و ماندوو گەڕایەوە بۆ چادرگاکەیان. کاتێك نزیك چادرگاکە بۆوە گوێی لە هاوارو قیژەقیژی ڕوس و سەگوەڕی سەگەکان بوو. خێرایکرد بینی ژنەکە تەورەکەی بە دەستەوە گرتووەو لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو سەگە برسیانە زنجیرەکانی ملیان پچڕاندبوو لەو خواردنەی کە دەیان ویست بە دزییەوە بیخۆن دووریان دەخاتەوە. کید فریای کەوت و سەگەکانی لێ دوورخستەوە پاش ئەوەی بەشێکی زۆری خواردنەکەیان خواردبوو. بۆ بەیانی کە ڕۆژ بۆوە بینی سەگەکان هەر

هەموویان بەرەڵا بوون و بەملاوبەولادا بڵاوبوونەتەوە و دێن و دەچن. بە قامچی تێیان بەربوو نەگەڕانەوە، هەتا خەریکبوو ئێسکەکانیان لەژێر قامچیدا بشکێنێت.

ڕوس لە تەنیشت میێردەکەیەوە دانیشت و گوێی بۆ ئامۆژگاریەکانی شل کرد. مالموت کیدیش سەرقاڵی ئەوە بوو وەك ئەو ڕاوچییانەی لەو وڵاتەدا لە ترسی ئەوەی نەك سەگ و گورگ بیخوات هەندێ خواردنی لە چاڵێکدا لەژێر درەختێکی گەورەدا دەشاردەوە. کاتێك لێبۆوە بە قامچی سەگەکانی ناچارکرد کە هێشتا حەپەحەپ و سەگوەڕیان بوو بە دوو گالیسکەکەوە ببەستێتەوەو هەرچی ئەو شتانەی پێیان بوو خستییە سەر دوو گالیسکەکە، بەڵام دەستی نەبرد بۆ ئەو فەرووانەی ماسونی پێ داپۆشرابوو. ڕوسیش دوا ئامۆژگاری لە میێردەکەیەوە دەبیست کە لەکاتی سەرەمەرگدا دەیکرد، بە بێدەنگی و خەمباریەوە گوێی بۆ شل کردبوو بێ ئەوەی بتوانێت بیرۆڕای خۆی دەربڕێت، چونکە هەر لە منالێیەوە فێری گوێڕایەڵی و دەرنەچوون لە بیرۆڕاو قسەی پیاو کرابوو. ئەو لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو کچانی وەك خۆشی هەر بەو جۆرە بینیبوو.

بۆ دواجار میێردەکەی ماچ کرد. کید دەستی خاتوو ڕوسی گرت و سواری گالیسکەکەی کرد، ئەویش قامچییەکەی گرت بە دەستەوەو بۆ ڕۆیشتن دەنگی لە سەگەکان کرد.

مالموت کید گەڕایەوە چوو سەری لە ماسون دا. بێ هۆش کەوتبوو، ئاگای لە خۆی نەمابوو ڕوس دوورکەوتەوە، کیدیش بەدیار برادەرەکەیەوە بەچۆکدا هات و لایەوە دانیشت. چاوەڕوانی ئەو کاتەی دەکرد گیانی دەرچێت و بگەڕێتەوە بۆ بارەگای خوای گەورە. سەعاتێك تێپەڕی و بەدوایدا سەعاتێکی تریش کابرا هێشتا گیانی دەرنەچووبوو.

ڕۆژ کەوتە ناوەڕاستی ئاسمانەوە بێدەنگی و کشوماتییەك گەردوونی ناوچەکەی گرتەوەو ناوچەکە زیاتر سامناك بوو. مالموت کید نزیك برادەرەکەی بۆوەو تەماشای کرد بینی لاشەیەکی بێ گیانەو مردووە. کید کە ئەوەی بینی گورج ڕاستبۆوەو سواری گالیسکەکەی بوو. دەنگی لە سەگەکان کردو لغاوی بۆ شلکردن و دوای ژنەکە کەوت.